# پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی
# بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس

# پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی
# بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس

بازیان یونس محێددین

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٣

بەشێك بووە لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزمانی کوردی
لە کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی ٢٠٠٨ دا


**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس**
- نووسین: بازیان یونس محێددین
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: جێگر عبدولجەبار
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٣
- تیراژ: ١٠٠٠دانە
- چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٥٩٤) ساڵی(٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٨٩)**



**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


پێشەکی ........................................................ ١٣

بەشی یەکەم: سیماکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی ................................ ١٧

بەشی دووەم: پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی ................ ٧١

بەشی سێیەم: پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی سینتاکس ................ ١٤٩

ئەنجامەکان ..................................................... ٢١١

سەرچاوە ....................................................... ٢١٥

# هێما كورتكراوەكان

| | |
|---|---|
| ر | رستە |
| ن | ناو |
| ف | فرێز |
| ف. ن | فرێزی ناوی |
| ك | كار |
| ف. ك | فرێزی كاری |
| ف. ئاوەڵناوی | فرێزی ئاوەڵناوی |
| م | مۆرفیم |
| گ | گیرەك |
| گ. وشەدارێژ | گیرەكی وشەدارێژ |
| گ. رێزمانی | گیرەكی رێزمانی |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| ← | دەبێتە |
| = | یەكسانە |
| ≠ | یەكسان نی یە |
| ~ | نەفی كردن (بریتی نی یە) |

| | |
|---|---|
| * | نارێزمانی |
| م. کۆ | مۆرفیمی کۆ |
| م. ناسراو | مۆرفیمی ناسراو |
| م. نەناسراو | مۆرفیمی نەناسراو |
| ` | نیشانەی هێز (سترێس) |
| \| | نیشانەی ناوبڕ |
| ﴿ ﴾ | نیشانەی فۆن لە فۆنۆلۆجی، نیشانەی مۆرف لە مۆرفۆلۆجی |
| / / | نیشانەی فۆنیم لە فۆنۆلۆجی، نیشانەی مۆرفیم لە مۆرفۆلۆجی |

# لیستی زاراوەکان

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| **ئـ** | |
| ئاست | Level |
| ئاسۆیی | Syntagmatic |
| ئەرك | Function |
| ئەسپێکت | Aspect |
| **ب** | |
| بار | Satal |
| بەلووتکەکردن | Topicalization |
| بنج | Base |
| **پ** | |
| پاشگر | Suffix |
| پێشگر | Perfix |
| پەیوەندی | Rilation |
| پێکهاتە | Structure |
| پێکهاتەی ناوەوە | Deep Structure |
| پۆل | Category |
| **ج** | |
| جێگۆڕکێ | Alternaition |

| | |
|---|---|
| Emphasis | جەخت کردن |
| | **چ** |
| Active | چالاك |
| Base | چاووگ |
| Context | چوارچێوە (سیاق) |
| | **خ** |
| Possessive | خاوەنێتی |
| Genetive | خستنەپاڵ |
| | **د** |
| Case | دۆخ |
| | **ڕ** |
| Root | ڕەگ |
| Mood | ڕووكار |
| Indicative Mood | ڕووكاری هەواڵدان |
| Subjunctive Mood | ڕووكاری مەرج و خۆزگەو گومان |
| Imperative Mood | ڕووكاری داخوازی |
| Transformation Grammar | ڕێزمانی گوێزانەوە |
| Agreement | ڕێكەوتن |
| Intensifer | ڕادە |
| Syntax | ڕستەسازی |
| Past Simple | ڕابردووی سادە |
| Past Contionous | ڕابردووی بەردەوام |
| Past Perfect | ڕابردووی تەواو |

| | |
|---|---|
| Present Simple | رانەبردووی سادە |
| | **ش** |
| Syntactic | شیکردنەوەی سینتاکسی |
| Alomorph | شێوەی مۆرفیم (ئەلۆمۆرف) |
| | **ف** |
| Noun Phrase | فرێزی ناوی |
| Adjective Phrase | فرێزی ئاوەڵناوی |
| Adverb Phrase | فرێزی ئاوەڵکاری |
| Verb Phrase | فرێزی کاری |
| | **ق** |
| Stem | قەد |
| | **ك** |
| Element | کەرەسە |
| Verb to be | کاری (بوون) |
| Auxiliary Verb | کاری یاریدەدەر |
| Tense | کات |
| Tense Grammar | کاتی رێزمانی |
| Natural Time | کاتی سروشتی |
| | **گ** |
| Inflection | گەردانکردن |
| | **م** |
| Morpheme | مۆرفیم |

| | |
|---|---|
| Derivational | مۆرفیمی وشەداڕێژ |
| Inflectional | مۆرفیمی ڕێزمانی |
| Bound Morpheme | مۆرفیمە بەند |
| Free Morpheme | مۆرفیمی سەربەست |
| Morphophonem | مۆرفۆفۆنیم |
| Morphosyntax | مۆرفۆسینتاکس |
| Morphophonosyntax | مۆرفۆنۆسینتاکس |
| Empty Morpheme | مۆرفیمی بۆش (بەتاڵ) |
| | **ن** |
| Infix | ناوگر |
| Definite | ناسراو |
| Un grammatical | نارێزمانی |
| | **و** |
| Word | وشە |
| Word – Formation | وشە رۆنان |
| Contentive | وشەی واتادار |
| Word – Affixes | وشەی گیرەکی |
| Lexical Meanings | واتای فەرهەنگی |

# پێشەکی

## ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە، بریتییە لە (پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس). لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو وشەو ڕستانەی کە پەیوەندی و کاریگەری دروست دەکەن لەلایەك و دۆزینەوەو داڕشتنی یاساکانی پەیوەندی لەلایەکی تر لەنێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و هەردوو ئاستەکەی تر لە زمانی کوردیدا. بواری کارەکەش لایەنی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی و سینتاکس دەگرێتەوە، هەندێ جاریش بەپێی پێویست دەچێتە ناو ئاستی واتاسازییەوە.

## کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم نامەیە لەچوارچێوەی زمانی کوردی — دیالێکتی ناوەڕاست — دایە لە پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس دەکۆڵێتەوە، نموونەکان لە بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو ئەو سەرچاوەو کتێبانەوە وەرگیراون، کە بەو دیالێکتەی زمانی کوردی نووسراون.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری (شیکردنەوە) ئەنجام دراوە، چونکە باس لە ئێستای زمانی کوردی دەکات و نموونەکانی شی دەکاتەوە (تحلیل) و یاساکان دیاری دەکات، سروشتی کارەکەش ئەوە دەخوازێت کە لەهەندێ شوێنی پێویستدا پەیڕەوی یاسای بەرهەم هێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی (١٩٥٧) بکرێت.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە: دەرخستنی ئەو پەیوەندی و یاسایانەی دیاردەی مۆرفۆفۆنیمی و مۆرفۆسینتاکسی بەڕێوەدەبەن، تەوەری پەیوەندییەکانیش ئاستی مۆرفۆلۆجی دروستی دەکات.

## کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

لەچەند خاڵێکدا کۆدەبنەوە:

١. بەکارهێنانی ئەو زاراوانەی کە تایبەت بوون بەم لێکۆڵینەوەیە، کە لەنێو هەموو ئەو سەرچاوەو کتێبانەی کە لەبەردەست دابوون، ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەبارەوە هەبوو.

٢. دۆزینەوەی پەیوەندییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەئەنجامی کاریگەری نێوان ئاستەکاندا ڕوودەدات، جگە لە دارشتنی ئەو یاسایانەی کە بەهۆی پەیوەندییەکان دێنەکایەوە.

٣. وردەکاری و سووکی بابەتەکە لە لایەك و لق و پۆپ هاویشتنی لێکۆڵینەوەکە بۆ هەموو کەلێن و یەکەو زاراوەکانی ئاستەکان لە لایەکی ترەوە.

## پێکهاتی نامەکە:

پێکهاتی نامەکە دوای ئەم پێشەکییە کورتە بەسەر سێ بەش دابەش کراوە:

**بەشی یەکەم:** کە تایبەتە بە ئاستی مۆرفۆلۆجی و کۆکەرەوەی سەرجەم پەیوەندییەکانە. توێژەر هەوڵی داوە ئەو سیماو تایبەتی و کەرەسانەی ئەو ئاستە بخاتە ڕوو، کە چالاکن لە دروست کردنی پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی ترەوە، وەکو جۆری مۆرفیمەکان و جیاکردنەوەی ڕەگ و قەد و بنج و نوسەکەکان.

**بەشی دووەم:** هەوڵی توێژەر بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییانەیە، کە لە نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی دەنگسازی لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆفۆنیمیك دێتەکایەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئاستە نوێیەدا شیکردنەوە بۆ یاسا و کەرەسەکان دەکرێ.

**بەشی سێیەم:** بریتییە لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی سینتاکسەوە، کە لە ئاستی مۆرفۆسینتاکس کۆدەکرێتەوە، لەم بەشەدا زیاتر دەرخستنی چالاکی کەرەسە مۆرفۆلۆجیەکان لە دوو توێی پەیوەندییە سینتاکسیەکاندا.

بەچەند ئەنجامێك و ڕیزکردنی سەرچاوەکان و کورتەی نامەکە بەزمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە هاتووە.

# بەشی یەکەم

## سیماکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی

## مۆرفۆلۆجی وەك:

## کەناڵی پەڕینەوە و پەیوەندی نێوان دیاردەکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس

## ١.    سەرەتا:

بەهۆی ئەوەی ئەو بابەتەی ئێمە پەیوەندی نێوان مۆڕفۆلۆجی و ئاستەکانی تری زمان لەژێر ڕۆشنایی سیماو تایبەتییەکانی یاسای ئەو بەشەو ئاستەکانی تر دێتە کایە، لەبەرئەوەی باشترین هەنگاوی دەست پێك خستنەڕووی هەموو وردەکارییەکانی ئاستی مۆڕفۆلۆجی بێت، هەر لە پێناسەو چەمکەکەیدا تا ئەو کەرەسەو ئەو وردە یەکانەی ڕۆڵ لە چالاکیاندا دەبینن (هەرچەند ڕۆنانکارەکان لە جیاکردنەوەو ترازاندنی ئاستەکانی زماندا بە هەڵە چوون، لەبواری مۆڕفۆلۆجی دا جیێ پەنجەیان دیارە. گرنگترین دەستکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەیە، وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆیە. لەکاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بە بناغەی تیۆری زمان و ڕێزمان دەژمارد، ڕۆنانکارە ئەمریکایەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە وشە کەرت دەکریێ بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها، کە واتا، یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت، بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆجییان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوەو ڕێکخستنی مۆرفیمیان لەناو چوارچێوەی وشەدا پیێ سپارد

**(محمد معروف، صباح رشيد ٢٠٠٦: ٧).**

## ٢.    پێناسەی مۆرفۆلۆجی:

ئاستی مۆرفۆلۆجی وەك ئاستێکی سەرەکی زمان ڕۆڵێکی ئەکتیڤ (چالاك) لە دروسکردنی پەیوەندی بە ئاستەکانی تری زمان دەبینێت، هەروەها زۆر پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێبازو قوتابخانانەی کە لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام شیاو ترین و گونجاوترین پێناسەو ناساندنی ئەم ئاستە هەڵبژاردنی پرۆژەی کاری ئەم توێژینەوەیە دەبێت و دواتریش وردەکارییەکان و بابەتەکانی شی دەکرێتەوە.

بەم پێیە ئاستی مۆرفۆلۆجی: ئەو ئاستەیە کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتی ناوەوەی وشە دەکات واتە (مۆرفۆلۆجی دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە

**(محەمەد مەعرووف ـ د. سەباح ڕەشید ٢٠٠٦: ٧).**

## ٣. گرنگترین سیماو بنەماکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی :

وا باوە، کە دەکرێت لە دووتوێی پێناسەکانی هەر بابەتێك، بنەماکانی لێ هەڵهەنجێنی.


پێکهاتی ناوەوەی وشەیە


↓ ↓ ↓

ڕۆنان × دەرەوە مۆڕفیم لە ناوەوەی دایە

بەپێی هێڵکاریەکە واتە ڕۆنانی مۆڕفیم لە ناوەوەی وشە نەك لە دەرەوەی وشەکە چونکە دراسەکە لە ڕۆنانی ناوەوەدایە نەك لە دەرەوە بەمەش مۆڕفۆلۆجی لە دەرەوەی وشە هیچ بوونێکی نابێت بە واتایەکی تر ئەم پێناسەیە ڕێگە لەوە دەگرێ، کە بتوانی مۆرفیم لە ئامێزی دەرەوەی وشەکە شی بکەیتەوە. بەمەش لە پارچەکردنی مۆرفیم دا دەتخاتە ژێر باری کۆتبەندی جۆرێك لە کەرت کردن لە دەرەوەی چوارچێوەی وشەکە. بۆ نموونە: لە وشەی وەکو: بەهار، ناکرێ لە دەرەوەی چەمکی ئەم وەرزە کەرت بکرێ بۆ: ١- (بە) و ٢- (هار)، گوایە پارچەی یەکەم ئامرازی پەیوەندییەو، پارچەی دووەم بە واتای شێتی و لە دەستدانی عەقل، چونکە هیچیان پەیوەندییان بە بەهارەوە نامێنێ. هەوەك لەم نموونانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

پێکهاتی ناوەوە



١) پێکهات:
٢) ناوەوە:
٣) وشە:

خاڵی یەکەم و دووەم بەیەکترەوە بەندن چونکە پێکهات خۆی لەخۆی دا ڕۆنانی ناوەوە دەگرێتەوە (التركیب الداخلی) بەڵام بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتی ناوەوە لە سیمای دەرەوەی وشە چەند نموونەیەك دەخرێتەڕوو:

**(سەباح رەشید ٢٠٠٢: مۆرفۆلۆجی)**

- داخستن
- خواردن

ئەگەر سیمای دەرەوەی ئەم وشانە لێك بدەینەوە تەنیا ئەوەندە دەڵێین کەوا ئەم دوو وشەیە چاوگن. بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە پێکهاتی ناوەوەی ئەو وشانە بکۆڵینەوە، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**داخ + س[1] + ت + ن**

↓ ↓ ↓ ↓

**رەگ فراوانکار م.کات نیشانەی چاوگە(م. ڕێزمانییە)**

**خوار + د + ن**

↓ ↓ ↓

**ڕەگ م.کات م.ڕێزمانی**

---

١- (س): کاری ئەم فۆنیمە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لەنێوان ڕەگ و م. کات دروست دەبێت، کە بنکەی بەند فراوان دەکات و گونجانێکی فۆنەتیکی فۆنەتیکی دەدات بە دەربڕینی وشەکە.

## وشە

خاڵی سێیەم پەیوەستە بە (وشە) بۆ ئەم مەبەستەش هێڵێکی گشتی بەسەر (وشە) دا دەنێین کە باسی ناساندنی وشە بکات بە دەسپێکی پێناسەکان و هەڵسەنگاندنێکی گشتی یاخود خێرا لەگەڵ خستنەڕووی وشە لە کۆن و نوێدا لەپاڵ پێناسەکاندا:

سەبارەت بە پێناسەی وشە ئەم جۆرە کەرەستانە پێناسە ناکرێت، بەڵام هەندێ بۆچوون هەیە بۆ گەیشتنە پێناسەی وشەکە هەریەکەیان هەڵقوڵاوی دیدو بۆچوونی قوتابخانەو رێبازەکەیەتی کە لەژێر ڕۆشنایی زمانناساندا ئاماژەی پێ کراوە، کە (بێگومان نەبوونی ڕەها هەوێنی پەرەسەندنی زانست و بیرە. هەرپێناسەیەك بۆ هەر لقی بیرو زانستێك، ئەگەر بە وردی شی بکەینەوەو لێی بکۆڵینەوە کەم و کوڕی تێدا دەدۆزینەوە بەپێی ئەم کەم و کوڕیانە پێناسەیەکی تری تازەی بۆ دادەڕێژین. (وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٤: ١١٢) هەندێ لە پێناسەی تری وشە، وەك:

**١. وشە بریتییە لە یەکەیەك واتای هەبێت، واتە یەکەیەکی واتایی یە.**

**(Crystal 1971:189)**

فۆرم

واتا

تەن

واتە پەیوەندی نێوان فۆرم و تەنێکی دەرەوەیە.

ئەمە بێ کەڵکترین پێناسەیە، چونکە هەر تەنیا وشە نییە واتای هەبێت بەڵکو لە وشە گەورەترو بچووکتر واتای هەیە وەك (ڕستە ـ ئیدیەم ـ وشەی داڕژاو و لێکدراو ـ وشە ـ مۆرفیمی بەند ـ.... هتد) دەتوانێ ئەم پارچانە جیا بکاتەوە کە وشە نین وەك (ەکی، ان، لە،.... هتد) [٢]

٢- ئەمانە ئەرکیان هەیە بەپێی (زمانەوانی نوێ) ش هەر پارچەیەك ئەرکی هەبوو کەواتە واتاشی هەیە واتە ئەرك = واتا (زمانەوانی نوێ)

## ٢. لای تەرکیبیەکان Stracture

**وشە بریتییە لەو کەرەستەیەی کە هەردوولای بە وەستان گیراوە لە قسەکردندا.**

(Ibd:191)

، کوڕەکە ، دارەکەی ، برد ،

↑ ↑ ↑ ↑

وەستان وەستان وەستان وەستان

کەم و کورتیەکانی:

1. لەکاتی قسەکردندا ناوەستیت (ئەگەر وابێت بە نائاسایی لەقەڵەم دەدرێت).
2. لە نووسیندا ئەو یاسایە پەیڕەو ناکرێت.
3. وەستان پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، نیهادو گوزارە و پێش گرێ و هەموو وشەیەکی فەرهەنگی فاریزە (،) لەناوانیان دادەنرێت، واتە خاڵبەندی پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە.
4. ناتواێ سنووری وشەو فرێز جیا بکاتەوە.
5. هەموو وەستانێك گرنگ نییە.
6. بۆ زمانی نوساو دەست نادات. دەڕۆم وەستانی تیا نییە

## ٣. وشە بریتییە لەو کەرەستەیەی کە بەتەنها وەك ڕستە ڕەفتار دەکات.

واتە (ئاخێوەرانی زمانێك لە ئاخاوتنی خۆیاندا، بەتەنها هەندێك یەکەی زمان بەشێوەیەکی جیاواز دەدرکێنن، کە پێی دەڵێن وشە. (کورش صفوی ٢٠٠٢: ٧٤) بۆ نموونە:

١. کتێبەکە دڕا.

٢. لێرەیە.

[٣]ە لەئێرە ـ Ø (کاری بوون لە ڕانەبردوودا)

واتە لێرەیە لە (لەئێرەیە) هاتووە بە ڕێکخستنی ئاستی سینتاکسی............

---

٣- بار دەگەنێت (state) واتە حاڵەت. وەکو بەم ناوە: دارەکە سەوز + ە.

بنە بار

لێرەدا بۆچوونەکە هەڵەیە چونکە وشەکە بۆتە چەند وشەیەك. ئەم پێناسەیە هەموو وشەیەکمان بۆ دەرناخات، بەپێی ئەو پێناسەیە ئامرازی بەندو بەستن وشەنین چونکە بەتەنها نایەن وەکو ڕستە ڕەفتار ناکەن، کەچی وشەشن.

بۆ نموونە: کە، بە، بەڵام.... واتای سەربەخۆی نییە و وشەنە (وشەی ئەرکی).

کاوە، سروە، ...... واتای سەربۆخۆی هەیە و هەمیشەییە.

هەروەها سنووری نێوان وشەو گرێ دیاری ناکات. بۆ نموونە: چۆن هات ؟ بەپێ (گرێ) یە.

**٤. وشە ئەو کەرەستەیە کە جووڵەی تێدابێت (توانای جێگۆڕکێی هەبێ) یان بچووکترین یەکەی شوێن گۆڕە.** (Crystal 1971:190)

بۆ نموونە:

- کوڕەکە هات.
- من کوڕەکە دی.
- من لە کوڕەکەم وەرگت.

ئەم پێناسەیە تاڕادەیەك بۆ (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار...) دەگونجێ بەڵام بۆ ئامرازی بەستن و بەند.... هتد ناگونجێ. بۆ زمانە ئاوەڵکارەکان نابێت چونکە ڕێزکردنی ڕەق و وشکی هەیە.

- من کتێبەکەم دا بە دارا.
- کتێبەکەم دام بە دارا. (بە) بەتەنها ناتواندرێ بگوازرێتەوە. [٤]

ڕێزمانی تەقلیدی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان، بەڵام نەیتوانیوە پێناسەیێکی ڕێك بۆ وشە داڕێژێ و بشێ نەزەرییەکی گشتی (گشتگیر) لەسەر دابمەزرێنێ و بکرێ بە پێوەر بۆ شیکردنەوەی زمان. (ڕستە لە کۆمەڵە وشەیەك پێك دێت...). (بەشەکانی ئاخاوتن بریتین لە چەن کۆمەڵە وشەیێك...) بەڵام وشە خۆی چییەو چۆن لە زمان دەست نیشان دەکرێ..... ئەمەیان ساغ نەکراوەتەوە. واتە (ڕێزمانی کلاسیکی لەسەر وشە بنیات نراوە، دابەشبوونی شکاندنەوەیی لەم ڕێزمانەدا بەرامبەر بە ڕستەسازی تەواوکەرانەیەو تەواوکەری سینتاکسە، کە وشە لەکۆنەوە بە (قەد) یان (ڕەگ) ناسراوە [٥]

**(محەمەدی مەحوی ٢٠٠١: ١٥١، ١٥٢).**

---

٤ - بۆ پێناسەکانی (١، ٢، ٣، ٤) سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: (محەمەد مەعرووف فەتاح ـ ١٩٩٩: لێدوانی مۆرفۆلۆجی).

٥- سەبارەت بە (قەدو ڕەگ) وە تێکەڵ بوونیان لەگەڵ (بنج) دواتر باسی دەکرێ!

بـەمـەش (وشـــە بـچـووکتـریـن شـێـوەی سەربەخۆی زمانییە. (عەلی محەمەد حق شناسی ٢٠٠٠: ٢٠٦) واتە (وشە دانەیەکی سەربەخۆیە لەزمانا بتوانێ (لەهەندێ بێئەدا) دەوری ڕستەیەکی تەواو بگێڕێت. (وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٤: ١١٣) هەروەها هەندێك لە ڕێزماننووسەکان دەڵێن: (وشە بریتییە لە بچووکترین فۆڕمی سەربەخۆ کە لە مۆڕفیمێ یان زیاتر پێکدێت وەك: ـ من، جوان، ژن، ئاو)... هتد. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٧٧: ١٢٠) کە دیسان (واتای بچووکترین شێوەی سەربەخۆی زمانی دەبەخشێت. (عەلی دزەیی ٢٠٠١: ١٥٣) گەلێك زماننناس بەو شێوەیە پێناسەی وشەیان کردووە، مەبەست لە شێوەی سەربەخۆ ئەوەیە، کە دەشێت بەتەنێ بەکاربێت.

(روون و ئاشکرایە وشە بەتەنیا ناتوانێت زمان پێکبێنێت. بەڵکو فۆن، فۆنیم، مۆرفیم، وشە، فرێزو یەکەی واتایی بەشێوەیەکی گشتی کەرەستەکانی پێکهێنەری زمانن و نابێت وشە بە بچووکترین یەکەی واتایی دابنێین، چونکە وشە خۆی لەچەند دانەیەکی تر بەناوی مۆڕفیم پێك دێت. (بڕوانە بابا شێخ حسینی ٢٠٠٤: ٧٢) واتە (هەموو کەرەسەیەکی ڕێزمانی شی دەکرێنەوە بۆ چەند دانەیەکی بچووکتر کە پێی دەوترێ مۆڕفیم. (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٠: ٨٠) بۆیە (تەواوی ئەو پێناسانەی کە بۆ وشە کراوە هەریەکەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زۆر بووە، کە هەتا ئێستاش نەتوانراوە پێناسەیەکی پڕ بە پێستی وشە بدۆزینەوە کە ڕێزمانی تەقلیدی (کۆن) وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان، کە بچووکترین یەکەی بنەڕەتی یان واتاداری زمانە، بەڵام پاش ئەوەی زانستی مۆرفۆلۆژی بەرەوپێش چوو ئەم پێناسەیان ڕەفز کرد، چونکە زۆر وشە هەیە لەچەند دانەیەکی بچووکتر پێکهاتووە، کە ئەم دانەیانەش بریتی یە لە چەند یەکەیەکی زمانەوانی و واتای تایبەتی خۆیان هەیە، کە پیێ ی دەڵێن ((مۆڕفیم)).

**(بڕوانە عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز ١٩٩٠: ١٥)**

(دۆزینەوەی مۆرٚفیم دەسکەوتێکی گەورەبوو بۆ زمانەوانەکان، کە لەئەنجام دا توانرا گەلێك مۆڕفیمی وردتر لە وشەو ئامراز بدۆزرێتەوە، وەك: مۆڕفیمەکانی کات، مۆڕفیمەکانی وشەداڕێژ... هتد. بەڵام ئەم دۆزینەوەیە نەبووە هۆی مردنی وشە، بەڵکو هەڵوێستی بوونی

وشەی بەهێز کرد، چونکە مۆرفیمی لێکدراو نییە و بەزۆری پتر لە مۆرفیمێك لە فۆرمەکاندا کۆ دەبێتەوە، لەژێر زاراوەی وشە[٦].

**(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ ١٩٩٥: ٧٣)**

دواتر ماوە بگوترێت کە زۆر پێناسەو هەڵسەنگاندن لەسەر وشە تیشکی خرا سەر بەڵام بۆچوونی ئێمەش وەك توێژەرێك بۆ دیاریکردنی پێناسەیەك لەئەنجامی هەڵهێنجان و دەستەبەر کردنی ئەم هەموو پێناسەیە بۆ زاراوەی وشە، دەڵێین: (وشە کەرەستەیەکە ڕۆنانی ناوەوەی هەیە)[٧]. بۆ نموونە:

- بالاّ بەرز ⟵ بەرز بالاّ. ❋
- کوڕەکە ⟵ ەکە کوڕ. ❋

شوێنییەك وشە تارادەیەك ناگۆڕدرێتەوە، پێـکهاتی ناوەوەی هەیە بەڵام لەو جۆرە وشانە پێچەوانە ناکرێتەوە.. واتە:

١. شوێنی کەرتەکان ناگۆڕدرێ.

٢. پارچەکانی لەیەکتر ناترازێن، واتە ئەگەر بمانەوێت ئاوەڵناوێك دابنێین یان ئیزافەیەکی بۆ زیاد کەین ئاوەڵناوەکە ناتوانێ پارچەکانی لەیەك بترازێنێ. ئەم بۆچوونەش زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وشە کەرت دەکرێت بۆ دانەی بچووکتر کە مۆرفیمە واتە پەیدابوونی مۆرفیم دەستکەوتێکە بۆ سەلماندنی تارادەیەك (ڕەها نییە) ڕاستی ئەم پێناسەیە

---

٦ - هەرچەندە ئەم بۆ چوونە بە تەواوی مەرج نییـە ! چـونکە ئەمـەش بـە پێـی لایـەنی مۆرفۆلـۆجی زمانـەکان دەگۆڕێ.

٧- ئەم پێناسەیە لە لایەن ((Crystal بە شێوەیەك لە شێوەکان واتە نزیك لە نـاوەڕۆك ئامـاژەی پـێ کـراوە بەڵام ئێمە بە دەسکارییەکی کەم بە لامانەوە گرنگ بوو.

بەمەش وشە دوو دیو (ڕوو) نیشان دەدات کە بریتییە لە (فۆڕم و واتا)[8] سەبارەت بە فۆڕمەکە بریتییە لە قالّبەکە (واتە ئەو ڕۆنانەی کە باس کرا) کە پێکهاتێکی دەرەکی[9] نیشان دەدات ئەمەش پڕۆژەی کاری لێکۆڵینەوەکەیە، سەبارەت بە واتاکەشی دیوی ناوەوەیە (ئەمەش پەیوەندی بە واتاسازی هەیە کە کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە نییە).

## بیرۆکەو چەمکی مۆڕفیم (پێناسەو مێژوو بۆچوون)

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە، شیکردنەوەی زمـــان لەخـــودی خـۆی زانستێکە چـەنـدیـن ئاست (لیڤڵ) نیشان دەدات، شیکردنەوەی هەر ئاستێك لە ئاستەکانی زمان بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو دەستەبەر کردنی تا ڕادەیەك لە نهێنییەکانییەتی، ئەگینا هیچ ئاستێك بەتەنها دراسە ناکرێت چونکە زمان پێویستی بەوە هەیە لەچەند ئاستێك دیراسە بکرێت[10].

ئاستی مۆڕفۆلۆجی وەك ئاستێك لە ئاستەکان پردی بەیەکگەیشتنی ئاستەکانی ترەو لووتکەی پەیوەندی نێوان ئاستەکان نیشان دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە مۆڕفۆلۆجی خۆی وردەکارییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت و کەرەستەی سەرەکی ئەم ئاستەش (مۆڕفیم) ە. مۆڕفیم زۆر پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە لێرەدا تیشکێکی بەسەر بابەتەکە بڵاودەکرێتەوە لەدیدو ڕێبازی جیا جیا سەرەڕای هەڵسەنگاندن و ڕوونکردنەوەی هەندێ لە وردەکارییەکان پاشانیش شیاوترینیان بەڕای لێکۆڵەر ئاماژەی پێ دەکرێت. ئەوەی کە باو بووە تاکو ساڵانی (٣٠) گوایە وشە بچووکترین دانەی ڕێزمانییە لەگەڵ پەیدابوونی یان دۆزینەوەی بیرۆکەی (مۆڕفیم) کە (لە سەرەتای چلەکاندا ئەم بیرە هاتە کایەوە. (محەمەد مەعرووف فەتاح ـ د. ١٩٨٧: ٧١) ئەو پێناسەیەی وشە لادراو مۆڕفیم شوێنی پێناسەکەی گرتەوە (زمانەوانی هاوچەرخ توانی هەموو

---

٨ - ئەمە بۆچوونی سۆسێرە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فردینال دی سوسور ١٩٨٥: ١٣٢ - ١٤٢)

٩ - پێکهاتی دەرەکی مەبەست ئەو قالّبە دەرەکییەیە کە بوونێکی یاخود فۆڕمێکی فیزیکی هەیە واتــە لــە زنجیرە دەنگێك پێك دێت و ڕۆنانێکی نــاوخۆی هــەڵگرتووە دوور لــە واتاکــەی کــە پەیوەندییــەکی لەخۆوەیــە (بەئارەزوویی) یەو ڕێکەوتنی کۆمەڵی لەسەرە.

١٠ هیچ ڕستەیەك لەیەك ئاستدا لێك نادرێتەوە، بەمەش پێویستە لەچەند ئاستێك دیراسە بکرێت، ژمــارەی ئاست هەڵبژاردن بەپێی بۆچوونی توێژەرو باسەکەیە واتە سروشت نای سەپێنێ، بەڵام ســادەترین نموونــەش لــە زماندا پێویستی بەوە هەیە کە دوو ئاست هەڵبژێرێت.

ناوەکانی وشەی سادە، ئامراز، گیرەك.... هتد) لە زاراوەیەکی وەك (مۆڕفیم ـ Morpheme) کۆ بکاتەوە، کە وشەیەکی گریکیەو چەمکی فۆڕم ئەدا. (عەبدوڵڵا حوسێن ١٩٩٥: ٧١) بۆیە (زانایانی زمان ڕوویان لە وشە وەرگێڕا و لە جێگری (بدیل) تر دەگەڕان. یەکێ لەم جێگرانە چەمکی (مۆڕفیم) بوو. (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٦: ٩).

زاراوەی مۆڕفیم بۆ بچووکترین یەکەی واتا بەکاردێ کە وشە پێك بهێنێ و خۆی لە بچووکتر کردنەوە نەیەت. بەمەش (مۆڕفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە. ( Bloom field ١٩٣٣: ١٧٨). یاخود (بچووکترین دانەی ڕێزمانییە. (ئازاد ئەمین فەرەج ١٩٩٨: ٩٣) هەروەها (فرۆمکین) دەڵێ: (مۆڕفیم بچووکترین هێمای زمانییە، یەکەیەکی ڕێزمانی یا بچووکترین یەکەی واتاییە و ناشێت بۆ بەشی بچووکتر دابەشی بکەین. بەشێوەیەکی خۆویست، کە هەڵگری واتایەکی تایبەتییە. (Fromkin ١٩٨٨: ١١٤).

(Katamba) (مۆڕفیم بە بچووکترین دانەی دابەش نەکراوی زمانی دادەنێت، کە دەبێت ئەرکێکی واتـــایی یـــان ڕێـــزمـــانـــی بـــبـــینێـت و بەشـــداری لە پێکهاتنی وشەی دیکەدا بکات. (Katamba ١٩٩٣: ٢٠). بەم شێوەیە مۆڕفیم پارچەیەکی بچووکە لە زماندا، سێ سیفاتی تێدا هەیە:

١. مۆڕفیم وشەیەکە یان بەشەکە لە وشە، کە دەبێت واتادار بێت.
٢. دابەش نابێت بەسەر بچووکترین پارچەی واتادار، کە واتاکەی لەدەست بدات.
٣. لە ڕستەی جیاواز جیاواز دەردەکەوێت و واتایەکی نەگۆڕی هەبێت.

**(بڕوانە Stageber 1981: 85)**

بۆ نموونە:

وشەی (دار) دابەش بێت بۆ (د / و / ا / و / ر) یان بۆ کەرتی تر وەك (دا. ر) یان (د. ار)، بەڵام هیچ لەم کەرتانە نە ئەرکی ڕێزمانی ونە واتایان نابێت،لەبەرئەوە ئەمانە بەهەر شتێك ناو ببرێت.مۆڕفیم نین .

(گرنگی تەواوی بیرۆکەی مۆڕفیم لە وشەی ئاڵۆزو ئاوێتەدا دەردەکەوێ، چونکە ئەمانەن کە لە یەکەی بچووکتر دروست بوون، واتە دەبن بە پارچەی واتایی ورد ترەوە. بۆ نموونە وشەی (هونەرمەند) لە پارچەی ووردتری واتا داری وەك (هونەر ـ مەند) پێك دێت.

**(محەمەد مەعرووف فەتاح ـ د. سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٧)**

دیسانەوە (مۆڕفیم دانەیەکە کە دەبێت دووپـات بـێتەوە بە هەمان واتا لە دەوروبەری تردا. بۆ نموونە:

وشەیەکی وەکو (هونەرمەند) لە دوو مۆڕف پێکدێت بەوەی دووبارە بێتەوە لە (هونەری ڕادیۆ، هونەرە جوانەکان،.... هتد یان بەهرەمەند، دەوڵەمەند،... هتد)

تا ئێستا لە جیاکردنەوەی مۆڕفیم جەختمان لەسەر واتاو مەرجی دووپات بوون بوو بەڵام هیچ کام لەمانە بە ئاکامێکی زانستیمان ناگەیەنێ چونکە مەسەلەی واتا ناشێت بەتەواوی پشتی پێ ببەسترێت لەبەرئەوەی زۆر مۆڕفیم هەن کە ئێستا واتایان نییە با لە قۆناغێکی مێژووشدا واتایان هەبووبێ ئەوە هیچ لەبارەکە ناگۆڕێت چونکە لە مۆڕفۆلۆجی وەسفی (ئێستایی) پشت بەواتای ئیتیمۆلۆژی وشە نابەسترێت.

بۆ نموونە: وشەی (تێکۆشان، هەڵ قورتان) واتایان هەیەو کەرتی یەکەمیشیان بە مۆڕفیم دادەنرێت بەوەی لـــە ژیـنـگەی زمـــانـی تــردا دووپـــات دەبـــنـەوەو دەشکرێ واتایەکی ڕێژەییان بدرێتەپاڵ، ئەگەر واتاییەکی ڕێژەیی یان بدرێتەپاڵ، کەواتە کەرتەکانی تریش مۆڕفیمن چونکە هیچ زاراوەیەکی تریان پێ نادرێت، کە مۆڕفیم بن و واتایان نەبێت، دەبێ واز لەو پێناسانە بهێنین کە واتا دەکەن بنەما، هەروەها مەسەلەی دووپات بوونەوەش بە هەمان شێوە ناشێت بەتەنها پشتی پێ ببەسترێت چونکە پاشگر هەیە لە دەوروبەری تردا بەرچاو دەکەوێ وەکو (ە ر) لە (دەرخەر)، (نووسەر) بە هەمـــان شێـــوەی نـموونەکانـــی پێشـتـر لـەگەڵ ئەوەشدا بـە مۆڕفیـم دادەنـرێت لێرەدا بەڵام لە (هونەر) دا بە مۆڕفیم دانانرێت چونکە (هونەر، لە (هون) و (ە ر) دروست نەبووە.

لەگەڵ ئەم دوو بنەمایە بنەمای کەرت نەبوون بۆ پارچەی وردتر بەبێ تێکچوونی واتاکانیان باس کرا ئەمەش چەندیش گرنگ بێت و بەبێ دوو بنەماکەی تر پشتی پێ نابەسترێت چونکە کەرتە مۆڕفیم بەهۆی ئەم دوو بنەمایەوە دەبێ بناسرێت ئینجا بزانین دەکرێ بە پارچەی وردتر یان نا واتە ئەم بنەمایانە پێکەوە بۆ ناسینەوەی مۆڕفیم بەکاردێن. (بڕوانە سەرچاوەی پێشوو: ٨، ٩، ١٠)

(بەم جۆرە ئەو فۆڕمانەی سادەترین چەمك و کورتترین واتا دەرئەبڕن، کەرت ناکرێن و لە خۆیان بچووکتر ناکرێنەوە، کران بە یەکە بۆ پێوان و جیا کردنەوەی واتاکان. بەهەر یەکێك لـــەم فـۆڕمـــانـەی هـەڵـگری بچووکترین واتا ئەڵێین: (مۆڕفیم). لێرەدا فۆڕمی (دار، بەرد، سەر...) ئەمانەش بچووکترین واتا هەڵئەگرن و لەخۆیان بچووکتر ناکرێنەوە، کەواتە:

مۆڕفیمن. بەڵام لە هەمان کاتدا وشەی سادەشن، دەرەنجام: هەموو وشەیەکی سادە مۆڕفیمە، بەڵام هەموو مۆڕفیمێك وشە نییە و ئەتوانرێ (بە بچووکترین یەکەی ئەرك دابنرێ لە ڕۆنانی وشەدا.(David Crystal 1985: 198) (عەبدوڵڵا حوسێن ١٩٩٥: ٧٢، ٧٣).

بەم پێیە دەتوانرێت لەم پێناسانەدا هەندێك تایبەتمەندی بۆ مۆڕفیم دابنێین: ـ

١. مۆڕفیم بچووکترین دانەی ڕێزمانییە کە لەوە زیاتر ناتوانین لەتی بکەین، یان پارچەی بکەین، بە واتایەکی تر بچووکی بکەینەوە بۆ پارچەی بچووکتر. بۆ نموونە:

٢.

ب + خۆ (ڕەگ) ⟵ بخۆ (کاری داخوازی)

↓

م. ڕێزمانییە (لەمە زیاتر بچووك ناکرێتەوە)

٣. مۆڕفیـــم یان دەبێت واتای هەبێت (هەموو وشە سەربەخۆکان) وەك (دۆ، ئاسن، تەختە.... بە هەزاران وشەی تر) یان دەبێت ئەرکی ڕێزمانی هەبێت. بۆ نموونە:

هات + وو ⟵ هاتوو (واتە کارە کە کۆتایی هاتووە).

↓

نیشانەی ڕابردووی تەواوە (past perfect)

دا + هاتوو ⟵ داهاتوو (بۆ مستقبل).

٤. مۆڕفیم دەبێت لە ژینگەی جیاوازدا یان (بیئە) دووبارە بێتەوە بە واتایەکی تر دەبێت لە چەند شوێنێك زیاتر لە زمانەکەدا بەکار بێت و دووبارە ببێتەوە. بۆ نموونە:

ئەگەر مۆڕفیمی (نا) وەکو پێشگر سەیری بکەین ناچار دەبین کەوا (یاب، وێزە) بە مۆڕفیم دابنێین لە دوو وشەی (نایاب و ناوێزە) دا بەڵام لەبەر ئەوەی (یاب، وێزە) لە هیچ ژینگەیەکی زمانەکەدا دووبارە نەبۆتەوە، واتە بەکارهێنانیان لە شوێنی ترو هەڵوێستی تری ناو زمانەکەدا بەرچاو ناکەوێت ناشتوانین خۆیان واتە (یاب و وێزە) ەکە وەکو پێشگرو پاشگر لە شوێنی تر بەکار بێنین بۆیە نابنە مۆڕفیم و دەیانگرێتەوە دوای پێشگری (نا) و هەردووکیان مامەڵەی یەك وشەیان لەگەڵدا دەکەین.

(لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین بەو پێیەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا واتا لە هەموو بنەماکانی تر کەمتر پشتی پێ دەبەسترێ کەچی لە هەموو بنەماکانی تر لە پێناسەکانی مۆرفیم دا (نەك هەر کۆنەکان بەڵکو نوێیەکانیش) زیاتر سەرهەڵدەدات.

بەم جۆرە مۆرفیم بەڕای ڕۆنانکارەکان و زۆر زمانەوانی تر بچووکترین یەکەی واتادارە لە زماندا. بەڵام بۆچوونی (د. محەمەد مەعرووف فەتاح ـ د. سەباح رەشید) لە لێکۆڵینەوەی کتێبەکەیاندا بەناوی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی) دژی ئەم بۆچوونانە دەوەستێ چونکە سەنگێکی زۆر کەم بە واتا دەدات. بەڕای ئەمان (مۆرفیم یەکەیەکی نا بەرجەستەیە، واتە بوونی تەنیا لە مێشکی قسەکەراندا هەیە و وەك بیرۆکە کار دەکات و لە دەرەوەی مێشکی قسەکەردا تەنها هەر هەستی پێ دەکرێ: نە بە دەست دەگیرێ و نە بەچاو دیارە). واتە (مۆرفیم دانەیەکی نا بەرجەستەیە کە وشەیەکی یان واتایەکی نوێ داتاشێ یان ئەرکێکی ڕێزمانی هەبێت. (محەمەد مەعرووف فەتاح ـ د. سەباح رەشید ٢٠٠٤: ١٢) هەرچەندە ئەم بۆچوونە لە ئەنجامی زەمینەیەکی فراوانی لێکۆڵینەوەکە هاتۆتە ئەنجام کە ڕوونکردنەوەو هەڵسەنگاندن و جێبەجێ کردنی لەسەر چەند نموونەی کوردی (وشەی کوردی) بۆ کراوە.

دەرەنجام ئەوەیان نیشان داوە کە لێکدانەوەی مۆرفیم وەك بیرۆکەیەکی نا بەرجەستە کەڵکی زۆری لێ نابینرێ ئەگەر نەگۆڕدرێت بۆ یەکەیەك کە هەست بە بوون و نەبوونی بکرێ، واتە ئەگەر هەروا بەبێ جەستە بێت. بەمەش دەڵێین (مۆرفیم بریتییە لە بچووکترین جیاوازی لە فۆرمدا (واتە لە شێوەی وشەدا) بچووکترین جیاوازی لە واتای وشە یان ڕستە یان ڕۆنانی ڕێزمانیدا دروست بکات، جا مۆرفیم خۆی واتای هەبێت (وەك هەندێ جار هەیەتی) یان هەر نەی بێت لە بارەکە ناگۆڕێ. گرنگ ئەوەیە مۆرفیم جیاوازی دروست بکات یان دوو وشە یان ڕستە یان دوو ڕۆنان لە یەکتری جیا بکاتەوە[١١].

---

١١- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مۆرفیم و بنەماکانی و هەڵاوێرکردنی سەیری ئەم سەرچاوە کوردیانە بکە:
پ. د. محەمەد مەعرووف فەتاح ـ د. سەباح رەشید، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٧ ـ ١٥).
پ. د. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ٢٠٠٤، لاپەڕە (١١٢ ـ ١٢١، ٣٦٣ ـ ٣٦٧).
پ. ی. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، ١٩٩٥، لاپەڕە (٧١ ـ ٧٣).

## بۆچوونی لێکۆڵەریش لە بارەی مۆڕفیم:

(دانەیەکی ڕووتە واتە ئەبستراکتە[12] لە مێشك و توانای دروست کردنی بچووکترین جیاوازی هەبێ لە فۆڕم و ئەرك دا) هۆی هەڵبژاردنی ئەم پێناسەیەش بۆ سێ خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١. لەگەڵ پرۆژەی کاری لیکۆڵینەوەی ئێمەدا گونجاوە کە بە جێبەجێ کردن لە دوو بەشی دواتر دەردەکەوێ، واتە بەپێی ئەم بۆچوونە ڕەفتار کراوە دوور لە بەکارهێنانی واتا تەنها گەر زۆر پێویست نەبێت بەپێی نموونەکان و دۆزینەوەی هەندێ لە پەیوەندییەکان.

٢. مەسەلەی بچووکترین جیاوازی لە فۆڕم و ئەرك دا ئەنجامێکی گرنگ بەدەستەوە دەدات لە مەسەلەی پەیوەندی کردندا چونکە بەم پێیەوە وشەی (نایاب) دوو فۆڕمە، با (یاب) واتای نەبێت لە کوردیـــدا ، دووبـــارەش نەبێتەوە لە ژیـنـگەی تـــردا، لەبەرئەوەی بەرامبەر (ڕێك و هەموار) دەوەستێ و لە یەکتری جیایان دەکاتەوە، ئەمە لە لایەنی فۆڕمەوە، بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە نموونەی فۆڕمی (نا) بۆ مەرجی مۆرفیم (دووبارە بوونەوەی) مۆرفیم لە ژینگەی جیاواز دەشێ کە چ ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە.

٣. گونجاوە بە پێی تازەترین پێناسەی ئاستی مۆڕفۆلۆجی کە لە پێشدا ئاماژەی پێ کرا.

## ئەو ومۆڕفیمانەی بەشداری لەو ئاستەدا دەکەن (پەیوەندی دروست دەکەن)

گیرەکەکان و جۆرەکانیان، نووسەکەکان، ڕەگ و جۆرەکانی، قەد، بنج[13]، گشتیان وەکو مۆڕفیم بەشداری لە ئاستی مۆڕفۆلۆجی دا دەکەن بۆ دروست کردنی پەیوەندی ئەم ئاستە بە ئاستەکانی تری زمان (فۆنۆلۆجی و سینتاکس).

---

١٢- بیری ئەبستراکت لە مۆرفیمدا: واتای ئەوەیە، تاوەکو نەچێتە ناو کارکردن و ئەرك گێڕانەوە نابێت بە مۆرف.

١٣ دانانی ئەمانەی سەرەوە بە مۆڕفیم لەسەر بناغــەی دابەشـکردن و جۆرەکـانی مـۆڕفیم بنیـاد نـراوە (واتــە بڕیـاری توێژەری لەسەر دراوە) کە بەپێ ی کتێبەکانی زمانەوانی زمانەوانان و مۆڕفیمی تێـدا پـۆلێنکراوە لــە چـەند ڕوویەکـەوە یاخود بە جۆرەهـا پـۆلێن بـەپێی دیـدی قوتابخانەکـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە (قـەدو ڕەگ و بـنج) بەشـداری لـە بەشـە

## ١. گیرەکەکان Affixes

زاراوەی گیرەك لە کوردی بەرامبەر (Affixe) ی زمانی ئینگلیزی بەکارهاتووە، کە ئەو مۆرِفیمانەن یاخود ئەو پێشگرو ناوگر[١٤]و پاشگرانەن کە بەسترابن بە مۆرِفیمێك، یان چەند مۆرِفیمێك، واتە (سەرپاکی گیرەکەکان مۆرِفیمی بەندن کە بۆ دوو جۆر لە گیرەکی وشە دارِێژو گیرەکی رِێزمانی بەپێی ئەرك و واتاکانیان دابەش کراون. (بروانە سەباح رەشید ٢٠٠٠: ٥١) بۆ نموونە: وشەی (ماڵ ـ ماڵۆچکە، باغ ـ باخچە) لەپاڵ ئەوەی کە (ماڵ، باخ) مۆرِفیمی سەربەخۆن چونکە سەربەخۆی واتایان هەیە بەڵام (ۆچکە، چە) گیرەکن و سەر بە مۆرِفیمی بەندن چونکە ئەگەر بە وشەی وەکو (ماڵ و باخ) نەلکێنرێن و بە سەربەخۆیی هیچ ئەرك و واتایەکیان نییە. واتە (گیرەکەکان لەهەر جۆرێك بن لەشێوەی مۆرِفیمی بەند دان لە

---

ئاخاوتنەکاندا دەکەن وەکو (ناو، ئاوەڵناو، کردار...) کە ئەمانەش وەکو لایەنی مۆرِفۆلۆجی دەورو کاریگەری لە سینتاکسدا دەگێرِن (پەیوەندی نیشان دەدەن هەروەها گۆرِانی فۆنۆلۆژیش بەژدارە یا کاریگەرە لە پێکهاتەیان ئەمەش پردێکە بۆ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە دوو ئاستی فۆنۆلۆژی و سینتاکس (برِوانە دواتر).

١٤ گیرەکی ناوگر (Infix ) ئەو گیرەکەیە کە رِەگ دەسمێ و دەچێتە ناو رِەگ (برِوانە وریا عومەر ئەمین ١٩٨٢: ٨٨)

ـ ئەم جۆرە گیرەکە لە زمانی کوردی بە برِوای (د. محەمەد مەعرووف فەتاح ، د. وریا عومەر ئەمین نییە چونکە:

١. واتای نییە و ئەرکی نییە و بەتاڵە و وجودی نییە.

٢. دووبارە نەبۆتەوە واتە لەشوێنی دیکەشدا دەرناکەوێت و پێش بینی ناکرێت بە یاسا.

ـ ئەو دەنگانەی لەو نموونانەی کە هەندێ زمانەوان بە ناوگری لەقەڵەم دەدەن هۆی فۆنۆلۆجییە نەك مۆرِفۆلۆجی و سینتاکس ، نموونە:

پشکوتن ⟵ پشکاوتن

↓

ناوگر (گۆرِانی دەنگێك بە دەنگێکی ترە و ناوگر نییە)

ـ بەرِای توێژەریش (ناوگر) لە زمانی کوردیدا مۆرِفیمێکی بەتاڵە (بۆشە) کە رِەگ و قەد و بنج فراوان دەکات و ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی گیرەك کە لە کوردیدا نییە. لە کوردیدا تەنیا گۆرِانی دەنگەو پەیوەندی مۆرِفۆفۆنیمی دروست دەکات. (برِوانە بەشی دووەم)

زمـــانـــەكـــەداو تا وەكـــو بە ڕەگ و بنـــكەی تـــرەوە نەلكێن واتاو ئەركی تەواو بەدەستەوە نادەن. (بڕوانە محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٨٩: ٤٣) بەمەش (گیرەكەكان بەندی مۆڕفیمێك یاخود چەند مـــۆڕفیـــمێـــكی وەك (ڕەگ ـ Root) یـــان (قـــەد ـ بنج) یـــان (بـــنـــج ـ Base) ەوە دەبـــێـــت. (بڕوانە Katamba ١٩٩٣:٤٤). واتە بەهەریەك لە (ڕەگ و قەدو بنج) دەلكێن وەكو مۆڕفیم سەرەڕای ئەوەی ئەمانەش مۆڕفیمن.

هەرچەندە مۆڕفیمی سەربەخۆ دەورێكی گرنگ لە زماندا دەبینێت، بەڵام زۆرجار دەربڕینی واتایی بە هاوبەشی گیرەكەكان دروست دەبێت، (گیرەكەكانیش وشەی سەربەخۆ بوون و بەپێ ی گۆڕانی ژیان و پێشكەوتنی زمان، گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو ئەو فۆڕمانەی ئێستایان وەرگرتووە. لەبەرئەوە كاتێ دەچنە سەر وشە، واتاكانی پێشوویانی، پێ دەبەخشن. (شێركۆ حەمە ئەمین ٢٠٠٢: ٢٣) بەمەش (هەموو گیرەكەكان مۆڕفیمن و ناتوانرێ لە پۆلینێكدا، كە بەپێی ڕۆنان بێت، بوونیان بەرچاو نەگیرێ. (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٨٩: ٤٢) بۆ نموونە:

لە كاری (دەخوارد) دا، كە (خوار) بە مۆڕفیم دانرا دەبێت (دە، د) یش بە گیرەك دابنرێت. یاخود لە ((نا هەموار، نایاب، بەپێز، ناوێزە) كە (نا، بە) بە گیرەك دابنرێ بە ناچاری دەبێ (هەموار، یاب، پێز، وێزە) ش بەمۆڕفیم دابنرێ لەبەر بوونی بە ڕەگەوە، بێ دووبارە بوونەوەیان لە ژینگەی تری زمانەكە (بڕوانە سەباح رەشید ٢٠٠٢: ٥٣). پێویستە ئەوەش بگوترێت كە (واتای وشە لە ڕەگ كۆدەبێتەوە، بەڵام هیچ زمانێك ناتوانێت تەنیا بە ڕەگ مەبەستەكانی خۆی بپێكێ، لەكاتێكدا ڕەگ وەكو مۆڕفیمێك مامەڵەی لەگەڵ كراوە كە زیاتر بەپێی شوێن، لە دابەش بوونی مۆڕفیمەكان هاتۆتە بەرهەم دوای لابردنی هەموو مۆڕفیمە لكاوەكان (گیرەك) كە دواتر باس دەكرێ، زمان بۆ ئەم مەبەستە گیرەك بەكار دێنێ بۆ بنیاد نانی ژمارەیەكی زۆر لە وشە، كە واتاو مەبەستی تازەیان تێدا كۆ دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كەم و زۆری ئەم گیرەكانە بەپێ ی جۆری زمانەكە جیاوازەو دەگۆڕێ. (بڕوانە محەمەد مەعرووف فەتاح ، سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٤٨)

زمانی کوردی زمانێکی پۆلۆ سینسیتیکه واته (فره مۆرڤیمدار) ه که وشەی وای تیادایه مۆرڤیمەکانی زۆرن و دەشێ له ڕستەیەکی تەواوی له قاڵبی وشەیەکدا دابڕێژرێ بەتایبەتی له وشه (مۆرفۆ سینتاکسیەکاندا)[15] وەك له (دامان نەگرتبوویت) که له نۆ مۆرڤیم پێك دێت:

(دا - م - ان - نه - گر - ت - ب - وو - یت)

گیرەك نووسەك گیرەك نووسەك ڕەگ گیرەك ڕەگ گیرەك نووسەك

**(بڕوانه وریا عومەر ئەمین ۲۰۰۷: ۳۱٦)**

واته زۆربەی وشەکان لەم جۆره زمانانەدا له ژمارەیەك مۆرڤ پێکدێ و هەر یەکێك لەو مۆرڤانه مۆرڤیمێك دەنوێنێ، ئەمەش (سروشتی ئەو جۆره زمانانەیه که ڕۆنانی وشه دەکاته پێوەر و پێ لەسەر ئەم جۆره سیفەتانەی وشه دادەگرێت. (بڕوانه Crystal 1992: 13) که بەوه دەناسرێنەوه گیرەك بۆ ڕەگی وشه زیاد بکەن به مەبەستی گۆڕینی واتا (د. **محەمەد خولی ۱۹۸۲: ۹)**

گیرەکەکان وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا به پێی شوێنی لکانیان دەبنه (پێشگرو ناوگرو پاشگرو جوتگر)[16] بەپێ ی ئەرکیشیان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

۱. **گیرەکی وشه داڕێژ** (Derivational Affixe)
۲. **گیرەکی ڕێزمانی** (Inflectional Affixe)

---

۱٥ـ بڕوانه بەشی سێیەم له نامەکه که پەیوەندی نێوان مۆرڤۆلۆجی به سینتاکس نیشان دەدات له زمانی کوردی بەهۆی سروشتی زمانەکه.

۱٦ـ جوتگر واته (پێشگرو پاشگر) لەیەك کاتدا ( دە خوار د)

جوتگر

هەردوو جۆرەکە مۆڕفیمی بەندن، سیماو تایبەتیەکانی هەریەك لەو دوو جۆرە، ڕێگە خۆشکەرە بۆ بەشی دووەم و بەشی سێیەم (پەیوەندی مۆڕفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجی و سینتاکس). واتە بۆ ناسینەوەی ئەو مۆڕفیمانەی کە پەیوەندی (مۆڕفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجی) دروست دەکەن لەگەڵ ئەوانەی ئەرکی سینتاکسی یان پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی ناو سینتاکس ڕێکدەخەن بەمەبەستی نیشاندانی ئەو گۆڕانکاریانەی کە پەیوەندی (مۆڕفۆلۆجی بە سینتاکس) دروست دەکەن[١٧].

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە سنوور دانان لەنێوان هەردوو جۆرەکە کارێکی وا ئاسان نییە. (زاناو شارەزا کۆنەکانی زمان هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان ئەو دوو دیاردەیە نەدەکرد. بەشێوەیەکی گشتی لەلای ئەمانە وشە بچووکترین دانەی ڕێزمانی بوو (کەوسەر ١٩٩٠: ٧١). زمانەوانە کوردەکانیش، هەڵگری دیدی ئەوان بوون و (هەر دانیان بە بوونی گیرەکی داڕشتن داناوەو هەر ئەرك و توانـــای ئـــەو گیرەکانەیان لێکداوەتەوە کە گۆڕنکاری بەسەر واتای وشەدا دێنن، وەك: ((هەڵ ـ، دا ـ، ...)) لە ((هەڵ گرت، داگرت، ...)) (بڕوانە محەمەد مەعرووف ١٩٨٩: ٤٢) واتە (جیاکردنەوەی ئەم دوو چەشنە گیرەکە کارێکی زۆر ناسکەو هەندێ جاریش ئاڵۆزە، بەڵام زۆر گرنگە. (Aronoff ١٩٨١: ٢)

## گیرەکی وشە داڕێژ: (Derivational Affixe)

ئـــەو گیرەکـــانـــەن کـــە واتای نـــوێ دەبەخشـــن بە وشە، کاتێـك کە دەچـنەسـەری چ وەك (پێشگر) یاخود (پاشگر)[١٨]. واتە (ئەوانەن، کە دەچنە سەر مۆڕفیمی تر (ڕەگ، قەد،

---

١٧ـــ مەبەسـت لـە کەرتـە ڕێزمانییـەکان (پەیوەنـدی مۆڕفۆلـۆجی و فۆنۆلـۆجی) لەلایـەك و (پەیوەنـدی مۆڕفۆلۆجی و سینتاکس) لە لایەکی ترەوەیە کە جیاکردنەوەو نیشاندانی ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە لە ڕێگـەی هەردوو جۆرە گیرەك و نووسەك (وەك مۆڕفیمی بەند ـ بڕوانەدواتر) دێتـە ئـاراوە کـە لـە دوو بەشـەکەی تـر پراکتیزە کراوە.

١٨ـ تەنیا (گیرەکی پاشگرو پێشگر) لەچوارچێوەی پڕۆسەی توێژینەوەکەمان دایـەو (گیرەکـی نـاوگر) مـان نەخستۆتە ناو باسەکەمان و هەوڵ دراوە خۆمانی لێ بەدوور بگرین لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە پەراوێزی لاپەڕە

بنج) یان وشە، فۆرم و واتای تازە دادەڕێژن و هەندێ جار، پۆلی وشەش دەگۆڕن. ( Fromkin 1998: 132) بەمەش (ئەم جۆرە گیرەکە پرۆسەیەکە لەڕێگەی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن یان گۆڕینی واتاوە وشەی نوێ ی لێ دروست دەبێت. (Yule 1996: 76).

## گیرەکی ڕێزمانی: (Inflectional Affix)

جۆرێکە لە گیرەکی بەند، دەچێتە سەر وشە، بە مەبەستی دەربڕینی پەیوەندی نێوان ئەو وشەیەو وشەکانی تر لە چوارچێوەی سینتاکسدا. واتە ئەوانەن (کە ئەرکیان ئاماژە کردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی وشە، لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا، وەك (ان، نیشانەکانی کاتی ڕابردوو). ( Crystal 1992: 187) بەمەش گیرەکی ڕێزمانی (لە قەبارەی فرێزو ڕستەو لا ڕستە (کلۆز) کار دەکات و بەشێکی زۆری ئەو پەیوەندییە ئاشکراو دیاریکراوانە جێبەجێ دەکەن کەلە نێوان وشەکان لەگەڵ یەکتری دا دروست دەبێت لە سنووری ڕستەسازیدا. (بڕوانە ئەوڕەحمان **١٩٧٧: ٣٢)**. واتە (دەورێکی ڕێزمانی نیشان دەدات بەهۆی لێکدانی کەرەستەکانی بەشەکانی ئاخاوتن لەناو ڕستەدا. (بڕوانە وریا عومەر ئەمین **١٩٨٦: ١٣**).

## سیماکانی ئەم جۆرە گیرەکە:

پێچەوانەی سیماکانی جۆری یەکەمە[١٩] واتە:

**١.** پۆلی وشە ناگۆڕێ. (Scalise 1986: 112)

**٢.** خاوەنی ئەرکە نەك واتا. (**محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩: مۆرفۆلۆجی**)

**٣.** کۆتاییەکی داخراو بەجێ دەهێڵن. (Scalise 1986: 103)

**٤.** لە ڕەگ دوور دەکەوێتەوە. (سەباح ڕەشید ٢٠٠٠: ٩٥)

---

(١٤) خستوومانەتەڕوو ئەوانەی کە ناوگر یان لە کوردی ئاماژە پێ کردووە لێرەدا وەك دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە بۆ (پەیوەندی مۆرفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجی) نەك وەك ناوگر...

١٩- سەبارەت بە سیمای هەردوو گیرەکەکە ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە گیرەکی وشە داڕێژ تێکەڵ بە (نووسەك) نابێت تەنیا لە چەند حاڵەتێکی کەم دا نەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە گیرەکی ڕێزمانی جۆرە تێکەڵیەك نیشان دەدات، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکان (بڕوانە دواتر).

٥. ڕێك و پێكن له پیادەکردن (ناوێژەی کەمی تیایە). (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩: کۆڕسی باڵا)

٦. ژمارەیان بچووکترە بەڵام بەکارهێنانیان دیارو چالاکە. (بڕوانە شێرکۆ ٢٠٠٢: ٣٨)

٧. کارکردنیان لەژێر دەسەڵاتی یاساکانی سینتاکسیە. (بە دەستکاری لە نامەکەی سەباح ڕەشید وەرگیراوە: ٥٩)

٨. تایبەتی خۆیان بە هەموو وشەکە نابەخشن. (بە بەراورد لەگەڵ خاڵی (٨) وەرگیراوە)

٩. یاسای ئارەزوو مەندییان تێدا نییە، واتە (بەرامبەر بە وشەی سادە ناوەستێ) (Fattah 1997: 79)

١٠. سترێسیان لەسەر نییە. (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩:: کۆڕسی باڵا)

١١. واتـــای چەمکی بنکە ناگۆڕن بەڵام واتای ڕێزمانی بنکە دەگۆڕن. (سەباح ڕەشید ٢٠٠٠: ٩٠)

١٢. لە پەیوەندی ئاسۆیی (هاونشینی) و ستوونی (جێنشینی) کاردەکەن.(سەباح ڕەشید ٢٠٠٠: ٩٤، شێرکۆ٢٠٠٢: ٣٥)


١٣. نموونەی گۆڕانیان تیا بەرچاو ناکەوێت. (بە بەراورد لەگەڵ گیرەکی وشە داڕێژ لە (شێرکۆ وەرگیراوە ٢٠٠٢: ٢٩)

١٤. توانای سازکردنی وشەی ئاڵۆزی نییە بەهۆی (پێشگرو پاشگر).(Katamba 1993: 53)


١٥. گرنگترین نموونەی ئەم جۆرە گیرەکانە بریتین لە: (نیشانەی نەناسیاری / ێك / و ئەلۆمۆرفەکانی، نیشانەی کۆ / ان / و ئەلۆمۆرفەکانی، مۆرفیمی / تر، ترین /، نیشانەکانی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو / ا، د، ت، وو، ی /، ئەسپێکتی / دە /، مۆرفیمی توخمی نێرومێ لە بانگهێشدا / ە، ی /، مۆرفیمەکانی ئیزافە / ە، یێ /، مۆرفیمی فەرمان و داخوازی / ب /، مۆرفیمی دیسان (دووپاتکردنەوە) و ئەلۆمۆرفەکانی، مۆڕفیمی چەمکی دووری و تەواو / وو، وە، ووە / (بڕوانە McCarus 1958: 47). واتە بە شێوەیەکی گشتی نیشانەی نەناسیاری و کۆو کات و ئەسپێکت و ڕووکارەکان دەگرێتەوە (بڕوانە بەشی سێیەم).

## شیکردنەوەی خاڵەکان

سەبارەت بە **خاڵی (١)** لە گیرەکی وشە داڕێژ واتە ئەگەر وشەکە بەر لە وەرگرتنی ناو یان هەربەشێکی تر بوو دوای وەرگرتنی دەبێتە بەشێکی تری ئاخاوتن یان جۆرێکی تر لە هەمان بەشە ئاخاوتن، بەڵام گیرەکی ڕێزمانی بەشەکەی دوای وەرگرتنیشی هەر ناگۆڕێت، بڕوانە ئەم نموونانە:




**خاڵی (٢)** گیرەکی وشە دارێژ واتای نوێ زیاد دەکەن بەڵام گیرەکی ڕێزمانی هیچ واتایەك زیاد ناکەن بەڵام ئەو ئەرکە سینتاکسیانەی لەنێوان وشەکانی ڕستەدا هەیە جێبەجێی دەکات، بڕوانە ئەم نموونانە:




**خاڵی (٣ و ٤)** لەدوای گیرەکە وشە دارێژەکان گیرەکی ڕێزمانی دێت بەڵام بە پێچەوانەوە گونجاو نییە بوار نادرێت، بەپێ ی ئەم یاسایە لەم نموونەیەدا:

**((بنج، ڕەگ) + گیرەکە وشە دارێژ + گیرەکی ڕێزمانی)**



**خاڵی (٥)**، بۆ نموونە گیرەکی ڕێزمانی (تر ـ ترین، دە، ا، وو) بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەم شێوەیە دابەش دەبن:

(تر، ترین) هەموو ووشەیەکی سادە وەری دەگرێت وەك:

جوان ←——— جوانتر ←——— جوانترین.

(دە) هەموو کارێك وەری دەگرێت. وەك: دەخۆم، دەشۆم... هتد.

(ا، وو) هەموو کارێك وەری دەگرێت بۆ ئاماژەکردنی بۆ ڕابردووی بەردەوام وەك:

دەسووتا، دەڕووخا، دەچوو، دەبوو.

بەڵام گیرەکی وشە داڕێژ نارێك و پێکی نیشان دەدەن[٢٠]، بۆ نموونە: دۆلکە (قاپ، پیالە، پەرداخ) ئەو گیرەکانەی کە شیاوی وەرگرتن نین وەری ناگرن و هۆکارێکی لۆجیکیش نییە بەڵکو ناوێزەی فۆنۆلۆجی بەسەریاندا سەپاوە.

**خاڵی (٦)** گیرەکە ڕێزمانییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا بەکارهێنانیان چالاکە بەهۆی ئەوەی سیستەمی دروست کردنی پەیوەندییەکانی وشەن لەئاست فرێزو ڕستەدا واتە توانای پەیوەندی (ئاستی مۆڕفۆلۆجی بە سینتاکس) یان هەیە بەتایبەتی مۆڕفیمەکانی کار، وەك: (دە، ب، ر، یٚ، ا، ان) دووبارە بوونەوەیان زۆرەو ئاستی بەکارهێنانی خۆشیان جیاوازە بۆ نموونە (دە) زیاتر بەکاردێت وەك لە (ب). بەڵام گیرەکە وشە داڕێژەکان ژمارەیان زۆرە کەچی کەمتر چالاکن، وەك: (وەر ـ، پێوە ـ، ـ مەند،.... هتد).


| | | | |
|---|---|---|---|
| دەبەم | دەسووتیٚ | وەرگەڕا | هونەرمەند |
| دەچم | دەسووتا | پێوەنووسا | |

٢٠ـ ئەم خاڵە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا گیرەکەکان هەستیارن لە هەڵبژاردنی بنکەی گونجاو بۆ پێوە لکان، بۆ نموونە: گیرەکی ((وان)) ی وشەدارێژ بنکەی ((گرد)) هەڵنابـژێریٚ بـۆ پێوەلکـان. لـە لایـەکی تـرەوە گیرەکـە ڕێزمانییەکان کۆمەڵە، یان گرووپ هەڵدەبژێریٚ بۆ نموونە: دە: گرووپی کار هەڵدەبژێریٚ. ێك: گرووپی نـاو یـان فرەیزی ناوی هەڵدەبژێریٚ. بەڵام گیرەکی وشە داڕێژ لە ناو گرووپەکان دەستەیەکی تایبـەتی هەڵدەبـژێریٚ نـەك هەموو گرووپە ناوییەکە.


(گیرەکی ڕێزمانی) دە ——————————— پێوە (گیرەکی وشەداڕێژ)

پێکهاتەی دەنگی (فۆنیم) ٤

**خاڵی (٧)** واتە گیرەکە وشە داڕێژەکان کە وشە دروست دەکەن یەك جار یاساکە بەکار دێت[٢١] و ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە. سەیری ئەم نموونانە بکە:




بەڵام گیرەکی ڕێزمانی توانای دووبارە بوونەوەیان هەیە، بەو مەرجەی هیچ لادانێك لە یاسا سینتاکسیەکان نەکەن، ئەگینا ئەرکی گیرەکەکە دەشێوێنێ و زمانەکە وەری ناگرێت (قبوڵی ناکات). بۆ نموونە:


٢٢

ئەو (گەڕۆکی یەی) تۆ

↓


ئیزافەیە لەبەینی دیارخەرو دیارخراودا.

---

٢١ واتە یاساکە دووبارە نابێتەوەو دیاریکراوە بۆ پۆلێك لە وشە یاخود کۆمەڵە وشەیەك ، دوای دروست بوونی دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکە .

٢٢ واتە ناشێ شوێن گۆڕکێ بکەن ئەگینا یاسا سینتاکسیەکە تێك دەچێت .

**خاڵی (٨)** گیرەکی وشە دارێژ سەرپاکیان ئەو ئاڕاستەیە وەردەگرن کە لە چ پۆلێك بێت، وشەکەش لەسەر بنەمای هەمان پۆل ڕۆدەنرێت (واتادار دەبێت) بەمەش سیمای خۆیان سەردەخەن بۆ وشەکە واتە گەر ناوبێت، ئەوا وشە ئالۆ زەکەش دەبێتە ناو، (سەرە بەزۆری لای چەپی وشە داڕژاوەکە دەگرێ، بەڵام بەشێکیان لای ڕاستی وشەکە دەگرن. (محەمەد مەعرووف فەتاح، سەباح ڕەشید ٢٠٠٦: ٦٢) بۆ نموونە:




نەبوونی ئەم سیمایە بۆ گیرەکی ڕێزمانی بۆ بەرپرسیاریەتی نەبوونی (واتا) دەگەڕێتەوە کە خاوەنی ئەرکن نەك واتا[٢٣].

**خاڵی (٩، ١٢)** گیرەکی وشە دارێژ کە ئەوانەی ناوی بچوککراوە دادەڕێژن بەکارهێنانیان بەئارەزووی مرۆڤە، واتە (وشە دارێژراوەکە لەڕووی ڕێزمانییەوە بەرامبەر بە تاکە وشە (وشەی

٢٣ پێویستە ئەوە بگوترێ کە پێشتر وتمان واتا = ئەرك بەڵام لێرەوە بە دوو ئاڕاستەی جیا وەرگیراون ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە بتوانرێت پەیوەندی سینتاکسی بە ئەرك نیشان بدرێت نەك واتا جگە لە جیاوازی ئەم بابەتەو ئەوی تر کەواتا لێرەدا زۆر گرنگ نییە تا گرنگی پێ بدرێ .

سادە) کە دەوەستێ.(Crystal 1992: 97) بەڵام گیرەکی ڕێزمانی ئەم ئاڵو گۆڕیەی تێدا بەدی ناکرێت چونکە مرۆڤ سەرپشك نییە لە بەکارهێنانی. بۆ نموونە:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | | ماڵ | ە | ٢. | | قاپ | |
| | ئەم | | خۆشە | | تۆ | | بێنە |
| | | ماڵۆچکە | یە | | | قاپێك | |

گۆڕینی (ماڵ) بە (ماڵۆچکە = ماڵ + گ. و.) لە ڕستەی (١) هیچ لە بەهای ڕێزمانی ڕستەکە کەم ناکاتەوە. بەڵام ئەم ئارەزووی گۆڕینە لە ڕستەی (٢) بەهۆی ئەوەی وشە ناسادەکە گیرەکی ڕێزمانی وەرگرتووە ناگونجێت و ناڕێزمانی دەبێت گەر وشەی سادەکە دابنرێت. بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیەش دەتوانین یاسایەکی گشگیر دابڕێژرێت وەك ئەمەی خوارەوە:

(ڕەگ، بنج) + گیرەکی وشە داڕێژ = وشەی سادە

(ڕەگ، بنج) + گیرەکی ڕێزمانی ≠ وشەی سادە یاخود = وشەی ناسادە

بەمەش وشە داڕێژراوەکان لە پەیوەندی ستوونی کاردەکەن کە دەتوانن جێگۆڕکێ بکەن لە ئاستێکی ستوونی واتە جۆرە سەر پشکیەك بە قسەکەر دەدات بۆ بەکارهێنانی وشە سادەکە لەشوێنی وشە داڕێژراوەکەو بە پێچەوانەوە.

دیسانەوە گیرەکی ڕێزمانی ئەو ئاستە یاخود ئەو پەیوەندییە ستوونییە (جێنشینی ـ Paradigmatic) بەهاوتەریبی لەگەڵ پەیوەندی ئاسۆیی (هاونشینی ـ Syntagmatic) نیشان دەدات و بۆ پاراستنی هەردوو پەیوەندییەکە کاردەکەن لەوەی کە پۆلەکانی وشە، لەسەر بنەمای تایبەتی سینتاکسی جیا دەکرێنەوە، وەك بەشێکی گرنگ کە پەیوەندی بە وەرگرتنی ئەو جۆرە مۆڕفیمانەوە هەیە. بۆنموونە: (ناسراوی (ەکە)، نەناسراوی (ێك)، کۆ (ان)) دەچنە

سەر ناو (پلەی باڵا (ترین)، پلەی بەراورد (تر)) دەچنە سەر ئاوەڵناو یان ناو (گیرەکەکانی کات (ا، وو، د، ت، ی)) دەچنە سەر کار وەك:

| | | |
|---|---|---|
| جوان | تر | جوانتر |
| ئازا | تر | ئازاتر |

(ئەم جۆرە دابەشکردنە پەیوەندی ستوونی نیشان دەدات)

| | | |
|---|---|---|
| جوان | ترین | جوانترین |
| ئازا | ترین | ئازاترین |


سەبارەت بە پەیوەندی ئاسۆیش بۆ ئەو پەیوەندییە ئاشکراو دیاریکراوانە دەگەڕێتەوە کە لە قەبارەی فرێزو ڕستەدا کاردەکەن (ئەو وشانەی فرێزو ڕستە پێکدەهێنن پەیوەندی ئاشکراو دیاریکراویان لەگەڵ یەکتردا هەیە. (ئەوڕەحمان ١٩٩٧: ٣٢) بەواتایەکی تر، وشە پێش وەرگرتنی مۆرفیمی سینتاکسی، لەگەڵ هەمان وشە دوای وەرگرتنی ناتوانن بەرامبەر یەك بوەستن لە پەیوەندی ستوونی بۆ هەمان مەبەست و واتا لە هیچ ڕۆنانێکدا، بەڵام توانای ئەوەی هەیە کە کەرەستەکانی ڕستە لێك بدات و پەیوەندی نێونانیان یەك بخات بۆ دروستەی ڕستەیەکی کامڵ (تەواو)، (هەر ئەمەش وای لە هەندێ زمانەوان دەکات، کە گیرەکی ڕێزمانی لە ڕستەدا لە (بەخورتی ـ Obligatory) دابنێین. (Katamba 1993: 206) بەمەش گیرەکی ڕێزمانی ئەو پێکهاتە فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیانەی کە تێیدا بەدی دەکرێت لە ڕستەیەکدا یەکیان دەخات بۆ پەیداکردنی ئەو پەیوەندییە سینتاکسییانەی لە نێوان تاکە تاکەی وشەکان بەدی دەکرێت بەشێوەیەکی ئاسۆیی بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ئەوان | دۆلکە<br>دۆلکەکە<br>دۆلکەیێك | دەکرن |


وشەکانی (دۆلکە، دۆلکەکە، دۆلکەیێك) هیچیان شوێنییەکتر لە ڕستە یان فرێز لە ئاستی ستوونی ناگرنەوە چونکە هەریەکەیان بەهای ڕێزمانی خۆی هەیە بەڵام هەریەکەیان جگە لە (دۆلکە) کە سادەیە پەیوەندی سینتاکسی لە ئاستی ئاسۆیی لەگەڵ کەرەستەی پێش و پاش


خۆیان نیشان دەدەن بەهۆی گیرەکی ڕێزمانی (ێك)، نوسەکی (ەکە) لە ئاستی فرێزدا بۆ دروست کردنی ڕستەکە.

- ئەوان   دۆلکە   کە   دەکرِن.



**خاڵی (١٠)** گیرەکی وشەداڕێژ لە کوردیدا هێزی سەرەکی وشە ئاڵۆزەکە بۆخۆیان ڕادەکێشن، بەڵام ئەگەر دوو لە گیرەکەکە بچنە سەر یەك بنجەوە، ئەوا ئەوەی دووەم هێزەکە کێش دەکات. وەك لەم هێڵکاریانەدا ڕوونکراوەتەوە:




بە پێچەوانەوە گیرەکی ڕێزمانی هێزیان لەسەر نییە، بەڵام هەندیٚ جار لەسەریان دەبێت. وەك (دەڕۆم، کتێبەکەم) ئەمەش بۆ لێهاتوویی واتا ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ ئەو جۆرە ڕستانە دەگەڕێتەوە کە بە وشەیەك دەردەبڕدرێت.

**خاڵی (١١)** گیرەکی وشەداڕێژ کە دەچێتە سەر بنجێکەوە واتای چەمکی بنجەکە دەگۆڕێ.
بۆ نموونە:

((کورد) + (ایەتی)) ⟵ کوردایەتی

بنج    گ. وشەداڕێژ    بنج + چەمکی نوێ

چەمکی (کورد) لەڕووی واتاوە لەگەڵ چەمکی (کوردایەتی) جیاوازە.

ئازاد کورد ەکی دڵسۆزە.

ئازاد لە کوردایەتی دا دڵسۆزە.

لەڕووی چەمك جیاوازن

سەبارەت بە گیرەکی ڕێزمانیش کە تەنیا واتای ڕێزمانی بنکە دەگۆڕێت نەك واتای چەمکی لەم نموونەیەدا ڕووندەکرێتەوە: (جوان، جوانترین)

جوان: پلەی چەسپاوی ئاوەڵناوە.

جوانترین: پلەی باڵای هەمان ئاوەڵناوە.

لە هەردوو بارەکەدا (جوان) هەر جوانەو چەمکی گشتی واتای (جوان) لەدەست نەدراوە بەڵام کاتێك کە گیرەکی ڕێزمانی (ترین) ی دەچێتەسەر ڕادەی (جوان) ی دەچێتە دوای پلەی وەسفکردن و هیچ پلەیەکی تری بەدوادا نایەت، واتە لەڕووی ڕێزمانییەوە ڕادەی (جوان) لەگەڵ (جوانترین) جیاوازەو لە ڕۆنانی ڕستەدا مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵدا دەکرێت.

**خاڵی (١٣)** لە ئەنجامی گۆڕان و گەشەی زماندا، گیرەکی ڕێزمانی گۆڕاوە بۆ گیرەکی وشەداڕێژ بەڵام بەپێچەوانەوە تا ئێستا ڕووی نەداوە کە نموونەیەك وشە داڕێژ بووبێ و دەرئەنجام خۆی بە گیرەکی ڕێزمانی نیشان بدات[٢٤] وەك:

---

٢٤- ئەگەر نموونەی وا لە زمانەکە بەرچاو کەوت ئەوا دەرگای توێژینەوەیەکی تر واڵا دەکات بۆ تێکچڕژانێکی تر لەنێوان هەردوو جۆرە گیرەکەکە .

١. موسلیم + ان ⟵ موسڵمان

بنج  گ. ڕێزمانی کۆ

٢. ئێسك + ان ⟵ ئێسکان

ئێستا هەردوو وشەی (مسلیم، ئێسك) گۆڕاون بۆ (موسڵمان، ئێسقان) کە وەك دوو وشەی سادە ڕەفتار دەکەن و لەڕووی ژمارەوە تاکن، ئەمەش لەکاتی کۆکردنەوەدا دەردەکەون، کە گیرەکی ڕێزمانی کۆیان دەچێتە سەرو وەری دەگرن، وەك:

**موسڵمان + ان ⟵ موسڵمانان  ئێسقان + ەکە + ان ⟵ ئێسقانەکان**

**خاڵی (١٤)** ڕێگە سازکردنی وشەی ئاڵۆز بەهۆی چەند گیرەکێکی وشە داڕێژ سروشتی ئەم جۆرە گیرەکەیە کە پێ ی دەگوترێت (Multiple Affixation) وەك:

بە + خۆش + ی ⟵ بەخۆشی
گ. و  بنج  گ. و

نووس + ە ر + ێتی ⟵ نووسەرێتی[٢٥]
بنج  گ. و  گ. و

نا + بە + جێ[٢٦].
گ. و  گ. و  بنج

---

٢٥- بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەدوای یەکدا هاتوون لە یەکەمیان بۆ داڕشتنی وشەیەکی نوێ لە بنجێکەوە ، دووەمیشیان بە واتای پیشەیی ئەو شتە هەر لەبەر ئەمەشە کە دەگوترێ خاوەنی واتایەو (ئەرك و واتـا) لێـك جیا دەکرێنەوە.

٢٦- ئەم دیاردەیە بەگشتی لە زماندا بڵاو نییە ، چونکە زۆرجار وشەی ناڕێزمانی دروست دەکات وەك:
(بە بێ وەفا = بە + بێ + وەفا) ❊ .

گیرەکە ڕێزمانییەکانیش ئەم توانایەی سازکردنی وشەی ئالۆزیان نییە بەهۆی ئەوەی کە (هەرگیز ناشێت دوو ئەندامی پۆلێك بۆ هەمان ئەرك لە ڕۆنانێکدا بەشداربن، چونکە ئەم بارە لەگەڵ پەیڕەوی زماندا ناگونجیّ و یاریدەی ئاسان بوونیش نادات. (شێرکۆ ٢٠٠٢: ٣٦).

**ئازا + تر + ترین ⟵ ئازاترترین. * نا ڕێزمانییە**

نەبوونی ئەم حاڵەتە بۆ گیرەکی ڕێزمانی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جۆرەکانی بەسەر پۆلەکانی وشەدا دابەش کراوە بە شێوەیەکی دیاریکراو، بۆ نموونە هەروەك لە ڕوونکردنەوەی خاڵی (٩، ١٢) تایبەتمەندییان نیشان دراوە. ناشێت پاشگری ئاوەڵناوی بچێتەر سەر کار یاخود بە پێچەوانەوە.

## ٢. نووسەکەکان Clitics

زاراوەی (نووسەك) لە زمانی کوردیدا بەرامبەر هەریەك لە زاراوەی (**clitics**) ی زمانی ئینگلیزی و (واژە بستهای) زمانی فارسی دەوەستێت، کە جۆرێکە لە مۆرفیمی بەند و جیاوازە لە گیرەك (بەتایبەتی گیرەکی ڕێزمانی) و بنکەی بەند، هەرچەندە هەندێ جار جۆرە تێکەڵێەك دەنوێنێ کە ئەمەش بەپێی هەندێ لە مۆڕفەکانی مۆڕفیم و جۆری زمانەکانە لە نیشاندانیان (جیاکردنەوەی نوسەك لە گیرەك و پرتك و لە وشەی سەربەخۆ لە کوردیدا گرنگە چونکە زۆر لەو گیروگرفتانە چارەسەر دەکات کە دێنە ڕێگەی جیاکردنەوەی مۆڕفیمی وشەداڕێژ و ڕێزمانی (**محەمەد** مەعرووف و سەباح ڕەشید٢٠٠٦: ٣٢).
گرنگترین نوسەکەکانی زمانی کوردی ئەمانەن: (جێناوەلکاوەکان، مۆڕفیمەکانی نەفی کردن، نیشانەی ناسیاری / ەکە / و ئەلۆمۆڕفەکانی) هەروەها (لەزمانی فارسیدا جگە لەمانە (نەناسیاری و نیشانەی کۆ) ش بە نوسەك دانراون (بروانە ایران کلباسی ٢٠٠١: ٣٢). بەڵام ئێمە ئەوانە بە نووسەك دانانێین بەڵکو بە گیرەکی ڕێزمانی ناویان دەبەین چونکە لە سیفاتەکانی گیرەك نزیکترن نەك نووسەك (بروانە: پێشتر — گیرەکی ڕێزمانی و سیماکانی). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی نوسەکەکان، جیاوازی لە نێوان (نووسەك و گیرەك) دەخەینەڕوو لەپاشاندا تیشکی سەرنج و شیکردنەوەیان دەخەینەسەر.

## جیاوازی نێوان گیرەك و نووسەك

نوسەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا لە گیرەك جیا دەبێتەوە:

| نووسەك | گیرەك |
| --- | --- |
| ١ - پلەیەکی زۆر کەم لە هەڵبژاردن نیشان دەدات.<br>٢ - سیفاتێکی کەمتر لە بۆشاییەکی هەرەمەکی کە لە نێوان کۆمەڵێك لە پێکهاتەکان دا هەیە نیشان دەدات.<br>٣ - ناوێزەی مۆرفۆلۆجی تێدا نییە واتە ڕێك و پێکن لە دابەشبووندا[٢٧].<br>٤ - ناوێزەی واتایی سیفاتێکی کەمی نووسەکە.<br>٥ - کاریگەری یاساکانی ڕێزمانی لەسەر نییە.<br>٦ - بەو کەرەسانە دەنووسیٚ کەوا پێشتر نووسەکی تێدایە. | ١ - پلەیەکی بەرز لە هەڵبژاردن نیشان دەدات.<br>٢ - سیفاتێکی زیاتر نیشان دەدات.<br>٣ - ناوێزەی مۆرفۆلۆجی تێدایە واتە بە ئارەزوو لەخۆوە ڕەفتار دەکات.<br>٤ - ناوێزەی واتایی سیفاتێکی زیاتری گیرەکە.<br>٥ - کاریگەری یاساکانی ڕێزمانی لەسەرە.<br>٦ - ئەم حاڵەتە لە گیرەکدا ڕوونادات. |

**(بڕوانە Katamba 1993: 246).**

٢٧ سەبارەت بە ناوێزەی مۆرفۆلۆجی لە نووسەکدا ، تا ئێستا هیچ نموونەیەك لە زمانی کوردیدا بەرچاومان نەکەوتووە ، بۆیە هەر نموونەیەك بەرچاو بکەوێت ئەوا دەرگای توێژینەوە بۆ کاری تری ئەکادیمی والاّ دەبێت . هەروەها ئەم ناوێزەییە گەر هەبێت بۆ گیرەکی وشە داڕێژ ئەگەڕێتەوە ئەگینا گیرەکە ڕێزمانیەکان ڕێك و پێکن لە پیادە کردندا .

## شیکردنەوەی خاڵەکانی خشتەکە:

١. بەواتایەکی تر نووسەك توانای کەرەسە هەڵبژاردنی نییە بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن واتە بە هەموو کەرەسەیەکەوە دەلکێت (کار، ناو، ئاوەڵناو، ڕادە) بێت. بۆ نموونە:

ـ نامە کە م بەدەست گەیشت. ـ نەیان دەخوارد.

نووسەکن بەناو لکاون بە ئامرازی نەفی نووساوە.

ـ دەتان فرۆشت. ـ کوڕە ئازاکە مرد.

بە ئەسپێکت نووساوە بە ئاوەڵناو نووساوە

ـ کەمیان پێ فرۆشتن.

بەڕادە نووساوە بەکار نووساوە

گیرەك بە پێچەوانەوە شوێنی تایبەتی هەڵدەبژێرێت، (پاشگر و پێشگر) گیرەکن، بەلای هەندێ لە زمانەوانانی کورد جێگەیان تایبەتیەو دیارە.(بڕوانە محەمەد مەعرووف فەتاح، سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٣٢)

٢. نووسەك کەرەستەیەکی دیاریکراو لە ڕۆنانی وشەکاندا دیاری دەکات و تایبەتمەندی خۆی لە پێکهێنانی کەرەسە سینتاکسیەکان دەنوێنێت و هەندێ جار لە دوو شێوەی جیاوازدا دەبینرێت، شێوەیەکی بەندو شێوەیەکی سەربەخۆ بەلاَم هەردوو شێوەکە یەك ئەرك جێ بەجێ دەکەن، مەرجیش نییە ئەم دوو فۆڕمە لە دابەش بوون و هاتن لە ڕستەدا یەك شوێن بگرن و وەك یەك بن. (بڕوانە محەمەد مەعرووف و سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٣٣)

**ـ من ئەوان دەبینم (بکەر + بەرکار). ⟵ دەیان بینم.**

بەرکار بکەر

بە پێچەوانەوە، گیرەکان یەك شێوەیان هەیە، هەرچەندە فۆڕمەکە هەندێ جار لە شێوەی چەند ئەلۆمۆڕفێکدا دێن[٢٨] ، ئەمەش زیاتر لە بۆشاییەکی هەڕەمەکی دا کاردەکات لە نێوان

---

٢٨- ئەلۆمۆڕف: شێوە جیاجیاکانی مۆڕفیمە ، مۆڕفیم لە هۆشد ا دانەیەکی ڕووتە کە دەبێتە مۆڕف مۆڕفیم دەنوێنێ ، هەندێ جار مۆڕف چەند ئەلۆیەکی بۆ پەیدا دەبێت واتە چەند برایەکی تری دەبێت کە

کۆمەڵێك لە پێکهاتەکان چونکە مەرج نییە هەموو گیرەکێك ئەلۆمۆڕف دروست بکات بە واتایەکی تر گیرەك هەیە ئەلۆمەڕفی هەیە بەڵام گیرەکیش هەیە بێ ئەلۆمۆڕف بۆ نموونە: گیرەکی (گە) لە وشەی (ڕێژگە) دا ئەلۆمۆڕفی تری نییە. بەڵام گیرەکی (کۆ) ئەلۆمۆڕفی هەیە.

**مۆڕفیم (کۆ)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **مۆڕف** | **مۆڕف** | **مۆڕف** | **مۆڕف** | **مۆڕف** |
| **/ ان /** | **/ ات /** | **/ گەل /** | **/ هات /** | **/ جات /** |
| **کوڕەکان** | **باخات** | **کوڕگەل هات** | **میوەهات** | **میوەجات** |

**ئەلۆمۆڕفی مۆڕفیمی کۆن**

**٣.** نووسەکەکان هەموویان ڕێکەوتن نیشان دەدەن، یان هەموویان دەتوانن ببن بە بکەر یان بەرکار، بەڵام پاشگرە داڕشتنەکان بە پێچەوانەوە (ناوێزە دروست دەکات)، بۆ نموونە:

دەتوانین بڵێین: دارەوان بەڵام ناتوانین بڵێین: دارمەند. ✕

یاخود پاشگری (یار) وەك گیرەکێکی داڕشتن دەچێتە سەر هەریــەك لە:

(کڕی ، ئەندازە ، فرۆش)

کڕیار ئەندازیار فرۆشیار

مۆڕفە گشتیان لەژێر چەتری یەك مۆڕفیم دەبن لە مێشکدا . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەلۆمۆڕف و مۆڕف و جۆرەکانیان بڕوانە بەشی دووەم و سێیەم لە نامەکەدا.

بـەڵام ناچێتـە سەر (نووس) بەڵـكو پاشـگرێكی تری وەكو (ەر) ی دەچێتە سەر دەبێتە(نووسەر).

بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین گیرەكەكان پێشبینی ناكرێ كە كامیان هەڵبژێردرێ و ناوێزەی زۆری تێدا هەیەو هیچ دەستوورێك نییە لە دیاریكردنی پاشگری وەك: ستان، گەر، زار، یار... هتد. بۆ وشەكان. هەر ئەمەشە بۆشایی هەرەمەكی بۆ گیرەكەكان زیاد دەكات بەڵام نووسەكەكان بوونیان لە ڕستەیەكدا پێویستەو (واتا یان ئەركی) یان ناگۆڕدرێ. بۆ نموونە: لە ڕستەیەكی وەكو:

- **دارەكەمان چاند.**

نووسەكی ـ مان نە بە واتای كەسێكی تر جگە لە كەسی یەكەمی كۆ دێت و نە بنجەكەی دەتوانی خۆی لێ دەرباز بكات.

٤. ناوێزەیی واتایی لە گیرەكی وشەداڕێژو ڕێزمانی دا ڕوودەدات، بۆ نموونە: گیرەكی وشەداڕێژی (- وولە) بەزۆری بۆ بچووكردنەوەی ناو بەكاردەهێنرێت، وەك:

**داس + وولە داسوولە (بڕوانە لیژنەی زمان ٢٠٠٠: ١٢٣)**

**جاش + وولە = جاشوولە**

(كەچی لە (مێشوولە) و (دانوولە) دا ناوێزەییەكی لەڕووی واتاوە هێناوە چونكە نە (مێشوولە) بە واتای (مێشی بچووك) و نە (دانوولە) بەواتای (دانی بچووك) بەكاردێت، هەروەها گیرەكی ڕێزمانی (ان) كە بەزۆری بۆ (كۆ) بەكاردێ، لەگەڵ هەندێ ناودا ئەم واتایە لەدەست دەدات و واتای تر (كات) دەگەیەنێ وەك لە وشەكانی (جاران، ساڵان، ڕۆژان،... هتد). بە پێەوانەوە ئەم جۆرە ناوێزەییانە لە نووسەكدا نابینرێ، واتە (- م) هەر بەواتای (من یان هی من) دێ و هەرگیز واتای تر لەگەڵ خۆیدا ناهێنێتە ناو ڕستەو گرێیەو. (محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٣٤)

٥. وشەی گیرەكی دوای دروست بوونی بە هۆی یاساكانی سینتاكسی كاریگەری یاساكەی هەر لەسەر دەمێنێت، بۆ نموونە: پاش و پێشكردنی وشەكان لە ڕستەدا بە یاسای سینتاكسی دادەنرێت بە مەبەستی جەختكردن لەو وشەیەی دێتە سەرەتای ڕستەكە كە پێی دەگوترێت یاسای بەلوتكەكردن (Topecalazation)، وەك:

ـ ئاشەوان ێك دوێنێ بۆ هەولێر چوو. ⟵ ـ دوێنێ ئاشەوانێك بۆ هەولێر چوو.

بەڵام گرووپی نووسەكەكان واتە ئەو وشانەی بە هۆی نووسەكەكان دروست بوونە وەك بەشە ئاخاوتنی (كار) كە جێناوە لكاوەكانیان پێوە نووساوە دوای دروست بوونیان كاریگەری یاساسینتكسییەكانیان لەسەر

نامێنێت و تەواو دەبێت بەسەریان بە هۆی ئەوەی واتای ڕستەیەکی تەواو دەبەخشن و توانای جێگۆرکێیان نابێت، وەك: ـ دەڕۆم. نابێتە ـ دەم ڕۆ. * (واتای ڕستەکە پاش و پێشی ناڕێزمانی دەبێ)[29]

نووسەك دەتوانێ بەدوای نووسەکی ترو گیرەکی وشە داڕێژو ڕێزمانی بێت بە پێچەوانەوە گیرەك بەدوای نووسەك نایەت بەڵام بەپێی جۆری گیرەکەکان هاوبەشیەك نیشان دەدرێت لەگەڵ نووسەك بە واتایەکی تر گیرەکی ڕێزمانی هەمیشە دەبێت لەدوای گیرەکی داڕشتنەوە بێت هەروەها چەند نووسەکێك بەدوای یەکتری یاخود چەند گیرەکێکی وشە داڕێژ بەدوای یەکتردا دێن و لە یەك پێکهاتەدا کۆ دەبنەوە، هەروەك لەم نموونانەدا ڕووندەبێتەوە:

ـ ئەوانە کـــەســانــێــکــن باوەڕیان پێ ناکرێ. ـ جـــوتـیــارێـــکـم دی.

ان + ێك + ن      یار + ێك + م

گ. ڕ   گ. ڕ   نووسەك      گ. و   گ. ڕ   نووسەك

ـ ئـاسـنــگـەرێــتــی پیشەیەکی گرانە. ـ خانووە کـەیــانـمـان سووتاند.

گەر + ێتی (دوو گیرەکی وشەداڕێژ لەدوای یەك)      ەکە + یان + مان (سێ نوسەك لە دوای یەك)

بەمەش (ئەم تایبەتیە نووسەك لە گیرەکی وشەداڕێژ جیا ناکاتەوە، چونکە ئەمانەش وەك نووسەك دەبێ لەسەر یەك بنکە کۆ ببنەوە. (محەمەد مەعرووف و سەباح ڕەشید ٢٠٠٦: ٣٤) وەك:

هونەرمەند خواکردە.

هونەر + مەند (گ. وشەداڕێژ) + ێتی (گ. وشەداڕێژ)

---

٢٩- ڕوونکردنەوەی خاڵی (٥) بە چاوپێکەوتنی (د. محەمەد مەعرووف فەتاح) لەڕۆژی شەممە بەرواری (٢٠٠٨/٣/١٥) لە کۆلێژی زمان / بەشی ئینگلیزی ، گفتوگۆی لەسەر کراوە.

## ٣- ڕەگ Root

بچووکترین پارچەی وشەیە کاتیَ دەست دەکەویَت کە وشەی نسادە شی بکەینەوە. Root (ئەو مۆڕفیمەیە کە خۆی، بەسەربەخۆیی (واتا) دەبەخشیَ. وەك (شار، ژیر). (محەمەد ئەمین هورامانی ١٩٧٤: ١١١) واتە (ژررلَئەو بەشەی وشەیە کە ئەمیَنیَتەوە دوای لابردنی هەموو ئەفیَکسەکان[٣٠] . (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٢: ٨٧). بۆ نموونە:

مالَەکەیان ← مالَ ← ڕەگە

شاسوار ← سوار ← ڕەگە

[ کەرت ناکریَت ]

## جۆرەکانی ڕەگ: Free Root

### ١- ڕەگی بەڕەلاّ (سەربەخۆ یان ئازاد): بەتەنیا واتا دەبەخشیَت بیَ بوونی یاخود وەرگرتنی

گیرەك کە (ئەو مۆڕفیمەیە کە لەناو ناوو ئاوەلّناودا دەردەکەویَت. (مەحموود محەمەد ٢٠٠٥: ١١٨) وەك:

مل لە ملوانکە

زەرد لە زەردیَنە

کرم لە کرمەك

ئەم جۆرە ڕەگەش دوو جۆرە:

### ١. وشەی فەرهەنگی (Lexical Morpheme)

بریتییە لەو وشانەی کە لە شویَنی خۆیان واتایان هەیە هەموو بەشەکانی ئاخاوتن دەگریَتەوە وەکو (ناو، ئاوەلّناو، ئاوەلّکردار، کار، ژمارە) کە لە فەرهەنگدا بەرچاو دەکەون واتە لە زمنی وشەی فەرهەنگین وەك: (کانیاو، ئازا، دویَنیَ، چوار... هتد).

---

٣٠- (پیَشگرو ناوگرو پاشگر) دەگریَتەوە .

## ٢. وشەی ئەرکی (Functional Morpheme)

ئەم جۆرەیان تەنیا ئەرکیان هەیە بەڵام واتایان نییە کە بریتین لە ئامرازەکانی (بەندو بەستن، پرس، جێناوی نیشانە (لە، بۆ، ئەو... ە، ئەم... ە،...)[31] (بڕوانە Katamba 1993: 20).

## ٢. رەگی بەند (Boun Root)

واتایەکی تەواویان نییە، بۆ جیاکردنەوەیان پشت (اعتماد) لەسەر دووبارە بوونەوە دەکەن، گەردان کردنیان لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە وەك یەکە، ئەمە هۆکاری دۆزینەوەیانە. (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩: مۆرفۆلۆجی) واتە (ئەو مۆڕفیمەیە کە لەگەڵ مۆڕفیمەکی دی لە وشەدا بەکاردێت. (علی بهرامی ٢٠٠٤: ٧١).

نموونە: پەنجە ← پەنج + ە
↑
ڕەگی بەند

گەندە ← گەن + ە
↑
ڕەگی بەند

٣١ - تایبەتمەندی وشەی ئەرکی :

١. سیستەمێکی داخراو دروست دەکەن .

٢. ژمارەی ئەندامەکانیان سنووردارەو ئەندامی نوێ بەئاسانی وەرناگرن .

٣. ئەندامەکان یەکتری پێناسە دەکەن واتای یەکتری دیاری دەکەن (بە ، لە ، بۆ ، ...) ، وشەی فەرهەنگی پێچەوانەی وشەی ئەرکییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Katamba 1993 : 41)

## هۆكاری دۆزینەوەی (ڕەگی بەند):

١. ڕەفتاری فۆنۆلۆجی (ڕەفتاری نامۆیە — ناوێزەیە و هەر لەو شوێنەدایە)[٣٢].

٢. دووبارە بوونەوەی لە شوێنی دیكەدا.

بەشێوەیەكی گشتی ڕەگی بەند هەموو گیرەكە بەندەكان (وشە داڕێژو ڕێزمانی) دەگرێتەوە واتە (گیرەكە بەندەكان ڕەگی بەندن)

**ڕەگی بەند = گیرەكی وشە داڕێژو گیرەكی ڕێزمانی**

سەبارەت بە ڕەگ (ڕەگی لێكدراو)[٣٣] یش جۆرێكە لە جۆرەكانی ئەم جۆرە ڕەگەش بریتییە لەو ڕەگەی كە دوای لابردنی هەر مۆڕفیمێكی لەپاش دێت ئەوەی كە مایەوە بەتەنها لەیەك وشە پێك نەیێت بەڵكو لە دوو وشە پێك بێت بەڵام نەتوانین لێكیان جیا بكەینەوە. نموونە وەك:

سوارچاكی ⟵ سوارچاك + ی

ڕەگی لێكدراو


---

٣٢ -ڕەفتاری شازی فۆنۆلۆجی: مۆرفیمێكی بەتاڵە و بنكەی بەند فراوان دەكات ، بۆیە (فراوانكار) ی پێ دەگوترێت و لە زمانی عەرەبیدا بە (شزوزی فۆنۆلۆجی — شژوژ الصوت) ناودەبرێت ، كە لە ژینگە و شوێنی تر ئەركی سینتاكسی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام لێرەدا وەك فراوانكار ئەم ئەركەی نییە یاخود لە دەستی داوە .

٣٣ -(ڕەگی لێكدراو) زادەی هەڵقولاوی بیری توێژەرە .

## ٤. قەد Stem

وەك مۆرفیمێك لەوانەیە سادەبێت یان لێكدراوبێت تەنیا گیرەكە ڕێزمانییەكانی لێبكرێتەوە، واتە قەد دوای لابردنی گیرەكی ڕێزمانی بەدەست دێت و تایبەتە بە پێوەلكانی ئەو جۆرە گیرەكە. (Katamba 1993: 45) بەمەش (قەد ئەو مۆرفیمەیە كە توانای وەرگرتنی یاخود پێوەلكانی گیرەكی ڕێزمانی هەیە (Trask 1993:259). وەك:




٣٤ لێرەدا قەد و ڕەگ تێكەڵ بە یەك بوونە ، هەرچەندە (گر) ڕەگە بەهۆی ئەوەی ناتوانرێت لەوە زیاتر بچووك بكرێتەوە بەڵام قەدیشە بەهۆی پێوەلكانی هەردوو گیرەكی ڕێزمانی (دە – ، – م)

## شیکردنەوەی قەد لە کۆن و نوێدا

### قەد لە کۆندا:

زمانەوانە کۆنەکان بۆچوونیان وایە کە دەبێ دوو بنەمای کار بۆ ڕابردوو ڕانەبردوو جیا بکرێتەوە، سەبارەت بە بنەمای کاری ڕابردوو (قەد) دەست نیشان دەکەن، ئەویش بەهۆی لادانی (ن) ی چاووگ لە چاووگەکاندا دروست دەکرێن، واتە چاوگی بە بناغە داناوەو قەدی لێ وەردەگیرێ. (بڕوانە وریا عومەر ئەمین ۱۹۹۲: ۸۸). بۆ نموونە:

لە هەموو جۆرە کارەکاندا (داڕێژراو بێت یان لێکدراو) بەم شێوەی خوارەوە بنەمای کار کە قەدە دروست دەکرێت: ڕاکردن ← ڕاکرد (قەد)

سەرکەوتن ← سەرکەوت (قەد)

بە لابردنی (**ن**)ی ئەو چاوگانە ئەوەی کە دەمێنێتەوە:

١. بنەمای کارە.

٢. قەدە.

٣. کاری ڕابردووە.

٤. کەواتە (ڕاکرد، سەرکەوت) سێ ئەرکی هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە کەوا ئەو قەدانە دەبنەمای کاری ڕابردوو.

هەر بەپێ ی بۆچوونی زمانەوانە کۆنەکان (ڕێزمانی کلاسیکی) لە دەست نیشانکردنی بنەمای کاری ڕانەبردوودا بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:

## نیشانەی بەردەوامی (دە) + ڕەگی کار + جێناو

بۆ نموونە: دەتنێرم.

دوای لابردنی نیشانەی ڕانەبردوو (دە) لەگەڵ جێناوەکە ئەوەی کە دەمێنێتەوە (ڕەگی کارەو بنەمای کاری ڕانەبردووە) واتە لێرەدا پشت بە سەلیقەی قسەکەر بەستراوە. (بڕوانە وریا عومەر ئەمین ١٩٨٦: ٢٥٩)[٣٥]

## قەد لە نوێدا:

زمانەوانە نوێیەکان باوەڕیان وایە کە هەر ڕەگ دەبێتە بنەمای کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو، چونکە بە بۆچوونی ئەمانە (قەد) سادە نییە(ئەوەی ئاگاداری دواپەرەسەندنەکانی قوتابخانەی چۆمسکی بێ ئەزانێ کە بە پێی ئەم پێڕەوە سادەترین کار ئەبێ بەلای کەمی لە سێ مۆرفیم پێك هاتبێ نەك (یەك) و(دوو)،(١- م.ڕەگ،٢- م.کات،٣- م.جۆری کات).(وریا عومەر ١٩٩٧: ٢٤) بۆیە(لە ڕێزمانی کوردیدا دوو ڕەگی جیاواز بۆ کار دەسنیشان کراون ئەوانەن کە پێیان دەوترێ ڕەگی داهاتووPresent Stem و ڕەگی ڕابردوو Past Stem.

هەموو کاتە ڕێزمانییەکان بەم دوو ڕەگە دادەڕێژرێن[٣٦].(وریاعومەر ئەمین ١٩٨٦: ٢٥٩) واتە (قەد یەکسانە بە بنەمای چاووگ کە دوای لابردنی (ن) ی چاووگ بەدەست دێت، ئینجا

---

٣٥- وریا عومەر ئەمین (ڕەگ) ی لەبری (Stem) ی زمانی ئینگلیزی بەکار هێناوە کە دەبوایە (قەد) بێت نەك (ڕەگ) چونکە زاراوەی (ڕەگ) لە کوردی بەرامبەر (Root) دانراوە . ئەمەش مەرج نییە بە هەڵەی نووسەر بێت ئەشێت بەو واتایە بێت کە (قەد) لە کوردیدا نەماوە یاخود سادە نییە . بۆ ڕاستی ئەم باسە بڕوانە (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٦ : ٢٥٩) .

٣٦- بۆ زانیاری زیاتر لەربارەی کاتەکانی زمانی کوردی و یاساکانی داڕشتنیان سەیری ئەم سەرچاوانە بکە :

١. وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجی داڕشتنی فەرمان . گ . رۆشنبیری نوێ ، ژ ١٠٩ ل (٢٥٨ ـ ٢٦٤) .

٢. وریا عومەر ئەمین (١٩٩٢) نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا . گ . کاروان ـ ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان هەولێر ، ژ(٩٢) ل (٨٨ ـ ٩٢) .

بناغەی چاووگ دەبێتە بنکە بۆ دروست کردنی ڕەگی کاری ڕابردوو دوای لابردنی پیتەکەی پێش (ن) ی چاووگ کە دەشێ یەکێك لەمانە بێت (ت، د، و، ی، ا) بەم شێوەیە: (بڕوانە د. نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی ١٩٨٢: ٩٧ ـ ١٠١)

چاووگ = بناغەی چاووگ + (ن) چاووگ

بناغەی چاووگ = قەد = ڕەگی کار + م. کات

نموونە:

شووشتن = شووشت + ن.

شووشت = شووش + ت

↓ ↓ ↓

ڕەگی کاری ڕابردوو م. کات (ڕێزمانی)

بەڵام سەبارەت بە ڕەگی ڕانەبردوو (داهاتوو) کە دەبێتە بنەمای کاری ڕانەبردوو بەهەمان شێوەی بۆچوونی ڕێزمانە کۆنەکان دروست دەکرێت. بەڵام (دەشێت ڕەگی داهاتوو لە ڕەگی ڕابردوو بەچەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجی دەست نیشان بکرێت بەشێوەی جیا جیا بەپێی دەنگەکانی (ت، د، و، ا، ی). (بڕوانە سەرچاوەی (١، ٢، ٣) لە پەراوێز ی ئەم لاپەرەیە).

ناردن ←——————— نار (ڕەگە) دوای لابردنی (د، ن)

## بۆچی قەد سادە نییە ؟

قەد سادە نییە ئەمەش دەمێکە یەکلایی بۆتەوە چونکە (قەد) ێك پێکهاتووە لە:

(ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (د، ت، ا، ی، و)) (بروانە سەباح رەشید **٢٠٠٠:٥٤)** واتە (ئەو مۆرفیمە لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمی تر دروست دەبێت. (بڕوانە سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب **٢٠٠٦: ٢٣)** نموونە:

---

**٣.** وریا عومەر ئەمین (١٩٨٤) کات و ڕەگی فرمان . گ . ڕۆژی کوردستان ـ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد ـ بەغدا ، ژ (٦٥) ل (٧٨ ـ ٨٢)

کوڕ (م. ر) + ان (م. ڕیٚ) ← کوڕان (قەد)

مردن ← مرد ← مر + د

مرد ↓ قەد

مر ↓ ڕەگ

د ↓ م. کاتی ڕابردوو

بە شیٚوەیەکی گشتی دەتوانین بلٚیین قەد لە کاردا سادە نییە چونکە (کاری سادە لە کوردیدا نییە.( محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٨٩:) (بە پیٚی پیٚڕەوە تازەکانی زمانەوانی و مەنتیقی پەیوەندی نیٚوان کەرەستەکانی زمان، کاری سادە نەك هەر لە کوردیدا، بەلٚکو لە هیچ زمانیٚکا نابیٚ هەبیٚ. (وریا عومەر ئەمین ١٩٩٧: ٢٢) بەلاٚم (لەوانەیە سادە بیٚت لە ناو یان ئاوەلٚناودا. (بروانە ٤٥: Katamba1993) ئەمەش بە هۆی پیٚوەلکانی گبرەکی ڕیٚزمانی یاخود نووسەکەوە کە دیارە قەدە لە بەرامبەر بنج دا، چونکە ئیٚستا چەمکی (قەد) گۆڕاوە و تەنیا لە کاردا نییە بەلٚکو لە پۆلەکانی تری ئاخاوتنیشدا دەبینریٚت، بۆنموونە: کورەکە: بەهۆی ئەوەی ((کوڕ)) مۆرفیمیٚکی ڕیٚزمانی لیٚ کراوەتەوە بە (کوڕ) دەوتریٚ قەد.

### ٥. بنج Base

بنجیش وەك مۆڕفیمیٚك دوای لادانی هەموو مۆڕفیمەکان (مۆڕفیمی وشە دارِیٚژو و مۆڕفیمی ڕیٚزمانی) ئەوەی کە دەمیٚنیٚتەوە بنجە. بۆیە (بنج دەبیٚت مۆڕفیمە ڕیٚزمانییەکان یان دارِشتنەکانی لیٚ بکریٚتەوە. (٤٥: Katamba 1993)

بۆ نموونە:

نەمر ← نە ← مر

نە ↓ گ. ڕیٚزمانی

مر ↓ بنج


(مر) بنجە دوای لیٚکردنەوەی مۆڕفیمی ڕیٚزمانی (نە).

**گەڕیدەیی**

**بنجە**

بەشێوەیەکی گشتی (بنج ئەو یاسایەیە یان ئەو شتەیە کە دوای لابردنی هەموو شتەکانی تر (مۆرفیمی ڕێزمانی و وشە دارێژ) دەمێنێتەوە. (**محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩: کۆرسی باڵا**) بەمەش (بنج مۆرفیمێکی بەندەو بچووکترین یەکەی کارییە و دابەش نابێت بۆ یەکەی بچووکتر، بەتەنها واتای خۆیان نییەو هەموو دەمێك ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مۆرفیمی بەند (سینتاکس و مۆرفۆلۆژی). (بڕوانە **سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب ٢٠٠٦: ٢٣**)

نموونە:




## تێکەڵ بوونی بنج و ڕەگ و قەد (بنج و ڕەگ، بنج و قەد)

لەپێشتردا باسی هەریەك لە زاراوەی (بنج و ڕەگ و قەد) کرا. هەریەکەیان تا ڕادەیەك خاسیەت و تایبەتمەندی و خۆی هەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵیەکیان تێدا بەدی دەکرا لەوەی هەرسێ زاراوەکە سنووری نێوانیان زۆر ئاشکرا نییە. لە زمانی ئینگلیزی سنوورو چوارچێوەی هەرسێ زاراوەکە ئاشکرایە کە (Base و Root و Stem) ی یەك لەدوای یەکی بۆ دانراوە بەڵام لە زمانی کوردی دووچاری تێکەڵ بوون دەبن بەوەی زۆرجا (**بنج**) دەبێتە (ڕەگ) یش یاخود دەبێتە (قەد) واتە زۆر وشە هەیە لەیەك کاتدا (بنج و ڕەگ) ە یاخود (بنج و قەد) ە. بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەیەك نیشان دەدرێت بەپێ ی نموونەکانی زاراوەکان دەست نیشان دەکرێن و تیشکی سەرنجیان سەبارەت بە تێکەڵ بوون دەخرێتەسەر.

١. سوارچاكی ← سوارچاك + ی

سوارچاك ↓ ڕەگی لێكدراو (ڕەگ و بنجە)

ی ↓ گ. وشەداڕێژ

٢. زێڕین ← زێڕ + ین

زێڕ ↓ ڕەگ (بنج)

ین ↓ گ. وشەداڕێژ

٣. دڵ نەرمی ← دڵ + نەرم + ی

دڵ ↓ ڕەگ (بنج)

نەرم ↓ ڕەگ (بنج)

ی ↓ گ. وشە داڕێژ

٤. ئاسنگەر ← ئاسن + گەر

ئاسن ↓ ڕەگ (بنج)

گەر ↓ گ. وشە داڕێژ

لە وشەكانی (١، ٢، ٣، ٤) دەردەكەوێت كە تێكەڵ بوونی (بنج و ڕەگ) یان تێدا بەدی دەكرێت ئەم تێكەڵیە بۆ سێ هۆكاری سەرەكی دەگەڕێتەوە:

١. بوونی گیرەكی وشە داڕێژ لەكۆتایی وشەكان. هەروەكو لە پێناسەكانیان لەپێشدا ئاماژەی بۆ كراوە. (دەتوانین بڵێین هەموو ڕەگێك بنجە لەو كاتەی كە گیرەكی وشەداڕێژ وەربگرێت. (بڕوانە Katamba1993:٤٥)

٢.     هیچ وشەیەك لەمانە بچووكتر نابێتەوە بۆ پارچەی بچووكتر. ئەمەش ڕاستەوخۆ هەڵگری چەمكی دوو زاراوەكەیە لەخودی خۆی[٣٧].

٣.     بوونی ڕەگی ئازاد، كە زۆربەی ڕەگەكان دەتوانرێت بە تەنیا وەك وشەیەكی واتادار بەكاربێت. (بروانە Katamba1993:٤١)

٥. شاسوارەكە ← شا سوار + ەكە
قەد (بنج) ، گ. ڕێزمانی

٦ . نانەكە ← نان + ەكە
قەد (بنج) ، گ. ڕێزمانی

٧ . گەڵاكان ← گەڵا + ەكە + ان
قەد (بنج) ، نوسەك و گ. ڕێزمانی

٨ . باغەكە ← باغ + ەكە
قەد (بنج) ، نوسەك

لە وشەكان (٥، ٦، ٧، ٨) دەردەكەوێت كە تێكەڵ بوونی (بنج و قەد) یان تێدا بەدی دەكرێت ئەم تێكەڵیە بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە:

---

٣٧- ڕەگ ـ Root : بچووكترین پارچەی وشەیە . بنج - Base : ئەو بەشەیە كە دوای لابردنی هەموو گیرەكەكان دەمێنێتەوە .

١.    بوونی گیرەکی ڕێزمانی یان نووسەك کە تایبەتە بە (قەد) لە لایەك و (قەدو بنج) یش لە لایەکی ترەوە. واتە (بنج پێی دەوترێت قەد تەنها لە حاڵەتێك کە گیرەکی ڕێزمانی وەربگرێت.(Katamba1993:45)


٢.    سادەیی لە (قەد) و (بنج) دا واتە دەشێت (قەد) سادەبێت لە ناودا، (بنج) یش بنکەی وشەکەیە کە بە تەنها ماوەتەوە و قابیل نییە بۆ تێکدانی لەمە زیاتر.

بەم شێوەیە زۆرجار (بنج و ڕەگ) یان (بنج و قەد) یەك دەگرنەوە یاخود (ڕەگ و قەد) تێکەڵ یەك دەبن هەردووکیان دەبنە (بنج) ی وشەکە.

**ڕەگ + گیرەکی وشە داڕێژ = بنج + گیرەکی وشە داڕێژ.**

**قەد + گیرەکی ڕێزمانی = بنج + گیرەکی ڕێزمانی.**

بەواتایەکی تر هەر (قەد) و (ڕەگ) ەکان دەبنە بنکەی وەرگرتنی گیرەکەکان (وشە داڕێژو ڕێزمانی) و نووسەکەکان[٣٨] وەك:




کەواتە زۆرجار ڕەگ و بنج تێکەڵ دەبن، یان قەد و بنج تێکەڵ دەبن بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا.

---

٣٨- بۆ ئەم بابەتە بە دەستکاریەوە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە سەرەڕای بیری توێژەر :

1- Katamba 1993 : 45

٢. د . محەمەد مەعرووف فەتاح ، لێدوانی کۆرسی خوێندنی باڵا ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٩٩ .

٣ . چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی ، د . محەمەد مەعرووف فەتاح ، م . سەباح رەشید قادر ، ٢٠٠٦ ، ل ٥٨ ـ ٦٠ .

## هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست:

١. بەپێی ئەم توێژینەوەیە هەریەك لە (ڕەگ، Root)، قەد (Stem)، بنج (Base) بە مۆرفیم دانراون لەپاڵ (گیرەك -Affix و نووسەك ـ Clitic) چونکە مۆرفیم بنەمای دارشتنی وشەیە با مۆرفیمێك بێت یان چەند مۆرفیمێك، دیارە هەریەکە لە (ڕەگ و قەدو بنج) بێ بەش نین لە دارشتنی وشە (rootsـ ڕەگەکان، affixes ـ گیرەکەکان، stems ـ قەدەکان، base ـ بنجەکان) وەك جۆرەکانی مۆرفیم بنەماکانی بنیاتکردنی وشەن و بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێن بۆ پێکهێنانی (دارشتنی) وشە (Katamba 1993:41)

٢. دارشتنی وشە وەك سەرەبابەتێك باس نەکراوە لەبەر ئەو هۆیەی کە لە خاڵی (١) دا باس کرا، بەمەش بنەماکانی دارشتنی وشە بووە لوتکەی باسکردن وەك بەشی یەکەمی نامەکە، کە توانای دروست کردنی یا نیشاندانی پەیوەندی لەنێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی بە دوو ئاستەکەی تر هەیە، بە واتایەکی تر سەرچاوەی پەیوەندییەکان دەنوێنن.

٣. مۆرفیمی (ێك) وەك گیرەکی ڕێزمانی سەیر کراوە، بەوەی ئەرکی سینتاکسی نیشان دەدات کە (نەناسیاوی) یە و توانای پێوەنووسانی هەموو بەشەئاخاوتنێکی نییە، بەڵام (ەکە) بە پێچەوانەوە وەك نووسەك سەیرکراوە، بەوەی توانای پێوەنووسانی گشت بەشە ئاخاوتنەکانی هەیە سەرەڕای نیشاندانی ئەرکی سینتاکسی (ناسیاوی) ، واتە نووسەکە بەپێی ئەو پێناسەیەی بۆ نووسەك کراوە کە توانای پێوەنووسانی زۆر لە وشەکاندا هەیە (شێوەیەکە بە وشە دەچێت بەڵام بەتەنها بەکارنایەت وەکو ڕستەیەکی ئاسایی چونکە لەڕووی پێکهاتنەوە پشت دەبەستێت بە وشەی نزیکی و پێوەی دەنووسێت.(بڕوانە Crystal 1992: ٦١)

٤. پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە گیرەکی وشەدارێژ لە بنج دا ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەگدا هەیە بۆیە لێی دوور ناکەوێتەوە، گیرەکی ڕێزمانیش بە پێچەوانەوە لە ڕەگ دوور دەکەوێتەوە، ئەم بۆچوونە لە زۆر لە کارەکانی پێشتر[٣٩] ڕەنگی داوەتەوەو وەك سەرچاوەیەکیش پشتی پێ بەستراوە بەپێ ی ئەم یاسایە:

---

٣٩- لە کوردیدا لەم کارانە باسی کراوە:

نامەی ماستەری (سەباح رەشید) ، ٢٠٠٠ .

نامەی ماستەری (شێرکۆ حەمە ئەمین) ، ٢٠٠٢ .

(وشە (بنج) + گیرەکی وشەداڕێژ + گیرەکی ڕێزمانی) (Scalise 1986: 103)

بەڵام لێرەدا تیشکی سەرنجی دەخرێتەسەر کە:

أ- ئەمە بەسەر پاشگردا دەسەپێ بەڵام بە پێچەوانەوە لەگەڵ پێشگرەکاندا ناگونجێ، سەیری ئەم دوو نموونەیە بکەن:

١. گۆڕستانەکە ⟵ گۆڕ + ستان + ەکە

گۆڕ: بنج، ستان: وشەداڕێژ، ەکە: ڕێزمانی

٢. هەڵم دەگرتن ⟵ هەڵ + م + دە + گر + ت + ن

هەڵ: وشەداڕێژ، م: نووسەك، دە: ڕێزمانی، گر: ڕەگ، ت: کات، ن: نووسەك

نموونەی (١) ڕاستی بۆچوونەکە دەسەلمێنێ بەڵام نموونەی (٢) ڕاستیەکە پێچەوانە دەکاتەوە.

ب- دەتوانین گۆڕانکاریەکی بچووك بەسەر یاساکەدا بێنین تاکو لەگەڵ پێشگرەکانیشدا بگونجێت و خۆمان لەو گێژاوە ڕزگار بکەین بەوەی کە بڵێین:

---

نامەی ماستەری (ڕۆژان نوری) ، ٢٠٠٦ .


کتێبی چەند لایەنێکی مۆڕفۆلۆژی کوردی (محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید) ، ٢٠٠٦

## هەردەم گیرەکی وشەداڕێژ دەکەوێتە لای ڕاستی گیرەکی ڕێزمانی

ج. ئەم یاسایە لەبری یاساکەی پێشوو لە زمانی کوردیدا جێبەجێ بکرێ و پشتی پێ ببەسترێت:

**گیرەکی وشەداڕێژ + گیرەکی ڕێزمانی + <u>بنج (ڕەگ، قەد)</u> + گیرەکی وشەداڕێژ + گیرەکی ڕێزمانی**

ڕاست



چەپ

ئەم یاسایە ئەوە نیشان دەدات کە لە زمانی کوردیدا هەردوو جۆری گیرەك ئاشنایەتیان لەگەڵ بنج دا هەیە بەڵام (گیرەکی وشەداڕێژ) لە پاشگرەکانداو (گیرەکی ڕێزمانی) ش لە پێشگرەکاندا بە واتایەکی تر هەردوو جۆری گیرەکە کە بوونە پاشگری بنج ئەوا گیرەکی وشەداڕێژ ئاشنایەتی دەبێت و دوور ناکەوێتەوە. بە پێچەوانەوە گەر گیرەکەکان بوونە پێشگری بنج ئەوا گیرەکی ڕێزمانی دوور ناکەوێتەوە، بەپێی دوو نموونەکەی پێشترلە (أ) دا.

# بەشی دووەم

## پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی  فۆنۆلۆجی

## (مۆرفۆفۆنیم)

## ١. سەرەتا:

ئەوەی کە پێویستە لەچوارچێوەی جیاکردنەوەی ئاستەکاندا بووترێ ئەوەیە، کە ئاستەکانی زمان تێکچڕژاوو بەیەکداچوون و بەئاسانی لێك جیاناکرێنەوە، ئەو هەوڵەی کە بۆ جیاکردنەوەو لێك ترازاندنیان دەکرێت بە مەبەستی ڕێخۆشکردن و ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەکانە، ئەگینا هەر ئاستێك یان چاکتر وایە بڵێین کەرەسەی هەر ئاستێك بخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە لەو چرکەیەدا هەموو ئاستەکانی تر ئامادەی لێکۆڵینەوەکان دەبن بەلاَم بۆ ئەوەی بگەین بە پێناسەو ناسینەوەی هەر ئاستێك پێویستیمان بەوە هەیە کە ئاستەکان لێك دابڕین چونکە زمان بەگشتی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ناکرێت چونکە هەر ئاستەو کۆمەڵێك یاساو کۆتبەندێك دەخاتەڕوو لە پەیڕەوکردنی یاساو دەستوورەکانی خۆییدا، ئێمە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی سەرەوە ئەو ئاستانە سەرەتا بە لێکترازاوی لێیان دەکۆڵینەوە دواتر پەیوەندییەکانی نێوانیان کە لەڕێگەی چ کەرەسەو کەناڵێکەوە دروست دەبن دەیانخەینەڕوو.

## ٢. یەکەکانی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی


هەریەك لە یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی فۆنۆلۆجی بناغەی دروست کردنی پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی پێکدەهێنن. هەروەها سەرچاوەو پێکهاتەی ئەو گۆڕانە سەرەکییانەن کە لەنێوان دوو ئاستەکەدا ڕوودەدەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕۆنان و چەمکی زاراوەکان، و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشێوەیەك لە شێوەکان یاخود بەپێی ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامەی کە لەسەری بابەتەکان دا دەستەبەر کراوە، بەمەش لایەنی تیۆری و پراکتیکی وەك تێکەڵ کردنێك لە وردەکاری زاراوەکان ڕێگا خۆشکەرە بۆ نیشاندانی گۆڕان لە دۆخ و جۆری پەیوەندییەکان.

## ٢ . ١. مۆرف و مۆرفیم . ئەلۆمۆرف

لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی پێ کرا کە (مۆرفیم) وەکو یەکەیەکی زمانەوانی لەئاستی مۆرفۆلۆجی دا دانەیەکی ئەبستراکتە، لە مێشك دایەو ڕێزمانییە، بەڵام مۆرف یەکەیەکی کۆنکریتەو هەستی پێ دەکرێت کە دەکرێت بە دەنگ (فۆن).

مۆرف و مۆرفیم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهێز لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت بەجۆرێك هیچیان بێ ئەوی تریان نابێت، بەمەش دەتوانین بڵێین پەیوەندییان تەواوکەری یەکترییە.

بۆ نموونە: مۆرفیمی ناسیاوی (ەکە) چەند مۆرفێکی هەیە، وەك لەم وێنەیەدا:




بوونی ئەم (مۆرف) انە وەك تاکە (مۆرفیم) ێك دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی فۆنۆلۆجی وەك هۆکارێك بۆ شێوەی جیاواز، شێوەکان لە زانستی زماندا بە (ئەلۆمۆرف) ناونراون، واتە شێوەکان (مۆرف) ەکان دەبنە برای یەکتری یاخود (ئەلۆ) ی یەکتری (ئەلۆمۆرفەکان شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆرفیمن. دەرکەوتنی لە(بیئە)ی جیاوازدا ئەو شێوە جیاوازانەی پێ دەبەخشێ. هەریەکە لەم شێوە جیاوازانە (مۆرف) ێکە (وریا عومەر ئەمین **١٩٨٩: ١٦٦**).

سەیری ئەم نموونانە بەکە:

دارەکە = دار + **ەکە** مامۆستایەکە = مامۆستا + **یەکە** کوڕەکان = کوڕ + **ەك** + ان

پەردەکە = پەردە + **کە** خانۆکە = خانوو + **ەکە** (مۆرفەکە = **ۆکە**)[٤٠]

---

٤٠ ( وو + ە = ۆ ، ی + ە = یێ یاسایەکی فۆنۆلۆجین، بۆ زانیاری زیاتر بروانە (ل : ٦٦) .

پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفیم کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەلۆمۆرفەکان بەپێی ژینگەی جیاجیای فۆنۆلۆجی (دەنگسازی)، دەبێتە هۆی دروست بوونی پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجی کە (مۆرفیم) لە ئاستی مۆرفۆلۆجی، (مۆرف و ئەلۆمۆرف) لەئاستی فۆنۆلۆجی دروست دەکات یاخود لێی پەیدا دەبێت بەشێوەیەکی تر مۆرفیم وەك دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر فۆنیمەکانی دێت بۆ پێکهێنانی (مۆرف و ئەلۆمۆرف) ئەمش جۆرە پەیوەندییەك نیشان دەدات لەنێوان (مۆرف و مۆرفیم — ئەلۆمۆرف) جگە لە تێکەڵ بوونی فۆنیم وەکو دانەیەکی فۆنۆلۆجی بۆ ناو ئەم پەیوەندییانە، بەمەش ئاستی مۆرفۆلۆجی ناتوانێت لە ئاستی فۆنۆلۆجی جیابێت بەڵکو جۆرە پەیوەندییەك نیشان دەدەن کە وەکو کەناڵێك زاراوەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

### ٢.١.١. پەیوەندی مۆرف و مۆرفیم و بەرامبەریان:

پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفیم بۆ دروست کردنی ئەلۆمۆرفەکان لەژێر دەسەڵاتی یاسا فۆنۆلۆجیەکانی[٤١] زماندایە. ئەمەش پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە ژمارەی مۆرف و مۆرفیمەکان جیاوازی و نایەکسانی دەنوێنن کە زۆرجار مۆرفەکان زیاتر دەبن، بەپێچەوانەشەوە جاری واش هەیە چەند مۆرفیمێ یەك مۆرفیان دەبێت.

(ناسینەوەو شیکردنەوەی مۆرفیم هەمیشە بە هەڵاوێرکردنی مۆرف دەست پێ دەکات. مۆرف مۆرفیمێکی فیزیکی یە، واتە خاوەن قەبارەیەکە مۆرفیم دەنوێنێ (مۆرفیم هەرچی بێت قەبارەدار نییە). مۆرف خۆی دەنگە یان کۆمەڵە دەنگێکی (فۆنیم) جیاوازە کە لە ژینگەی تردا دووپات دەبێتەوە (**محەمەد** مەعرووف، سەباح، ڕەشید ٢٠٠٦: ١٥).

---

٤١ یاسا فۆنۆلۆجیەکان : ئەو یاسایانەن کە چەندین جۆری جیاجیا نیشان دەدەن لەئەنجامی گۆڕانی فۆنیمەکانی زمان لەناو پێکهاتەی مۆرفیمەکان کە بەهۆی لێکدان و جووت بوونیان دێتە ئاراوە بەمەبەستی نیشاندانی پەیوەندی . (بڕوانە دواتر بە چڕوپڕی ل : ٦٠) .

**پەیوەنییەکان لەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو:** (**بڕوانە:** Katamba 1993: 23)

١. هەندێ جار یەك مۆرفیم بەهۆی یەك مۆرفەوە پێشان دەدرێت واتە پەوەندی یەك بەیەکە. لێرەدا ئەلۆمۆرف دروست نابێت، چونکە تاکە مۆرفێك نوێنەرایەتی تاکە مۆرفیمێك دەکات. وەك:

**تەختە (مۆرفیم)** ———————— Takhta / **مۆرف** / **(یەك بەرامبەر یەك)**

**یەك مۆرف بەرامبەر چەند مۆرفیمێك. وەك / لەمۆرفیمە هاو دەنگەکاندا:**

خۆر (مۆرفیم)
ڕۆژ — ڕۆژەکانی هەفتە (مۆرفیم)

**٣. یەك مۆرفیم بەرامبەرچەند مۆرفێك، وەك:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مۆرفیمی کۆ | ان - an | [مۆرف] | / کۆمەڵەی یەك | | ئەلۆمۆرف |
| | یان - yan | [مۆرف] | / کۆمەڵەی دوو | | |
| | ات - at | [مۆرف] | | | |
| | جات - jat | [مۆرف] | کۆمەڵەی سێ | | |
| | هات - hat | [مۆرف] | | | |

سەبارەت بە خاڵی (٣) لە نموونەکاندا دەردەکەوێت کە چەند مۆرفێك نوێنەرایەتی یەك مۆرفیم دەکات، مۆرفەکان دەبنە ئەلۆمۆرفی یەك مۆرفیم کە هەریەکەیان بۆ ژینگەی تایبەتی دەست دەدەن سەرەڕای ئەوەی کە یەکتری تەواو دەکەن، هەروەها گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بەسەر هەریەکە لە مۆرفەکاندا هاتووە بەوەی دەنگی (ی، ج، ه) کە فۆنیم دەنوێنن لەئاستی فۆنۆلۆجیدا بۆ مۆرفیمی کۆ زیادکراوە کە ناتوانێت دەست بەرداریان بێت بەهۆی ئەو پەیوەندی یە بەهێزە تێکچڕژاوەی لەنێوان مۆرفیم و فۆنیمدا هەیە لەئەنجامی پەیوەندی نێوان مۆرف بە

مۆرفیم و دروست بوونی ئەلۆمۆرفەکان، هەرچەندە ڕاو بۆچوونی جیاواز لەبارەی (ات و هات و جات) دا هەیە کە مۆرفی، مۆرفیمی (کۆ) ن یان نا (هەندێ زمانەوان هەر یەکەم و دووەم بە ئەلۆمۆرف دادەنێ و چونکە یەك ئەرکیان هەیەو لەڕووی فۆنەتیکەوە لەیەك دەچن و گۆڕانی (- ان) بۆ (یان) بەهۆی یاسایەکی فۆنۆلۆجییەوە لێك دەدرێتەوە. هەندێکی تر کۆمەڵەی یەکەم و دووەم و سێیەمیش بەیەکەوە دەبەستن و هەموویان بە ئەلۆمۆرفی (- ان) دادەنێن. هەرچەند گۆڕانی فۆنەتیکی کۆمەڵەی سێیەم وا بەئاسانی لێك نادرێتەوە، بەڵام تاڕادەیەك باوەو ڕێی تێدەچێ چونکە هەموو ئەم ئەلۆمۆڕفانە لەشێوەدا لەیەکتری دەچن (محەمەد مەعرووف، سەباح ١٩٩٠- أ: ٨٣)

١. **(- ان): کوڕان، کچان.**
٢. **(- یان): مامۆستایان، قوتابیان.**
٣. **(- جات، - ات، - هات): میوەجات، میوەهات، دەرمانات.**

شایانی باسەو جێگای ئاماژە پێکردنە کە چەند ڕای جیاواز هەبێت، مەبەستی ئێمە ئەوە نییە، بەڵکو نیشاندانی ئەو ڕاستیەیە کە ئایا هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی لەم جۆرە نموونانە دروست دەبێت یان نا ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی لۆجیکی دوور لە ڕەها (**مطلق**) بوونی بابەت پێشبینی بکەین چونکە ڕەها نەبوون هەوێنی پەرەسەندنی زانستە دەشێت ئێمە بۆچوونێکمان هەبێت یەکێکی تر بۆچوونێکی تر بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە لای ئێمە دەچێتە خانەی بۆچوونی تاکە کەسی کە دەتوانین بڵێین بەلای ئێمەوە هەریەکە لە (جات، ات، هات) دەبنە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (کۆ) بەڵام دەنگی (ج، ه) وەکو دوو فۆنیم زیادکراوە بەهۆی ژینگەکە (ئەو بیئەیە) وەکو چۆن دەنگی (ی) وەکو فۆنیمێك بۆ (ان) زیاد کراوە ئەمەش زیاتر:

١. **یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمان دەنوێنێت.**
٢. **دەچێتە خانەی کارتێکردن و گۆڕان بەهۆی دەنگی کپ و گڕەوە.**

(بۆیە دواتر باسی لێوە دەکەین لە بابەتێکی تر) بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە تەنیا نیشاندانی (مۆرف و مۆرفیم) و بەرامبەریان و دروست کردنی ئەلۆمۆرف و پەیوەندی بەئاستی فۆنۆلۆجیەوەیە نەك ئەم دوو خاڵەی سەرەوە.

(دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە زاراوەی ئەلۆمۆرف بۆ ئەو مۆرفە جیاوازانە بەکاردێن کە پێکەوە تاکە مۆرفیمێك دەنوێنن، ئەلۆمۆرف لەنێوان مۆرفیم و مۆرفدا دەوەستێ و

بەیەکتریانەوە دەلکێنێ هەروەکو ئەم نموونانەی پێشتر باسکرا. (بڕوانە محەمەد مەعرووف، سەباح رەشید ٢٠٠٦: ١٧)

### ٢. ١. ١. ١. دووبارە بوونەوە لەنێوان مۆرف و مۆرفیم دا:

ئەگەر نایەکسانی هەبێت لەنێوان مۆرف و مۆرفیم دا ئەوا دووبارە[٤٢] دێتە ئاراوە بەپێی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە:

١. ژمارەی مۆرفیم لە ژمارەی مۆرف زیاتر دەبێت لەباری وا مۆرفیمی (سفر) دروست دەبێت بۆ نموونە:

کەو ت ← کەو + ت + ە (کەس)

٣ (مۆرفیم) ← ٢ (مۆرف)

٢. پێچەوانەی یەکەم ژمارەی مۆرفەکان لە ژمارەی مۆرفیمەکان زیاتربن لێرەدا مۆرفیمی بەتاڵ دێتەکایەوە. بۆ نموونە: وەك (هەموو ناوبڕێك - ناوبەند)

ڕۆیشت ← ڕۆ + یش + ت

(ڕەگ) (فراوانکار) (نیشانەی کات)

٢ (مۆرفیم): ڕەگ + ڕابردوو

٣ (مۆرف): ڕۆ + یش + ت (محەمەد مەعرووف ١٩٩٩: ١٢)

بەگوێرەی ئەم دوو خاڵەی سەرەوە لە پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفیم مۆرفیمی سفرو مۆرفیمی بەتاڵ دێتە ئاراوە کە هەردووکیان بە ژینگەی فۆنۆلۆجی بەندن چونکە مۆرفیمی سفر شێوەیەکی (مۆرف) جێناوی کەسی سێیەمی لکاوە ژینگەی فۆنۆلۆجی ئەم شێوەیەی فەرزکردوە بەڵام بۆشاییەکی مۆرفۆلۆجی بەجێ هێشتووە لە ڕووی ئەرکەوە، مۆرفیمی بەتاڵیش

---

٤٢- مەبەست لە دووبارە زیادکردنی یاخود دروست کردنی مۆرفیمی سفر و مۆرفیمی بەتاڵە

وەکو فراوانکارێك لەبەینی دوو مۆرفیمەکەی تر ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بینیوە کە ناشێت دانەنرێت چونکە لەڕووی فۆنۆلۆجی یەوە پەسەند ناکرێت و فۆنیمەکان ئامادەنابن بکەونە پاڵ یەکتری و زنجیرە دەنگ دروست بکەن، ئەمانەی هەنگاوێکی ترە لە زمانی کوردی بۆ دروست کردنی مۆرفۆفۆنیم.

## ٢. ٢. فۆن و فۆنیم – ئەلۆفۆن

پەیوەندی نێوان فۆن و فۆنیم بۆ دروست کردنی ئەلۆفۆنەکان وەکو پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفیم وایە بۆ دروست کردنی ئەلۆمۆرفەکان، بەلاّم گرنگی ئەم بابەتە بۆ دۆزینەوەی جۆرێکی ترە لە پەیوەندی مۆرفۆفۆنیمی چونکە لەپەیوەندی نێوان فۆن و فۆنیم دا ئەلۆفۆنەکان دروست دەبن کە ئەمانەش یەکەی ئاستی فۆنۆلۆجین بەلاّم ئەوەی شایانی باسە دروست کردنی ئەلۆفۆن و یاسای ئەلۆفۆنەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە[٤٣]. بۆیە پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بە زاراوەکانی (فۆن) و (فۆنیم) و (ئەلۆفۆن) بکرێت لەگەڵ نیشاندانی ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوانیاندایە.

زاراوەی (فۆنیم) وەك زاراوەی (مۆرفیم) لەگەڵێك ڕووەوە سەیر کراوەو پێناسەی بۆ کراوە، بەلاّم لێرەدا جەخت لەسەر ئەو لایەنانەی (فۆنیم) دەکرێتەوە کە پەیوەست دارن بە لایەنی پەیوەندی یاخود بابەتەکەوە دوور لە مێژووی سەرهەڵدانی زاراوەکە چونکە لێرەدا تەنها وەسفی بابەتەکە لەبەرچاو گیراوە بۆ دۆزینەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەئەنجامی پەیوەندی دا

---

٤٣ – چونکە : ١ . زۆر فـۆنیم هەیـە دەبنـە ئـەلۆمۆرفی مۆرفیمێـك ، وەك : مۆرفیمـەکانی کـاتی ڕابردوولـە زمـانی کوردیدا. ←

٢. دوو دەنگ وەك یەك فۆنیم دەبنە ئەلۆفۆنی فۆنیمێك لە ژینگەی جیاوازدا ، وەك : چی بکەم    چبکەم.

٣. یاسای گڕوکپەکان کە لە وشەو مۆڕفیمەکاندا دەبینرێت ئەلۆفۆنی فۆنیم دروست دەکـەن ، وەك : بـەش + دار ← بەژدار (ش، ژ: ئەلۆفۆنی /ش/ ن

٤. بۆچوونی کۆن لە بارەی ئەلۆفۆنەوە تەنیا ئەوەبوو کە شێوەی جیای هـەمان فـۆنیمن ، وەك صـاڵ : سـەوز (ص، س: ئەلۆفۆنی فۆنیمی / س / ن)،

بەلاّم بۆچوونی تازە خاڵەکانی پێشتر بۆ ئەلۆفۆن دیاری دەکات . بۆ زانیاری زیـاتر دەربـارەی سـەرنەکەوتنی یاسای ئەلۆفۆنەکان ،بڕوانە: (Rogar Lass 1998 :34- 36)

دروست دەبن، ئەمە لەلایەك و سوڕانەوە بە چوارچێوەی سنووری ئاستی مۆرفۆلۆجی وەكو تەوەری پەیوەندی وادەكات گرنگییەكی ئەوتۆ نەدرێت بە هەموو وردەكاریەكانی ئەم ئاستە لەلایەكی ترەوە.

(فۆنیم) ئەو دانە دەنگییەیە كە توانای جیاكردنەوەو گۆڕینی مانای وشەی هەیە، واتە (بەو دەنگانە دەوترێ كە لەزماندا وشە پێكدەهێنن و بە گۆڕان و لاچوونیان واتا دەگۆڕن (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ١٦). بۆ نموونە:

ئەگەر فۆنیمی (ز) لە وشەی (ناز) دا بگۆڕێت بە فۆنیمی (ن) ئەوا وشەی (نان) دروست دەبێت كە جیاوازییەكی تەواو لەمانایاندا هەیە.

(فۆنیم) وەكو (مۆرفیم) دانەیەكی ئەبستراكتەو كۆنكریتی نییە واتە لەمێشكایە دەنگ (فۆن) دەنوێنێ زۆرجاریش (فۆنیم) كۆمەڵە (فۆن) ێك دەنوێنێ كە پێیان دەگوترێت (ئەلۆفۆن) (كۆمەڵە دەنگێكی جیاواز گەر لەناو سیستەمی زمانێكا یەك نرخ پیشان بدەن، ئەم دەنگانە هەموو لەم زمانەدا یەك فۆنیم پێك ئەهێنن. بۆ هەرفۆنیمەی، بۆ مەبەستی نووسین، نیشانەیێ دائەنرێ بەپیت لەقەڵەم ئەدرێ. واتە پیت دەنگ نانوێنێ بەڵكو فۆنیم ئەنوێنێ فۆنیمیش لەوانەیە كۆمەڵە دەنگێ بنوێنێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە فۆنیم شتێكی (مجرد) ە (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٤: ٣٦)

(فۆنیم بریتی یە لە دەنگە جیاوازەكانی زمانێك. هەروەها بەپێی تیۆرەكانی فۆنۆلۆژی فۆنیم بریتی یە لە بچووكترین یەكە لە سیستەمی دەنگی زمانێكدا هەرچی ئەلۆفۆنە ئەوا خوێندنەوە جیاوازەكانی فۆنەتیكە. ئەو خوێندنەوانە هیچ گۆڕانێ لەواتای وشەكەدا ناكەن (سەلام ناوخۆش ٢٠٠٥: ٤٠).

(فۆنیم) لە زمانێكی تایبەتی دا دەور دەبینێ بەڵام (فۆن) تایبەتە بە هەموو زمانێك واتە گشتی یە، فۆنیمەكان لە زمانێكی تایبەتی دا جاری واهەیە زۆر دەنگی جیاواز دەنوێنن كە شێوەی جیای هەمان (فۆنیم) ن بە (ئەلۆفۆن) ناودەبرێن، (ئەلۆفۆنەكان) یش وەكو (ئەلۆمۆرفەكان) لەبەینی (فۆن و فۆنیم) دا دەوەستن بەجۆرێك كە چەند فۆنێكە لەیەك فۆنیمدا كۆ ئەبنەوە بەهۆی ژینگەی جیاجیا دەنگی جیاجیا نیشان دەدەن واتە ژینگە ئەو شێوە جیاوازانەی پێ بەخشیوە (بەچەند فۆنێك كە لەیەك فۆنیمدا كۆدەبنەوە، (واتە — دەربڕینییەك فۆنیم بەچەند جۆرێك) دەڵێن شێوەی فۆنیم. لەبەرئەوەی شێوەی فۆنیم لەئاخاوتندا ناتوانێ دەوری گۆڕین و جیاكردنەوەی مانای وشە

ببینیٚ چونکە درێژی و کورتی وتنی دەنگەکان نابن بەهۆی جیاوازی فۆنیم (بڕوانە ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ١٦، ١٧)، بۆنموونە:


فۆنیمی (ا) لە وشەی " شار " دا کورت یا درێژ گۆ بکرێت، مانای وشەکە ناگورێ، بەڵام گۆڕینی بە فۆنیمێکی تری وەکو (یٚ) ئەوا وشەیەکی نویٚ وەکو " شێر " پەیدا دەبێت و واتای لەگەڵ وشەی " شار " جیاواز دەبێت.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین: (فۆنیم واتا دەگۆڕێت بەڵام ئەلۆفۆن واتا ناگۆڕێت تەنیا کورتی و درێژی و گڕی و کپی بەدەنگەکانی فۆنیمێك دەبەخشێت).


پەیوەندی نێوان فۆنیم و فۆن و ئەلۆفۆن لەسەر بناغەی هەرەمێکی سێگۆشەیی دامەزراوە چونکە تاکو فۆن (دەنگ) دروست نەبێت و نەچێتە دۆخی درکاندنەوە فۆنیم دروست نابێت بەواتایەکی تر (فۆن) لە زماندا گشتگیرەو لە زمانێکی دیاریکراودا بە (فۆنیم) تایبەتیەتی وەردەگرێت سەبارەت بە (ئەلۆفۆن) یشەوە لەبەینی هەردووکیاندا وەکو دارێك لق و پۆپی گەڵاکانی بەهەموو لایەکدا بڵاو دەکاتەوە [٤٤] (فۆنیم Phoneme) ی دەنگیٚ "بریتی یە لە چەپکە دەنگیٚ (A bang le Of Sounds) (چەپکە دەنگێکی جیاوازی ئەو تاقە دەنگەیە) واتە ئەم چەپکە دەنگانە، لەبنەڕەت دا، لەیەك دەنگەوە دروست بوون و وەرگیراون، ئەویش هۆی ئەوەیە کە لەشوێنی جیاواز جیاوازدا بەکارهاتوون و ئەو دەنگانەش کە بەرەو دوایان هاتوون، کاریان تیٚ کردوون (محەمەد ئەمین هەورامانی ١٩٧٣: ٦٤). واتە (فۆنیم شتێکی موجەرەدە Abstract. تەمسیلی چەند دەنگێکی جیا ئەکات لەزمانێکی تایبەتی دا. ئەم دەنگانە شێوەی جیا دەگرنەخۆ بەپیٚ ی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایانا دەردەکەون (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٢: ٣٦). پەیوەندی نێوان فۆن و فۆنیم و ئەلۆفۆن لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

---

٤٤ - ئەلۆفۆن واتە (شێوەی جیاوازی فۆن) کە پێکهاتووە لە (ئەلۆ + فۆن) (ئەلۆ) بەواتای (شێوەی جیاواز) دێت و (فۆن) یش بەواتای (دەنگ) .




بۆ نوونە:




واتە فۆنیمی / س / لە زمانی کوردیدا دوو فۆنی هەیە کە بریتییە لە [س] ، [ص] وەك لە وشەی (سارا، صاڵ) دا دەردەکەوێت، لە هەردوو وشەکەدا دەنگی [س، ص] بە فۆنیمی / س / دەنوێنرێت بەڵام لەگۆکردندا دووفۆنی جیاواز پەیدا دەبێت کەبریتی یە لە [ص] لە (صاڵ) [س] لە (سارا) هەردوو فۆنەکەش دەبنە ئەلۆفۆنی فۆنیمی / س / بیئەی جیاواز ئەو دوو شێوە دەنگەی بە فۆنیمەکە بەخشی ئەگینا هەردوو فۆنەکە هەریەك فۆنیمە چونکە هیچ جووتە وشەیەك لە زمانی کوردیدا نادۆزینەوە کە لەهەمان ڕیزە فۆن پێکهاتبن تەنیا بەهۆی [س] و [ص] بەرامبەر یەکتری مانای وشەکە بگۆڕن وەك بلێین (ساڵ، صاڵ) هەردووکیان یەك واتا دەبەخشن بۆیە یەك فۆنیمن و نابنە دوو فۆنیمی جیاواز.

٤٥ –پیت : ئەو نیشانەیە بە فۆنیم دەدرێ بە مەبەستی نووسین واتە فۆنیم دەنوێنێ وەکو نیشانەیەك .

## ٢. ٣. پەیوەندی فۆنیم و ئەلۆفۆن بە مۆرفۆلۆجی

پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی فۆنۆلۆجی، پەیوەندییەکی تێکچڕژاوی کاریگەرانەیە لە ڕێگەی وشە و مۆرفیم و فۆنیم و ئەلۆفۆندا ڕوودەدات بە مەبەستی جیاجیا [٤٦]

ئەوەی لێرەدا مەبەستە دروستبوونی ئاستێکی تازەیە بەناوی ئاستی (مۆرفۆفۆنیمی) کە جیاکردنەوەی نەك هەر ئەستەم و گرانە بەڵکو مەحاڵیشە، تەنیا بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی تایبەت نەبێت، کە ئەمیش دووبارە هەر ئاڵۆزە. دروستبوونی ئەم ئاستە تازەیە لەڕێگەی پەیوەندی فۆنیم و ئەلۆفۆنەکان بە مۆرفیم و وشەکاندا لە دوو جۆرە پەیوەندی جیاوازدا دێتە ئاراوە ئەوانیش پەیوەندی (ئاسۆیی و ستوونی) یە. ئەم دوو جۆرە پەیوەندییەش لەچوارچێوەو سنووری ئاستی مۆرفۆلۆجی دا بەدوو شێوەی جیاواز لە هەریەك لە فۆنیمەکان و ئەلۆفۆنەکان خۆیان دەنوێنن، بەم شێوەیەی کە دواتر باس دەکرێت. (بڕوانە ئاستی ئاسۆیی و ئاستی ستوونی دەنگەکان).

### ٢. ٣. ١. ئاستی ئاسۆیی و ئاستی ستوونی دەنگەکان

ئاستی ئاسۆیی و ستوونییەکێکە لەو دوانانەی کە زمانناسی سویسری (فێردینان دی سۆسێر) لە کتێبە بەجێماوەکەیدا بەناوی[٤٧] (علم اللغه العام. کۆرسێك لە زمانناسی گشتی) دا باسی کردووە، بەشێوەیەك کە ئەم دووانەو ئەوانی تریش هەریەکە زمان بە ئاراستەیەك دەبات و لە زمانەوانی دا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها لەدوای سۆسێرو بلۆمفیلدیش چۆمسکی سوودی لە هەندێ لەم دوانانە وەرگرتووە.

---

٤٦- مەبەستی جیاجیا وەکو :

١. دەستنیشان کردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمان .
٢. دیاریکردنی ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمێك .
٣. ڕۆنان و داڕشتنی وشەی تازە .
٤. دروست بوونی واتای جۆراوجۆر لە وشەکاندا .

٤٧- (ئەلبرت و شارلی بالی) دوو قوتابی سۆسێر بوون وانەکانی سۆسێریان کردە کتێبێك و لە دوای مردنی سۆسێر بڵاویان کردەوە .

ئەم دوو پەیوەندییە لە ئاستەکانی زماندا ڕۆڵ و چالاکی گرنگ بەجێ دەهێنن، لەڕێگەی دانەو یەکەکانی ناو هەر ئاستێك لە ئاستەکان واتە (فۆن ـ فۆنیم ـ مۆرف ـ مۆرفیم ـ وشە ـ فرێز ـ ڕستە) هیچ کام لەمانە بێ بەش نین لەم دوو جۆرە پەیوەندییە واتە (ئەو دوو پەیوەندییە لەناو سیستەمێکی زمانەوانی گشتیدا ناسنامەی وشە پێکدەهێنن، بەمەش هەر دانەیەك لەو دانانەی باسکرا نیشانەی ئەوەیە هەریەك لەم دوو پەیوەندییە دروست بکات (Finch 2000: 24)، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە وەرگرتنی ئەو دوو جۆرە پەیوەندییەیە کە لە ئاستی مۆرفۆلۆجی دا (وشە ـ مۆرفیم) بەسەر پێکهاتەی فۆنیمەکاندا دێت بەشێوەیەکی ستوونی و ئاسۆیی بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی.

### ئاستی ئاسۆیی دەنگەکان (Syntagmatic)؛

مەبەست لەو ئاستە دروست بوونی ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێوان پێکهاتەی فۆنیمی وشەکاندا دروست دەبێت بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەواتایەکی تر پەیوەندی نێوان دەنگەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکدا لەسنووری وشەو مۆرفیم بەشێوەیەکی ئاسۆیی (ئەو پەیوەندییەی لەنێوان بەشەکانی پێکهاتەیەکدا هەن پەیوەندییەکی سینتاگماتیکی زمانن، چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە ڕەهەندی (بعد) ئاسۆیی زمانە کە فۆنیمێك لەگەڵ فۆنیمێکی تر لەو وشەیەکدا دەردەخات (Crystal 1991: 341).

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە پەیوەندی ئاسۆیی فۆنیمەکان و مۆرفیمەکان لە پێکهاتەی وشەکاندا لەسەر ئاستی چەند ئاستێك نیشان دەدرێت کەچی لێرەدا تەنیائاستی فۆنۆلۆجی ومۆرفۆلۆجی دەست نیشان دەکرێت.

## ئاستی ستوونی دەنگەکان (Paradigmatic):

بریتییە لە پەیوەندی دەنگی نێوان وشەکان و گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە هەمان بیئەدا لەسەر باری ستوونی بێ ئەوەی کار لە پێکهاتەی وشەکەدا بکات واتە ئەم ئاستە جەخت لەسەر چەمکی لەجیاتی دانان دەکاتەوە کە لەگەڵ دەنگێکی دی لەچوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی دا (وشەو مۆرفیم) دەینوێنێت (لەسەر ئاستی فۆنۆلۆژی، ئەم جۆرە پەیوەندییە فۆنیمەکانی زمان دەردەخات. لە سیستەمی دەنگدا ئەگەر دەنگێك لەبریتی دەنگێکی تر بێت و واتای وشەکە بگۆڕێ ئەوا لەو پرۆسەی دەنگی یەدا ئەو دەنگە فۆنیم پێکدێنێ (سەلام ناوخۆش ٢٠٠٥: ٣٣).

### ٢. ٣. ١. ١. ئەلۆفۆنەکان لەئاستی ئاسۆیی:

پێشتر باسی ئەلۆفۆنەکان و ئاستی ئاسۆیی زمان کراوە بەشێوەیەکی تیۆری، بەڵام لێرەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەم بابەتە بەیەکەوە دەخەینەڕوو، کە تەوەری سەرەکین لە پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

گوڵ: گیا (هەردوو دەنگی (g , j) ئەلۆفۆنی فۆنیمی (گ) ن لەچوارچێوەی وشە یاخود مۆرفیم دا بە شێوەیەکی ئاسۆیی).

| |

j g

کێ : کا (هەردوو دەنگی (چ، ك) ئەلۆفۆنی فۆنیمی (ك) ن لە پەیوەندییەکی ئاسۆیی دا).

| |

k ch

ساڵ : سەوز (بەهەمان شێوە)

| |

ص س

زاڵ : زار تەل : تاڵ

| | | |

ض ز ت ط

لە نموونەکاندا دەردەکەوێت کە فۆنیمەکانی / گ، س، ز، ت، ك / لە دەربڕیندا شێوەی دەنگی [(گ، ج)، (ص، س)، (ز، چ)، (ت، گ)، (ك، چ)] دەنوێنن بەشێوەیەکی ئاسۆیی

واتە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئەلۆفۆنەکان پەیوەندی ئاسۆیی نیشان دەدەن، هەروەها لەدەرەوەی سنووری ئاستی مۆرفۆلۆجی ئەلۆفۆنەکان ناتوانن ئەو شێوانە بنوێنن بەمەش پەیوەندییەکی ئاسۆیی لەنێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی دروست دەبێت بەهۆی کاریگەری ئەلۆفۆنەکان بەسەر مۆرفیمە سەربەخۆکاندا.

### ٢. ٣. ١. ٢. فۆنیمەکان لەئاستی ستوونی:

لەم پەیوەندییەدا فۆنیمەکان چالاکی نیشان دەدەن لەڕێگەی ئەو ئاڵوگۆڕە دەنگییەی کە لەچوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی دا بەشێوەیەکی ستوونی نیشانی دەدەن بۆ دیاریکردن و دەستنیشان کردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، بەجۆرێك ئەو جووتە وشانەی لە هەموو دەنگەکاندا وەکو یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێکدا جیاواز ئەو تاکە دەنگانەی جووتە وشەکان فۆنیمی دەنوێنن، وەك لەم وشانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

با : ب
کا : ك
شا : ش ↓ فۆنیمی جیاواز
ڕا : ڕ

هەزار : ز
هەژار : ژ ↓ فۆنیمی جیاواز... هتد
هەنار : ن

شایانی باسە دەستکەوتنی ئەم فۆنیمە جیاوازانە لەچوارچێوەی وشەکاندا لە پەیوەندییەکی ستوونی دایە بە مەبەستی دیاریکردنی فۆنیمەکانە کە چەند جووتە وشەی تر بەم شێوەیەی سەرەوە بهێندرێتەوە ئەوا فۆنیمی جیاوزترمان دەست دەکەوێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان نییە، بەڵکو دروستبوونی پەیوەندی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە لە پەیوەندی ستوونی وشەکاندا لەڕێگەی دەستنیشانکردنی فۆنیمە جیاوازەکان کە فۆنیمێك بە فۆنیمێکی تر دەگۆڕدرێت لەژێر کاریگەری گۆڕانی وشەکاندا یاخود بەپێچەوانەوە، وشەکان لەڕووی واتاوە گۆڕانیان بەسەردا دێت بەهۆی فۆنیمە جیاوازەکان.

### ٣. پەیوەندی فۆنیم بە واتاوە لە سنووری وشەو مۆرفیمدا:

پێشتر ئاماژە بەوەکرا کە فۆنیمەکان لە دوو جۆرە پەیوەندیدا خۆیان دەنوێنن لەسنووری وشەو مۆرفیمدا، بەڵام لێرەدا باس لەو پەیوەندییە دەکرێت کە لەنێوان فۆنیم و واتادا هەیە بەمەبەستی پیشاندانی پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی.

بۆچوونی جیاجیا لەبارەی پەیوەندی نێوان فۆنیم و واتادا هەیە کە ئایا فۆنیم واتای هەیە یاخود واتا دەگۆڕێت ئەمەش لەئەنجامی ئەوە سەری هەڵداوەکە (واتا لەیەك ئاستی زماندا نابیندرێت، بەڵکو لەچەند ئاستێکدا بەرچاو دەکەوێت، کە لەهەر یەکەیان دەست پێ بکەین ئەوا واتاکەی جیاواز دەبێت (عەبدولواحید موشیر ٢٠٠٥: ٤٠)، لێرەدا پێویستە هەندێ لەو بۆچوونانە بخرێتەڕوو، لەوانەش:

١. (فۆنیم بچووکترین دانەی ئاستی ستوونییە کە ئەرکی جیاکرنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٠- أ: ٦٣).

٢. (فۆنیم بەشێکە لە پێکهاتەی وشەو جیاوازی فۆنیمێك لە دوو وشەی وێکچوو کار دەکاتە سەر جیاوازی واتای وشەکان (محمود عكاشه ٢٠٠٥: ٩).

٣. (فۆنیم یەکەیەکی دەنگی بچووکەو کار دەکاتە سەر مانای وشەو بەجۆرێك کە گۆڕانی بۆ فۆنیمێکی تر دەبێتە هۆی جیاوازی لەنێوان وشەکاندا لەڕووی واتاوە(هەمان سەرچاوە: ٣٠).

٤. (واتاو دەنگ بەیەکەوە بەستراون، بەشێوەیك ناکرێت لێك جیابکرێنەوە (پالمر ١٩٨١: ١١٣).

٥. (فۆنیم بەتەنها هیچ بەهایەکی نییە، واتە واتای نییە گەر سەربەخۆبێت، بەڵام لەسنووری وشەو مۆرفیمدا واتا دروست دەکەن (عبدالقادر عبدالجليل ٢٠٠٦: ٢٠٣).

٦. (فۆنیم ئەو دانە دەنگەیە کە دەوری واتا گۆڕین لە وشەدا دەبینێ. وەك دەنگی [ر] ی سووك و قەڵەو لە وشەی (برین)، (بڕین) (لیژنەی دەستووری زمانی کوردی ١٩٨٥: ١١).

٧. (زمان له بنچینه‌دا ده‌نگی گۆکراوه، چونکه هه‌موو زمانێك پێش نووسین ده‌نگ بووه، به‌مه‌ش له‌ڕێگه‌ی ده‌نگه‌وه واتاو مه‌به‌ست به گوێگر (به‌رامبه‌ر) گه‌یه‌نراوه (بڕوانه ماریوپای ١٩٩٨: ١٦٦). ئه‌م بۆچوونه بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه که له‌کۆنه‌وه زۆر له زمانه‌وانان بیریان کردۆته‌وه که جۆره په‌یوه‌ندییه‌ك له‌نێوان ده‌نگ و واتادا هه‌یه، ئه‌مه‌ش سه‌ره‌تاییه‌کانی لێکۆڵینه‌وه‌ی زمان بوو که‌هه‌ر له کۆنه‌وه دوو ئاست بۆ زمان ده‌ستنیشان کرابوو (ده‌نگ و واتا). دواتر لێکۆڵینه‌وه‌کان ئه‌وه‌یان خسته‌ڕوو ده‌بێت ئاستێکی تر هه‌بێت (ئاستێکی ڕۆنانی) بۆ لێکدانی (ده‌نگ و واتا) ئه‌ویش ئاستی ڕێزمان بوو (مۆرفۆلۆجی و سینتاکس). له‌لایه‌کی تره‌وه له سۆسێره‌وه ئه‌وه براوه‌ته‌وه که هیچ په‌یوه‌ندییه‌کی سروشتی له‌نێوان ده‌نگ و واتادا نییه چونکه په‌یوه‌ندی نێوان ده‌نگ و واتا په‌یوه‌ندییه‌کی له‌خۆوه‌یه و کۆمه‌ڵگا دروستی ده‌کات (واتا کۆمه‌ڵ بڕیاریان له‌سه‌ر ده‌دات به‌پێی سیسته‌م).

٨. (ئه‌و فۆنیمانه‌ی که له سنووری وشه‌و مۆرفیمدان په‌یوه‌ندییان به واتاوه هه‌یه. (محمود السعران ١٩٦٢: ٢١٠).

له‌ڕوانگه‌ی ئه‌و بۆچوونانه‌ی سه‌ره‌وه‌دا، بۆچوونی گۆڕانی واتا به‌هۆی فۆنیمه‌وه، ئاشکراتر هه‌ستی پێ ده‌کرێت و ئه‌و بۆچوونه‌ی که فۆنیم به یه‌که‌یه‌کی واتادار ناوببات ئه‌وا ته‌نگه‌ژه‌و ئاڵۆزی دووچاری تیۆره‌کانی زمانه‌وانی ده‌کاته‌وه سه‌باره‌ت به ئاسته‌کانی زمان به‌تایبه‌تی ئاستی مۆرفۆلۆجی که مۆرفیم تێیدا به بچووکترین یه‌که‌ی واتادار ناونراوه. دیسانه‌وه مه‌سه‌له‌ی گۆڕانی واتا به‌هۆی فۆنیمه‌وه له سنووری وشه‌و مۆرفیمدا ساغ کردنه‌وه‌و ده‌ستنیشان کردنی فۆنیمه‌کانی زمانه له‌ڕێگه‌ی جوتۆکه‌کان، که ناشێت فۆنیمه‌کان دوور له بازنه‌ی وشه‌دا به سه‌ربه‌خۆیی ئاماژه‌ی پێ بکرێت. بۆچوونی ئێمه له‌باره‌ی ئه‌م بابه‌ته له‌چه‌ند خاڵێکدایه:

١. فۆنیم واتای نییه به‌ڵکو واتا ده‌گۆڕێ، ئه‌مه‌ش به‌بێ بوونی وشه‌و مۆرفیم ڕوونادات.

٢. فۆنیم و مۆرفیم له‌ڕێگه‌ی واتا په‌یوه‌ندی دروست ده‌که‌ن، چونکه مۆرفیم خۆی له‌خۆیدا دانه‌یه‌کی واتاداره یان ئه‌رکداره (ئه‌رك = واتا)، فۆنیمیش واتا ده‌گۆڕێ له سنووری مۆرفیم دا.

٣. مەسەلەی کێشەداربوون و ساغ کردنەوەی پەیوەندی فۆنیم بە واتا لەدیدو بۆچوونی جیاجیا بەپێی قۆناغە یەك لەدوای یەکەکانی مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، بەڵگەیە بۆ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجی.

٤. واتاگۆڕی مۆرفیمەکان (وشەکان) بەهۆی فۆنیمە جیاوازەکان زۆرجا لەڕێگەی هێز (وەك فۆنیمێکی ناکەرتی)[٤٨] لەسنووری وشەدا ڕوودەدات جگە لە جووتۆکەکان.

٥. نموونە بۆ ئەم بابەتە، پێشتر لە بابەتی فۆنیمەکان لە پەیوەندی ستوونی دا باس کراوە.

## ٤. جێگۆڕکێی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی/Alternation Morphophonemic مۆرفۆفۆنیم وەکو دوو ئاستی تێکچڕژاو " Morphophonem Interlevel "

تێکچڕژان و تێکەڵ بوونی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی لەڕێگەی دانەو یەکە زمانییەکانیان (وشە، مۆرفیم، ئەلۆمۆرف، مۆرف، فۆنیم، ئەلۆفۆن، فۆن) بە جێگۆڕکێی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی ناودەبرێت کە تێکچڕژانی هەردوو ئاستەکە نیشان دەدات و لەژێر ناوی (ئاستی مۆرفۆفۆنیم) کۆدەبێتەوە (هەر وشەیەك یان مۆڕفیمێك کە تێیدا فۆنیمێك یان زیاتر لە زمانێکی دیاریکراودا جێگۆڕکێ بکات لەگەڵ فۆنیمێك یان چەند فۆنیمێکی تر، پێی دەگوترێت جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی (Lass 1998: 57) وەك:

**نەوە <u>د</u> : نەوە <u>ت</u>**

گەر سەیری ئەم دوو وشەیە بکەین، دەبینین گۆڕانێکی لە تاکە فۆنیمێکدا بەسەرداهاتووە بێ ئەوەی کار لە واتای وشەکە بکات، گۆڕانی فۆنیمی / د / بۆ / ت / بە مەبەستی کپ کردنی دەنگەکەیە (کپکردنی دەنگێ لە کۆتایی وشەدا یارمەتی خوێندنەوەی دەنگەکە دەدات، حاڵەتێکی قورسە لە کۆتایی وشەدا کە دەنگێکی گڕ (دەنگدار) هەبێت ( Martin 2002:184). هەروەها هەندێ جار جێگۆڕکێی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، لەڕێگەی ئەلۆمۆرفەکاندا دەنوێندرێت لەبەرئەوەی (گەر بەسادەیی ئەلۆمۆرف شیبکەینەوە، دەتوانین لێکدانەوە بۆ جێگۆڕکێ کانیان بکەین بە گەڕانەوە بۆ خاسیەتە (سیما) کەرتیەکانی ئەو مۆرفیمە، واتە دروست کردنی ئاستێکی نوێی نیشاندان (نواندن) کە ئەویش بریتییە لە مۆرفۆفۆنیم کە سیفەتی مۆرفیمی و فۆنیمی هەیە (Lass 1998:57) بەمەش (جێگۆڕکێی

---

٤٨ سەبارەت بە هێزو پەیوەندی بە ئاستی مۆرفۆلۆجی ، بڕوانە دواتر(ل : ٨٤) .

مۆرفۆفۆنیمی هەمووکات فۆنیمییە، کە بەشێوەیەکی گشتی سنووردار کراوە لەسەر ئاستی وشە، چونکە مەرجەکانی ئەم جێگۆڕکێیە دەبێ مۆرفۆلۆجی بێت لەڕووی پێکهاتەوە، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی سنووردارکردنیان بۆ وەرگرتنی چەند بارو دۆخێکی وەرگیراو، لەوانەش سنووردارکردنی چەند پاشگرێك (بڕوانە Martin: 185 , 187) بۆ نموونە:

گۆڕانی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە بنجێکدا دوای وەرگرتنی گیرەکێکی ڕێزمانی، وەك:

میوەهات: میوەجات

گۆڕانی فۆنیمی / ھ / بۆ / ج / لەڕێگەی ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کۆ، کە گیرەکێکی ڕێزمانییە، جێگۆڕکێی هەردوو ئاستەکە نیشان دەدات. بەم جۆرە گیرەکەکان دەبنەهۆی دروستبوونی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی (ئەو وشانەی کە گیرەکیان بۆ زیادکراوە فۆنۆتاکتیکی وشە مۆرفۆفۆنیمییەکان نیشان دەدات، جگە لەوەی کە لەڕەگەوە نزیکن، بەمەش هەندێ لە گیرەکەکان دەبنە هۆی گۆڕانی شوێنی هێز، هێزیش وەك بوارێك لە بوارەکانی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی بەشدار دەبێت (Ibd: 199 , 203) بۆ نموونە:

(گرت) — یەك بڕگەیەو هێز لەسەر بزرۆکەیە دوای زیادکردنی گیرەکی ڕێزمانی (ەوە (دەبێتە سێ بڕگەو شوێنی هێز وەك ئاستێکی فۆنۆلۆجی جێگۆڕکێیەك لەئاستی مۆرفۆلۆجی دا دەکات و دەبێتە : (گرتەوە)


← →
گر / تە / وە[٤٩]
١ ٢ ٣

(جێی باسە، یاسا مۆرفۆفۆنیمییەکان سوودێکی تایبەتیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەلۆمۆرف چونکە ئەوە نیشان دەدەن کە زمان چەند کۆمەڵە فۆنیمێکی تێدایە " پەیوەندی تایبەتی " پێکەوەیان گرێدەدات (هاریس ١٩٦٠: ٢٢٦) بۆ نموونە: دەنگە خشۆکەکان لە زمانی کوردیدا / ف، ڤ /، / س، ز /، ش، ژ / وەکو لە / بێ کەیف، بێ کەیڤ /، / کەس

٤٩ کۆنسنانتی / ر / بۆلای بڕگەی یەکەم دەچێت و کۆنسنانتی / ت / یش بۆ بڕگەی دووەم ، ئەمە لە زماندا بە فۆنۆتاکتیك ناودەبرێت ، واتە ڕیزبەندی دەنگەکان بە مەبەستی داڕشتنی بڕگەکان و گونجاندنیان لەگەڵ یەکدا ( لە جێگۆڕکێ دروست بوونی چەند بڕگەیەك بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە زماندا ، ئەم خاسیەتە ناسراوە بە فۆنۆتاکتیك (Martin 185 )

نەما، کەزنەما /، / پشدەر، پژدەر /. بۆیە دەتوانین بڵێین دەنگی / ف، س، ز / نواندنێکی مۆرفۆفۆنیمین (جێگۆڕکێی دەنگییەکان لەلایەن یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان وەسف دەکرێ، بەشێوەیەك کە وەرگیراوە لە فۆرمە رووکاریەکان (شکل) لەلایەن دەرکەوتووە ئەساسیە مەعنەویەکانەوە (Martin: 188). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی وەکو دوو ئاستی تێکچڕژاو، چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو، لەژێر تیشکی هێڵکارییەك کە جێگۆڕکێ و نواندنە دەنگی یەکان نیشان بدات. نموونە:

**/ د /: / ت /** [50]




**لەو وێنەی پێشتر / t /:/ d / = / / نواندنی فۆنۆلۆجی (ئاستی یەکەم)**

**/ D / = ئارخی فۆنیم (ئاستی دووەم)**

**/ d / = نواندنی فۆنەتیکی [ ] (ئاستی سێیەم)**

---


٥٠ - ئەم هێڵکارییە لەئەنجامی لایەنە تیۆرییەکانی باسکرا هاتەبەرهەم (لێکۆڵەر) .

٥١ - ئارخی فۆنیم : (نیشانە و ئەدگاری هاوبەشی دوو فۆنیمە و لە جێکەوتەکانی بێلایەن بوونـدا دەردەکەوێت ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە (محمد علی الخـولی ١٩٨٢ :٢٢) . یاخود فـۆنیمێکی بنجی یە کە چەندین گۆرانکاری لە مۆرفیم دا لێ دەکەوێتەوە بەهۆی گروکپی دەنگەکان بێ ئەوەی کار لە واتا بکات وەك / ج / لە زمانی عەرەبی کە بە [ژ ، گ] گۆدەکرێت ... هتد . بۆ نموونە : جمال : گمال - ژمال .

**نموونە: لە وشەی: بونیا د = بونیا ت (هەرچەندە d ~ t چونکە دوو فۆنیمی جیاوازن)**

**/ d /       / t /**

ئارخە فۆنیمەکە / D / کە ئەسڵی دەنگەکەیە، / D / دابەش دەبێ بۆ a و t کە هەردووکیان نواندنێکی فۆنۆلۆجی یان هەیە چونکە دوو فۆنیمی نیشاندراوی جیاوازن لە ئاستی یەکەمدا کاردەکەن کە ئاستی (مۆرفۆفۆنیمی) پێ دەگوترێت، هەر ئەمەش بۆتە هۆی سەرنەکەوتنی یاسای ئەلۆفۆنەکان لە زماندا چونکە ئەم دوو ئەلۆفۆنەی فۆنیمی ئارخەکە /D/ە لە زماندا بە مۆرفیمی کات ناونراوە، ئارخی فۆنیمەکە /D/ لە ئاستی دووەمدا کاردەکات کە ئاستی مۆرفۆلۆجی یە بەوەی لە وشەکەدا فۆنیمێکی بنجییە، [d] دەربڕینی دەنگەکەیە لەڕووی فیزیکی یەوە بە مجەڕەدی کە لەئاستی سێیەمدا خۆی دەنوێنێت ئەویش ئاستی فۆنەتیکە. نموونەی تر لە زماندا وەکو: / گ /: / ك /



**٥- دەنگەكانى پێش نونى (ن) ى چاوگ / مۆرفيمى كاتى ڕابردوو**

ئاشكرايە لە زمانى كورديدا چەند دەنگێك لەپێش (ن) ى چاوگ دا ئەرك و ڕۆڵێ مۆرفيمى كات دەبينن (لە هەر چاوگێكدا دواى لادانى ڕەگى كار و (ن) ى چاوگ، ئەو پيتەى ئەمێنێتەوە (ت، د، ا، ى، و) مۆرفيمى كاتى ڕابردووە (عەبدوڵڵا حوسێن ١٩٩٥: ٩٧).

چاووگ ← ڕەگى كار + مۆرفيمى كاتى ڕابردوو + (ن) ى چاووگ.

بۆ نموونە: مردن ← مر + د (مۆرفيمى كاتى ڕابردوو) + ن

خزان ← خز + ا (مۆرفيمى كاتى ڕابردوو) + ن

چوون ← چ + وو(مۆرفيمى كاتى ڕابردوو) + ن

بردن ← بر + د (مۆرفيمى كاتى ڕابردوو) + ن

شووشتن ← شووش + ت (مۆرفيمى كاتى ڕابردوو) + ن

بەم جۆە مۆرفيمەكانى كاتى ڕابردوو ئەو مۆرفيمانەن كە لەپێش (ن) ى چاووگدا وەستاون ئەركى كاتى ڕابردوو بەجێ دەگەيەنن واتە (مۆرفيمەكانى كاتى ڕابردوو لەگەڵ ئەو كارانەدا بەكار ئەهێنرێن كە پێش ئاخاوتن ڕوويان داوە (كەوت، مرد، كێڵا، ، بو..... (هەمان سەرچاوە ١٩٩٥: ٩٧)

هەريەكە لەم مۆرفيمانە بەتەنها (فۆن) ێكەو (فۆنيمێك) دەنوێنێ و لەڕێگەى (پيت) ەوە نيشانەكانيان لە نووسين بۆ ديارى كراوە، واتە (ت، د، ا، وو، ى) پێنج فۆنيمن لە زمانى كورديدا سيماو شێوەى گۆكردن و هەڵوێستى فۆنەتيكى تايبەت بەخۆيان هەيە لە زمانداو لەئاستى فۆنۆلۆجى زماندا ديراسە دەكرێن و شێوە جياجيا (ئەلۆفۆن) ى فۆنيمى وەردەگرن. سەيرى ئەم نموونانە بكە: فۆنيمى / د / بچووكترين فۆن دەنوێنێت كە بريتى يە لە فۆنى [ د] ئەم فۆنيمە دوو شێوەى هەيە ئەوانيش [ د]،[ ت] ە بەم شێوەيە:

فۆنیم لەئاستی فۆنۆلۆجی ⟶ / د /

فۆن لەئاستی فۆنەتیك ⟶ [ ت ] [ د ]

ئەلۆفۆن ⟶ [ د ]،[ ت ] ئەلۆفۆنی فۆنیمی / د / ن.

وەك لە وشەی: / كرد /

[ كرد ] [ كرت ]

بەهەمان شێوە فۆنیمەكانی تریش شێوەی جیاجیا نیشان دەدەن وەك:

/ ی / ⟵ لەسەرمایا > لەسەرمادا / و / ⟵ بەو > بەد

قەو > قەد

[ ی ] [ د ] [ و ] [ د ] (بڕوانە ئەورەحمانی حاجی مارف ٢٠٠٠: ٢٢)

/ ا / ⟵ [شار] > [شار] [٥٢] / ت / ⟵ مهابات > مهاباد

[ ا ] [ ا ] [ ت ] [ د ]


درێژ كورت

كەواتە فۆنیمەكان (د، ا و، ی، ت) لەئاستی فۆنۆلۆجیدا شێوەی جیاجیای فۆن نیشان دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ئەم فۆنانە لە (چاووگ) دا وەكو وشەیەك لەئاستی

---

٥٢ بەشێوەی درێژ یاخود كورت گۆ بكرێت .

مۆرفۆلۆجی دا ئەرکی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو دەبینن بەواتایەکی تر ئەم دەنگانە فۆنیمن لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا بەڵام مۆرفیمیشن لە (چاووگ) دا چونکە (چاووگ) وەك وشە یان وەك بەشە ئاخاوتنێك لەئاستی مۆرفۆلۆجی دا دراسە دەکرێ، بەمەش دەنگەکانی پێش (ن) ی چاووگ دەبنە (فۆنیم) و (مۆرفیم)، ئەم دوو یەکەیەش هەریەکەیان ئاستی تایبەت بەخۆیان هەیە ئەوانیش ئاستی (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی) یە، لێرەدا ئەم دوو ئاستە تێکەڵ بەیەك دەبن و پەیوەندییەکی بەتین پەیدا دەکەن و هەرگیز لێك جیانابنەوە. تێکەڵ کردنی ئەم دوو ئاستە بە گوێرەی ئەم فۆنیمانە بەپێی ئەم هێڵکاری و خشتەیەی خوارەوەیە:



| یەکەکان | | چاووگی دالی | چاووگی واوی | چاووگی تائی | چاووگی یائی | چاووگی ئەلفی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چاووگ | | خوێندن | چوون | شووشتن | بڕین | سووتان |
| چاووگ | | بردن | بوون | هەڵخستن | فڕین | برژان |
| چاووگ | | کردن | هەڵچوون | فرۆشتن | کڕین | خزان |
| چاووگ | | چاندن | دروون | ناشتن | چنین | ڕمان |
| چاووگ | | دڕاندن | ڕۆچوون | کوشتن | سڕین | هەڵدان |
| مۆرف | ئەلۆ - | [ د ] | [ وو ] | [ ت ] | [ ی ] | [ ا ] |
| مۆرفیم | مۆرف | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو |
| فۆنیم | ئەلۆ - | / د / | / وو / | / ت / | / ی / | / ا / |
| فۆن | فۆن | [د] [د] | [وو] [وو] | [ت] [ت] | [ی] [ی] | [ا] [ا] |

### ٦. سیمای جیاکردنەوە بە زنجیرە دەنگەکان:

مەبەستمان لە سیمای جیاکەرەوە بە زنجیرە دەنگەکان ئەوەیە کە جووتە وشەیەك وەربگرین کە لە ڕیزە دەنگەکانیاندا یەکسان بن تەنیا لە فۆنیمێك یان زیاتر جیاوازیان هەبێت و وشەیەکیان لەم فۆنیمە یا چەند فۆنیمە زیاتربێت، کە بە شێوەیەکی ماتماتیکی بە ژمارە لێکیان جیا بکەینەوە و لەئەنجامی ڕووبەڕوو کردنی فۆنۆلۆجی فۆنیمەکان، جۆرەکانی مۆرفیم لە زمانی کوردیدا [٥٣] دیاربکەین بۆ دۆزینەوەی جۆرە پەیوەندییەکی تری ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی واتە (پەیوەندی ماتماتیکی زمان لە لێقڵی فۆنۆلۆجی دا لەڕێگەی ئەم فۆنیمانەوە دەبێت کە لەهەر زمانێکدا ژمارەیەك دەستنیشانکراون، وەك لە زمانی کوردیدا (ناوەڕاست) (٣٦) فۆنیم هەیە، هەموو ئەم وشانەی لەم زمانەدا هەن بەم (٣٦) فۆنیمە دائەڕێژرێن. کە ڕێگە کراوەتەوە بۆ داڕشتنی ژمارەیەکی بێ دوایی لە وشەی تازە. هەروەها سیستەمێك (یاسایەك) بۆ لێکدانی فۆنیمەکان و دروست کردنی بڕگەو دواتر پێکهێنانی مۆرفیمەکان تا دوایی...... داڕێژراوە ئەمەش دیاردەیەکی ماتماتیکی یە بە ژمارە بۆ ڕیزە فۆنیمەکان (بڕوانە وریا عومەر ئەمین ١٩٨٣: ٣٧). هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە کە جیاوازی نێوان ئەم دوو وشانە نیشان دەدات بە زنجیرە دەنگەکانیان وەك سیمایەکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بۆ دروستکردنی جۆرە جیاجیاکانی مۆرفیمەکان:

---

٥٣ وەك لە بەشی یەکەمدا ڕوونکراوەتەوە .

**١– دروستبوونی گیرەکی ڕێزمانی کۆ (ان):**

وەك جیاوازی نێوان: کوڕ: کوڕان

ئەم دوو وشەیە هەریەکەیان لەچەند فۆنیمێك پێك دێت بەم شێوەیە:


کوڕ : کوڕان

ك / و / ڕ / : ك / و / ڕ / ا / ن

٣ فۆنیم ٥ فۆنیم

لەئەنجامی ڕووبەڕووکردنەوەی فۆنۆلۆجی دا، بەم جۆرە:

ك / و / ڕ / ك / و/ ڕ / ا / ن



ئەنجامەکەی: ٥ — ٣ = ٢ فۆنیم کە بریتییە لە (ا / ن). هەردوو فۆنیمی (ا / ن) لە زمانی کوردیدا لە ئەنجامی لێکدانیان لە وشەی (کوڕان) کە بوونی هەیەو لە وشەی (کوڕ) بوونی نییە، وەك مۆرفیمی کۆ کە گیرەکێکی ڕێزمانییە ناساندراوە، بەمەش ئەم مۆرفیمە لە دوو فۆنیم پێکهاتووەو ئەرکی (کۆکردنەوە) لەخۆ دەگرن و لەڕیزە دەنگەکانی دوو وشەی بەرامبەر بەیەك بەدەست هاتوون، واتە مۆرفیمێك لە فۆنیم دروست کراوە یاخود مۆرفیمێك لەشێوەی دوو فۆنیمی جیا خۆی نیشان داوە، یا لەڕێگەی فۆنیم نواندراوە، ئەمەش مۆرفۆفۆنیمێکی ترە لە زمانی کوردیدا.

**٢– دروستبوونی گیرەکی ڕێزمانی ئاوەڵناوی پلەی باڵاو بەراورد (تر – ترین):**

لێژ : لێژتر جوان : جوانترین

ل / یَ / ژ : ل / یَ / ژ / ت / ر ⟵ ٥ – ٣ = ٢ فۆنیم (ت + ر)

٣ ٥

ت + ر ⟵ تر (گیرەکی ڕێزمانی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد) ە.

ت + ر + ی + ن ⟵ ترین (گیرەکی ڕێزمانی ئاوەڵناوی پلەی باڵا) یە.

واتە بەهەمان شێوە ئەم وشانە لە زمانەکەدا بەرچاو دەکەون.

**٣– دروستبوونی گیرەکی ڕێزمانی بانگهێشتن (ە – یَ):**

کچ : کچیَ من کوڕ : کوڕە

ک / چ: ک / چ / یَ ⟵ ٣ – ٢ = ١ (یَ) = مۆرفۆفۆنیم [٥٤]

↓

مۆرفیمی میَ لەشێوەی فۆنیمێك.

---

٥٤ د . تالیب حوسێن عەلی دەڵیَ:

(١. مۆرفۆفۆنیم بریتی یە لە مۆرفیمێك لەشێوەی فۆنیمێکدا .

٢. مۆرفۆفۆنیم : هەندیَ جار بەپێی ژینگەی دەوروبەری لە شێوەی فۆنیمدا دەردەکەویَ و هەمان ئەرکی مۆرفیمەکە دەبینیَ ، بۆنموونە / ەکە / ی ناسیاری لە شێوەی ئەلۆمۆرفی [ك] دەردەکەویَت لە وشەی مامۆستا + ك + ان . (تالیب حوسێن عەلی ٢٠٠٥ : ١٢٣) .

**٤- دروستبوونی گیرەکی وشەدارِێژ:**

شێر : شێرانە

ش / یٚ / ر : ش / یٚ / ر / ا / ن / ە ⟵ ٦ – ٣ = ٣ فۆنیم (ا / ن / ە)

٣ ٦ (انە) مۆرفیمی وشەدارِێژ

**٥- دروستبوونی نووسەك:**

شوان : شوانەکە ⟵ (ەکە) نووسەکە.

ماڵ : ماڵمان ⟵ (مان) نووسەکە.

شایانی باسە بگوترێت کە دروستبوونی ئەم گیرەك و نووسەکانەی باس کراون و چەندەها جۆری تر لە نموونەی جیاجیا لە زمانی کوردی (ناوەڕاست) بەرچاو دەکەوێت لەرِێگەی سیمای جیاکەرەوەیان بە زنجیرە دەنگەکان، بەڵام ئێمە تەنها ئەم چەند جۆرەمان وەك نموونە خستەڕوو، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، هەروەها دیاریکردنی مۆرفیمەکان (گیرەك – نوسەك) لەرِێگەی نواندنی فۆنیمەکان کە (لەناو قالبی برِگەی فۆنۆلۆجی دا... بە فۆنیمێك یا زیاتر مۆرفیم پێکدێت (وریا عومەر ١٩٨٨: ١٣٢).

(مۆرفیمیش ئەو دانە بچووکە واتادارەی زمانە کە لە فۆنیمێك یا زیاتر پێك دێ و دەورێ (ئەرك) لە ڕێزماندا دەبینێ، بۆ نموونە:

/ دە / دوو فۆنیمە – چەمکی بەردەوامی ئەگەیەنێ (ڕابردوو، ڕانەبردوو).

/ یان / سێ فۆنیمە – نووسەکە – ڕاناوی لکاوی کەسی سێ یەمی کۆ.

/ م / یەك فۆنیمە - نووسەکە – ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك.

(بڕوانە وریا ١٩٨٨: ١٣٦).

ئەمەش بە مەبەستی نیشاندانی ئاستی مۆرفۆفۆنیمییە کە ئاستێکی تێکەڵەو لە دوو ئاستی جیاوازدا پێك هاتووە.

## ٧. یاسا فۆنۆلۆجیەکان و پەیوەندییان بە ئاستی مۆرفۆلۆجی

### ٧. ١. ناساندنی یاسا فۆنۆلۆجیەکان:

هەر زمانێك دەستەیەك یاسای تایبەتی خۆی هەیە، یەکێك لەو دەستانەبەیاسا فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن، مەبەستیش لەو یاسا فۆنۆلۆجی یانە، ئەوانەن کە لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان، چەند گۆڕانێك بەسەر فۆنیمەکاندا دێت (کە دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەك بۆ داڕشتنی دانەی گەورەتر (بڕگە، وشە، ڕستە) کارلێك دەکەن. لەئەنجامی ئەم کارلێککردنە دەنگ هەیە دەگۆڕێ... هەیە پەیا ئەبێ... هەیە دەقرتێ و دەتوێتەوە... هتد... ئەو بەشەی زانستی زمان کە یاساکانی ئەم لایەنەی زمان دەست نیشان دەکات بە یاسا فۆنۆلۆجیەکان ناودەبرێ (وریا عومەر ئەمین، ١٩٩٥: ٦٦). واتە (دەنگەکانی ئاخاوتن کە لە پێکهاتنی بڕگەو ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، کار لە یەکدی دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە. شێوەگۆڕی دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتن دا دیاردەی دەنگین و بەپێ ی یاسای جۆربەجۆر خۆیان دەنوێنن (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠: ٤٩).

### ٧. ٢. جۆرەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان:

سەرچاوە زمانییەکان بەتایبەت ئەوانەی باسی فۆنۆلۆجی زمانی کوردیان کردووە، هەریەکەیان دەستەیەك لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکەیان دەست نیشان کردووە، گشتیان لە ناوەرۆکدا هاوڕان، بەڵام جیاوازیان هەیە لە ناونانی زاراوەکان دا. ئێمەش هەوڵ دەدەین لە چەند جۆرێکدا کۆیان بکەینەوەو هەریەکەیان بەتایبەت ئەوانەی کە زیاتر لە پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی زماندا کاردەکەن و کاریگەری یاسا مۆرفۆلۆجییەکانیان بەسەردا دیارە وە بە پێچەوانەشەوە، وەك لایەنێکی تیۆری باسی لێوە دەکەین و نموونەی زیندووی زمانەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکەین و جۆری یاخود گۆڕان و کاریگەری ئاستی مۆرفۆلۆجی لێدەست نیشان دەکەین و پەیوەندییان دەخەینەڕوو. یاسا فۆنۆلۆجیەکانیش لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**١. ياسای توانەوە.**
**٢. ياسای پەيابوون.**
**٣. ياسای فرێدان و زيادكردن.**
**٤. ياسای سيما گۆڕەكان (Features distinction).**
**٥. ياسای تێكەڵبوون.**
**٦. ياسای تەبايی.**
**٧. ياسای جيابوونەوە.**
**٨. ياسای گونجان و نەگونجانی دەنگ.**
**٩. ياسای جێگۆڕين.**
**١٠. ياسای دەنگە گۆڕكێ (زيادكردن).**

### ٧. ٢. ١. ياسای توانەوە:

يەكێكە لە ياسا فۆنۆلۆجييەكانی زمانی كوردی، كە بريتييە لە توانەوەی فۆنيمێك لەئەنجامی لێكدانی دوو فۆنيمی وێكچوو ياخود جياواز (ئەگەر دوو دەنگی كۆنسنانتی وێكچوو ياخود لێك نزيك، بكەونە پاڵ يەك، ئەوە لە دەربڕيندا يەكێكيان ون دەبێ، هەروەها لە دەنگی بزوێنيشدا ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، بەتايبەتی (ە) كە بزوێنێكی ديكەی دێتەپاڵ تێ دەچێ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٥٤). وەك:

كورت + تر = كورتر
چاك + كرن = چاكردن
بڵند + ترين = بڵنترين

وەك لە نموونەكانی سەرەوەدا دەردەكەوێ كە فۆنيمی / ت، ك، د / تواوەتەوە، بەشێوەيەك ڕاستە لەئەنجامی پێكچوون و نزيكی فۆنيمەكانە. بەڵام ڕوودانی ئەم حاڵەتە لە بنج دا بۆ كاريگەری مۆرفۆلۆجی دەگەڕێتەوە چونكە گيرەكی ڕێزمانی / تر، ترين / و كەوتنە پاڵ يەكی دوو مۆرفيمی (چاك - ڕەگ، كرد — قەد) ئەم بارەيان ڕەخساند ئەگينا توانەوەی فۆنيم بۆچی ڕووی ئەدا ؟ هەرچەند مەبەستی كەمتر سەرف كردنی وزەی لەدواوە بێت ياخود ئاسانی لە

گۆکردنا، کەواتە (یاسای توانەوە بریتییە لە سووانی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا ئەمە بە مەبەست ئاسان کردنی دەربڕینە، ئەم جۆرە گۆڕانەش کە بەسەر وشە، یان مۆرفیمەکان دێت لەئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە سنووری جیاوازدا دێتە کایەوە، لەهەندێ حاڵەتدا، شێوەی قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرك و واتایان کەم بێتەوە (تالیب حوسێن ١٩٨٩: ٥٨) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونانە بکە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| شاخەکە + - ان = شاخەکان | / ە / تواوەتەوە | دەمرێ + ێت = دەمرێت | / ێ / تواوەتەوە |
| بکە + - ەوە = بکەوە | / ە / تواوەتەوە | دەمری + یت = دەمریت | / ی / تواوەتەوە |
| بخۆ + - ەوە = بخۆوە | / ە / تواوەتەوە | دەخوا + ات = دەخوات | / ا / تواوەتەوە |
| قوتابی + ین = قوتابین | / ی / تواوەتەوە | ڕا + بکە = ڕاکە | / ب / تواوەتەوە |
| پەردە + ەکە = پەردەکە | / ە / تواوەتەوە | هەڵ + بگرە = هەڵگرە | / ب / تواوەتەوە |
| حەوت + سەد = حەوسەد | / ت / تواوەتەوە | وەر + بگرە = وەرگرە | / ب / تواوەتەوە |
| هەڵ + هاتن = هەڵاتن | / ه / تواوەتەوە | دەست + هاڕ = دەستاڕ | / ه / تواوەتەوە |
| ڕۆژ + ێك = ڕۆژێ | / ك / تواوەتەوە | زەرد + ئاو = زەرداو | / ئـ / تواوەتەوە |
| ماست + ئاو = ماستاو | / ئـ / تواوەتەوە | قیژە + اندن = قیژاندن | / ە / تواوەتەوە |
| بم گرتبا + ایە = بم گرتا | / ا / تواوەتەوە | ڕژا + اندن = ڕژاندن | / ا / تواوەتەوە |
| پاڵنان: پاڵ. نێ + ەر = پاڵنەر | / ێ / تواوەتەوە | گەنم + ەکە = گەنمەکە | / i / تواوەتەوە [٥٥] |
| لە + ئەو = لەو | / ئە / تواوەتەوە | لە + ئەوان = لەوان | / ئە / تواوەتەوە |
| گا + ئاسن = گاسن | / ئا / تواوەتەوە | بچووبام + م + ایە = بچوومایە | / با / تواوەتەوە |

---

٥٥- وشەی (گەنم) کە لە دوو کەرت : (گە - ge ) و (نم - nim ) پێکهاتووە ، لە کەرتی دووەمیدا بزوێنی / i / هەیە .... بەڵام کە دەڵێین (گەنمەکە) ، ئەوە بزوێنی / پ / ی نێوان / ن / و / م / نامێنێ ، چونکە کەرتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ و دەبنە (گەن — مە — کە / gen – me – ke ) . دەبینین (گە — ge) کەرتی یەکەمی وشەی (گەنم) ە ، کەچی لە شێوەی (گەنمەکە) دابووە بە (گەن — gen) (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠ : ٧٩)

هەروەکو لە وشەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە توانەوەی فۆنیمە جۆربەجۆرەکان لە حاڵەتی جیاجیادا ڕوویداوە بە کاریگەری (گیرەکی وشە داڕێژ و ڕێزمانی و نووسەکەکان و مۆرفیمە ئەرکی یەکان — لە) واتە کاریگەری ئاستی مۆرفۆلۆجی بەسەر ئاستی فۆنۆلۆجی هەرچەندە زۆر لەو دەنگە تواوانەی کە ئاماژەمان پێدان لە حاڵەتی تردا بەبێ بوونی ئەمانەش ڕوودەدا بەڵام ئەم جۆرە ڕوودانانە زیاتر خۆیان لە شێوە جیاوازەکانی زارێکدا دەبیننەوە جگە لەوەی سنووری لێکۆڵینەوەشیان زیاتر تایبەت دەبێت بە ئاستی فۆنۆلۆجی زمان، دیارە ئەمەش کاری ئەم توێژینەوەیە نییە، چونکە ئێمە مەبەستمان تەنیا دەست نیشانکردنی ئەو جۆرە توانەوانەیە کە بەهۆی گیرەك و نووسەك ڕوودەدەن لە سنووری ئاستی مۆرفۆلۆجی دا کە بەسەر مۆرفیم و وشەکاندا دێن لە ئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکتری و تێکەڵ بوونیان بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی دوو ئاستەکە لەو بوارەدا، بەمەش (توانەوە مانای نەمانی سنوورە لە نێوان دوو فۆنیمدا کە لەنێو یەکدا دەتوێنەوە، بەتایبەت کاتێك لە وشەیەکدا یان لە دوو وشەدا، کە پێکەوە بێن و دوو فۆنیمی لێکچوو یەك بەدوای یەکدا بێن بە مەبەستی ئاسانکردنی کاری دەربڕین.. (بڕوانە احمد مختار ١٩٧٦: ٣٢٤ — ٣٣٣)

## ٢. یاسای پەیابوون:

پەیابوونی فۆنیمێکی تازەیە بەتایبەتی لە ئەنجامی کەوتنە پاڵ یەکی دوو بزوێن (هەندێ جار لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕیشەی وشەیەك و پاشگرێك دەنگێکی نوێ دێتە کایەوە بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان (محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١١٦). وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| دێ + ەکە | ← | دێیەکە | / ی / پەیابوو |
| جۆ + ەکە | ← | جۆیەکە | / ی / پەیابوو |
| بیخۆ + ەوە | ← | بیخۆرەوە | / ر / پەیابوو |
| خانوو + ەکە | ← | خانوووەکە | / و / پەیابوو |
| مامۆستا + ان | ← | مامۆستایان | / ی / پەیابوو |
| بیلێ + ەوە | ← | بیلێرەوە | / ر / پەیابوو |
| چەقۆ + ێك | ← | چەقۆییێك | / ی / پەیابوو |
| گۆڕا + ڕا | ← | گۆڕدرا | / د / پەیابوو [٥٦] |
| دێ + ات | ← | دێهات | / ه / پەیابوو |
| میوە + ات | ← | میوەهات | / ه / پەیابوو [٥٧] |
| نۆ + دە | ← | نۆزدە | / ز / پەیابوو [٥٨] |
| میوە + ات | ← | میوەجات | / ج / پەیابوو [٥٩] |

---

٥٦- (ئەو کردارانەی ڕەگی کاری ڕانەبرودوویان بە دەنگی (ڕ) کۆتایی دێت ، لە کردنی بە کارا بزردا ، ئاخێوەر هەندێ جار (د) دەخەنە نێوان کردارەکەو پاشگری (- ر) ی کارابزری یەوە (ئەوڕەحامنی حاجی مارف ٢٠٠٠ : ١٥) . واتە گیرەکی ڕێزمانی (- ر) کاریگەرە بۆ پەیدابوونی فۆنیمی / د / ، وەك : هاڕا هاڕدرا ، ژمێررا ← ژمێردرا

٥٧(کاتێك نیشانەی (- ات) ی کۆ دەخرێتە سەر هەندێ وشەی بە بزوێنی / ێ / ، / ە / ... کۆتایی هاتووە ، ئەوا لەنێوان دوو بزوێنەکە فۆنیمی / ه / پەیدادەبێ (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠ : ٨٦)

٥٨-((ئەمە لە بەشێکی زۆری ناوی ژمارەکاندا بەژداری دەکات (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٩٨ : ٩٥) .

٥٩ - (ئەمە تەنیا لە وشەی (میوە) دا بەرچاو دەکەوێ ، ئەویش ، کە نیشانەی (ات) ی کۆی بخرێتە سەر ، بەتایبەتی لە ناوچەی سۆران (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠ : ٨٧)

بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێ کە پەیابوونی فۆنیمە جۆربەجۆرەکان لە ئەنجامی کاریگەری گیرەکی ڕێزمانی (- ەوە، - ان، - ات، - را، - ێك) نووسەکی (- ەکە) دێتە ئاراوە کە دەچنە پاڵ هەریەك لە وشەو مۆرفیم و ڕەگەکان هەروەها لە ئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکی دوو مۆرفیمی ژمارەی جیاواز هەرچەندە (پەیدابوونی کۆنسنانتەکان و نیمچە کۆنسنانتەکان چالاك و کاریگەرترن، لە پەیدابوونی بزوێنەکان، چونکە پەیابوونی بزوێن تەنیا لە چەند حاڵەتێکی یەکجار کەمدا دەبینرێ و ئەویش بە شێوەیەکی یەکجار سست (دولبەر شالّی ٢٠٠٠: ٨٨)، وەك

میوه + ات ←——— میوەجات / ج / پەیابوو [٦٠]

بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێ کە پەیابوونی فۆنیمە جۆربەجۆرەکان لە ئەنجامی کاریگەری گیرەکی ڕێزمانی (- ەوە، - ان، - ات، - را، - ێك) نووسەکی (- ەکە) دێتە ئاراوە کە دەچنە پاڵ هەریەك لە وشەو مۆرفیم و ڕەگەکان هەروەها لە ئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکی دوو مۆرفیمی ژمارەی جیاواز هەرچەندە (پەیدابوونی کۆنسنانتەکان و نیمچە کۆنسنانتەکان چالاك و کاریگەرترن، لە پەیدابوونی بزوێنەکان، چونکە پەیابوونی بزوێن تەنیا لە چەند حاڵەتێکی یەکجار کەمدا دەبینرێ و ئەویش بە شێوەیەکی یەکجار سست (دولبەر شالّی ٢٠٠٠: ٨٨)، وەك

خاڵ ←——— خاڵۆ دەر ←——— دەرێ [٦١]

---

٦٠- (ئەمە تەنیا لە وشەی (میوە) دا بەرچاو دەکەوێ ، ئەویش ، کە نیشانەی (ات) ی کۆی بخرێتە سەر ، بەتایبەتی لە ناوچەی سۆران (دولبەر شالّی ٢٠٠٠ : ٨٧)

٦١- پەیدابوونی بزوێنی (ۆ ، ێ) لەم دوو نموونەیە دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە و بە کاریگەری مۆرفۆلۆجی دروست نەبووە ، ئەمەش زیاتر بۆ حاڵەتی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە بە کاریگەری شێوەی یان چەند شێوەیەکی زارێکدا دروست بووە .

**٣ . یاسای تێکەڵ بوون:**

تێکەڵ بوونی دوو مۆرفیمە کە لەئەنجامدا گۆڕانێکی دەنگی بەسەر یەکێکیاندابێت ، ئـەو گۆڕانەش گۆڕینی دەنگێکە بە دەنگێکی نزیکی خۆی (وەك گڕو کپـی دوو دەنگـی هاوشـێوەو شوێن) یان توانەوەی دەنگێکـە یـان هەردووکیانـە (هەنـدێ پێشـگری ناسـادە لـە ئـەنجامی تێکەڵبوونی پێشبەندی (دە ، بە ، لە ، وە ، ڕە) لەگـەڵ ژمـارەی (ییـێك ، یـەك) پەیـدابوون (هەمان سەرچاوە : ٥٠) وەك :

بە (وشەی ئەرکی) + ییێك(ئەلۆمۆ رفی مۆرفیمی تاك (ژمارە)) ← پێك : پێکهات...

دە (مۆرفیمی ڕێزمانی — ئەسپێکت) + ییێك ← تێك : تێکچوون ...

لە (وشەی ئەرکی) + ییێك ← لێك : لێکدان ...

وە (پێشبەند — وشەداڕێژ) + ییێك ← وێك : وێك کەوتن ...

ڕە (پێشبەند — وشەداڕێژ) + ییێك ← ڕێك : ڕێك بوون ...

توانەوەو گۆڕانی ئەم دەنگانە بەهۆی لێکدانی مۆرفیمی ئازادو بەندەوە بووە (ئەمانە پتر بە کێشەی وشەسازیەوە بەندن وێڕای ئەوەی کەکەمێك پێوەندییان بە دیاردەی دەنگی یەوە هەیە (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠ : ٥٠).

## ٤. یاسای فڕێدان و زیادکردن:

ئەم جۆرە یاسا فۆنۆلۆجییەی زمان دوو گۆڕانی دەنگییە لە یەك وشە یان مۆرفیمدا، کە لابردن و فڕێدانی فۆنیمێکە وە زیادکردنی فۆنیمێکی ترە، وەك:

شازدە ⟵ شانزە

پازدە ⟵ پانزە

لە هەردوو نموونەکەدا فۆنیمی / د / فڕێ دراوەو فۆنیمی / ن / زیاد کراوە.

یان: دوو + دە ⟵ دوازدە

(لەم جووتە ڕستەیەی سەرەوەدا پێشبەندی ڕستەی (أ) کە مۆرفیمێکی ئەرکییە لە (ب) دا بە پاشبەندی (ە) جێگیر کراوەو هەمان واتاو ئەرکی ڕێزمانی بەجێ دەهێنێت. ئەگەر کاتی فرمانەکە خرایە ئێستەی تەواو Present Perfect [٦٢] فۆنیمی / ت / لەنێوان دوو بزوێنەکەدا دەردەکەوێ. [ / ە / ی نیشانەی پاشبەندی کات / ە / ی پاشبەند].

---

٦٢-(ئێستای تەواو: ئەو کارەیە کە ڕوویداوەو تەواو بووە بەڵام تەئسیری مایە لەسەر ئێستادا . یاساکەی ئەمەیە: [ڕەگی ڕابردوو + وو + ڕاناوی لکاو + ە ] (لەگەڵ تێنەپەڕدا (ە) تەنیا) لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێ (وریا عومەر ئەمین ١٩٩٥: ٩٦)

| لەگەڵ تێپەڕدا | لەگەڵ تێنەپەڕدا |
| --- | --- |
| من خواردوومە. | من نوستووم . |
| ئەو خواردوویەتی | ئەو نوستووە . |

أ- نارد یان بۆ ئاسمان.

/ ت / ه

ب- ئەوان ناردوو یا نــــە تــــە ئاسمان.

مۆرفیمی ئێستای تەواو زیادکراو پاشبەند

ئەگەر ڕەگی فەرمان بە Consnant کۆتایی هاتبێ. بە نەمانی ڕاناوی لکاوی کەسی،[ وو] ی نیشانەی کاتی ئێـــستای تـــەواو دەبـێـتە[ ۆ ] و[ ه ] نامێنێ. وەك [ناردن] ڕەگی ڕابردووی بە[ د ] کۆتایی دێ [نارد] (وریا عومەر ئەمین ١٩٩٥: ٦٧ — ٦٨) وەك لەم ڕستەیەدا:

ت- ئەوانە هەسارەیەکیان ناردۆ تــــەئاسمان.

/ ت / / ه /

فڕێ دراوە زیادکراوە

لە ڕستەی (ت) دا گەر سەیرێکی کارەکە بکەین دەبینین وەك مۆرفیمێك لەجۆری (قەد) دا دوو گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە یەکەمیان: فڕێدانی فۆنیمی / ه /، دووەمیان: زیادکردنی فۆنیمی / ت /، ئەم یاسای فڕێدان و زیادکردنە وەك یاسایەکی فۆنۆلۆجی لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا پەیڕەوکرا، هەرچەند ئێمە ڕستەمان خستەڕوو، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکەو ئاماژە پێ کردنی سەرچاوەیەك بۆ پاڵپشتی یاساکە ئەگینا دەتوانرێ بەبێ ڕستەش ئاماژەی پێ بکرێت.

## ٥. یاسای جێگۆڕین (زیادکردن):[٦٣]

ئەم یاسایە شوێن گۆڕینی فۆنیمێکە یان زیاترە لە سنووری وشەو مۆرفیم دا (بە پاش و پێش خستنی یان سەرەو ژێرکردنی پیتەکان لە وشەییێکدا دەگوترێت شوێن گۆڕین (ڤاهرە النقد السکانی (Metathes) ئەم شوێن گۆڕینە نەك هەر ئەمە بەڵکو وەك زاراوە بە هەموو حاڵەتێك دەگوترێت کە دەنگێك یا زیاتر لەشوێنی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی دیکە لە وشەدا (نەسرین فەخری ١٩٨٥: ٢٦٣).

واتە (لەم دیاردەیەدا دوو دەنگ یا دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە هەندێ جار وشەکە بەهەردوو شێوەکەی لە یەك زاردا دەبینرێن، هەندێ جاریش هەرشێوەی لە زارێکدا دەردەکەوێ و بەکاردێ (محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١١٨ — ١١٨) نموونە:

١. لەنێوان دوو زاردا:

تەرزە (سلێمانی) ، تەزرە (هەولێر)

بەفر (سلێمانی) ، بەرف (زارەکانی سەروو)

٢. لەناو هەمان زاردا:

رفین ، فرین / روانین، نوارین

هەروەها مامۆستا (محەمەد) پەنجەی بۆ ئەمەش ڕاکێشاوە، کە ((هەندێ جێگۆڕکێ پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری یەوە هەیە و شێوەیەکی وشەکە مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتییە، بۆنموونە شێوەیەك لەم فۆرمانەی خوارەوە لە قسەی نەخوێندەواردا زیاتر دەردەکەوێ:

---

٦٣- مەبەست لە زیادکردن لێرەدا ئەوەیە کە هەندێ جار جگە لە دیاردەی جێگۆڕین، دیاردەی زیادکردنیش ڕوودەدات واتە لەدوای جێگۆڕینەکە دەشێت لە هەندێ وشەدا دەنگێکی تر زیادبێت، یاخود پێش جێگۆڕینەکە، وەك:

١. زیادکردنی / ر / لە دەسرۆك: دەررسۆك

٢. زیادکردنی / و / لە جوون دوای توانەوەی دەنگی / ێ / .

| | |
|---|---|
| خوێندەوار | نەخوێندەوار |
| جومعە | جوعمە |
| ڕوبع | ڕوعب |
| لەعنەت | نەعلەت |

**(محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١١٨)**

شایانی باسە ئەم دیاردە فۆنۆلۆجییەی زمان لە سنووری وشەو مۆرفیم دا دەرناچێت واتە جێگۆڕکێی فۆنیمەکان بەتەنیا دوور لەو سنوورە ڕوونادات، کە ئەمەش مەبەستی تەواوی ئێمەیە، هەرچەندە هەندێ وشەی وا لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت کە ڕاستە جێگۆڕکێی فۆنیمیان لە وشەدا بەسەردا هاتووە، بەڵام پێشتر بەرلەوەی شوێنگۆڕکێ بکەن لێکدانی مۆرفیم و وشە ڕوویان داوە دواتر ئەم یاسایەیان بەسەردا سەپاوە واتە گەر ئەم حاڵەتی لێکدان و مۆرفیمەکان نەبووایە یاسای جێگۆڕین ڕووی نەدەدا، ئەمەش جۆرە کاریگەرییەکی ئاستی مۆرفۆلۆجییە بەسەر ئاستی فۆنۆلۆجی. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

* مێروو (وشە – بنج) + لە (پاشگری بچووککراوە – مۆرفیم) ←——— مێروولە/ مێروولە: مێلوورە

* کەر(+ مۆرفیم) + وێشك (مۆرفیم) ←——— کەروێشك / کەروێشك: کەورێشك

*دەست+(بنج) ۆك (گیرەکی وشە داڕێژ) ←——— دەسرۆك دەسرۆك : دەرسۆك

(تواوە) ←——— (زیادکردن)

* زڕ (ڕەگ)+ ان (نیشانەی چاووگ – م. کاتی ڕابردوو + ن (چاووگ) ←——— زڕان زڕان: ڕزان

* هەڵ (گیرەکی وشەداڕێژ) + پەساردن (چاووگ) ←——— هەڵپەساردن هەڵپەساردن : هەڵسەپاردن

* جنێو : جوێن: جو و ن (زیادکردنی: و)

## ٦. یاسای تەبایی:

دروستبوونی فۆنیمێکی تازەیە لەئەنجامی لێکدانی دوو فۆنیمی جیاواز، واتە تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونی دوو فۆنیمە بۆ داڕشتنی فۆنیمێکی نوێ (لێرەدا دوو دەنگ دەچنە سەر یەك بەتایبەتی لەکۆتایی وشەداو دەنگێکی جیاواز دەهێننە کایەوە کە ناچێتەوە سەر هیچ کامیان (محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١١٧). نموونە:

قاپی + ەکە ← قاپێکە (ی + ە ← ێ)

(زاری سلێمانی) جوانوو + ەکە ← جوانۆکە (وو + ە ← ۆ)

گەر تیشکی سەرنج بخەینە سەر ئەم دوو نموونەیە، دەبینین دوو فۆنیمی / ۆ /، / ێ / دروستبوونە هەریەکەیان لەئەنجامی لێکدانی دوو فۆنیمی جیاواز هەرچەندە فۆنیمی / ە / لە بنیادی دروست بوونەکە هاوبەشە، پێکهێنانی ئەم دوو فۆنیمە بەکاریگەری نووسەکی / ەکە / هاتۆتە کایەوە ئەگینا بە هیچ مەبەست و کارێکی تر دروست نەبووە بەواتایەکی تر گەر نووسەکەکە نەبێت ئەم گۆڕانە گونجاو نییە لەڕووی واتاو ئەرکەوە چونکە بەتەنها گۆڕانی / ی / بۆ / ێ / یاخود / وو / بۆ / ۆ / نابێتە هیچ کام لە گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان، گەر بە مەبەستێکی تایبەتیش بێت لە ئاستەکانی زمان بەتایبەت ئەوانەی لێرەدا ئامانجی پەیوەندی دەپێکن بەدەر دەبێت. هەروەها لەهەندێ جاریش هەردوو دەنگەکە کە ڕێك دەکەون یەکێکیان دەمێنێتەوە لەبری هەردووکیان. ئەم دیاردەیەش لە کوردیدا زۆر بڵاوە بەتایبەتی کە بزوێنێکی کورت و یەکێکی درێژ دەچنە سەر یەك، ئاسایی درێژەکە دەمێنێتەوەو هەردووکیان دەنوێنێ (محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١١٧). وەك:

ئێوارە + ان (گیرەکی ڕێزمانی) ← ئێواران / ە + ا – ا

بەردەکە + ان (گیرەکی ڕێزمانی) ← بەردەکان / ە + ا – ا

لەدوێنێ + ەوە (گیرەکی ڕێزمانی) ← لە دوێنێوە / ی + ە — ی

لە پەردە + ەوە (گیرەکی ڕێزمانی) ← لە پەردەوە / ە + ە — ە

دیســـانەوە لـــە نموونـەکان گۆڕانـــی فـۆنۆلۆجی لەجۆری تەبایی بە کاریگەری گیرەکی ڕێزمانی (ان، ەوە) ڕووی داوە.

## ٧. یاسای دەنگە گۆڕکێ (زیادکردن)[٦٤]:

بریتییە لە گۆڕینەوەی فۆنیمێك بە فۆنیمێکی تر لە سنووری مۆرفیم و وشەدا بێ ئەوەی کار لە واتای بنجەکە بکات واتە فۆنیمێك شوێنی فۆنیمێکی دی دەگرێتەوە، بێ ئەوەی گۆڕین لە واتا ڕووبدات (دەنگێکی وشەیێك لەقسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە بە واتایەکی تر، هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێ بە هەمان واتا. دیسانەوە، هەندێ جار دوو فۆرمی وشەکە لەیەك زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لە زارێکی تایبەتی دا بەکاردێ... (محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١١٨).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١. | لەنێوان دوو زاردا: | سوور (سلێمانی) | : | سۆر (هەولێر) |
| ٢. | لەناو زارێکدا: | ئاسمان | : | عاسمان |

گەر سەیرێکی وشەکانی سەرەوە بکەین دەبینین فۆنیمێك یان دەنگێك شوێنی فۆنیمێکی تری گرتۆتەوە و واتای هەردوو وشەکەش یەك واتاو مەبەستی گەیانووە کەواتە (بەکورتی ئەمە ئەو حاڵەتە دەگەیەنێ، کە لە وشەیەکدا دوو دنگی جیاواز بەیەك بگۆڕێتەوەو کار نەکاتە سەر واتای وشەکە... ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا یەکجار بەربڵاوەو لەم شێوانەی خوارەوەدا دەبینرێ: (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠: ٨٩).

٦٤ هەندێ جار دوای دەنگە گۆڕکێ، فۆنیمێك زیاد دەبێت وەك: دوو + دە = دوازدە .

**١. گۆڕینی کۆنسنانت بە کۆنسنانت.**
**٢. گۆڕینی بزوێن بە بزوێن.**
**٣. گۆڕینی بزوێن بە دیفتۆنگ.**[٦٥]

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەند نموونەیەك دێنینەوە، وەك:

١. گۆڕینی کۆنسنانت بە کۆنسنانت:

دەشۆم: ئەشۆم/ د — و لەسەرمادا: لەسەرمایا/ د — ی نەوەد: نەوەت/ د — ت
دەسووتام: ئەسووتام لەدنیادا : لە دنیایا سەد: سەت
دەربەند : دەربەنگ/ د < گ[٦٦] حەوت : حەفت / و < ف ئەوڕۆ: ئەمڕۆ / و < م
ئەوەندە : ئەوەنگە مزگەوت : مزگەفت
تەنها : تەنیا / ھ < ی ھەفتە : حەفتە / ھ< ح ھاسان: ئاسان / ھ < و
باخ : باغ / خ < غ خەم: غەم / خ < غ بەرانبەر : بەرامبەر / ن< م
خراب : خراپ / ب < پ سەوز : صەوز / س < ص

ھەروەکو لە وشەکاندا دەردەکەوێت، کە ھەرچەند گۆڕانی دەنگەکان لە سنووری وشەدا ڕوودەدات، بەڵام لە ھەندێ وشەدا ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە گۆڕانەکان بەھۆی گیرەکی ڕێزمانی

---

٦٥ -مەبەست لە دەنگی دیفتۆنگ واتە بزوێنی دوولانە کە بزوێنێك و نیمچە بزوێنێك بەیەکەوە دەگرێتەوە وەك:

وێ لە خـــوێ

او لە ئـــــاو

٦٦- (دەمێ بەدوای دەنگی (ن) دا دێت، دەگۆڕێت بۆ(گ)، لەم بارەدا دوو دەنگی (ن) و (گ) تێکـەڵ بەیـەك دەبن و دەنگێکی پەنگ خواردووی قورسی ناقۆڵا دەردەبڕِێ . ھەر لەم دۆخەدا ھەندێ ئاخێوەر بەشـێك لـەو وشانە بەرەو سووك بوون دەبەن — واتە (د) ەکەی تێ دەچوێنن و دەڵێن: دەربەن، ئەوەنـە، گوڵبـەن ... دەبـێ ئەوەش لەبیر نەکەین، کە (د) ی ھەندێ لەو جۆرە وشانە، بەو چەشنەی ھەن بە ئاسایی دەوترێن، وەك: ھێندە، بەندە، کەند ... (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ٢٠٠٠: ٢٣) .

و مۆرفیمی ئەرکی و نووسەک[٦٧] دەبێت، وەك ئەو گۆڕانە دەنگییەی لە سنووری گیرەکی [دە]ی ڕێزمانی (ئەسپێکت) دا یاخود لە ئامرازی ئەرکی [ لە... دا ] ڕوویانداوە کە ئەمەش کاریگەری یەکێك لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانە بەسەر مۆرفیمەکان دا دێت بە مەبەستی دروست کردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا.

٢. گۆڕینی بزوێن بە بزوێن:

أ- لە وشەی ئاسایی دا: پێ: پا پێ بەند: پابەند

ب- لە ڕەگی کرداردا:

| چاووگ | ڕەگ | قەد |
|---|---|---|
| ڕژاندن | ڕژێن | ڕژان |
| سووتاندن | سووتێن | سووتان |
| لەرزاندن | لەرزێن | لەرزان |
| برژاندن | بژێر | بژار |
| پاڵاوتن | پاڵێو | پاڵاو |
| ئاخاوتن | ئاخێو | ئاخاو |

گۆڕانی دەنگێ (ێ) بۆ (ا) لەو چاوگانەی سەرەوەدا بۆ کاریگەری ڕەگ و قەدەکان دەگەڕێتەوە کە وەك دوو مۆرفیم لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا کاردەکەن، واتە گۆڕینی ڕەگ بۆ قەد لەو چاوگانەی کە لێوەیان وەرگیراون یاخود بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی شوێن گۆڕکێی دوو فۆنیمەکە بێ ئەوەی کار لە واتای (مفهوم) چاوگەکان بکات. چەند نموونەیەکی تر:

---

٦٧ نووسەك وەك مۆرفیمێك لە هەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی گۆڕینی فۆنیمێك بە فۆنیمێکی تر، بۆ نموونە: گۆڕینی / ۆ / بە / و / بەهۆی نووسەکە جێناوە لکاوەکان، وەك

دەخـــۆ م - دەخــوا ت

| | | |
|---|---|---|
| پێوەندی | پەیوەندی | ێ < ە |
| ئیمڕۆ | ئەمڕۆ | ی < ە |
| جێگا | جێگە | ا< ە |
| ئێستا | ئێستە | ا < ە |
| سوور | سۆر | وو< ۆ |

٣. <u>گۆڕینی بزوێن بە دیفتۆنگ:</u>

| | | |
|---|---|---|
| جوون | جوێن | وو < وێ |
| خێ : خوێ / خێن : خوێن | | ێ < وێ |

## ٨. یاسای سیما گۆڕەکان:

ئەم یاسایە لەو جووتە وشانەدا ڕوودەدات کە لە هەموو فۆنیمەکاندا وەکو یەکن، تەنیا لە فۆنیمێکدا نەبێت جیاوازیان هەیە، جیاوازی ئەم فۆنیمە دەبێتە هۆی جیاوازی لە واتای وشەکاندا واتە ئەمە پێچەوانەی (یاسای دەنگە کۆرکێ ) یە کە واتای وشەکان نەدەگۆڕا، بەڵام لێرەدا بەهۆی گۆڕینی دەنگێك لە سیمادا یاخود لە فۆڕم (شکل) ی وشەیەك دا گۆڕین لە واتای وشەکە یاخود وشەکان ڕوودەدات، ئەمەش لە جووتۆکەو سێتۆکەکان[٦٨] لەشێوەی پەیوەندییەکی ستوونیدا دەبێت کە هاوکاتە لەگەڵ ڕێگای دەست نیشان کردنی پەیڕەوی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (یاریکردن بە شوێنی دەنگی وشە جۆرەها مەبەست دروست دەکات، هەروەها سەرەڕای شوێن گۆڕینی دەنگی وشە لەناو خۆیاندا، گۆڕینی بزوێن لە وشەدا بە بزوێنێکی تر یاخود گۆڕینی کۆنسنانت بە کۆنسنانتێکی تر ڕێگەیەکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی دەبنە هۆی پەیدابوونی وشەو واتاو مەبەستی نوێ و فراوان کردنی زمان و زۆربوونی وشەی زمان (بڕوانە نەسرین فەخری ١٩٨٥: ٢٧٦) وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

٦٨- جووتۆکە دوو وشەیە کە لە سیمادا لە یەك فۆنیمدا جیاوازن، بەڵام سێتۆکە کۆمەڵە وشەیەکە فۆنیمەکانیان یەکسان تەنها لە تاکە فۆنیمێکدانەبێت لەڕووی سیماوە گۆڕاون .

کار - کەر/ ا > ه گیر - گێڕ / ی > ێ خەو — خاو / ه > ا
گوڕ - گۆڕ/ و > ۆ تەقین — تۆقین / ه > ۆ کەر - کەڕ / ر > ڕ
چل - جل/ چ > ج گول - گوڵ / ل > ڵ بڕین - بڕین / ر > ڕ
(...... هتد)

## ٩. یاسای جیابوونەوە:

گۆڕینی فۆنیمێك بە فۆنیمێکی تر لەئەنجامی کەوتنە پاڵ یەکی دوو فۆنیمی هاوجووت یان هاوشێوە (هەندێ جار دوو دەنگی وەك یەك کە دەچنە سەر یەك یەکێکیان دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر بۆ ئاسانی وەك: (محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١١٧).

پاش + شێو ⟵ پارشێو پاش + سەنگ ⟵ پارسەنگ

واتە یەکیان دەگۆڕێ و یەکیان دەمێنێتەوە، ئەمەش جیاوازە لە (یاسای توانەوەو دەنگە گۆڕکێ) چونکە ئەگەر توانەوە بووایە نەدەبوو لەشوێنی دەنگێکی تر پەیابێت، وە ئەگەر دەنگەگۆڕکێش بوایە دەبوو دەنگێکی تر زیاد نەبێت یاخود نەدەبوو دوو دەنگەکە لێك جیا ببنەوە. کە بەهۆی لێکدانی ئەم دوو مۆرفیمە بۆ پێکهێنانی وشەیەکی تازە ئەم گۆڕانە دروست بووە.

## ١٠. یاسای گونجان و نەگونجانی دەنگ:

ئەم یاسایە لە زمانی کوردیدا ئەو دەنگانە نیشان دەدات کە لەگەڵ یەك ڕێکدەکەون و دەگونجێن یاخود بەیەکەوە ناگونجێن، ئەم گونجان و نەگونجانەی دەنگەکان لە سنووری وشەو مۆرفیمدا دەردەکەوێت، ئەگینا لە ئاستی فۆنۆلۆجی دا فۆن و فۆنیمەکان دەشێت گشتیان لەگەڵ یەکدا بێن و بڕگەی جۆراوجۆر دروست بکەن بەڵام هیچ جۆرە واتایەکی فەرهەنگی ڕوویان تێ ناکات، بۆیە لەئاستی مۆرفۆلۆجی دا، کاریگەری ئەم یاسایە بەدیار دەکەوێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر تیشکی سەرنج دەخەینە سەر جۆری دەنگەکان و نموونەیان بۆ دێنینەوە:

گونجان:

یەکەم - / رد /

(دەنگی (د) بەدوای دەنگی (ر) دا زۆردێت، وەك: برد، کرد، مرد... هتد ئەمە وانیشان دەدا، کە دوو دەنگی (ر) و (د) حەز بە خزمایەتی یەکدی دەکەن و یەکتر دەپارێزن[٦٩] (ئەورەحمان ٢٠٠٠: ٢٧ – ٢٨)

دووەم - / رت /، / رم /

(دەنگی / د / لەگەڵ دوو دەنگی / ت / و / م / باش دەگونجێ و لە گەلێ وشە هەن کە تێیاندا ئەو دەنگانە پێکەوە هاتوون. وەك: کورت، کەرت، گرت... هتد

گەرم، شەرم، یارم... هتد (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠: ١١٠)

سێ یەم - / ست /، / شت /

وەك: ماست، دەست، هەست... هتد / ڕشت، گوشت، کوشت... هتد

نەگونجان:[٧٠]

**یەکەم:**

لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەدا / ر / و / ڵ / بەهیچ جۆرێك بەکارناهێنرێن. هەروەها دوو دەنگی / ل / و / ڵ / بەهیچ چەشنێك هەڵناگرن بخرێنە پێش دەنگی (ر، ڕ) ەوە، یاخود بە پێچەوانەوە کورد / ر / لە پێش / ڵ / ەوە ناهێنێ. بۆیە هەمیشە بە / ڕ /ی قەڵەو / ل / ی لاواز وشەکان دەست پێدەکات، وەك:

ڕابەر، ڕێگا... هتد

لادان، لۆکە، لانە... هتد

---

٦٩ (بەدەگمەن نەبێ لە چەند وشەیەکی یەکجار کەمدا حاڵەتی تێچوونیشی هەیە، وەك: زەرد > زەر ، ئارد > ئار (دولبەر شاڵی ٢٠٠٠: ١١٠) .

٧٠ -بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ١٩٧٦، ل ٦٣ .

٢. دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، ٢٠٠٠، ل ١١١ – ١١٢ .

**دووەم:**

دیسانەوە دەنگی / ك /، / گ / كە دەكەونە پێش دەنگی / ێ، ی، وێ، وی / بەوە شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێت تا ڕادەیەك لە وتنی دەنگی / چ /، / ج / نێزیك دەبنەوە، وەك:

كێشە، گێلاس، كیسە، گیسك، كوێ، گوێ، هەنگوین

ئەم دۆخە دەشێ بە (یاسای كارتێكردن) یش ناوببرێ، چونكە ئەو دەنگانە كە دەكەونە پاڵ یەكتری بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ یەكتری كار تێك دەكەن بۆ ئەوەی دەنگێكی تر دروست بێت، ئەم گۆڕانە دووبارە بەسەر وشەكاندا دێت بێ ئەوەی كار لە واتایان بكرێت، تەنیا ئەوە نەبێت كە گۆكردنیان جیاوازە لە گۆكردنی دەنگەكە خۆی بەڵكو لە دەنگێكی تر دەچێت، كاریگەری و كارتێكردنی ئەو دەنگانە پەیوەندی بە ئاستی مۆرفۆلۆجی یەوە هەیە.

**سێ یەم:**

لە زمانی كوردیدا تێبینی ئەوە دەكرێ دەنگی / ی / لەپێش دەنگی/ و / یاخود دەنگی / ۆ / وە نایەت، بۆیە ئەو وشە بێگانانەی (یو)، (یۆ) یان تێدایە، كورد جێگۆڕكێیان پێ دەكاو دەیانكاتە (وێ). وەك:

یۆنان : وێنان

ملیۆن : ملوێن

یوسف : وێسف

یونس : وێنس

## ٨. بۆچوونی مۆرفۆفۆنیمی لای هەندێ لە زمانەوانەكان:

ئاشكرایە كە بیرۆكەی مۆرفیم هەروەكو لە بەشی یەكەم دا ئاماژەمان بۆكرد بۆ ڕۆنانكارە ئەمریكی یەكان دەگەڕێتەوە، بۆیە گەر باسی ئاستی مۆرفۆفۆنیمی دەكەین وەكو دوو ئاستی تێكچڕژاو كە ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی دەگرێتەوە، پێویستە لە (بلۆم فیلد) كە ڕابەرو دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دەست پێ بكەین، هەرچەندە كە باسی مۆرفۆفۆنیمی كردووە، دواتر لای (ترۆبسكۆی) كە ئەویش دامەزرێنەرو پێشەوای قوتابخانەی (پراغ) ەو دیسانەوە

باسی ئەم دیاردەیەی کردووە، ئێمە تەنیا دیدو بۆچوونی ئەم دوو زمانەوانە وەردەگرین سەبارەت بە دیاردەی مۆرفۆفۆنیمی، لەدوای ئەوان زمانەوانەکانی تر [٧١] گەر باسیشیان کردبێ، ئەوا کاریگەربوونە بە بۆچوونەکانی (بلوم فیلد) لەم بارەیەوە کاریگەری (بلوم فیلد) لەسەر توێژینەوە زمانەوانییەکان بەهەموو شێوەیەك ڕوون بوو ئەویش لەڕوانگەی پشت بەستنی بە پرۆگرام گەرایەکی زانستی و ئاشکراوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە ماوەی پێش (چۆمسکی) بە ماوەی (بلم فیلد) ی ناسراوە (نەریمان خۆشناو – کامەران محەمەد ٢٠٠٨: ٧١). دیسانەوە ئەم دوو زمانەوانە لەڕوانگەی دوو قوتابخانەی زمانەوانی بۆ مۆرفۆفۆنیم چوونە، بەمەش هیچ قوتابخانەیەکی تر وەکو ڕێباز بۆ ئەم دیاردەیە نەچوونە، زمانەوانە کوردەکانیش [٧٢] لەڕوانگەی ئەوانەوە بەتایبەت (بلومفیلد) لە دیاردەکە دواون، هەرچەندە کاری جێبەجێ کردنیان بە کەرەستەی زمانی کوردییە، جگە لەوەش هەیە زۆرکەم لە دیاردەکە دواوەو بەقووڵی نەچۆتە ناو باسەکەوە [٧٣]

### ١. بلومفیلد:

جۆرێکی دیکە لە وەسفی مۆرفۆفۆنیمی کە (بلومفیلد) پێشڕەوایەتی کردووە، دوور کەوتنەوەیەکی ڕادیکاڵانەیە (بیرمەندانە) لەو چوارچێوە تیۆرییەی پێشتر باسمان کرد [٧٤] و لە هەندێ لایەنیشەوە ئاڵۆزترە لە شیکردنەوەی ئاستە جیاکراوەکان. لە باسکردنی جێگۆڕکێ کان لە زمانی کوردی دا بینیمان کە (زمانەوانێکی وەکو (هاریس) ڕەمزێکی مۆرفۆفۆنیمیکی تایبەت بەکاردێنێت و ئاستێکی تایبەت جیا دەکاتەوە بێ لەبەرچاو گرتنی ناسنامەی فۆنەتیکی " لەڕاستیدا ئەمە بە دایکە فۆنیم ناودەبرێت و خاسیەتێکی مۆرفۆفۆنیمی یە (Roger Lass1998: 59).

---

٧١ لەوانە ( زرنگ هاریس) باسی کردووە .

٧٢ مامۆستا (وریا عومەر ئەمین) .

٧٣ مامۆستا (وریا عومەر ئەمین) .

٧٤ بڕوانە بابەتەکانی لاپەڕە (٥٣، ٦٠) .

لێرەدا مۆرفۆفۆنیمیك ئەركی بەیەك گەیاندنی (پرد) نێوان دوو ئاستی هەیەو لەهەر حاڵەتێكیشدا یاسایەك [٧٥] هەیە پێمان دەڵێ كام فۆنیمانە ڕاڤەی مۆرفۆفۆنیمیكی دیاریكراو دەكەن و لە چ سیاقێكیشدایە.

بۆچوونی بلۆمفیلد تاڕادەیەك جیاوازە هەرچەندە بنەمای پرد (بەیەكگەیاندن) هەر كاری پێ دەكرێت (ئەو هەمان تایبەتمەندی بەدەست هێنا بەبێ بەكارهێنانی مۆرفۆفۆنیمیك وەكو ئاستێكی نوێ و خۆشی دوور خستەوە لە نواندنی فۆنیمی. (Ibd: 59) دەكرێ بگوترێ بلومفیلد دووبارە پێناسەكردنەوەیەكی ئەنجامدا بۆ ئاستی فۆنیمی بەڕێگەی مۆرفۆلۆجی پەیوەندیدار بەجۆرێك كە بەیەكگەیاندنەكە ڕووبدات بەبێ داخلكردنی ئەو ئاستە سەربەخۆیەی پێشتر باسكرا. ئەگەر لەپێشدا بەكورتی باس لە مەسەلەكە كرابێ دەتوانین بڵێین بۆچوونی بلۆمفیلد بەم شێوەیەیە: (هەركاتێك ئیمكان بوو یان گونجا، یەك ئەلۆمۆرف وەكو ئەلۆمۆرفی بنچینەیی (بنەڕەتی) وەربگرەو ئەوانی دیكەی لێ هەڵبهێنجە بەهۆی یاساكانەوە (Bloomfield 1933:213). بۆنموونە: مۆرفیمی (كۆ) شێوەی فۆنیمی / ان / وەكو بنەڕەتی وەردەگرێت و كۆمەڵێك هەنگاو دیاری دەكات بۆ بەدەست هێنانی ئەلۆمۆرفە دروستەكان وەكو / ات، جات، هات /. هەروەها مۆرفیمی (گەس) شێوەی فۆنیمی / گەس / وەكو بنەڕەتی وەردەگرێت و هەنگاوێك دیاریدەكات بۆ بەدەست هێنانی ئەلۆمۆرفێكی تری دروست وەكو / گەز /. بۆیە وشەكانی یاخود مۆرفەكانی (گەس، كوش، كەیف) دەكرێ وا لێك بدرێنەوە بەوەی دەنگەكانی كۆتایی [س، ش، ف] لە وشەكانیاندا بە دەنگەكانی [ز، ژ، ڤ] دەگۆڕێن پێش ئەوەی فۆرمە بەندەكە (دە، بێ — گیرەكی ڕێزمانی) زیادبكرێت. (ئەوە بەواتای ئەوەی وەسفە ڕاستەكە بریتی یە لە زنجیرەیەك هەنگاو " لێرەدا دوو هەنگاو بۆ / گەس / بەكاردێت:


١. دەنگی كپی كۆتایی بگۆڕە بە دەنگدار (گڕ).
٢. ئەلۆمۆرفی گونجاو بلكێنە.

ئەم دوو هەنگاوە دەبێ بەڕیزو بەدوای یەكدا پەیڕەو بكرێت ناكرێ ئەلۆمۆرفێكی ڕاستت دەستكەوێت (مەبەست ئەلۆمۆرفی / گەس / یان /..... هتد /) تاوەكو دەنگەكانی /

٧٥ مەبەست لە یاسا فۆنۆلۆجیەكانە .

ز، ژ، ڤ / ت نەبێت تا تەحەکومی پێوە بکەن. (٥٩ - ٦٠ :Roger Lass1998) وەك لەم نموونانەی خوارەوە بەپێی هێڵکاریەکان دەردەکەوێ:

گەس ⟵ گەز وەك گەستم : دەگەزم
کوشت ⟵ کوژ وەك کوشتم : دەکوژم
ف ⟵ ڤ وەك بێ کەیف : بێ کەیڤ




**بلومفیلد دوو بیرۆکەی گرنگ و بنەڕەتی پێشکەش کردووە:**

١. یاسای بازدان: (ئەو یاسایانەی شتێك بە شتێکی دی دەگۆڕن یان جێگۆڕکێ دەکەن لەگەڵ یەکدا)، وەك لە نموونەکانی پێشتردا.

٢. ڕیزبەندی یاساکان: هەنگاوەکان (زۆربەیان) دەبێ بەپێ ی ڕیزبەندی دیاریکراو پەیڕەو بکرێن تاوەکوئەنجامی ڕاستت دەستکەوێت، وەك دوو هەنگاوەکەی پێشتر باسکرا (بڕوانە ٦٠: Ibd).

بلومفیلد لە درێژەی سەرنجەکانیدا دەڵێت: (ئەم کردارانە (هەنگاوانەی سەرەوە) ڕیزبەندییەکی وەسفیانەی پوخت نیشان دەدەن و دەڵێت " ڕیزبوونی ڕاستەقینەی پێکهاتەکان " بەشێکی ئەو زمانە پێکدێنن بەڵام ڕیزبوونی وەسفیانەی سیماڕێزمانییەکان تەنها شتێکی وەهمییە و ئەنجامی تاکە میتۆدێکی (ڕێباز) وەسفکردنی فۆرمەکانە. ئەمەش بە واتای مانایەکی دیاریکراونییە کە قسەکەر ئەم هەنگاوانە لەڕێگەیەوە ئەنجام بدات " ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دی هاوشێوەی هیچ شتێکیش نین کە قسەکەر لە مێشکی خۆی نیازی هەبێت بیکات یا لەمێشکی بخولێتەوە. قسەکەر تەنها فۆرمێك دەدرکێنێ (وەکو: دەکوژن) کە لە هەندێ سیمادا لێکچوونی هەیەو لە هەندێ سیماشدا جیاوازە لە فۆرمێکی دی (واتە: دەی کوشت).

ئەو جیاوازیانەی نێوان ئەوەی دەدرێتە پاڵ قسەکەرو ئەوەی دەدرێتە پاڵ زمانەوان، بەسەرچووە، چونکە ئێستا ئاڕاستەیەك هەیە کە پێی وایە وەسفە زمانییەکان لەلایەنی سایکۆلۆژی یەوە ڕاستەقینەن (بڕوانە ٦٠ : Ibd).

**٢. ترۆبسکۆی:**

نیکۆلای ترۆبسکۆی (١٨٩٠ — ١٩٨٣) ئەمیری ڕووسی کۆچبەر داهێنەری قوتابخانەی (پراگ) ە کە قوتابخانەیەکی زمانەوانی بوو لە چیکۆسلۆفاکیا لەپاش پەیدابوونی بۆچوونەکانی (دی سۆسێر) پەیدابوو لەساڵی (١٩٢٦)[٧٦].

بۆچوونی ترۆبسکۆی سەبارەت بە (مۆرفۆفۆنیمی) لە چوارچێوەیەکی فۆنۆلۆژییەوە بووە، چونکە (ترۆبسکۆی پێی وایە فۆنیم بچووکترین یەکەی فۆنۆلۆجییەو جووت دەنگە بەرامبەرەکانیش (Oppositions) تەنها لە سیستەمی زماندا هەن. واتە ئەو جووتە دەنگانە هێندە سەربەخۆ نین و دواتر بە بناغەی (سیما جیاکەرەوەکان) دانراون ( Trubetzkoy 1939[1969]:67). واتە (بایەخدان بە دیاردەی مۆرفۆفۆنیمیکی یاخود مۆرفۆ — فۆنۆلۆژی. لەلایەن ئەم قوتابخانەیە، بایەخدانێکە کە بۆ کاریگەری فۆنیم لە مۆرفۆلۆژی دا دەگەڕێتەوە (سەلام ناوخۆش — نەریمان خۆشناو: ٥٩) ترۆبسکۆی باس لە دەنگی بێ لایەن (Neutralisation) دەکات لەنێوان دوو فۆنیم لە دەوروبەرێکی دیاریکراو، بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزی دا جیاوازی نێوان دەنگی تەقیوی کپ / t / لەگەڵ دەنگی تەقیوی گڕ / d / گرنگە لە: Tip - Dip

بەڵام جیاوازی نێوانیان نامێنێت، کاتێك دەنگی / ژ / دەکەوێتە پێشیانەوە وەکو لە: Stop

واتە دەنگی / t / لەو وشانەی کە / s / دەکەوێتە پێشیانەوە هیچ کام لە دوو فۆنیمی / d / و / t / نییە(Fudge ١٩٧٣: ٩)، بەمەش (ئەو دەنگەی کە ون دەبێت و

---

٧٦- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم قوتابخانەیە بڕوانە ئەم سەرچاوە کوردییە:

- قوتابخانە زمانەوانییەکان (٢٠٠٨) وەرگێڕانی نەریمان خۆشناو — کامەران محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، لاپەڕە (٣٧ — ٤١)، هەولێر .

دەتوێتەوە یاخود بەرکەنار دەبێت وەکو (دایکە فۆنیم) دەردەکەوێت واتە بە(دایکە فۆنیم) ناودەبرێت (٤٢: Lass1998).

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کە(ترۆبسکۆی لە لایەنی فۆنیم بۆ دیاردەکە چووە (Trubetzkoy1929: ٨٧)، ئەویش لەڕێگەی (دایکە فۆنیم) ەوەیە، کە (٥) پێنج جۆر لە (دایکە فۆنیم) دیاری دەکات[٧٧] بەڵام لە زمانە جیاوازەکاندا وەکو (ئەڵمانی، هۆڵەندی، پۆڵەندی، ڕووسی، ئینگلیزی ئەمریکی، دانیمارکی، ئینگلیزی کۆن، فەرەنسی). بەبۆچوونی ئێمە تەنها جۆری یەکەم لە (دایکە فۆنیم) لەسەر زمانی کوردی جێبەجێ دەبێت و ئەوانی تر نموونەیان لە زمانی کوردیدا بەدەست ناکەوێت، هەرچەندە هەندێ لە زمانەوانانی کورد[٧٨] پێیان وایە فکرەو بیری ترۆبسکۆی لەگەڵ فکرەی ئێمە بۆ ئیمڕۆی زمانی کوردی لێك دوورەو تاڕادەیەك دەست نادات، بەڵام ئێمە جۆری یەکەمان بەلاوە گرنگەو هەر ئەو جۆرەش لێرەدا باس دەکەین. بەمەش جۆرێك لە (دایکە فۆنیم) کە بابەتی مۆرفۆفۆنیمی دروست دەکات، لەلایەن ترۆبسکۆی ئاماژەی پێ کراوە، لە زمانی کوردیدا جگە لە زمانانی تر، نموونەی بەرچاو دەکەوێت و پڕاکتیك دەکرێت، ئەویش لەو جۆرەیە کە لە بابەتی (جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی)[٧٩] ئاماژەمان پێ داوە. (دیاردەی دایکە فۆنیم لە دەنگە کپەکاندا بەدی دەکرێت لە کۆتایی وشەدا بەشێوەیەك کە تەنها دەنگە کپەکان دەمێننەوەو گڕەکان ون دەبن (بڕوانە ٤٩: Lass).

بەم شێوەیەی باسکراو بەشێوەیەکی گشتی (دۆزینەوەکەی ترۆبسکۆی لەبارەی دیاردەی بەرامبەر لە نێوان دوو دەنگی جیا لە گۆکردن و شوێنی دروست بوونیان وەك / پ / - / ب / و / ك / - گ / و / ت / - / د / لە وشەو مۆرفیمدا دەردەکەوێت، کە ئەمەش لە تیۆرەکەی بلۆمفیلدو چۆمسکی دا هەستی پێ دەکرێ (بڕوانە سەلام ناوخۆش ٢٠٠٨: ٥٥). بەمەش (ترۆبسکۆی ئاوێزانکردنی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی، وەك بنەمایەك لە بنەماکانی قوتابخانەی

---

٧٧- سەبارەت بە (٥) پێنج جۆرەکە بڕوانە ئەم سەرچاوە ئینگلیزی یە: ٥١ - ٤٩ ، (1998) . R Phonology , P . . 1. Lass

٧٨ لەوانە مامۆستا (پ . د . محمد معروف فتاح)، کە لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵیدا ئەم بۆچوونەی هەبوو . (١٣ / ٢ / ٢٠٠٨)

٧٩ بڕوانە پێشتر لاپەڕە (٥٣ — ٥٥) . بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانین بەوردی باسی بکەین و نموونەی بۆ بێنینەوە .

(پڕاگ) ناساندوو، بەشێوەیەك کە ئەم دوو دیاردە زمانەوانییە پەیوەستن بە وشەوە (بڕوانە سەلام ناوخۆش: ٥٨).

ماوەتەوە بڵێین کە(بەپێی قوتابخانەی پراگ (ترۆبسکۆی)، فۆنیمەکان لە بنەڕەتدا یەکەیان قەوارەی جیاکەرەوەن و ناوەرۆکی فۆنەتیکی یان هەیە، بەڵام تەنها لە خاسیەتی هەبوونی بەرامبەری (تقابلات) دا دەتوانێ کاربکات(Jakobson & Halle 1956: 52). هەروەها(بەلای یەکێکی وەکو (دی گروت) یشەوە کە یەکێکە لە زمانەوانانی قوتابخانەکە، ئەرکی بنەڕەتی فۆنیم جیاکردنەوە نییە، بەڵکو ناسینەوەیە (ناساندنە): واتە ناوەرۆکی فۆنەتیکی پێمان دەڵێ چ فۆنیمێك هەیە، نەوەك ئەو بەرامبەرییە (تقابلات) پیشان بدات، بەواتایەکی دی فۆنیمەکان سەربەخۆن و قەوارەی پۆزەتیڤن دەنگی [ت]،[ت] ە بەهۆی [ت] ێتی خۆیەوە، نەك بەهۆی [د] ێتیەکەیەوە (بڕوانە de Groot 1939:59).

## ١٠. یاسای گڕو کپ و دوو بزوێنی و دروست بوونی ئەلۆمۆرفەکان

بۆ دیاریکردنی جۆرێکی تر لە گۆڕانکارییە پەیوەندییەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و ئەو کاریگەرییانەی لەنێوانیاندا دروست دەبێت (گڕو کپ) ی فۆنیمەکانی زمان و دوو بزوێنی و ئەلۆمۆرفەکانی لەژێر ئەو کاریگەرییە دێتەئاراوە خوی دەنوێنێت.

لەم جۆرە پەیوەندییانەدا نموونەی مۆرفیمی (ەکە) ی ناسیاوی دەخەینەڕوو کە وەکو نووسەك هێڵی پەیوەندییەکە بنیاد دەنێت بەهۆی ئەم یاسایانەی لەسەرەوە باسمان کرد، بەڵام بەرلەوەی ئەم نموونەیە بخەینەڕوو بەپێویستی دەزانین وەك لایەنێکی تیۆری ڕوونکردنەوەیەك لەسەرئەو یاسایانە بدەین:

### ١٠. ١ یاسای گڕوکپ:

مەبەست ئەو فۆنیمە گڕ (ئاوزدار) و کپانەیە کە لە ئەنجامی کەوتنە پاڵ یەکتری یەکیان کار لەوەی تریان دەکات بەواتایەکی تر یەکێك لە فۆنیمەکان وەك فۆنیمەکەی تەنیشتی دەگۆڕێت بەهۆی کاریگەری ئەو فۆنیمە، وەك:

پشدەر ⟵ پژدەر

گۆڕانی فۆنیمی / ش / بۆ / ژ / بەهۆی کاریــگەری فـۆنیمی / د / ەوە ڕوویـداوە چــونـکە دەنگی [د] دەنگێکی گڕە (ئاوازەدارە) بەڵام دەنگی [ش] کپە پێویستە دەنگی [ش] بگۆڕدرێت بۆ گڕ بەکاریگەری دەنگی [د] بەمەش / ش / بۆ فۆنیمێك دەگۆڕێت لە هاوشێوەی خۆی نزیك بێت بەڵام گڕبێت ئەودەنگەشی دەنگی [ژ]ە.

گڕو کپی دەنگەکانی زمانی بۆ جۆرێك لە دابەشکردنی فۆنیمەکانی زمانی دەگەڕێتەوە کە زۆرجار یاخود لەهەندێ لە سەرچاوەکان بە ژێدار (Voiced) و بێ ژێ (Voicless) ناونراون (دەنگەکانی زمانی لەگەڵێ ڕووەوە پۆلین دەکرێن. لەمانە دەنگەکان دەبنە (ژێدار) و (بێ ژێ). مەبەست لە دەنگی (ژێدار) ئەوەیە لەکاتی دروست کردنی دەنگەکە ژێکان ( Vocal Cords). دەلەرێنەوە. دەنگی (بێ ژێ) ئەوەیە لەکاتی دروست کردنیدا ژێکان نالەرێنەوە. بۆ نموونە دوو دەنگی (ز) و (س). لە هەمان شوێن لەزاردا دروست دەکرێن. هەڵوێستی زمان و هەموو بەشەکانی تری ئەندامانی ئاخاوتن لەکاتی دروستکردنیاندا هەمان جۆرن. ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە ئەوەیە لە (ز) دا ژێکان دەلەرنەوەو لە (س) دا نالەرنەوە. هەمان شت لەگەڵ ئەم جووتە دەنگانە (وریا عومەر ئەمین ١٩٩٤: ١٣):

د — ت ، ك — گ ، ش — ژ ، ف — ڤ .... هتد

نموونە: دەخوازم ⟵ خواستم

گۆڕانی دەنگی [ز] بۆ [س] بە کاریگەری دەنگی [ت] ەوەیە چونکە دەنگی [ت] کپە، بەڵام [ز] گڕە بەمەش هەوڵ دەدات کار لەدەنگی [ز] بکات و بیگۆڕێت بەهاوشانی دەنگی [ز] کە دەنگێکی کپ بێت، ئەو دەنگە کپەشی لە زمانی کوردیدا دەنگی [س] ە، (لە زمانی کوردیدا بەرامبەر گەلێك دەنگی ئاوەزدار (گڕ)، دەنگی (کپ) هەیە، وەك لەخوارەوە نیشانیان دەدەین: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٣٦ — ٣٧).

| ئاوەزدار | ب | د | گ | . | ج | ڤ | ز | ژ | ع | غ | . | . | م | ن | ڵ | ر | ڕ | و- w | ی- y |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کپ | پ | ت | ك | ق | چ | ف | س | ش | . | خ | ح | ه | . | . | . | . | . | . | . |

شایانی باسە (یاسای گڕو کپ) ەکان کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییە لەئاستی مۆرفۆلۆجی دا (وشە) ڕوودەدات، ناشێت ئەم گۆڕانە ڕووبدات بەشێوەیەکی سەربەخۆ [٨٠]. تاکو بەئاستی مۆرفۆلۆجیدا نەڕوات لە سنووری وشەو مۆرفیمدا بەواتایەکی تر ئەم گۆڕانە لەچوارچێوەی وشەکاندا کاریگەرییەکانی ئاشکرا دەبێت، ئەمەش پەیوەندییەکی ترە لەنێوان (مۆرفیم و فۆنیم) دا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونانە بکە:

پاراستن ⇄ دەپارێزن

گەستن ⇄ دەگەزم

ناشتن ⇄ دەنێژم

ڕشتن ⇄ دەڕێژم

کوشتن ⇄ دەکوژم .......... هتد

گۆڕانی دەنگە (کپ) ەکان بۆ (گڕ) ەکان یاخود بەپێچەوانەوە بەکاریگەری دەنگەکانی دەوروبەر دێتەئاراوە، واتە (دەنگی کپ و گڕ) لەتەك یەکتری کارلێك دەکەن و یەکێکیان دێتە حاڵەتی ئەوی تریان و پێی کاریگەر دەبێت ئەمەش گۆڕانێکە لە وشەکاندا ڕوودەدات لەئەنجامی ژینگەی جیاجیای فۆنۆلۆجیدا (وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٧: فۆنۆلۆجی)

---

٨٠- ڕوودانی ئەم گۆڕانە بەسەربەخۆیی (بەتەنها) دوور لە بەکارهێنانیان لە ئاستی مۆرفۆلۆجی دا، واتە گۆڕانی دەنگی (گڕ) بە- کپ) یاخود بە پێچەوانەوە ئەمە لێکۆڵینەوەیەکە تایبەتە بە (فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی) لەزماندا بۆ دیاریکردنی دەنگی (ژێدار) و (بێ ژێ) و بەرامبەرکردنیانە نەك دروست کردنی پەیوەندی بە ئاستێکی تر.

نموونە: بەش + دار ← بەژدار لێژ + تر ← لێشتر
وشە م. وشەدارێژ مۆرفیم گ.ڕێزمانی

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا (بەش) وشەیەکە کاتێك (دار) ی دەچێتە سەر وەك مۆرفیمێکی وشەدارێژ، دەنگی [ش] دەگۆڕێت بۆ [ژ] بە کاریگەری دەنگی [د] واتە ئەم گۆڕانە کاتێك دێتە ئاراوە کە مۆرفیمێك وەك دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی دەچێتە سەر وشەیەك وەك دانەیەکی هەمان ئاست، ئەم گۆڕانەش گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییە کە بەسەر دەنگەکاندا دێت و کارلێککردنێك لەنێوان دەنگە (گڕ و کپ) ەکان ڕوودەدات، بەمەش جۆرە پەیوەندییەك دروست دەبێت لەنێوان هەردوو ئاستەکە. هەمان حاڵەتیش سەبارەت بە وشەی (لێژ) و گیرەکی ڕێزمانی (تر) ڕوودەدات، بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەوە دەنگی (کپ) کار لە دەنگی (گڕ) دەکات.

## ١٠. ٢ یاسای دووبزوێن

لە زمانی کوردیدا ناشێ یان ناکرێ دووبزوێن بەسەر یەکەوە بێت: وەك لە نموونەی:

- پەردە + ەکە ← پەردەەکە * (ناڕێزمانی).
- گەڵا + ەکە ← گەڵاەکە *

کەواتە ئەگەر دوو بزوێن بەسەر یەکەوە هات:

١. یان دەبێت یەکێك لە بزوێنەکە لەناو بچێ، وەکو دوو نموونەکەی پێشتر کە دەبێتە: پەردەکە، گەڵاکە

٢. یان دەبێت نیمچە بزوێنێك بخرێتە نێوان هەردوو بزوێنەکە بۆ ئەوەی لەیاسا بەدەر نەبن ئەوانیش نیمچە بزوێنی (ی — ش، و- س) ە وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

گەڵا + ەکە ← گەڵایەکە = گەڵا + ی + ەکە
برا + ان ← برایان = برا + ی + ان
گرێ + ەکە ← گرێیەکە = گرێ + ی + ەکە
خانوو + ەکە ← خانووەکە = خانوو + و + ەکە

تێبینی: ئێمە کە باسی نیمچە بزوێنی (ی) دەکەین دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر نیوەی بزوێن بێت ئەوا نیوەکەی تری نەبزوێنە ئەو لایەی کە نەبزوێنە دەکەوێتە نێوان هەردوو بزوێنەکە (نیمچە بزوێن بە دەنگێك دەوترێ، لە حاڵەتێکدا بزوێن بێ و لە حاڵەتێکی دیکەدا کۆنسنانت (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٣٢)

یاسای دوو بزوێن و لەناوچوونی بزوێنێك یاخود هاتنی نیمچە بزوێنێك بەیاسای فۆنۆلۆجی زمان ناودەبرێت و لەژێر دەستەڵاتی ئەم ئاستەدا پەیڕەو تایبەتمەندی خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام دیسان ئەمە لەسنووری وشەکاندا بەهۆی مۆرفیمەکان (گێرەك و نووسەك...) ڕوودەدات، ئەمەش جۆرە پەیوەندییەکی تری (مۆرفۆفۆنیمی) یە، دەبێتە هۆی دروست کردنی ئەلۆمۆرفەکان. بڕوانە (١٠. ٣)

**١٠. ٣ دروست بوونی ئەلۆمۆرفەکان:**

دروست بوونی ئەلۆمۆرفەکان پەیوەندی نێوان دوو ئاستەکە بەڕوونی نیشان دەدەن بۆ دروستکردنی (مۆرفۆفۆنیمی) لەزماندا بەجۆرێك سنووری نێوانیان تێکەڵکێش دەبێت کە جیاکردنەوەیان ماندووبوونێکی بێ ئەنجامە چونکە لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا کە تایبەت بێت بە ئاستێکییان کەم و زۆر پێویست بەوە دەکات سوود لە ئاستەکەی تر وەربگرێت واتە بەئارەزووی تۆ نییە، بەڵکو کاری لێکۆڵینەوەکە پەیوەستە بەو سروشتەی کە لە زماندا لەژێر هێزێکی شاراوەدا پەنگی خواردۆتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەروەك لەسەرتا گوتمان نموونەی نووسەکی (ەکە) ی ناسیاوی دەخەینەڕوو لە نموونەکانی:

- هەڵۆکە
- هەڵۆیەکە
- دارەکە

گەربێت و لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا شی بکرێتەوە ناچار دەبین بڵێین کە (ەکە، یەکە، کە) شێوە جیاجیاکانییەك مۆرفیمن واتە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی ناسیاوین، چونکە لە هەموو شێوەکانی دا هەمان ئەرکی ناسیاوی دەبینێت.

بەڵام ئەگەر بەپێی ئاستی فۆنۆلۆجی شی بکرێتەوە ئەوکاتە دەچێتە ژێر باری دەسەڵاتی هەندێ یاسای دەنگسازی ئەوانیش ئەوانەن کە پێشتر باسمان کردن کە بریتین لە:

یاسای دوو بزوێن و لەناوچوونی بزوێنێك و هاتنی نیمچە بزوێنێك لەنێوان دوو بزوێندا. کەواتە شیکردنەوەکە دوو لایەنەو هەردوو ئاستەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

### ٤.١٠ جۆرەکانی مۆرف (ئەلۆمۆرفەکان)

مۆرفەکانی مۆرفیمێك کە بە (ئەلەمۆرفەکان) ناودەبرێن چەند شێوەیەك (جۆرێك) نیشان دەدەن، کە هەریەکەیان لەژێر کاریگەری هۆکارێك دروست بووە، هۆکارەکە پەیوەست دەبێت بە ناوو جۆری مۆرفەکە واتە لەژێر باری چ هۆکارێك دێتە ئاراوە، بەوناوە ناو دەنرێت، هۆکارەکانیش (فۆنۆلۆجی و لێکسیکی (وشە) و مۆرفۆلۆجی (مۆرفیم) و شێوازی (لەهجە) و ڕێزمانی (سینتاکسی) و گۆڕاو) دەبێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. مۆرفی فۆنۆلۆجی**
**٢. مۆرفی ڕێزمانی**
**٣. مۆرفی لێکسیکی**
**٤. مۆرفی گۆڕاو** (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩: مۆرفۆلۆجی)

لە کتێبی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی) دا دوو جۆری تری بۆ زیادکراوە بەم شێوەیە:

**١. ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی**
**٢. ئەلۆمۆرفی لێکسیکی**
**٣. ئەاۆمۆرفی مۆرفۆلۆجی**
**٤. ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی**
**٥. ئەلۆمۆرفی شێوازی**

## ٦. ئەلۆمۆرفی گۆڕاو[٨١]

هەروەها لە کتێبی (ساخت اوایی زبان) ی فارسی سێ جۆر دەستنیشان کراوە، بەم شێوەیە:

1. **ئەلۆمۆرفەکانی فۆنۆلۆجی.**
2. **ئەلۆمۆرفەکانی بەرامبەری (گۆڕاوی تەواو).**
3. **ئەلۆمۆرفەکانی شێوازی یا لەهجەیی.** (مهدی مشکوه الدینی ١٩٩٨: ٥٤)

بەبۆچوونی ئێمەش ئەلۆمۆرفەکان بەم جۆرە دابەش دەبێت کە هەموو جۆرەکان بگرێتەوە، چونکە هەرجۆرێك لە جۆرەکانی ئەلۆمۆرف پەیوەستە بە بنەمایەکی تایبەتی واتە خاسیەت و سیمای پەیوەند بەجۆرو هۆکاری ئەلۆمۆرفەکان جێبەجێ دەکات هەرچەندە (هەندێ جار دابەش بوونی ئەلۆمۆرفەکان وا بەئاسانی نایەتە بەرچاو لەوانەیە زیاتر لە هۆکارێك کار لە هەڵبژاردنیاندا بکات (بڕوانە بەشی سێیەم: ١٢٣ - ب) شایەنی باسە لەم بەشەدا بەپێی ئەم بابەتە واتە (جۆرەکانی ئەلۆمۆرف) ئێمە تەنیا تیشك دەخەینەسەر ئەو جۆرانەی کە پەیوەندی دروست دەکەن لەنێوان (مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی) جۆرەکانی تر بەهۆی دوور کەوتنەوەمان لە بابەتەکە (واتە بەشی دووەم) باسی ناکەین چونکە هەندێکیان ئەم جۆرە پەیوەندییە دروست ناکەن، هەندێکی تریشیان جۆرە پەیوەندییەکی تر دەنوێنن[٨٢]

دیسانەوە ئەوەی گرنگە بگوترێت کە ئەو سەرچاوانەی ناویان هێنرا، گشتیان کۆك و هاوبەشن لە ناوهێنانی (ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی و گۆڕاو) بۆیە لێرەدا تەنیا ئەو دوو جۆرە لەگەڵ (ئەلۆمۆرفی لێکسیکی) وەردەگیرێت، واتە ئەم سێ جۆرە پەیوەندی مۆرفۆفۆنیمی دروست دەکەن، بەم شێوەیە:

---


٨١ ئەم جۆرەیان بەو ناونیشانە ناو نەنراوە، بەڵام باس لەجۆرێك کراوە کە لە ناوەڕۆکدا هەمان ئەو جۆرەیە کە بە (گۆڕاو) ناونراوە . (بڕوانە محمد معروف: صباح رشید ٢٠٠٦: ٢٣)

٨٢ جۆرە پەیوەندی یەکی تر مەبەستمان (پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) ە کە (ئەلۆمۆرفی: ڕێزمانی = مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی، مۆرفۆلۆجی، شێوازی) دروستی دەکەن . (بڕوانە بەشی سێیەم ل: ١٠٩، ١٢٢، ١٢٨) .

### ١. مۆرفەکانی فۆنۆلۆجی:

ئەو ئەلۆمۆرفانەن کە بوونیان بەندە بە سیاقێکی فۆنۆلۆجیەوە، کە ئەم جۆرەیان لە هەموو زمانێکدا زیاترە (دابەش بوونی ئەلۆمۆرفەکان زۆرجا دەکەوێتەوە، ژێر هۆکاری فۆنۆلۆجییەوە (محەمەد مەعرووف فەتاح، سەباح رەشید ٢٠٠٦: ١٩) بەمەش (هەبوونی ئەلۆمۆرفەکان بەشێکی ئەخرێتە پاڵ هۆی فۆنۆلۆجی (وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٢: ٢٩١).

وەك ئەلۆمۆرفی (ەکە) aka




لە (١) دا مۆرفیمی / ەکە / شێوەی تەواوی خۆی وەرگرتووە، چونکە هەردوولای فۆنیمی (کپ) ن کە برتین لە (خ، ت) واتە کاریگەری هیچ کام لەم دوو فۆنیمەی نەکەوتووەتە سەر.

لە (٢) دا مۆرفیمەکە شێوەی[ۆکە] ی وەرگرتووە، بەمەش فۆنیمی / ە / گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە و بۆتە / ۆ /.

لە (٣) دا شێوەی [یەکە] ی وەرگرتووە، بەمەش نیمچە بزوێنی / ی / بۆ زیادکراوە بەکاریگەری فۆنیمی بزوێنی / ا / کە دوا فۆنیمی وشەکەیە، واتە دوو بزوێن کەوتوونەتە پاڵ یەکتری پێویستی بە نیمچە بزوێن هەیە بەپێی یاسایەکی فۆنۆلۆجی کە پێشتر باسکراوە.

لە (٤) دا شێوەی [کە] ی وەرگرتووە، بەمەش / ە / تواوەتەوە بەهۆی دوا فۆنیمی وشەکە کە بریتییە لە / ە /.


له (٥) دا شێوەی [ك] ی وەرگرتووە بەمەش هەردوو فۆنیمی (ە) لەپێش و پاش تواوەتەوە، ئەوەی پێش (ك) ەکە بەکاریگەری دوا فۆنیمی وشەکە کە (ە) ە ئەوی تریشیان بە کاریگەری یەکەم فۆنیمی نیشانەی کۆ کە (ا) یە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئەلۆمۆرفانەی مۆرفیمی / ەکە / گۆڕانێکی فۆنۆلۆجیان لە ژینگەی جیاجیای فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە بەکاریگەری فۆنیمەکانی ئەمبەرو ئەوبەر یاخود دوا فۆنیمەکانی وشەکان کە یاسای گڕو کپ و دوو بزوێنی و نیمچە بزوێن و یاسای توانەوە یان بەسەردا سەپاوە کە ئەمانەش گشتیان سەر بە ئاستی فۆنۆلۆجی زمانن و لەئاستی فۆنۆلۆجی زماندا بەدیار دەکەون بۆ پێکهێنانی (یاسای مۆرفۆفۆنیمی) لە زماندا.

### ٢. مۆرفەکانی لێکسیکی:

ئەو ئەلۆمۆرفانەن کە لەژێر بارێکی لێکسیکیدا دروست دەبن، وشەکە خۆی ئەو بارە هەڵدەبژێرێت. بۆ نموونە:

مۆرفیمی کۆ



[ان] [یان] [ات] [گەل] [ها] [جات] [هات]

هەریەك لەم مۆرفانە پەیوەند دار دەبێت بەجۆری وشەکە واتە وشەکە بڕیار دەدات کە کام لەم ئەلۆمۆرفانەی مۆرفیمی (کۆ) هەڵبژێرێت، بەم جۆرەی خوارەوە:

ژن + ان ← ژنان

برا + یان ← برایان

میوە + جات ← میوەجات

باغ + ات ← باغات

سەدە + ها ← سەدەها

گوڵ + ان ← گوڵان

مێ + گەل ← مێگەل کوڕ + گەل ← کوڕگەل

میوە + هات ← میوەهات

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم ئەلۆمۆرفانە هیچ یاساسەکیان نییە وەکو ئەوەی لە جۆری (یەکەم) ڕوودەدا، واتە ناکەونە بەر هیچ جۆرە یاسایەك تەنانەت لە جۆری ئەلۆمۆرفەکانیشدا وشەکە سەرپشك دەبێت لە وەرگرتنیان کە کامە ئەلۆمۆرف وەربگرێت و کام وەرنەگرێت، بەڵام ئەمە نیشاندانی جۆری ئەلۆمۆرفەکەیە (ئەلۆمۆرفی لێکسیکی)، سەبارەت بە جۆری پەیوەندییەکەش بۆ دروست بوونی (مۆرفۆفۆنیمی) ئەوەیە کە هەریەکە لە مۆرفەکان گۆڕانێکی دەنگی بەسەر فۆنیمێك یاخود چەند فۆنیمێکدا هاتووە یان فۆنیمێك زیادکراوە یا فۆنیمێك تیاچووە، بەمەش دەتوانین بڵێین : بە بۆچوونی ئێمە مۆرفیمەکانی / کۆ / لە زمانی کوریدیا (٣) مۆرفی هەیە کە دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتری ئەوانیش (ان، ات، گەل) ئەوانی تر بەشێوەیەك لەشێوەکان لەژێر ناوی (ان، ات) دا کۆدەبنەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە گۆڕانێکی فۆنۆلۆجیان بەسەردا هاتووە لەئەنجامی یاسا فۆنۆلۆجیەکان بەم شێوەیە:

١- مۆرفی [ان] شێوە تەواوەکەی مۆرفیمی [ان]ە.

٢- مۆرفی [یان] شێوەیەکی تری (کۆ) یە، بەڵام تەنیا نیمچە بزوێنی (ی) وەکو فۆنیمێك بۆ زیادکراوە ئەمەش لە ئەنجامی بوونی دووبزوێنی (ا) ڕوویداوە.

٣- مۆرفی [جات] شێوەیەکی تری (کۆ) یە، کە شێوەی [ات] ە، فۆنیمی (ج) ی بۆ زیادکراوە چونکە دوو فۆنیمی (ە)، (ا) ناکەونە پاڵ یەکتری پێویستی بە ناوبڕێك[٨٣] یاخود نیمچە بزوێنێك هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ناوبڕی (ج) کە فۆنیمێکە زیادکراوە.


٤- مۆرفی [ات] شێوە تەواوەکەی (کۆ) یە، هیچ فۆنیمێکی تری بۆ زیاد نەکراوە چونکە کۆتاییەکەی دەنگێکی یاخود فۆنیمێکی کۆنسنانتە.

٥- مۆرفی[ها] شێوەیەکی تری (کۆ) یە کە لە بنەڕەتدا هەمان شێوەی [ات] ە بەڵام دوو گۆڕانی دەنگی بەسەردا هاتووە، گۆڕانێکیان زیادکردنی فۆنیمی (ه) ە بەهۆی کەوتنە پاڵ یەکی دوو فۆنیمی (ە) و (ا)، گۆڕانەکەی تریش توانەوەی فۆنیمی (ت) ە لەکۆتاییدا ئەمەش یاسایەکی فۆنۆلۆجییە.

---

٨٣ - لێرەدا زاراوەی ناوبڕ یاخود ناوبەند وەکو نیمچە بزوێن یان مۆرفیمی بەتاڵ بەکارهاتووە کە دەشێت بە ناوگریش ناوی ببەین، ناوگر وەکو نێوەندێك و ناوبڕێك بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە هەیە یان دروست بووە (بڕوانە بەشی یەکەم: پەڕاوێزی: ٣٢) نەك وەکو ئەو ناوگرەی کە دەچێتە پێکهاتەی ڕەگ و ڕەگ دەسمێ.

٦- مۆرفی [هات] شێوەیەکی ترە، کە شێوەی [ات] ە، فۆنیمی (ه) ی وەکو ناوبڕ بۆ زیادکراوە، بۆ ئەوەی دوو بزوێنی (ە، ا) نەکەونە پاڵ یەکتری.




سەبارەت بەمۆرفی (گەل) شێوەیەکی تری مۆرفیمی (کۆ) یە. گوزارشت لە کۆکردنەوەی کەس و ئاژەڵ دەکات، بەڵام ئایا گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە یان نا ؟ ئەمەیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی (ئیتیمۆلۆژی)[٨٤] زمان هەیە، تایبەت نییە بە کاری ئەم لێکۆڵیەوەیە مۆرفیمی (هات) شێوەیەکی ترە، کە شێوەی﴾ ات ﴿ ە، فۆنیمی (ه) ی وەکو ناوبڕ بۆ زیادکراوە، بۆ ئەوەی دوو بزوێنی (ە، ا) نەکەونە پاڵ یەکتری. بەم شێوەیە دەبینین مۆرفیمی (کۆ) سێ مۆرفی سەرەکی هەیە کە لە سەرەوە نیشان دراوە، لەگەڵ چەند مۆرفێکی تر کە وێنەی سێ مۆرفە سەرەکییەکەن بەڵام گۆڕانی دەنگی و فۆنیمی لە پێکهاتەیاندا ڕوویداوە[٨٥] بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لەنێوان (مۆرفیم فۆنیم) دا هەیە لە دوو ئاستی جیاوازی زماندا. بەجۆرێك ئەم گۆڕانە مایەی دروست کردنی پەیوەندین لەنێوان دوو ئاستەکە

---


٨٤ ئیتیمۆلۆژی واتە لێکۆڵینەوە لە ڕەسەنی وشەکە (اصل الکلمە)، مێژووی وشەکە یان مۆرفیمەکە کە لەکۆنەوە تاکو ئێستا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەریدا هاتووە .

٨٥ هەرچەندە هەندێ بۆچون ئەوە دەردەخەن کە مۆرفەکانی ﴿ ات، جات، هات ﴾ بە کاریگەری زمانی فارسی هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، وەکو قالب وەرگیراوە، چونکە هەردوو زمانەکە سەر بە خێزانی زمانە هیندۆ ئێرانییەکانە (بۆچوونی: پ.د. یوسف شەریف سەعید) . بەڵام ئەمە دیسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە وەسفی زمانی ئێستای کوردی دەکەین کە ئەم مۆرفانە بوونیان هەیە و واتای کۆکردنەوە لەخۆدەگرن بە بەراورد لەگەڵ چەند مۆرفێکی تر کە بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کۆ ناسراون یاخود لەقەڵەم دەدرێت .

لەژێر کاریگەری یاسا جۆراوجۆرەکانی فۆنۆلۆجی بەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجیدا کە خۆی لە مۆرفیم و مۆرفەکانیان و جۆرەکانی مۆرف نیشان دەدات.

### ٣. مۆرفەکانی گۆڕاو / گۆڕاوی تەواو

بریتییە لەو ئەلۆمۆرفانەی کە پەیوەندی فۆنەتیکی یان بەتەواوی لەناو چووە، تەنیا لە ئەرکدا لەیەك دەچن (هەندێ جار واڕوودەدات کە ئەلۆمۆرفەکانی فۆنیمێك پەیوەندییەکەی دەنگی وەهایان بەیەکترەوە نامێنێ، واتە ئەلۆمۆرفەکان لە ڕووخساردا یا لە ڕواڵەتدا لەیەکتری ناچن. ئەم ئەلۆمۆرفانەش بەپێی واتاو ئەرك دەبن (محەمەد مەعرووف فەتاح، سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٢٣). وەك ئەو نموونەیەی کە لەجۆری (دووەم) دا نیشاندرا، بەشێوەیەك ڕاستە بە (ئەلۆمۆرفی لێکسیکی) ناونران بەوەی وشەکان بڕیاری وەرگرتنیان دەدەن، بەڵام لەڕووی جۆری سێیەمیش واتە (مۆرفی گۆڕاو) گەر سەیرێکیان بەکەین دەبینین گۆڕانێکی دەنگی یان بەسەردا هاتووەو پەیوەندی فۆنەتیکی نێوانیان پچڕاوە یاخود لاواز بووە، هەروەکو لە جۆری دووەم ئاماژەی پێ کرا کە لە بنەڕەتدا (٣) ئەلۆمۆرفن ئەوانی تر تەواوکەری یاخود شوێن کەوتووی ئەم سێ جۆرەن و هەمان ئەرك دەبینن کە (کۆ) یە بەڵام لە شوێنییەکتری بەکارنایەن بۆیە یاسای مۆرفۆلۆجیان بەسەردا سەپاوە کە دەڵێت: (هەرگیز هەموویان یان هەردووکیان لەیەك ژینگەدا نەوەستن یان دەرنەکەون واتە هەریەکەیان دەبێ ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت و نەچێتە شوێنی ئەوی تریان ئەوانی تر، بەم جۆرە هەر مۆرفێك دەبێ ئەو ناوچەیە بپارێزێ کە تێیدا دەردەکەوێ و بوار نەدات بە مۆرفی تر کە جێگەی ئەم بگرنەوە (محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح رەشید ٢٠٠٦: ١٧ – ١٨). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ئەلۆمۆرفە سێ ئەلۆمۆرفی (کۆ) نیشان دەدەین ئەوانیش [گەل، هات، جات] کە شێوەی فۆنەتیکیان تەواو گۆڕاوە، ئەمەش بۆچوونەکەی ئێمە بەهێز دەکات کە لەپێشتر ئاماژەی بۆکرا بەوەی ئەلۆمۆرفی [گەل، ات، ان] بمێننەوە چونکە مۆرفی [گەل] بەم پێیەبێت دیارە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەڵام بەپێ ی مێژوو بووە !، مۆرفی [ها، جات] یش دیارە کە شێوەیەکی [ات]ە، گەر زیاتر وردبینەوە لە بابەتەکە، بەپێی ئەم جۆرە ئەلۆمۆرفە، بەلای ئێمەوە گەر [گەل] گۆڕاوبێت ئەوا تەنیا [ان، ات] دەمێننەوە بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (کۆ) ئەم دووانەش لە فۆنیمێکا هاوبەش و لە یەکێکی تریش جیاوازن، دەشێت یەکێکیان سەرەکی بێت و ئەوی تریان شێوەیەکی گۆڕاوی دەنگی ئەوەی تربێت، بەپێ ئەم هێڵکاریانە:




بەشێوەیەکی گشتی ئەلۆمۆرفەکان (فۆنۆلۆجی) بن یا (لێکسیکی) بن یا (گۆڕاو) بن، هەرسێکیان کۆك و هاوبەشن لەوەی کە یاسای فۆنۆلۆجیان بەسەردا هاتووە جا ئەو یاسایانە کەم و زۆر، جۆراوجۆر بەپێی ئەو گۆڕانە سروشتییانەی کە لە زماندا ڕوودەدات بە بەردەوامی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا دەگیرسێنەوە بەواتایەکی تر بەپێی وشەو مۆرفیم گۆڕانەکان دیاری دەکرێت بۆ تێکەڵکردنی سنووری نێوانیان پێش ئەوەی بگاتە ئاستەکانی تری زمان کە ئەمەش بەپێی ئەو هێڵکارییە هەڕەمیەیە کە بە زنجیرە لەدوای یەك دروست دەبێت (فۆن ← فۆنیم ← مۆرفیم ← وشە ← لاڕستە ← ڕستە دەق... هتد) بەمەش (جۆری ئەلۆمۆرفەکان) سەرچاوەیەکی پتەو دەبن بۆ بەیەکگەیاندنی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی کە ئەمەش جۆرە گۆڕانێکی ترە لە پەیوەندی (مۆرفۆفۆنیمی).

### ١١. هێزو ناوبڕ

### ١١. ١ هێز: Stress

هێز وەك دانەیەکی زمان لەزۆربەی ئاستەکانی شیکردنەوە[٨٦] دراسە دەکرێ، بەپێی دیدو بۆچوونی جیاجیای قوتابخانەو زمانەوانەکانی زانستی زمان. بەڵام ئەوەی کە زیاتر باسی لێوە دەکرێ ئەوەیە کە لە ئاستی فۆنۆلۆجی زمانێکدا وەك فۆنیمێکی ناکەرتی لێکدەدرێتەوە کە سیستەمێکی دەنگی زۆر گرنگە لە زمانا، بێ ئەوەی لە نووسینی ئاساییدا هیچ نیشانەیەکی بۆ دیاری بکرێت، بەمەش کەرەستەیەکی دەنگییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاستی مۆرفۆلۆژی زماندا بەتایبەت لە مۆرفیمدا ڕۆڵی کارا دەگێڕێت بەشێوەیەك توانەوەی دەنگی لە وزەیەکی زیادە لەسەر بڕگەیەکی وشەدا نیشان دەدات، کە ئەمەش جۆرە پەیوەندییەکی ترە لەنێوان فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی زماندا لەڕێگەی دیاریکردنی پێناسەو ئەرکی جۆراوجۆری هێز (هەر زمانەوانەی لەڕوانگەییێکەوە دەڕوانێتە هێز، لای ستاگ بێرگ: پلەی دەرکەوتنی بڕگەیە (Stagberg1971: ٤٥). لای مالبێرگ: پلەی شەکەتی ماسوولکەیی یە بۆ دەنگێك یا دەنگەکانی بڕگەیەك (Malberg 1970: 155). لای ڕەحمان ئیسماعیل: دەست نیشان کردنی ئەم لایەنەی زمانی کوردی دەبێ لەچوارچێوەی ئاستەکانی شیکردنەوەدا ڕوون بکرێتەوە (ڕەحمان ئیسماعیل ١٩٩٨: ٦٤). بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیەو دوور نەکەوتنەوە لە بابەتی (مۆرفۆفۆنیمی زمانی کوردی) لێرەدا باسی هێز دەکرێت لەڕوانگەی دوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی بەگوێرەی پێویستیش ئاستی واتا چونکە هێز لە دروست کردنی پەیوەندی مۆرفۆفۆنیمی دا واتا دەگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا بەچەند پێناسەیەکی هێز لەڕوانگەو ئاستی جیاجیا (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی) دەست پێ دەکەین.

٨٦-(فۆنەتیك – فۆنۆلۆجی – مۆرفۆلۆجی – سینتاکس).

### ١١. ١. ١ پێناسەکردنی هێز

پێناسەکردنی هێز کارێکی ئاسان نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەین هەندێ لەوانە پێشکەش بکەین کە لە پێناسەکردنیا گوتراون:

❖ (هێز ئەنجامی سەرنج و وردبوونەوەیە (**انطباع**) لەو وزەیە زیادەیەی کە لە گۆکردنی بڕگەی هێزدار بەکاردێ و ئاوازەکەی لە گۆکردندا بڕگەیەکی بڵندترو درێژترە لە بەرامبەر بڕگەکانی تری هەمان وشە (ڕەحمان ئیسماعیل **١٩٩٨: ٦٣**).

❖ (هێز تاوێکی تایبەتییە کە ئەدرێ بە کەرتێکی وشە کە سەرف کردنی بڕێکی تایبەتییە لە وزەیەکی پتر لە بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە کەدەبێتە هۆی بەهێزتر گۆکردنی بڕگەکە (بڕوانە تۆفیق وەهبی **١٩٩٣: ٧**).

❖ (هێز زیادە وزەییێکی دەنگی یە لەپڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدا (وریا عومەر **١٩٩٤: ١٣**).

❖ (هێز ئەو دەرکەوتنەیە دەدرێتە بڕگەیەك [٨٧] ، لەچوارچێوە پێکهاتووی یەکەی دەرکەوتن کە لەزۆربەی زمانەکان لەگەڵ وشەدا یەکسان دەوەستێ (ڕەحمان **١٩٩٨: ٦٣**).

❖ (سترێس ئەو هێزەیە کە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە. واتە ئەو وشەیەی کە بریتییە لە دوو، یان زیاتر لە دوو بڕگە، بڕگەیەکیان هێزی ئەکەوێتە سەرو بەگۆڕینی، واتای ئەو وشەیەئەگۆڕێت وەیا ئەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە لەڕوی ڕێزمانەوە (غازی فاتیح وەیسی **١٩٨٤:٨٤**).

هەروەکو لە پێناسەکاندا دەردەکەوێت کە هێز سەر بە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییە چونکە مەسەلەی بڕگەو وزەو گۆکردن و درێژی و بڵندی لە زمانێکدا تایبەتە بە ئاستی فۆنۆلۆجی، هەروەها وشەو گۆڕینی واتاش تایبەتە بە ئاستی مۆرفۆلۆجی. بەلای ئێمەشەوە پێناسەی هێز هەرکامەیەکیان بێت لەمانەی سەرەوە گرنگ نییە چونکە مەبەستی ئێمە دۆزینەوەو دیاریکردنی جۆرە پەیوەندییەکی ترە لەڕێگەی هێزەوە، پێناسەکان وەکو لایەنی تیۆری و زیاتر پەیوەست بوونیان بەئاستی دەنگەوە خراونەتەڕوو، بۆ ئەوەی تەنیا تایبەتمەندی نەکەین بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە و دووریشی بخەینەوە لە ئاستی فۆنۆلۆجییەوە.

---

٨٧- بڕگە بریتی یە لە فۆنیمێك یان زیاتر کە بەیەك تەوژم لەزار دێتەدەر .

## ١١. ١ . ٢ هێزو ئاستەکانی هێز:

هێز لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی تردا بڕگەیەك یان زیاتر لەهەر وشەیەکی تەواو (واتادار) هێزدارە چونکە (کاتێك وشە بەتەنهایی گۆ دەکرێ، واتە بەجیاو لە دەرەوەی چوارچێوەی فرێزو ڕستە، لەم بارەدا وشە بە بەردەوامی شێوەی هێزداری تایبەتمەندی خۆی هەیە (Abdulla , Mecarus1967 : 136) بەمەش (لە هەندێ وشەدا ڕەنگە یەکێك یان زیاتر لە بزوێنێك هێزداربێ، بەڵام ئەگەر وابێ، یەکێ لەو بزوێنە هێزدارانە هێزێکی زۆرتر لەوانی دی وەردەگرێ. ئەو بزوێنەی هێزی هەرەزۆریان بەرزی وەرگرتووە ئەمە هێزی سەرەکی وەرگرتووە، بڕگە هێزدارەکانی تر هێزی دووەکیان وەرگرتووە ( Fromkin and Rodman 1978: 89). بەپێی زۆربەی سەرچاوە زمانەوانییەکان چەند ئاستێك بۆ هێز دیاری کراوە لەوانە: ئاستی سەرەکی کە ئەمەیان بە ئاستی یەکەمی هێز دادەنرێت و زۆرترین بڕی هێزە کە لەسەر یەکێك لە بڕگەکانی وشە دەوەستێ) ئاستی دووەکی هێز کە بڕەکەی لە هێزی سەرەکی کەمترە، ئاستی سێیەکی کە بڕەکەی لە هێزی سەرەکی و دووەکی کەمترە (هەرزمانێك دەستەیێك یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆوەی هەیە بەهۆیانەوە شوێنی هێزی سەرەکی و هێزی دووەم و سێیەم لەسەر وشەکاندا دەستنیشان دەکرێت. لە زمانی کوردیدا — بەشێوەیەکی گشتی — هێزی سەرەکی کە دەکەوێتەسەر دوا بڕگەی وشەوە. هەندێ ناوێزە بەرچاو دەکەوێ وەك (چونکە، بەڵام، هێشتا... هتد) لەم وشانەدا هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی یەکەم (وریا عومەر ئەمین ١٩٩٤: ١٤) بۆ نموونە: لە فرێزی (مامـــــــــۆســـــتاکان) دا ئاستەکانی هێز بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

کان / هێزی سەرەکی وەردەگرێ.

تا / هێزی دووەکی (ناوەند) وەردەگرێ.

ما - مۆس / هێزی سێ یەکی (لاواز) وەردەگرێ.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم سێ ئاستە بۆ هێز دەستنیشان کراوە، بەڵام مەرج نییە لە وشەیەکدا هەرسێ ئاستەکە بەژداربن یاخود هەبن بەتایبەت لەو وشە سادانەی کە لەیەك بڕگە پێکدێن و تاکە مۆرفیم دەنوێنن وەکو ئامرازەکان (بۆ، تا، کە... هتد) کە ئەمانە تەنیا هێزی سەرەکی یان لەسەرە (هەر وشەیەك بەلای کەمەوە یەك هێزی سەرەکی هەیە ( Macaras 1958: 34) دیاریکردنی ئاستەکانی هێز نیشاندانی لایەنێکی تری هێزە لەڕووی ئاستی

فۆنۆلۆجییەوە بەوەی شوێنی هێزەکان لەسەر بزوێنی بڕگەکاندا جیاوازی لە کەم و زیادی بڕی وزە دەنوێنن، ئەمەش دیسان بە مەبەستی لایەنی تیۆری بابەتەکەیە.

### ۳ .۱ .۱۱ هێزو ئاستی مۆرفۆلۆجی

پێشتر هێز لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا ئاماژەی پێ کرا کە لە چوارچێوەی ئاست و دانە جۆربەجۆرەکانی زمانێکی دیاریکراو ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز دەبینێت و هەر زمانێك کۆمەڵێك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچەندە ئێستاش لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ڕۆڵ و ئەرکی نیشان دەدەین بۆئەوەی بزانرێت چ جۆرە تێکەڵیەك و گۆڕانکاریەك لەنێوان هەردوو ئاستە نیشان دەدات چونکە (هەندێك لە زمانەوانان پێیان وایە کە هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجییە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێ (وریا عومەر ئەمین ١٩٩٤: ١٣) بەڵام ئەم بڕیارە بۆچوونێکە کەڕۆڵی هێزی تێدا دیاری کراوە چونکە ئاشکرایە کە هێز خۆی هیچ نیشانەیەکی نییەو سەر بە فۆنیمە ناکەرتیەکانە لە زماندا. پەیوەندی هێز بە ئاستی مۆرفۆلۆجی خۆی لە گیرەکەکاندا دەبینێتەوە (گیرەکەکان (پاشگرو پێشگر) ئەوانەن کە لە ئاستی مۆرفۆلۆجی دا وشەو واتای نوێ دروست دەکەن و کاریگەری تەواویان بەسەر هێزو شوێنی هێز هەیە. بەتایبەت پاشگرەکان (ڕەحمان ئیسماعیل ١٩٩٨: ٨٤) بەمەش پەیوەندی لەنێوان هێزو پاشگرو پێشگردا هەیە واتە پەیوەندی مۆرفۆفۆنیمی پێکیان دەبەستێتەوە، کە لە زۆر سەرچاوە زمانییەکاندا (هێز لە هەردوو بەشی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی بەپێی پێویست ئاماژەی پێ کراوەو چەندین زانیاری و سەرنجی بەکەڵك لەسەر هێزی گیرەکی داڕشتن و ڕێزمانی خراوەتەڕوو (بڕوانە مەکنزی ١٩٦١: ٥٠) هەروەها (شوێنی هێزی سەرەکی وشە لەڕوانگەی پەیوەندی هێزو گیرەکەوە دیاری دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش گیرەکەکان لەڕووی هێز وەرگرتنەوە دابەش دەکرێت، گیرەکی داڕشتن بەگشتی بە هێزدارو گیرەکی ڕێزمانی بەگشتی بە هێز وەرنەگر دادەنرێت (وریا عومەر ئەمین ١٩٧٩: ٢٦). واتە (هێزی سەرەکی لە تاکە وشەدا دیاری دەکرێ بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتنی مۆرفۆلۆجی، بەشێوەیەك ئەگەر وشەیەکی داڕێژراو گیرەکێکی هێزوەرگری چووە سەر ئەمە هێزەکە بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، خۆ ئەگەر گیرەکەکە هێز وەرنەگربوو ئەوە هێزی سەرەکی لەسەر دوا بڕگەی ڕەگی وشەکە دەمێنێتەوە (بڕوانە محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٨٠: ١٧٩، ١٨٩) وەك ئەم نموونانە:

باش ———— باشتر [تر] هێز وەردەگرێ.

باشە، قەڵەم - قەڵەمەکە — قەڵەمەکان [ەکە — ان] هێز وەردەگرن.

(گیرەکی هێز وەرنەگر)

شایانی باسە گیرەکەکان وەکو وتمان جیاوازن لەڕووی وەرگرتن و وەرنەگرتنی هێزی سەرەکی، بۆ ئەم مەبەستەش چەند گیرەکێك بە نموونەوە نیشان دەدەین کە ئەم بارەی هێز دەسەلمێنن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. گیرەکی وشەدارێژ لەخۆوە هێزدارن،** وەك:

[ی] نیشای دیارخەری ناوی مەعنەوی، نموونە: خۆش — خۆشی.

[گا] شوێن دیارخەر، نموونە: دەزگا (دەست + گا) ———◄ دەزگا (بروانە: ٦١، ٧١).

[دار] ،[— ەوان] کار دیارخەر، نموونە: دوکاندار، مەلەوان.

[ەر، یار] پیشە دیارخەر، نموونە: نووسەر — فرۆشیار.

[ستان] شوێن دیارخەر، نموونە: کورد — کوردستان.

[دار] خاوەنییەتی، نموونە: مەڕ — مەڕدار.

[ی] نەسەب، نموونە: هەولێر — هەولێری′ (سەرچاوەو لەمەڕبوون).

[— ن] جۆر دیارخەر، نموونە: چڵك — چڵکن′.

[مەند] خاوەنییەتی، نموونە: هۆش — هۆشمەند.

[انە] ئاوەڵکار دیارخەر، نموونە: شێر — شێرانە′ ، ڕۆژ — ڕۆژانە′.

[ێ] ئاوەڵکار دیارخەر، نموونە: شەوێ′.

**٣. گیرەکی ڕێزمانی هێز وەرنەگرن، وەك:**

[تر، ترین] پلەی بەراوردو باڵا، نموونە: جوانتر — جوانترین.

[ان] کۆ، نموونە: کوڕان، کچان.

[ەکە - نوسەك] ناسیاری، نموونە: گوڵەکە، باخەکە.

[ێك] نەناسیاری (تەنیا لەو وشانەی کە / i - بزرۆکە / ناوکی بڕگەیە هێز وەردەگرێ (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٨٠: ١٨٩). نموونە: ژنێك′

٣. **أ - (هەر کە دوو مۆرفیمی هێز وەرگر یان پتر بەڕیز لەدوای یەك بێن کێشەکە بە سوودی هێز بۆلای خۆی ڕادەکێشێت.** نموونە:

هونەر′ ←——— هونەرمەند′ ←——— هونەرمەندێتی′

**ب – (هەرکە فرمان هیچ گیرەکێکی هێز وەرگری لەگەڵدا نەبێت، دوا بڕگەی ڕەگی فرمانەکە هێز بۆلای خۆی ڕادەکێشێت.** نموونە:

هاتن′ (گیرەکی هێزدارە)

دەها′تم (گیرەکی هێزداری نییە بۆیە هێز لەسەر ڕەگەکە دەبێ). (**محەمەد مەعرووف فەتاح** ١٩٨٠: ١٩٢)

٤. **چاووگ:**

هێزدارن، وەك:

**[- ن]** نموونە: مردن′، نووستن′، پشمین′، چوون′، سووتان′.

٥. **گیرەکی فرمان دیارخەر:**

(پێشگرەکان — ڕووکارەکانی نەفی کردن و داخوازی) هێزدارن، وەك:

نیشانەی ناکردن (نە، نا، مە) (نووسەك) نموونە: نە′ڕۆی، نا′خۆم، مە′چوو

پێشکارەکان (دا، ڕێ، تێ، هەڵ) نموونە: دا′خست، ڕا′خست، تێ′ گرت، هەڵ′ خست.

٦. **/ وو / نیشانەی بارتیسیبل:**

(بەردەوامی): (ئەم پاشگرە هەمیشە هێزدارە (**محەمەد مەعرووف فەتاح** ١٩٨٠: ١٩٢)

تێ گەیشت ←——— تێ گەیشتوو′

هات ←——— هاتوو′

٧. **نووسەکەکان:** وەك:

پاشگری فرمان: سێ جۆرن:

(أ) — م، - ت، ی، مان، تان، یان (لەگەڵ تێپەڕی ڕابردوو).

(ب) — م، - یت، Ø، ین، ن، ن (لەگەڵ تێنەپەڕی ڕابردوو).

(ج) — م، - یت، - ات - ێت، ین، ن، ن (لەگەڵ ڕانەبردووی تێپەڕوتێنەپەڕ).

(ئەو پاشگرانە هێز وەردەگرن هەر کە بەشدار دەبن لە پێکهێنانی:

١. کاتی مەرجی (ڕابردوو مەرجی)، نموونە: بم′ خواردبایە، بتا′ن گرتبایە.

٢. کاتی ناتەواو (ڕابردووی بەردەوام) لەگەڵ فرمانی تێپەڕدا: دەم′ گرت، دەیا′نگرت.

٣. خەبەری ئێستا: دەزانی′، دەتوانی′.

ئەوانە لەهەر جێگەیەکی تر بن هێز وەرناگرن. (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٨٠: ١٩١ — ١٩٢).

بەم جۆرە هێز وەك فۆنیمێکی ناکەرتی لەئاستی فۆنۆلۆجی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ گیرەك و نووسەکەکان دروست دەکات کە ئەمانەی دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجی زمان لەڕوانگەی هێزەوە جۆری پەیوەندییەکان لەگەڵ گیرەك و نووسەك دەست نیشان دەکەین بەواتایەکی تر تیشکی زیاتری دەخرێتە سەر، بەم شێوەیە[٨٨]:

هێز وەك ڕەگەزێکی جیاکەرەوە لە بەرانبەر کردنی گیرەکی داڕشتن و ڕێزمانی یا نووسەك دەور دەبینێ، واتە ئەو پاشگرە هاوشێوانەی دەچنە سەر هەمان فۆڕم و بەرانبەری دەکرێن، پاشگرە داڕشتنەکە هێز وەردەگرێ کەچی لەباری پاشگری ڕێزمانییەکە هێزەکە لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە (هێز لە وشەی داڕێژراودا، پەیوەستە بەو گیرەکانەی کە بە سروشت هێز وەردەگرن یان وەرناگرن، بەمەش گیرەکەکان بەسەر دوو چین دابەش دەبێت چینی (١) ئەوانەی هێز وەردەگرن چینی (٢) ئەوانەن هێز وەرناگرن یان هێز لەسەریاندا سەرەکی نییە بەڵکو هێزی دووەکی و سێ یەکییە واتە بەپێی ئاستەکانی هێز دەبێت، بێ ئەوەی باوەڕ بە بوونی هێزی لاواز هەبێت لە زمانی کوردیدا (بڕوانە محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٧: ٤٥ — ٥٧) بۆ نموونە بەراوردی ئەمانە بکە:

---

٨٨ بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: (ڕەحمان ئیسماعیل ١٩٩٨: ١٠٣ — ١٠٤) جگە لەم سەرچاوانەی کە لەناو نوسینەکاندا ئاماژەی پێ کراوە.

[ن] ی چاووگ (گیرەکی وشەدارێژ): [ن] ی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەم و سێ یەمی کۆ (نووسەك).

[ی] ی پاشگری ناوی مەعنەوی (گیرەکی وشەدارێژ): [ی] جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك (نووسەك)

[ە] ی پاشگری ناودارێژەر: [ە] ی مۆرفیمی کاتی ئێستا.

وەك لەمانەی خوارەوەدا:

| ستوونییەکەم | | ستوونی دووەم |
|---|---|---|
| مرد نʹ [چاووگ] | : | مـــرʹ دن [ئەوان مردن] |
| ئازاد یʹ [ناو] | : | ئـــاʹ زادی [تۆ سەربەستی] |
| جوا نەʹ [ناو] | : | جوʹ انە [ئەو شتەجوانە] |

لەئەنجامی بەراوردکرنی ئەم نموونانەو دەیان نموونەی تر ئەوە دەدا بەدەستەوە (کە ئەگەر مۆرفیمێ خرایە سەر هەر وشەیێ و وشەی تازەی خاوەن مانای تازەی لێ پێکهێنا ئەوە کار لەشوێنی هێزەکەی دەکات و دەیگوێزێتەوە سەر دوا بڕگەوە. ئەگەر کاری لە مانا نەکرد، هێزەکەی لە شوێنی خۆی دەمێنێ و جێ ی خۆی ناگۆڕێ یا ئەگەر مۆرفیمێ خرایە سەر هەرچ وشەیێك یان مۆرفیمێکی ترو شوێنی هێزی گۆڕی ئەوە مۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجی یە (وشەدارێژە) (وریا عومەر ئەمین ١٩٩٤: ١٤) لە وشەکانی ستوونییەکەم (ن، ی، ە) سێ پاشگرن، مۆرفیمی وشەدارێژن و واتای نوێیان پێکهێناوە بۆیە هێزی وشەکانیان بۆخۆیان ڕاکێشاوە. بەڵام لە وشەکانی ستوونی دووەم (ن، ی، ە) سێ پاشگرن، نووسەکن یاخود گیرەکی ڕێزمانین، ئەرکی سینتاکسیان جێبەجێ کردووەو کاریان لە مانای وشەکان نەکردووەو بەشە ئاخاوتنیان نەگۆڕیوە بەمەش (هێز ئەرکی بەرانبەری و جیاوازی هەیە، ئەو گیرەکانەی وشەو واتای نوێ و حاڵەت دەگۆڕن هێز ڕادەکێشن (وریا عومەر ئەمین ١٩٧٩: ٢٩).

### ٢.١١ ناوبڕ Juncture

زاراوەی (ناوبڕ) لە زمانی کوردیدا بەرامبەر زاراوەی (**jarcture**) لە زمانی ئینگلیزیدا دەوەستێت، کە کەناڵێکی ترە بۆ پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی لەڕێگەی ئەو واتایەی کە لە مۆرفیمە یاخود وشە هاوشێوەکاندا بەدەست دێت (ئەم زاراوەیە لەبواری فۆنۆلۆجی بەکاردێت کە ئاماژەیە بۆ سنوورو سیمای فۆنەتیکی کەیەکە ڕێزمانییەکان نیشان دەدات، یەکە ڕێزمانییەکانیش وەکو مۆرفیم، وشە، ڕستە... بۆنموونە: (Crestal 1987: 164).

بەڕێکەوت / بە|ڕێکەوت / (بەواتای صدفە)

بەڕێکەوت / بەڕێ| کەوت / (بەواتای ڕۆیشتن)

هەندێك لە زمانەوانە کوردەکان[٨٩] (هەڵوەستە) یان لە بڕی (ناوبڕ) بەکارهێناوە، بەڵام (ناوبڕ) مان بەلاوە باشتربوو چونکە بەرامبەر (فاصلە) ەی زمانی عەرەبی دەوەستێت و هەر بەو واتایەش دێت کە

(فۆنیمێکی لاوەکییە، لە نێوان وشە و وشەیێکی تر دەردەکەوێت، یان لە سنووری وشەیەکا یان ڕستەیەکا بە هەڵوەستە دەربڕینەکەی دەنوێندرێت، هێماکەشی بەم جۆرەیە / +/[٩٠] (فەتاح مامە عەلی ١٩٨٩: ١٢). بە واتایەکی تر (هەڵوەستە (وەستان): فۆنیمێکی ناکەرتییە لە نێوان دوو وشە دا یان وشەیەك کپیەك (سکون) دێت، کە بەهۆی وەستانەوە دەردەبڕێت، هەڵوەستەش یان لە ناوەوە دەبێت، واتە لەناو وشەکەدا، یان لە دەرەوە دەبێت هەروەها کراوە یان داخراو دەبێت (واتە لەناو ڕستەدا)، بەرەو ژوور rising یان بەرەو خوار falling دەبێت یان کاتی Sustained دەبێت[٩١] (تالیب حسێن عەلی ٢٠٠٥: ٩٨).

---

٨٩ . لەوانەش: ١. (فەتاح مامە عەلی ١٩٨٩: ١٠، ١٢) . ٢. (تالیب حوسێن عەلی ٢٠٠٥: ٢٧٣) .

٩٠ . سەبارەت بە هێمای (ناوبڕ) ئێمە نیشانەی / | / مان داناوە لەو شوێنەی (ناوبڕ) هەیە، بەڵام سەرچاوەکانی پێشتر کە ناومان بردن نیشانەی / + / یان بەگشتی داناوە بۆ جۆرەکانی (ناوبڕ) یش نیشانەی جۆراوجۆری وەکو / ↑، ⟵،↓، پ، # / یان بەکارهێناوە .

٩١ . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (ناوبڕ) و جۆرەکانی، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:
1. (Roger Lass 1998: 36 – 38) .

شایانی باسە لە (ناوبڕ) دا جەخت یاخود پشت بە سێ لایەن دەبەسترێت بەواتایەکی تر سێ شت لە ناوبڕدا پێویستە لەبەرچاو بگیرێت:

١. جۆری دەنگەکان.

٢. زنجیرەی دەنگەکان.

٣. ژمارەی دەنگەکان.

جۆری دەنگەکان مەبەست لە فۆنیمەکانە کە پێویستە مۆرفیمە هاوشێوەکان گشت فۆنیمەکانیان وەکو یەك بێت تەنیا لە تاکە فۆنیمێکدا جیاوازبن. زنجیرەی دەنگەکانیش ئەوەیە کە دەبێت جیاوازی دوو فۆنیمەکە لەبەرامبەر یەکدابن واتە یان یەکەم فۆنیم یان دووەم فۆنیم یان.... نابێت فۆنیمێك لەسەرتابێت و ئەوی تر کە جیاوازە لەکۆتایی بێت. ژمارەی دەنگەکانیش پێویستە یەکسان بن و لەبەرامبەر یەکدابن. نموونەی تر، وەك لەم جووتە وشانە بەدیار دەکەوێت:

١. أ. بێ | زارم: (بێ دەمم)

ب. بێ زار |م: (وەڕزم)

٢. أ. وا | دەکەم: (ئەوها دەکەم)

ب. واد | ەکەم: (پەیمان و بەڵێنەکەم)

٣. أ. نە| مام: (مام نا بەڵکو خاڵ یان یەکێکی تر)

ب. نەما| م: (مردم)

ج. نەمام | : (گوڵ چاندن)

٤. أ. دەرکە| : (دەرگا)

ب. دەر| کە: (دووری خەرەوە)

٥. أ. مەدینەی منەوەرە| .

ب. مەدینەی منــە | وەرە[٩٢].

سەبارەت بە نموونەی (٤- أ) (فەتاح مامە) دەڵێت: (هەڵوەستە نییە[٩٣] بەڵام کە هەڵوەستەییێك بکەین لە نێوان (دەر)|(کە) واتە لە نموونەی (٤ – ٢) دا دەربڕین و واتاو


---

٢. (تالیب حوسێن عەلی ٢٠٠٥: ٣١، ٥٥، ٥٦، ٦٤، ٦٥، ٩٤، ٩٨، ١٣٤، ١٦٠ – ١٦١، ١٦٤، ١٧٤، ١٨٢، ١٩٧، ٢٠٣) .

٩٢- ئەم نموونەیە بۆ ناوبڕی ڕستە بەکارهاتووە .

دانەی وشەکە دەگۆڕێت، هەرچەندە هەردووکیان هاوپیتن. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هەڵوەستەکە وشەییێکی کرد بە ڕستە، چونکە (دەر + کە) ڕستەیە (فەتاح مامە عەلی ١٩٨٩: ١١).

هەروەها سەبارەت بەنموونەی (٥- أ) یش ناوبڕ لە کۆتایی وشەکەیە بەواتای (شوێنی حەج کردن) دێت واتە(ەوەرە) پاشگرێکی وشەداڕێژە و (منەوەرە) وەکو ناوێك بەتەنها بەکاردێت و لەگەڵ (مەدینە) ناوێکی لێکدراوی بەستراو یان بەیارمەتی (ی) ی ئیزافە دروست کردووە، بەڵام لە نموونەی (٥- ب) دا (وەرە) لە (من) جیـابۆتەوەو شوێنی ناوبڕ دەکەوێتە کۆتایی وشەی (منە) و (وەرە) وەکو کارێکی داخوازی بەکارهاتووە بە واتای (شاری منە تۆ وەرە)، بەپێ ی ئەم دوو هێڵکاریە:




---

٩٣- بەڵام ناوبڕ لە کۆتایی وشەکەدا هەیە چونکە ئەگەر هیچ ناوبڕێك لە ناو وشەدا نەبێت، ئەوا لـە کۆتـایی وشە کە تەواوبوونی وشەکەیە ناوبڕێك وەك ڕاوەستانێك دەردەکەوێت . بەڵام کە شوێنی ناوبڕمان گواستەوە بۆ ناو وشەکە ئەوا لە کۆتایی دا نامێنێت، ئەم حاڵەتانەش بۆ جۆرەکانی ناوبڕ دەگەڕێتەوە .

# بەشی سێیەم

## پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی سینتاکس

## (مۆرفۆسینتاکس)

## ١. سەرەتا:

هەموو ئەو کەرەسانەی، کە لە چوارچێوەی ئاستەکەی خۆیدا چالاکی دەنوێنیٚ، هیچ جۆرە کێشەیەك نانێتەوە، زۆر بە ئاسانیش یاساکانی سنووردار دەکرێن و دەستەمۆ دەکرێن، بەڵام زمان چالاك و کاریگەر نابێت بە دابڕاوی ئاستەکان، بەمەش کەرەسەکان ئاستی خۆیان دەبەزێنن و دەپەڕنەوە ئاستێکی تر، کە چووە سنووری ئاستێکی ترەوە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یاساکانی ئەو ئاستە نوێیەو لەژێر حوکم و بڕیاری یاساکانی ئەو ئاستە کاردەکات.

ئەو پەیوەندییەی ئێمە کردوومانە بەناونیشانی ئەم بەشە جۆرێك لە پەڕینەوەی نێوان کەرەسە مۆرفۆلۆجییەکان بۆ ئاستی سینتاکس دەستەبەر دەکات و ئەو (ئاستە نێوانە) دەخاتەڕووی، کە بە کەرەسەی مۆرفۆلۆجی و چالاکی سینتاکسی ئاستی مۆرفۆسینتاکسیمان بۆ دەردەخات ئەو پەیوەندییەش یەکێکە لەو پەیوەندییانەی بەهاوکاری چەند پەیوەندییەکی لەم جۆرە (تەواوەتی) دەدەن بە هەر زمانێك:

## ٢. ڕوونکردنەوەی چەمکی مۆرفۆسینتاکس (هەڵسەنگاندن):

چەمکی مۆرفۆسینتاکس هەڵگری هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکس لەنێو ئاستەکانی زماندا دەگەیەنێت کە زاراوەیەکی زمانییە پەیوەندی و تێکچڕژانی دوو ئاستی زمان لەیەك ئاستدا گردەکاتەوە لەژێر ناوی ئاستی (مۆرفۆسینتاکس) کەواتە (مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانی هەڵقولاوی بواری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە (ئەبوبەکر عومەر ٢٠٠٣: ١٤). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی بابەتەکە تیشك دەخەینە سەر بۆچوونی هەندیٚ لە زمانەوانان لەبارەی دیاردەکە وێڕای هەڵسەنگاندنی خۆمان:

(مۆرفۆسینتاکس دەرخەری پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی (شێوەی وشە) و سینتاکس (ستراکتووری - ڕۆنانی ڕستە) ییە. سەرنجی مۆرفۆسینتاکسی ئەو دیاردە دەستنیشان دەکات کە پەیوەندی نێوان شێوەی وشەو ستراکتووری ڕستە لە لایەنێکی دیاریکراوی زماندا ڕووندەکاتەوە (کەمال میراودەلی ٢٠٠٧: ٧٣).

مەبەستی ئەم پێناسەیە بۆ مۆرفۆسینتاکس لەوەدایە کە هەر مۆرفیمێك یاخود هەر وشەیەك لە ئاستی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی وەربگرین ئەوا لە ڕستە جۆراوجۆرەکاندا هیچ

گۆڕانێکی بەسەردا نایەت واتە پەیوەندییەکی تێکچڕژاو لەگەڵ ڕستەکەدا دەستنیشان دەکات و پارێزگاری لە چەمکە بنەڕەتییەکەی دەکات، بۆ نموونە:


ـ تۆ کوڕێکی چاکی.

ـ چاکی لەتۆ بەدی دەکرێت.

نەگۆڕانی مۆرفیمی (تۆ) لەڕۆنانی دوو ڕستەکەدا چەمکی مۆرفۆسینتاکس دەگەیەنێت.

لۆنگ مان دەڵێت: (مۆرفۆسینتاکس پێوەرێکی پەیڕەوکراوی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییە لە شیکاری زماندا، کە پێکهاتن و ئەرکی وشەکانی ڕستەکە دەگرێتەوە، ئاسایی پێوەری فۆرمی مۆرفۆلۆژی سینتاکس لە بەکارهێناندا پێوەرێکی مۆرفۆسینتاکتیکیە (Richards1992: 237).

مەبەستی لۆنگ مان لەم پێناسەیەدا ئەوەیە کە مۆرفیمە سینتاکسیەکان واتە گیرەکە ڕێزمانییەکان و نوسەکەکان کردەی سینتاکسی دەگێڕن لەو وشانەی کە مۆرفیمە ڕێزمانییەکە یان نوسەك وەردەگرن بۆ دروستکردنی پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوانیان لە ئاستی ڕستەسازی دا یاخود پێك بەست و لێکدانی وشەکانە لە ڕێگەی گیرەکە سینتاکسییەکان نوسەکەکان لە پێکهێنانی ڕۆنانی ڕستەدا، وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە:




گەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین پێکبەستنی وشەکانی (کچ، گەورە، ماڵ، هات) بەهۆی گیرەکی ڕێزمانی (ە، ەوە) و نووسەکی (ە کە) هاتۆتە ئاراوە بۆ دروست کردنی یاخود بەرهەم هێنانی ئەم ڕستەیە، ئەگینا ئەم ڕستەیە بەرهەم نەدەهات، ئەمەش چەمکی مۆرفۆسینتاکس دەگەیەنێت.

(مۆرفۆسینتاکس هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژیانە دەگرێتەوە کە ئەرکی سینتاکسیان هەیەو چەمکەکانی ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە ـ تاك و کۆ، ڕەگەز، دۆخ، دەیانوێنن. بەواتایەکی تر مۆرفۆسینتاکس پرۆسەیەکە کە تایبەتێتی سینتاکتیکی وشە فەرهەنگی یەکان

دەرەخسێنێت و بۆشاییەکی پێکهاتەی فرێزو ڕستەکان بیرکاریانە لەڕێی گونجاندن و هاوتابوونی پێکهێنەرەکانیانەوە پردەکاتەوەو تێگەیشتن دێتە ئاراوە(بڕوانە ١٩٩٣: ١٧٦ **tyask**). واتە گیرەکی ڕێزمانی و نووسەکەکان کە دەچنە سەر وشە فەرهەنگییەکان بەمەبەستی لێکدانی وشەو مۆرفیمەکان و ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی لۆجیکی و گونجاندنیان بە لێکدانێکی سینتاکسی لەنێوان کەرەستەکان بە مەبەستی دروستکردنی ئەو قۆناغەی کە قسەکەی تێدا بەدی دێت لەلایەن قسەکەرەوە بۆلای گوێگر کە سوری یاخود بازنەی گفتوگۆو تێکگەیشتن بهێننە ئەنجام.

ڕێککەوتنی بکەرو کار لەچوارچێوەی سینتاکسدا، مۆرفۆسینتاکس دەنوێنێت (چۆمسکی گۆڕانکاری بەشە ئاخاوتنەکان بە دیاردەیەکی ڕێککەوتنی سینتاکتیکی دادەنێت و لەچوارچێوەی یاسای فرێز پێکهێناندا چارەسەریان دەکات، کە بریتی یە لە:

$$S \longrightarrow NP + VP$$

$$VP \longrightarrow Verb + NP$$

(Katamba 1993: 13)

واتە ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەین:

١. ئازاد نانەکەی خوارد.


٢. ئازادەکە نان خوارد.*

دەبینین جیاوازیەکی زۆریان هەیە ڕستەی (١) گونجاوە، بەڵام ڕستەی (٢) نەگونجاوە، ئەم گونجان و نەگونجانە بۆ چالاکی نووسەکی سینتاکسی (ەکە) دەگەڕێتەوە کە دەچێتە سەر بەرکارەکە و ناچێتە سەر بکەرەکە ئەمەش بە مەبەستی ڕێککەوتن و گونجانی هەردوو فرێزی ناوی و کارییە لەچوارچێوەی ڕستەدا، بەواتایەکی تر بکەرو بەرکار وەك بەشە ئاخاوتنێك ئاستی مۆرفۆلۆجییەو ئەو ئەرکانەش کە دەینوێنن ئاستی سینتاکس نیشان دەدات.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە هەندێ پێناسە دەخەینەڕوو سەرنجیان لە بارەوە نیشان دەدەین:

١. (مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانییە و ئاماژەکردنە بۆ پۆل و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان، کە بە خستنەڕووی هەردوو پێوەرە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی یەکان جێبەجێ دەکرێت (Crystal 1991: 226)

لێرەدا چەمکی مۆرفۆسینتاکس وەك زاراوەیەك لێکدانی دوو ئاستی ڕێزمانی بە کەرەسە زمانییە تایبەتییەکانی هەریەکەیانەوە دەگرێتەوە واتە لێکدان و ئاماژەکردنە بە هەریەکە لە (مۆرف و مۆرفیم و ئەلۆمۆرف و فرێز و ڕستە) بەشێوەیەکی تێکەڵاوی کە گشتیان لەژێر ناوی ئاستی مۆرفۆلۆژی و ئاستی سینتاکس کۆکراونەتەوەو هەردوو ئاستەکەش بە تێکەڵاوی لەڕێگەی ئەو پەیوەندییەی دروستی دەکەن بە ئاستی مۆرفۆسینتاکس ناودەنرێن، بەشێوەیەك کە (مۆرفیم بچووکترین یەکەی هەردوو پێکهاتەکەیە لەڕووی واتا یان ئەرکەوە ـ ئەرکی دارشتن یان ڕێزمانی (بڕوانە محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٠: ٨١). بەمەش هەردوو ئاستەکە لە هێڵکارییەکی ئەم شێوەیەی خوارەوە، پێناسەکە یاخود چەمکی مۆرفۆسینتاکس لەخۆ دەگرێت:




ئەم هێڵکارییە شێوەیەکی ئاڵۆزو فراوانی مۆرفۆسینتاکس نیشان دەدات لەم بارەیەوە (ڕادفۆرد) دەڵێت: (سیماو ڕوخساری مۆرفۆسینتاکس سیمایەکی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییە تایبەتە بە هەریەك لەبارەی پێکهاتەی وشەو ڕێکخستنی ڕستەیی ( Radford – Andrwe 1997: 265).

٢. (مۆرفۆسینتاکس بریتییە لەو پرۆسانەی زمان، کە نواندنی تایبەتێتی ـ سیفاتی ـ سینتاکسی لەڕێی کەرەسەی مۆرفۆلۆژییەوە دێننە کایەوە، واتە لەڕێگەی بوونی مۆرفیمی وەکو (Flexives) یان کلیتیك (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ١٨).

بەپێی ئەم پێنا سەیە چەمکی مۆرفۆسینتاکس هەموو گیرەکە ڕێزمانی و نووسەکەکان دەگرێتەوە کە مۆرفیمن لە ئاستی مۆرفۆلۆجی دا بەڵام ئەرکی سینتاکسیان هەیە بۆ ڕێکخستن

٩٤- (کورتکراوەی مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسە، چونکە دوو لایەنە و هەردوو ڕۆڵ دەبینێت (فەتاح مامە عەلی ١٩٨٩: ٦٨)

و نواندنی ڕۆنانی سینتاكس لەڕێگەی ئەو مۆرفیم و وشانەی كە ئەم جۆرە كەرەسانە (گیرەك و نووسەك) لێكیان دەدەن و پرۆسەو سیستەمی یاسا ڕێزمانییەكان ڕێكدەخەن، بەجۆرێك (ئەم پرۆسەیە پێچەوانەی پرۆسەی خستنە پاڵ یەكی كەرەسە كۆكراوەكانە (واتە دانەیەكی ئاستی وشە ڕۆنان نییە) لەم پرۆسەیە دا تایبەتێتی سینتاكسی بەپێی جێگەی ئەو كەرەسەیە لە دەربڕیندا دەخرێتەڕوو (Bussman 1996: 316) واتە داڕشتن و پێكهێنانی وشەكان مەبەست نییە بەڵكو ڕێكخستنی وشەكانە لە ڕۆنانێكی سینتاكسی بەشێوەیەكی گونجاو و ڕێكوپێك بەپێی یاسای ڕێكخستنی سینتاكسی.

٣. (مۆرفۆسینتاكس لێكۆڵینەوەی كاتیگۆڕی سینتاكسییە، یان دەستنیشانكردنی سیفەتەكانی پێوەری ناساندنی مۆرفۆلۆجی و سینتاكسییە (Crystal 1992: 258).

ئەمەش ئاماژەیەكی ڕوونە بۆناسراوكردنی فریزی ناوی لەڕێگەی نووسەكی (ەكە/ ی ناسیاوی) یان گیرەكی ڕێزمانی (ێك / ی نەناسیاری و ژماركردنی) ناو لە ڕستەكاندا، هەروەها، ئەسپێكت (دەمكات) و كەس و دیارو نادیار لە فرێزی كاری ڕستەدا ئەمانە گشتیان نموونەن بۆ مۆرفۆسینتاكس كە بەسەر پۆلە سینتاكسییەكاندا (Categories grammatical) دێت.

بەم شێوەیەی باسكرا بە بۆچوونی ئێمە هەموو پێناسەكان لەبارەی ڕوونكردنەوەی چەمكی مۆرفۆسینتاكس كۆكن لە دوو خاڵی سەرەكیدا:

١. لێكدان و پێكبەستنی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاكس لەژێر زاراوەی مۆرفۆسینتاكس.

٢. گیرەكە ڕێزمانییەكان و نووسەكەكان، كە ڕۆڵی ڕێكخستنی پەیوەندی ڕستەیی كەرەسەكان دەگەیەنن بە مۆرفۆ سینتاكس ناسراون، ئەوانەش واتە كەرەسە مۆرفۆسینتاكسییەكان لە زمانی كوردی، بەپێی ڕێككەوتنیان لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەكانی ناوو ئاوەڵناوو كاردا دەخرێنەڕوو یاخود نیشان دەدرێن.

كەواتە مۆرفۆسینتاكس هەموو ئەو مۆرفە مۆرفۆلۆژیانە دەگرێتەوە كە ئەركی سینتاكتیكیان لە بارەكانی وەكو: ناسراوكردن، ژمارە ـ تاك و كۆ، ڕەگەز، دۆخ هەیە ئەم مۆرفانە بەگشتی مۆرفیمی بەندن. واتە وەك یەكەیەكی مۆرفۆلۆژی ئازاد (بەسەربەخۆیی) نە واتا دەبەخشن نە بەكاردێن، چونكە مۆرفیمە بەندەكان ئەو واتاو ئەركەی دەیگەیەنن لەچوارچێوەی وشەو فرێزو ڕستەدا دەبێت، لەكاتێكدا مۆرفیمە ئازادەكان جگە لەوەی بەپێی

پۆلی ڕێزمانی ڕۆڵ دەبینن وەك دانەیەکی مۆرفۆلۆژیش هەڵگری واتایەکی تایبەتین، بۆ نموونە وشەکانی: (شەو، قوتابخانە، بازاڕ،...) ئەم وشانە وەك مۆرفیمێکی نەگۆڕ لە ڕستەدا دێن و بەپێی شوێنیان ڕۆڵ دەبینن، لەکاتێکدا کەرەسە مۆرفۆسینتاکسیەکان هەروەك چۆن لە ڕێکخستنی ڕستەدا تایبەتێتی خۆیان هەیە لەهەمان کاتدا لە تایبەتێتی وشەشدا تایبەتێتی سینتاکسیان هەیە، کە (جیاکردنەوەو هەڵبژاردنی هەندێ کەرەسە لەناو پۆلە ئاخاوتنەکاندا بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە ڕێکخستنی ڕستەدا دەیبینن پۆلێکی ئەرکی دەنوێنێت، کە بە مۆرفۆسینتاکس ناودەبرێت (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ١٨) هەروەها (تراسك) (مۆرفۆسینتاکس و ڕۆڵی وەها لێکداوەتەوە کە:

نەگونجان و هاوتا نەبوونی وشە فەرهەنگییەکان لە ڕستەدا جێی سەرنجن بەتایبەت لە خستنەڕووی ئەرکی ڕستەییاندا، ڕێکخستن و هاوتابوونی کەرەسەکان بەپێی ئەرك و حاڵەتەکانیان بە مۆرفۆسینتاکس سپێردراوە و بە ڕووبەرێك دادەنرێت لەنێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا (Trask 1993: 176). واتە مۆرفۆسینتاکس کەرەسەی مۆرفۆلۆجییە وەك فۆرمێك بەڵام ئەرکی سینتاکسی لە ئاستی ڕستەسازیدا دەبینێت.

## ٣. تێکچڕژانی ئاستی وشەسازی و ئاستی ڕستەسازی (مۆرفۆلۆجی و سینتاکس)

هەرچەندە زمانەوانان باسی ئەو تێکچڕژان و بەناویەکاچوونەی ئەم دوو ئاستەیان وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لەدووتوێی نامەیەك یان کتێبێکدا نەکردووە، بەڵام وەك ئاستەکانی زمان باسی ئەم دوو ئاستەیان کردووە واتە (وشەسازی و ڕستەسازی)[٩٥]

---

٩٥- هەندێ لە زمانەوانە کوردەکان بەم شێوەیە باسیان لەم دوو ئاستە کردووە:

١. (مۆرفۆلۆجی لە داڕشتن و گۆڕانی وشە دەکۆڵێتەوە، بەڵام سینتاکس واتای ڕێککەوتن و دانان دەبەخشێت (کوردستان موکریانی ١٩٨٦: ٥)

٢. (مۆرفۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لەباری وشەوە لەڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە، سینتاکسیش لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە ئاخاوتن و ڕستەدا (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩: ٤ ـ ٥) .

٣. (ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس سێ ئاستی سەرەکین و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ مەبەستدا هەیە (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٠:٥) .

ئاشکرایە ئاستەکانی زمان وەها بەیەکترەوە بەستراون کە سنووریان بە ئاسانی جیاناکرێتەوە. لە هەندێ شوێندا ئەم دوو ئاستە تەواو تێکدەچرژێن (لەکاتێکدا مۆرفیم دەبێتە دواپێکهێنەرەکانی ڕستە (ئاستی سەرەوە) لێکدانی مۆرفیمەکان بۆ پێکهێنانی ڕستەی ئاسایی دەبێتە بەشێك لە ڕێزمانی زمانەکە مۆرفیم بەمە دەچێتە ئاستی سینتاکسەوە (کەوسەر عەزیز ١٩٩٠: ١١٢). کەواتە مۆرفیم وەك دانەیەکی گشتی بۆ زمان تێکچرژان لەنێوان هەردوو ئاستەکە دێنێتە ئاراوە، بەهۆی ئەوەی کە دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجییە و دەوری لە سینتاکسدا هەیە، بەمەش دەتوانین بڵێین لەڕێگەی مۆرفیمەوە گرنگی بە ئاستی سینتاکس دەدرێت.

لێرەدا دەبینین لەبەر ئەوەی ئەم دوو ئاستە تەواو تێکچرژاون و چوونە بەناو یەکدا کاتێك تێیان دەگەینە کە بەیەکەوە دێن جا گرنگ نییە لەکوێوە دەست پێ بکەین واتە لە ئاستی مۆرفۆلۆجی بێت یا لەئاستی سینتاکسدابێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، هەوڵ دەدەین فۆرم و شێوە جۆربەجۆرەکانی چاووگ نیشان بدەین لەڕێگەی کردە سینتاکسیەکان، هەروەکو لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە چاووگ و بنج کراوە وەك جۆرێك لە جۆرەکانی مۆرفیم:

## ١. فۆرم و شێوەکانی چاووگ لە چالاکییە سینتاکسییەکاندا:

بەشێکی زۆر دیار لە تێکچرژانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس خۆی لەو فۆرمانە نیشان دەدات کە بەسەر شێوەکانی چاووگدا دێت بەواتایەکی تر چاووگە جۆراوجۆرەکان لە چالاکییە سینتاکسیەکاندا[٩٦] گۆڕانێکی شێوەیی لە فۆڕمەکانیاندا ڕوودەدات ئەم گۆڕانانە لەژێر باری سینتاکسدا دەبێت و بەسەر مۆرفیمە چاوگەکاندا دێت لە ئاستی مۆرفۆلۆجی زماندا بێ ئەوەی کار لە واتای بنجی فۆرمەکە بکرێت، بەمەش ئەم دوو ئاستی تێکچرژانێك نیشان دەدەن کە جیابوونەوەیان کارێکی ئەستەم و گرانە. هەروەها فۆرم و شێوەکانی چاووگ لە دیاریکردنی تێکچرژانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا دەبێت ئەو ڕێگەیە ئاڕاستە بکات کەوا هەر

---

٩٦- مەبەست لە چالاکییە سینتاکسییەکان ئەو گیرەك و نووسەکانەیە کە وەك مۆرفیم دەورێکی کارا لە ئاستی سینتاکسدا دەبینن و زۆر چالاکن لە نواندنی پەیوەندی سینتاکسی واتە بلاوو ڕێك و پێکن و لەگەڵ هەموو بنجێکی شیاودا بەکاردێن

کەرەسەیەکی زمانی لەچوارچێوەی یاساکانی ئاستە دیاریکراوەکەدا ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نموونە لە وشەی یاخود دوو مۆرفیمی:

**ناردن** **خەوتن**


گەر بخرێنە بەرتیشکی یاساکانی وشەسازییەوە، دەبێت هەردووکیان وەکو (چاووگ) سەیر بکرێن، چاوگیش لە زمانی کوردیدا مامەڵەی ناوی لەگەڵدا دەکرێت کە دەڵێن:

ـ نامەکەم سەری نەگرت.

ـ ناردنەکەم سەری نەگرت.

ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە لەڕووی ڕێزمانییەوە هەمان سەنگیان هەیە یان هەمان بەهایان هەیە، مەبەستمان ئەوەیە کەوا هەردوو وشەی (نامە، ناردن) مامەڵەی ناویان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵگەشمان ئەوەیە کەوا هەردووکیان مۆرفیمی (ـ ەکە) ی ناسیاوی وەردەگرن، ناویش بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن لەپاڵ (کار، ئاوەڵکار، ئاوەڵناو، جێناو، ئامراز،.....)، بەشە ئاخاوتنەکانیش بە سەربەخۆیی واتە لە دەرەوەی ڕستەدا، دەچێتە ژێر باری یاساکانی مۆرفۆلۆجی بۆ لێکۆڵینەوە.

بەڵام ئەگەر (ئەم دوو وشەیە بەرینە یان ببەینە بواری سینتاکس دەکەونە ژێر باری دەسەڵاتی یاساکانی ڕستەسازی و بەپێی شوێن گۆڕانکاری بەسەریاندا دێنێت، وەك لەم هێلکاریانەدا:



لەم دوو هێڵکاریەدا بەڕوونی دەسەڵات و دەستکاری یاساکانی ڕستەسازی بەسەریانەوە دەبینین لە گۆڕانکاری ڕەگەکاندا یان تێپەڕاندنی کارەکەدا (**محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩: ٥**). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە چاووگی (خواستن) دێنینەوەو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر فۆرمەکەیدا دێت لە چالاکییە سینتاکسییەکاندا دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

خواستن ←——— چاووگەو مامەڵەی ناوی لەگەڵ دەکرێ، بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێت:

١. (ن) ی چاووگی پێوە لکاوە وەك هەموو چاوگەکانی تر (شێوەکانی چاووگ).

٢. ئەرکەکانی ناو دەبینێ، ناویش وەك هەموو بەشەکانی ئاخاوتن وشەسازی لێی دەکۆڵێتەوە واتە ئاستی مۆرفۆلۆجی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

**کەواتە: خواستن : خواس + ت + ن (لە ناوەڕۆکدا)**

**خواستن : وشەیە، چاووگە مامەڵەی ناوی لەگەڵدا دەکرێ (لە ڕواڵەتدا)**

بەڵام گواستنەوەی بۆ ئاستی سینتاکس دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو یاساو دەستوورەکانی ڕستەی بەسەردا بچەسپێ، بەمەش:

**خواستن ←——— خواستی ——— دەخوازێت**

**مۆرفۆلۆجی — سینتاکس (ڕابردوو) — سینتاکس (ڕانەبردوو)**

ئەو گۆڕانانەی بەسەر چاووگەکەدا هاتووە لەژێر باری هۆکاری سینتاکسدا بووە واتە ئاستی ڕستەسازی گۆڕانی بەسەردا دێنێ و دەبێتە هۆی پەیوەندییەکی پتەوی نێوان دوو ئاستەکە کە تێکچڕژان و بەناو یەکداچوونێك دروست دەکەن و جیابوونەوەو لێکترازاندنیان هەوڵێکی بێ ئەنجامە. چونکە هەروەك لە چاووگەکەدا دەردەکەوێت (خواستن) لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا چاووگێکەو فۆرمی تەواوی چاووگی وەرگرتووە، بەڵام لە چالاکییە سینتاکسییەکان گۆڕانێکی فۆرمی بەسەر ئەو شێوەیەی چاوگەدا دێت کە کاری ڕابردوو ڕانەبردووی لەشێوەی (فۆرم) ڕستەیەکدا لێ دروست دەکرێت بەهۆی ئەوەی (ن) ی چاووگەکە لێ بکرێتەوە دوای پێوەنووسانی نووسەکی (ی) دەبێتە ڕستەیەکی ڕابردوو جگە لە شێوە گۆڕانی (خواست) بۆ فۆرمی (خواز) کە ئەمانەش هەرهەمووی بەهۆی چالاکییە سینتاکسییەکان ڕوودەدات کە گیرەکی ڕێزمانی و نووسەك دەگرێتەوە، گیرەك و نووسەك سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجین و

چالاکی سینتاکسی نیشان دەدەن لە ئاستی سینتاکسدا کە تێکچڕژانی دوو ئاست دروست دەکەن لەنێوان وشەو فریزەکاندا بۆ پێکهێنانی ئاستی مۆرفۆسینتاکس (وەك ئاستێکی ناوەند) بەپێی یاساکانی فریز پێکهێنان (فریزی ناوی و فریزی کاری)، کەواتە (مەبەست لە تێکچڕژانی وشەسازی و ڕستەسازی لە چوارچێوەی ڕستەدا، ئەو گۆڕانانەیە کە بەپێی ئەو ئەرکەی لە ڕستەدا دەینوێنێت و بەسەر فۆرمی ئەو وشانەدا دێت و خستنەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان وشەو فریزەکانی ڕستەیە. بەواتایەکی تر نواندنی ئەرکی ڕستەیی بەپێی یاساکانی فریز پێکهێنان گۆڕان بەسەر فۆرمی وشەدا دێنێت، بێ ئەوەی واتای بگۆڕێت (ئەبوبەکر عومەر عەلی ٢٠٠٣: ٢٠)


## ٢. چاووگ وەکو بەشەئاخاوتن و بنج بۆ زمان:

زمانەوانەکان ڕێك نەکەوتوون لەسەر ئەوەی لەکوێ دەست بە لێکۆڵینەوە بکەن لە دەنگسازی بۆ ڕستەسازی واتە لەژێرەوە بۆ سەرەوە یان لە ڕستەسازی بۆ خوارەوە[٩٧]، ئەمەش ئەو کێشەیەیە کە لەئەنجامی ئەوەوە سەری هەڵداوە کەوا بەهیچ شێوەیەك ناکرێ یان زۆر بەئاسانی ئەوە ئەنجام نادرێ جیاکردنەوەی ئاستەکان لەیەکتری چونکە ئەوەندە بەناو یەکدا ڕۆیشتووە و تێکەڵاون کە ئەم ئاڵۆزیەش وای کردووە کە زمانەوان بەیەك چاو لێکۆڵینەوە لەسەر زمان ئەنجام بدەن.

ڕێزمانی تەقلیدی چاووگی بە بنج داناوە بۆ زمان، کە وەکو بەشە ئاخاوتنێك لە ئاستی مۆرفۆلۆجی دیراسە دەکرێ، بەڵام وەرگرتنی ڕەگ و بنج وەکو دوو مۆرفیم لە چاووگ ئاستی

---

٩٧ مەبەست لە ئاستی سەرەوەو ژێرەوە، ئاستەکانی زمانە بەپێی ئەم هێڵکاریە هەڕەمی یە:



سینتاکس دەنوێنێت یاخود دیاری دەکات. بەمەش چاووگ وەکو بەشە ئاخاوتن دوای لێکردنەوەی (ن) ی چاووگ کار لە زماندا دروست دەکات (کار) یش وەکو بنجی چاووگ (ڕەگ و کات و کەس) ی تێدایە کە گوزارشت لە ڕستەیەکی تەواو دەکات، دیارە ئەم حاڵەتەش تێکچڕژانێك لەنێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا دێنێتە ئاراوە، شایانی باسە ئەم دیاردەیە نزیکە لە خاڵی (١) ی تێکچڕژانەکە بەڵام لێرەدا چاووگ وەکو بنج و بەشە ئاخاوتن بۆ زمان جەختی لەسەر کراوەتەوە لە بەرامبەر ڕەگدا بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە چالاکی سینتاکسی لەڕێگەی گیرەکە ڕێزمانی و نووسەکەکاندا بەسەردابێت، بۆ نموونە:

خواردن : وەکو چاووگێك لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا هیچ کەس و کات و ژمارەیەکی تێدا نابینرێت بەڵام گەر (ن) ی چاووگی لێ بکرێتەوە دەبێتە:

خوارد: وەکو کارێك لە ئاستی سینتاکسدا، واتای خواردنی شتێك لەلایەن کەسێك یا ئاژەڵێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراو نیشان دەدات کە ژمارەیەکی تێدا هەڵگیراوە.

بەم شێوەیە چاووگ ئامادەیە بەشە ئاخاوتنێك لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا داگیر بکات و ببێتە بنجیش بۆ زمان کە هەڵگری واتای ڕستەیەکی تەواوبێت لە ئاستی سینتاکسدا بەمەش (چاووگ صیغەو ئێسکی فرمانەو لە ناوەوە نزیکە، واتە وێنەیەکی نەگۆڕاوی فرمانەو نەکەس و نەکات و نەژمارەی تێدا نییە و بەگشتی سەرچاوەیە بۆ فرمان و گشت وەرگیراوەکانی (نەسرین فەخری و کوردستا ١٩٨٢: ٩٦).

دوابەدوای ڕێزمانی تەقلیدی ڕێبازی بوونییەوی مۆرفیمی ڕەگی بە بنج داناوە کە بنجە بۆ زمان و وەرگیراوەکانی تری لەسەر بنیات دەنرێت، ئەمەش بەپێی ئەو هێڵکارییە هەڕەمییەیە کە پێشتر باسکرا، دیارە گەرڕەگ وەکو بنج بۆ زمان وەربگرین، ئەوا هیچ گومانێك لەوەدا نادۆزرێتەوە کە دوو جۆرە ڕەگ لە زمانی کوردی دەستنیشان کراوە ئەوانیش ڕەگی کاری ڕابردوو ڕانەبردوو ئەمەش ئاستی سینتاکس لە زماندا نیشان دەدات وێڕای ئەوەی کە وەکو فۆرمێك لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئاماژەی پێ کراوە (لە بەشی یەکەم). بەبۆچوونی ئێمە (ڕەگ) وەك کەرەستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بنجە بۆ زمان چونکە سادەترین کەرەسە لە زماندا ئەو تاکە دەنگانەن کە ئەندامەکانی ئاخاوتن دروستیان دەکەن دوابەدوای ئەویش (فۆنیم ـ بڕگە ـ مۆرفیم ـ فرێز ـ ڕستە) یەك بەدوای یەك لەدەنگەکان دروست دەبن بەپێی ئەم هێڵکارییە هەڕەمییە کەبەمەش ئاستەکانی ژێرەوە بەرەوژوور دەچن، هەروەها تێکچڕژانی

ئاستەکانیش ڕوونتر دەستنیشان دەکەن. شایەنی باسە چ ڕەگ بنج بێت بۆ زمان یاخود چاووگ بنج بێت، گرنگ ئەوەیە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا تێکچڕژان لەنێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکس دەستەبەر دەکات، بەڵام (ڕەگ) زیاتر ڕوونترە چونکە بێ ئەوەی تووشی حاڵەتی لێکردنەوەی (ن) ی چاووگ بین، ڕاستەوخۆ (ڕەگ) ئاماژەیە بۆ هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکس، با سەیری ئەم نموونانە بکەین کە لەخوارەوە ئاماژەی پێ کراوە:

| | |
|---|---|
| شووشت | (ڕەگی ڕابـــردوو) |
| شۆ | (ڕەگی ڕانەبردوو) |
| خست | (ڕەگـی ڕابـــــردوو) |
| خە | (ڕەگی ڕانەبردوو) |

گەر سەیری ئەم نموونانەی سەرەوە بکەین دەبینین ڕەگی ڕابردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکسیان تێدا بەدی دەکرێت بەوەی کە وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی مۆرفیم لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا مۆرفیمی ڕەگ و مۆرفیمی کاتی ڕابردووی (ت) ی تێدایە، لە ئاستی سینتاکسیشدا واتای ڕستەیەکی تەواو دەگەیەنێت چونکە کارێکە و بکەرو بەرکاری کرتاوی تێدا کۆبۆتەوە، هەروەها لەگەڵ بنجدا تێکەڵ دەبێت کە مۆرفیمی یاخود گیرەکی ڕێزمانی پێوە لکاوە چونکە ڕەگی ڕابردوو، ئاماژەیە بۆ قەدیش کە ئەمەش دیسان لێکدانی گیرەکەکان و مۆرفیمەکانە بۆ دروست کردنی ڕستە، دیسانەوە ڕەگە داهاتووەکانیش تێکەڵی بنج کراوە بەوەی کە لەوە زیاتر بچووك نابێتەوەو دەبنە بنج و بناغە بۆ زمان کە ئەمەش ئاستی مۆرفۆلۆجی زمانەو گۆڕانی کاتیش واتە کاتی ڕابردوو بۆ داهاتوو گشتیان لە یاسا سینتاکسیەکانی زمان بەدەرنابن چونکە پێویستیان بە وەرگرتنی گیرەکی ڕێزمانی و نووسەك دەبێت بۆ داڕشتنی ڕستەو تەواوبوونی قۆناغی قسەکردن و تێگەیشتن لە زماندا. بەمەش:

شۆ ———◄ دەشۆم ... هتد

خە ———◄ دەخەم... هتد

## ٤. کاریگەری مۆرفۆلۆجی و سینتاکس (مۆرفۆلۆجی لە ژێر کاریگەری سینتاکس)

هەردانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی زمان بە مەبەستی تەواوبوونی یاخود بنیاتنانی پرۆسەی زمان لەژێر کاریگەری ئاستی سینتاکس گۆڕانی بەسەردا دێت بەمەش ئاستی مۆرفۆلۆجی کەرەسە جۆربەجۆرەکانی لە (مۆرفیم و گیرەك و وشە) دەکەونە ژێر کاریگەری ئاستی سینتاکس و پەیوەندییەکی ڕێك و پێك بەپێی یاسایەکی دیاریکراو لە ڕۆنانی فرێز و وشەو ڕستەدا دروست دەکەن (کاریگەری و تێکهەڵکێشی وشەسازی و ڕستەسازی، پەیوەندی بە فۆرمی وشەوە هەیە، کە بەپێی شوێن و جۆری ئەرکییەوە لە ڕستەدا، گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە: گۆڕینی فۆرمی کردار بەپێی دەمکات و کەسەکانییەکەم و دووەم و سێیەم، تاك و کۆ، هەموو گۆڕانەکان لەژێر کاریگەری سینتاکسدا ڕوودەدەن (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ١٩).

**کوڕەکە هات.　　کوڕەکان هاتبوون.　　کوڕەکە هاتووە.**

**کوڕەکان هاتن.　　کوڕەکان دێن.　　کوڕەکە دێ.**

کاریگەری مۆرفۆسینتاکسی بەندە بە ڕێکخستنی وشەکان لە فرێز و ڕستەکاندا کە لەڕێی کۆمەڵە مۆرفیمێکی بەندەوە گۆڕان بەسەر ڕۆنانی چەند پۆلە وشەیکدا دێت، بەمەش مۆرفیمە بەندەکان دوو ڕۆڵ دەبینن، هاریکاریکردن لە داڕشتنی وشەی نوێداو نواندنی ئەرکی ڕستەیە ـ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی وشە پێکهێنەرەکانی فرێزو ڕستە هەروەها کاریگەری و پەیوەندی هەردوو ئاستەکە گۆڕانێکە لەیەك کاتدا بەسەر هەردوو ئاستەکەدا دێت واتە هەمان کەرەسە گوزارشتە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکس کەواتە (هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە وشەکاندا ڕوویان داوە بابەتی وشەسازی پێکدێنن، کە گرنگی بە لێکدانەوەی شێوازی داڕشتن دەدات، هەروەها ڕێکخستنی وشەکان بە شێوازێکی دیاریکراو بابەتی زانستی ڕستەسازی پێکدێنن (محمد عبدالعزیز ١٩٨٣: ٢٠٣).

دیسانەوە جۆرێکی تر لە کاریگەری نێوان دوو ئاستەکە بەهۆی نووسەکەوە دێتە کایەوە بەواتایەکی تر ڕەفتاری نووسەك لە وشە ڕستەییەکانداو گۆڕینیان بە پاڕادیگما (پەیوەندی ستوونی)، ئەوە دەردەخات کە وشەسازیانە یان ڕستەسازیانەیە، واتە (ئەو فرێزەی دەچێتە چوارچێوەی ڕستەوە، بوونێکی وشەسازیانەی لە وشەکانی فرێزەکەدا هەیە، وەك خستنەپاڵ و خاوەندارێتی (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٢٥). بۆ نموونە:

کوڕی من ← کوڕم

براکەی من ← براکەم

کچی تۆ ← کچت

شایانی باسە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کاریگەری نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ڕێگای پراکتیکی (جێبەجێ کردن) دەگرینەبەر بە پشت بەستن بە کەرەسە مۆرفۆسینتاکسیەکان، بەواتایەکی تر هەموو ئەو لایەنە بیردۆزیانەی کەلەکاریگەریەکەدا باسمان کرد هەوڵ دەدەین جێبەجێیان بکەین.

## ئەو کەرەسانەی ئەو کاریگەریە دروست دەکەن:

سەبارەت بەو کەرەسانەی کە ئەو کاریگەریە دروست دەکەن، خۆی لەچەند کەرەسەیەکی دیاریکراوو ئاشکرای سینتاکسی دەنوێنێت، کە بریتییە لە هەموو ئەو گیرەکە ڕێزمانی و نووسەکانەی کە وەك مۆرفیم لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا دراسە دەکرێن و چالاکی سینتاکسی لە ئاستی ڕستەسازیدا نیشان دەدەن، بەشێوەیەك کە بەسەر کاتیگۆڕییە سینتاکسییەکان دابەش دەبن، واتا خۆیان لە کەرەسە و چاڵەکانی ڕستەدا دەبیننەوە کە بریتین لە (فرێزی ناوی و فرێزی ئاوەڵناوی و فرێزی کاری)، کە بەشێوەیەکی کاریگەر کەرەسەکان وەردەگرن بۆ تەواوبوونی پرۆسەی قسەکردن و تێگەیشتنی زمان بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

## أ– مۆرفۆسینتاکسیەکانی ناو لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە (کاریگەرییە)

### ١. ناسراوی ـ نەناسراوی

**ناسراوی:** ئاشکرایە کە ناسراوی لە زمانی کوردیدا بەهۆی مۆرفیم ـ نووسەکی (ـ ەکە) و ئەلۆمۆرفەکانی دروست دەبێت جگە لە جێناوە نیشانەکان (لە زمانی کوردیدا چەند ئامرازێك[98] هەیە دەچنە سەر ناو دەیکەنە ناسراو، کە بریتین لە (کە، ەکە) (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ١٣٦٧: ١٨). بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە (ـ ەکە) و مۆرفەکانیتی کە وەکو کەرەسەیەکی مۆرفۆسینتاکس ئاماژەی پێ دەکرێ، چونکە هەردوو ئاستە زمانییەکە لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**(ـ ەکە)، ئەلۆمۆرفەکانی:**

١. وەکو ئاستی مۆرفۆلۆجی پێشتر باس کرا (بڕوانە بەشی یەکەم ـ ل: ٢٦ - ٣٠).

٢. وەکو ئاستی سینتاکس ڕۆڵی دیارخەر لە فراوانکردنی فرێزی ناویدا دەبینێت.

کەواتە (مۆرفیمی (ـ ەکە) ی ناسراوی تایبەت نییە، بە ناو یا ئاوەڵناو بەڵکو تایبەتە بە فرێزی ناوی بۆیە بە (نووسەك Clitic) دادەنرێت و کۆتایی فرێزەکەش دەگرێت (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٩ – پرتك و گیرەك: ٤٠). سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەم نووسەکە وە دەرخستنی ئەلۆمۆرفەکانی سەرنجی چەند ڕستەیەك دەدەین، کە شێوەی جیاجیا لە ئاستی ڕستەسازیدا یان لەژێر کاریگەری ئەم ئاستەدا دەنوێنێت:

١. چیایەکە بەرزە.

٢. چیاکە پڕبوو لە داربەڕوو.

٣. چیایە بەرزەکە خۆش بوو.

---

٩٨ مامۆستا (د. ئیبراهیم عەزیز لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (ئامراز لە زمانی کوردیدا) ئامرازی لە بریتی مۆرفیم بەکارهێناوە) .

٤.   ئەسپەکە کە سوارێکی باشی لەسەربوو هەڵدێرا.
٥.   کچەکەی شیرین بەیەکەم دەرچوو.
٦.   کچەکەی خۆت باشترین کچە.
٧.   چیایە بەرزەکە سەخت بوو.
٨.   چیایە بەرزە سەختەکە لە کوردستانی عێراق بوو.
٩.   قەڵەمەکە کتێبەکەی پێ نووسرا.
١٠. کتێبەکانی کتێبخانەکە زۆر بەسوود بوون.
١١. دوانەکە ڕۆیشتبوون.
١٢. هێلانەی بازەکە لەسەر چیاکەیە.

## سەرنج و شیکردنەوەی ڕستەکان:

ڕستەی (١) نووسەکی (ـ ەکە) شێوەی تەواوی خۆی وەرگرتووەو بۆتە دیارخەری دیارخراوەکە، چونکە فرێزە ناویەکە تەنیا لەدیارخراوێك پێکهاتووە، بەمەش کۆتایی فرێزە ناوییەکەی گرتووە.

ڕستەی (٢) نووسەکەکە دیسان بۆتە دیارخەر لە فرێزە ناویەکە، بەڵام شێوەی (کە) ی وەرگرتووە بە کاریگەری دوا دەنگی (بکەر) ەکە کە دەنگێکی ڤاوڵە، چونکە بەپێی یاسای گرو کپەکان دوو ڤاوڵ لەدوای یەك نایەت (بڕوانە پێشتر: ٧٨) بەمەش کاریگەری لەنێوان هەرسێ ئاستەکەی زماندا ڕوودەدات و پەیوەندییەکی سێ قۆڵی پێکدێنن کە لە زانستی زماندا بە (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس)[٩٩] ناسراوە.

---

٩٩- مۆرفۆفۆنۆسینتاکس: زاراوەیەکی زمانەوانییە هەرسێ ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس بە تێکچڕژاوی نیشان دەدات، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین: گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییە بەسەر مۆرفیمەکانی زماندا لەئاستی سینتاکسدا ڕوودەدات یاخود مۆرفیمەکانی زمان کەئاستی سینتاکسی جێبەجێ دەکەن وەك دیارخەر لە فرێزی ناویدا گۆڕانی فۆنۆلۆجیان لە ژینگەی فۆنۆلۆجیدا بەسەر فۆنیمەکانیدا دێت بەکاریگەری فۆنیمەکانی دەوروبەر بە (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس) ناودەبرێت .

ڕستەی (٣) دیارخراوو دیارخەر بەهۆی ئامرازی بەستنی (ـ ە) بەیەك بەستراوەو دیارخەر ئاوەڵناوە بەمەش نووسەکەکە چۆتە کۆتایی فرێزە ناویەکە واتە بەکۆتایی دیارخەرەکە نووساوە.

ڕستەی (٤) دیارخەر بریتییە لە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو، نووسەکەکەش بەدوای دیارخراوەکە نووساوە (ڕستەی شوێن کەوتووی[100] دیارخەری بینایەکی سینتاکسی هێجگار بەرزو پێشکەوتووی هەیە و ئەرکی دیارخەرێکی فراوان جێبەجێ دەکات، کە دەگەڕێتەوە سەربەشێکی ڕستەی سەرەکی، کە ناوێکە پێی دەگوترێت ناوی دیارخراو (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ١٩٨٠: ٣٥ — ٣٦).

ڕستەی (٥، ٦) دیارخەر ناوی تایبەتی و جێناوی کەسی جودای خۆییە، و بەستن بەهۆی (ـ ی) ئیزافە یە، بەمەش نووسەکی (ـ ەکە) دوای دیارخراوەکە کەوتووە نەك کۆتایی فرێزە ناوییەکە.

ڕستەی (٧) دیارخراوو دیارخەر بەهۆی ئامرازی خستنەپاڵی (ـ ە) بەیەك بەستراون نووسەکەکە بەدوای دیارخەرەکە کەوتووە بریتی یە لە ئاوەڵناو.

ڕستەی (٨) هەمان شێوەی ڕستەی (٧) ی هەیە بەڵام دیارخەرێکی تر لەجۆری ئاوەڵناو زیادکراوە بەهۆی ئامرازێکی تری خستنەپاڵ (ـ ە)، بەمەش (ـ ەکە) چۆتە کۆتایی دوا دیارخەرەکە، واتە چەند دیارخەری تر لەم جۆرە بەهۆی هەمان جۆری خستنەپاڵ زیادبکەیت نووسەکەکە دەچێتە دوای دوا دیارخەرو کۆتایی فرێزە ناویەکە لە چاڵی بکەر دەگرێت.

ڕستەی (٩) نووسەکی (ـ ەکە) لە فرێزی ناوی بکەری و بەرکاریدا هاتووە.

ڕستەی (١٠) نووسەکی (ـ ەکە) لەگەڵ ناوی دیارخراوو دیارخەردا هاتووە و دیارخراو گیرەکی ڕێزمانی کۆش (ان) وەرگرتووە، واتە (کاتێك دیارخراوو دیارخەر لە فرێزێکدا مۆرفیمی (ـ ەکە) وەردەگرێت کە دیارخراو کۆبێت. وەك:

---

١٠٠- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەی شوێن کەوتووی دیارخەری بە هەموو جۆرەکانیەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

١. (د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ١٩٨٠: ٣٥ — ٤٥).

٢. (شلێر ڕەسووڵ محەمەد بەرزنجی (٢٠٠٤) یاساکانی داڕشتنی لا ڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا) .


ـ منالّەکانی کۆڵانەکە.


ـ دەرگاکانی ژوورەکە. (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٣١).


ڕستەی (١١) نووسەکەکە وەکو دیارخەر چۆتە سەر دیارخراوێك کە ژمارەیەو ناسراوی کردووە.


ڕستەی (١٢) ئەو فرێزە ناوییەی کە ڕۆڵی بکەری بینیوە لە دیارخراوو دیارخەر پێکهاتوون کە بەهۆی ئامرازە خستنەپاڵی (ـ ی) لێك دراون، نووسەکەکە کۆتایی فرێزە ناویەکەی گرتووە، هەروەها شێوەیەکی تری (ئەلۆمۆرف) ی لەهەمان ڕستەدا وەرگرتووە کە بریتییە لە مۆرفی (کە) , کۆتایی ئەو فرێزەی گرتووە کە ئەرکی تەواوکەری کاری (بوون) ی بینییوە، بەمەش ئەم مۆرفیمە بە ئەلۆمۆرفۆکانییەوە دەچێتە سەر ئەو ناوانەی کە ئەرکی بکەرو تەواوکەر دەبینن.

## هێڵکاری درەختی هەندێ لە ڕستەکان:




شایانی باسە وەرگتنی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ناسیاری واتە ئەلۆمۆرفەکانی ناسیاری بە کاریگەری دوادەنگی ناوە ناسراوەکەو گیرەکی ڕێزمانی کۆ (ان) دەبێت، کە بەر زاراوەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس دەکەوێت، بۆیە دەبینین زۆرجار تێکچڕژان و پەیوەندی و کاریگەرییەکانی

هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس بەبێ ئاستی فۆنۆلۆجی ڕوونادات، ئەمەش بۆ کاریگری فۆنیمەکان لەئاستی فۆنۆلۆجی دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە:

ـ هێلانەکە بەرزە ◄────── هێلانە + کە + بەرزە.

توانەوەی ڤاوڵی (ە) لە نووسەکی (ەکە) یاسایەکی فۆنۆلۆجی زمانە بە کاریگەری دوا ڤاوڵی ناوەکە ڕوویداوە، کە لە ئاستی سینتاکسدا دەبێتە دیارخەری دیارخراوەکە لە فرێزی ناوی بکەریدا، بەمەش گۆڕانێکی دەنگی لە نووسەکی (ـ ەکە) یاخود مۆرفیمی ناسیاری ڕوویداوە کەئەرکی دیارخەرە لە فرێزەکە ئەمەش ئاستی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی زمانە.

## مۆرفیمی نەناسیاری:

نەناسیاری لە زمانی کوردیدا بەهۆی گیرەکی ڕێزمانی (ـ ێك) و ئەلۆمۆرفەکانی ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی جیاکردنەوەی ناوێك لە پۆلەکەی یاخودجنسەکەی. ئەم گیرە کە جگە لە ئەرکی مۆرفۆلۆجی[١٠١]، ئەرکی سینتاکسی بەجێ دەگەیەنێت، بەمەش (مۆرفیمی (ـ ێك) ی نەناسراوی: یەکێکە لە مۆرفۆسینتاکسە چالاکەکانی زمانی کوردی لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی ناوو ڕێکخستنی پەیوەندی کەرەسە پێکهێنەرەکانی فرێزی ناوی و دەربڕینی واتاو چەمکی جیاواز (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٣٣). کە (تایبەتە بەو ناوانەی کۆتاییان بە پیتی نەبزوێن هاتووە (ئیبراهیم عەزیز ١٣٦٧: ١٩). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم گیرەکە بە هەمان شێوەی نووسەکی (ـ ەکە) چەند ڕستەیەك دێنینەوە لەڕوانگەی ڕستەکانەوە سیماو خاسیەتەکانی گیرەکەکە واتە (ـ ێك) نیشان دەدرێن:

١. دیوارێك ڕووخا.
٢. هێلانەیەکی کۆتر دروست دەکەم.
٣. هێلانەی کۆترێك دروست دەکەم.
٤. بزنێکی ڕەشم کڕی.
٥. بزنە ڕەشێکم کڕی*
٦. کۆمپیوتەرێکی مامۆستایەکم لەلایە.
٧. مەرێکان ژمارەیان کەمە.*

---

١٠١ سەبارەت بە گیرەکی (ـێك) وەکو ئاستی مۆرفۆلۆجی (بڕوانە پێشتر ـ ل: ١٧ — ٢٦) .

## سەرنج و شیکردنەوەی ڕستەکان:

لە ڕستەی (١) گیرەکی (ێك) شێوەی بنەڕەتی خۆی وەرگرتووەو لەچوارچێوەی فرێزی ناویدا بۆتە دیارخەری دیارخراوەکە، هەروەها ناوێکی گشتی کردۆتە ناوێکی تاکی نەناسراو.

ڕستەی (٢) دیسان گیرەکەکە بۆتە دیارخەری دیارخراوەکە، بەڵام ئەمجارە شێوەی یاخود مۆرفی (ـ یەك) ی وەرگرتووە بە کاریگەری دوا دەنگی بزوێنی لە دیارخراوەکە، ئەمەش کاریگەری ئاستی فۆنۆلۆجی بەسەر مۆرفۆلۆجی نیشان دەدات لەسنووری یاخود لە چوارچێوەی ئاستی سینتاکس و گۆڕانێك لە گیرەکێدا ڕوویداوە کە ئەرکی دیارخەری وەك ئەرکێکی سینتاکسی دەنوێنێت و ئاستی (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس) ی دروست دەبێت دروست بوونی ئەم ئاستەش بۆ کاریگەری و پەیوەندی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەگەڕێتەوە (ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی تاك بەپێی ژینگەی فۆنۆلۆجی دابەش دەبن: (ـ یەك) دەچێتە پاڵ ناوێك کە بەدەنگی بزوێن دوایی هاتبێت و هەرگیز شوێنەکانیان ناگۆڕنەوە (محەمەد مەعرووف فەتاح ـ سەباح رەشید ٢٠٠٦: ١٩). لەلایەکی ترەوە مۆرفیمی (ـ ی) خستنەپاڵی بەدوایدا هاتووە بۆ ئەوەی دیارخەرێکی فەرهەنگی ناو بەدوایدابێت واتە پێکبەستن ئەنجام بدات لەنێوان دیارخراوو دیارخەری گیرەکی نەناسراوو دیارخەری فەرهەنگی ناو، هەروەها واتای یەك هێلانەی کۆترەی بە دیاخراوەکە بەخشیوە بەواتایەکی تر دروست کردنییەك هێلانە بۆ کۆتر بەگشتی.

ڕستەی (٣) ئەمجارە گیرەکەکە چۆتە سەر دیارخەری فەرهەنگی ناوەکەو نەناسراوی کردووە کە بەهەمان واتای ڕستەی (٢) دا نایەت بەڵکو (کۆترێك) دیاری کراوەو (هێلانە) ی بۆ دروست دەکرێت. واتە لێرەدا (هێلانەکە) گشتی یەو (کۆترەکە) یەك کۆترەی نەناسراوە، بەڵام دیسان ئەرکی دیارخەری بینیوە و بەستنیش بە مۆرفیمی (ـ ی) یە.

ڕستەی (٤) بەستن بە (ـ ی) خستنەپاڵ ڕوویداوەو (ـ ێك) بۆتە دیارخەری بکەرەکە لە فرێزی ناویداو ئاوەڵناوێکیش وەکو دیارخەری دووەم لەدوای (ـ ی) هاتووە.

ڕستەی (٥) بەستن بە (ـ ە) ی خستنەپاڵ ڕوویداوە، بەمەش گیرەکەکە لەدوای دیارخەری دووەم هاتووەو بۆتە دیارخەری دووەمی دیارخراوەکە، ئەم حاڵەتەش نەگونجان و ناڕێزمانی بە

ڕستەکە بەخشیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین مۆرفیمی (ـ ە) لەگەڵ ئەم گیرەکەدا نایەت، بەواتایەکی تر (ئەگەر تەنیا دیارخراو نەناسراوبوو (ـ ێك) توانای پەڕینەوەی نییە بۆسەر دەرخەر، وەك مۆرفیمی (ـ ەکە) ی ناسراوی، واتا لە ناوەکە جیانابێتەوە (ئەبو بەکر ۲۰۰۳: ۳٤). تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت، ئەگەر دیارخراوەکە لە ڕستەکەدا نەهێڵین و دیارخەرەکە بکەینە سەرەی فرێزەکە واتە بەلووتکەی بکەین و شوێنی دیارخراوەکە بگرێتەوە ئەوە گیرەکی (ـ ێك) ی نەناسراوی بەدوایدا دێت، وەك بڵێین:

- **ڕەشێکم کڕی.**

ڕستەی (٦) لە فرێزی ناویدا چۆتە سەر دیارخراوو دیارخەر، واتە هەردووکیان گیرەکی نەناسراویان وەرگرتووە، بەڵام بە دوو ئەلۆمۆرفی جیاواز، دیارخراوەکە مۆرفی (ـ ێك) ی وەرگرتووە، دیارخەرەکەش مۆرفی (ـ یەك)، بەمەش هەردوو ناوەکە بوونەتە تاکی نەناسراو.

ڕستەی (٧) لەدوای گیرەکی (ـ ێك) گیرەکی ڕێزمانی کۆ (ـ ان) هاتووە کە نارێزمانی بە ڕستەکە بەخشیووە، بۆیە ئەم گیرەکە (بەپێچەوانەی نووسەکی (ـ ەکە) ی ناوی ناسراوەوەیە، هەرگیز کۆناکرێتەوە (ئەبو بەکر ۲۰۰۳: ۳٤). لێرەدا پێویست ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەگەر گیرەکی ڕێزمانی کۆ لەگەڵ ناوێکدا هات بەمەبەستی کۆکردنەوەی ناوەکە، لەپاشاندا گیرەکی ( ـ ێك) بۆ ناوەکە زیادبکەین ئەوا (ـ ان) ی کۆ دەچێتە نێوان ناوەکەو گیرەکی نەناسراوی، بەمەش هەردووکیان وەکو دیارخەر بۆ دیارخراوەکە دەگەڕێنەوە، کەواتە کە دەڵێین ئەم گیرەکە کۆناکرێتەوە مەبەستمان ئەوەیە کە دوای نەناسراوی کۆناکرێتەوە بەڵام بە پێچەوانەوە گەر پێشتر کۆکرابێتەوە دوای کۆکردنەوەکە نەناسراو دەکرێت ئەم کۆکردنەوەیەش بە مەبەستی دیاریکردن و هەڵبژاردنە، وەك:

ـ کەسانێکی باش لە ئاهەنگەکەدابوون.

ـ ڕۆژانێکی سەختمان بەڕێکرد.

## ٢. گیرەکی ڕێزمانی کۆ: ئەلۆمۆرفەکانی کۆ: بۆچوون

ناوی تاك لە زمانی کوردیدا لەڕێگەی گیرەکی ڕێزمانی (ـ ان) ی کۆ و چەند ئەلۆمۆرفێکی ئەم گیرەکە کۆدەکرێتەوە.

مۆڕفیمی کۆو ئەلۆمۆرفەکانی وەکو ئاستی مۆرفۆلۆجی پێشتر باسکرا (بڕوانە بەشی یەکەم ـ ل: ١٧ — ٢٦) هەروەها وەکو بۆچوونی تایبەتیش سەبارەت بە ئەلۆمۆرفەکانی ئەم مۆرفیمە پێشتر باسمان کردووە لە پەیوەندی مۆرفۆفۆنیمی (بڕوانە بەشی دووەم ـ ل: ٨١ — ٨٤). ئەوەی شایانی باسە لێرەدا وەکو ئاستی سینتاکس باسی بکەین، کە وەك کەرەسەیەکی مۆرفۆسینتاکس لەبەشی فرێزی ناوی ڕۆڵێکی کارا دەبینێ لەپاڵ مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی. ئەم مۆرفیمە لە ئەرکی سینتاکسیدا پەیوەندی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی دروست دەکات، کاتێك وەکو گیرەکێك لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا ڕۆڵی دیارخەری دیارخراو لە فرێزی ناویدا دەبینێت کە ئەمەش کارو چالاکییەکی سینتاکسی لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا دەگێڕێت. وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

١. منداڵان نەوەی دوارۆژن. — قوتابیە زیرەکەکان بەیەکەم دەرچووم.

٢. منداڵەکان نەوەی دوارۆژن.

٣. ماسیەکەیان ڕاوکرد.

٤. هەزارەها کورد خۆپیشاندانیان کرد

٥. دەیەها کەس سەردانی نەخۆشخانەیان کرد.

٦. پاشماوەی ماڵات بەسوودە.

٧. أ. پاشماوەی ماڵاتەکان بۆ پەین بەکاردێت.

ب. پاشماوەکانی ماڵات بۆ پەین بەکاردێت.

ج. پاشماوەکانی ماڵاتەکان بۆ پەین بەکاردێت.

٨. سەوزەواتەکان جوان بشۆوە.

٩. میوەجاتەکان ئامادە بکە.

١٠. کوڕگەل نەوەی دوارۆژن. — لەم سەردەمەدا گاگەل پارەیەکی باش دەکەن.

## سیماکانی ئەم مۆرفیمە لەڕوانگەی شیکردنەوەی ڕستەکان:

ڕستەی (١) مۆرفی (ـ ان) کەرەسەی سەرەکی کۆکردنەوەی ناوی (منداڵ) ە لە فرێزی ناوی بکەری دا و بۆتە دیارخەری سەرەکی فرێزەکە (دیارخراو). بەڵام لە ڕستەی دووەمی هەمان ڕستەدا مۆرفیمی (ان) بەدوای ئاوەڵناوی دیارخەردا هاتووە چونکە (ئەگەر بەدوای ناوی دیارخراودا دیارخەرێکی ناسراو هاتبوو، ئامرازی (ان) دەچێتە سەر دیارخەرە ناسراوەکە (ئیبراهیم عەزیز ١٣٦٧: ٢٢).

ڕستەی (٢) بەهەمان مۆرف بۆتە دیارخەری دووەمی دیارخراوەکە و لەدوای دیارخەری مۆرفیمی ناسراوی هاتووە، واتە دیارخراوەکە دوو دیارخەری هەیە، یەکەمیان مۆرفی (ـ ەك) ی ناسراوی یەو دووەمیشیان مۆرفی (ـ ان) ی کۆیە. جێگای ئاماژە پێکردنە لەم ڕستەیەدا ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی ناسیاری کە شێوەی [ەك]ی وەرگرتووە، بە (**ئەلۆمۆرفی مۆرفۆلۆجی**) ناودەبرێت کە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەلۆمۆرف و هۆکاری مۆرفۆلۆجی گاریگەری بەسەر جۆری ئەلۆمۆرفەکەدا هەیە (لەناو هەموو ئەلۆمۆرفەکانی ناسیاویدا، تەنیا ئەلۆمۆرفی [– ەك]. بۆ ئەو شوێنانە دەست دەدات کە نیشانەی کۆی (- ان) بە دوادا بێت، کەواتە مۆرفیمی (- ان) بریار دەدات کام لە ئەلۆمۆرفەکانی (- ەکە) هەڵ بژێرێ: **ژن: ژنەکە (- ەکە): ژنەکان (- ەك)** (محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٢٠).

شایانی باسە (ئەلۆمۆرفی مۆرفۆلۆجی) یەکێکە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس، چونکە مۆرفیم وەك یەکەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی شێوەی جیاواز (گیرەك و نوسەك) دەنوێنێت، هەروەها وەك دیارخەریش مۆرفیمەکان بە دوای یەکدا بۆ ناوی دیارخراو دەگەرێنێتەوەو گونجانێك لە نێوان دیارخەرەکان (وەکو: ەك + ان) دروست دەکات. کەواتە (ئەلۆمۆرفی مۆرفۆلۆجی) ئەو جۆرە ئەلۆمۆرفەیە کە لە نێوان مۆرفیمەکاندا دروست دەبێت کاتێك مۆرفیمێك بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی شێوەی مۆرفیمێکی تر دەدات، وەکو ئەوەی پێشتر باسکرا.

ڕستەی (٣) مۆرفیمی کۆ شێوەی (مۆرف) ی (ـ یان) ی وەرگرتووە و چۆتە سەر ناوێکی ناسراوو کۆی کردۆتەوە وەك دیارخەرێك.
ڕستەی (٤) مۆرفیمەکە مۆرفی (ەها) ی وەرگرتووەو چۆتە سەر ژمارە لە فرێزی ناوی بکەری و ڕۆڵی کۆکردنەوەی ناوو ئەرکی دیارخەری بینیوە.
ڕستەی (٥) شێوەی (ـ یەها) ی وەرگرتووە بەهەمان ئەرکی ڕستەی (٤).
ڕستەی (٦) شێوەی (ـ ات) ی وەرگرتووە بەڵام بەواتای کۆکردنەوە (ماڵ) نییە بەڵکو بەواتای سامانی ئاژەڵە بەشێوەی کۆی گشتی، شایانی باسە بەلای ئێمەوە ئەم شێوەیە لەم وشەیەدا وێڕای کۆکردنەوەی ناوێك لە پۆلێکدا، وشەیەکی نوێی بەوتایەکی نوێ داڕشتووە، بەمەش وەکو گیرەکی وشەداڕێژ سەیر دەکرێت چونکە وشەیەکی تازەی داڕشتووەو سیفاتی گیرەکی وشەداڕێژی[102] وەرگرتووە. دیسانەوە ئەم شێوەیە (بەوەدەچێت هەندێ ناو کە لەڕووی پۆلەوە یەکەو بەو مۆرفیمە کۆکراوەتەوە، تەنیا ڕێکەوت بێت و بەپێوەری چەند وشەیەکی تر ڕوویدابێت، وەك:

دێ ——————◄ دێهات
باخ ——————◄ باخات
ئاغا ——————◄ئاغاوات[103] (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٣٧)

هەروەکو لە وشەکاندا دیارە کە مۆرفی (ات) و شێوەکانی هیچ ئەلۆمۆرفێکی ناسیاریان وەرنەگرتووە چونکە (مۆرفیمی / ەکە / ڕێگە بۆ مۆرفیمی / - ان / خۆش دەکات و ڕێگە لە هەموو ئەلۆمۆرفەکانی تری نیشانەی کۆ دەگرێت (محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٢٠).کەواتە مۆرفیم بڕیاری هەڵبژاردنی شێوەیەك لە شێوەکانی مۆرفیم دەدات، کە ئەمەش شێوەیەکی (حاڵەت) تری (ئەلۆمۆرفی مۆرفۆلۆجی) یە و هۆکاری مۆرفۆلۆجی

---

١٠٢- سەبارەت بە سیفاتەکانی گیرەکی وشەداڕێژ بڕوانە بەشی یەکەم لە نامەکەدا .

١٠٣- بۆچوونی ئێمە لەبارەی مۆرفی (هات، ات، وات) لەبەشی دووەمی نامەکە دەربڕاوە کە لە پەراوێزی (لاپەڕە: ١١١ ) یش ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام بۆیە لێرەدا بەپێویستمان زانی دووبارەی بکەینەوە چونکە وەکو بەڵگەیەك بۆ بۆچوونەکەی ئێمە، کە باسی مۆرفی (ـ ات) کراوە، (هات، وات) لەپاڵ ئەودا ناویان هاتووە .

بەسەریدا سەپاوەو جۆری دیارخەرەکان دەست نیشان دەکات و دیارخراوەکەی پیێ فراوان دەکات، بۆیە وشەکانی سەرەوە بە پێی ئەم گۆڕانانە دروستی و نادروستی (ڕێزمانی و ناڕێزمانی) یان بە دیاردەکەویێ، وەك:

**دێ:** دێیەکە * دێیەکەهات دێیەکان. **ئاغا** : ئاغاکە * ئاغاکەوات ئاغاکان.
**باخ:** باخەکە * باخەکات باخەکان.

ڕستەی (٧ ـ أ) لێرەدا دوو شێوەی کۆ لەیەك وشەدا بەیەکەوە هاتوون و مۆرفی (ـ ەك) ی ناسراوی لەیەکی جیاکردوونەتەوە بەمەش وەکو زنجیرەیەکی سێ ڕیز بەدوای یەکدا بوونەتە دیارخەری ناوێك کە ناوەکەش دیارخەری دیارخراوێکە، واتە دیارخراوێك چوار دیارخەری هەیە، بەم شێوەیە: پاشماوە (دیارخراو) + ی (ئیزافە) + ماڵ (ناوی دیارخەر) + ات (کۆی دیارخەر) + ەك (ناسراوی دیارخەر) + ان (کۆی دیارخەر). کەواتە گەر شێوەی (ات) ناوێکی کۆکردبۆوەو ناسراویش بەدوادا هاتبوو بەمەبەستی ناسراوکردنی ئەوا لەدوای هەردوو مۆرفیمەکە مۆرفیمێکی تری کۆ دێت کە شێوە بنەڕەتی یەکەیەتی واتە (ـ ان) ە، بەواتایەکی تر (هەموو ئەو ناوانەی بە مۆرفیمی (ـ ات) و هاوشێوەکانی کۆدەکرێنەوە[١٠٤] بە مۆرفیمی (ـ ەکە) ناسراو دەکرێت[١٠٥] جارێکی تر بە (ـ ان) کۆدەکرێنەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩: ١٥١). وەك:

| | |
|---|---|
| ئاغاواتەکان | دێهاتەکان |
| ماڵاتەکان | سەوزەواتەکان |

ڕستەی (٧ ـ ب) بەهەمان شێوە بەڵام دیارخراوەکە ناسیاوی و شێوەیەکی (ات) ی وەرگرتووە، شێوەکەی تر بە دیارخەرەکە لکاوە.

١٠٤- بەڵگەیەکی ترە کە (هات، وات) دوو شێوەی ( ات) ن .

١٠٥- لەم بارەیەوە ئەبو بەکر عومەر قادر دەڵێت: (ناوە ناسراوەکان بیێ کۆکرانەوەی دووەم لەڕستەدا نایـەن، بۆنموونە: * دێهاتەکە ئاوەدان کرایەوە . ـ دێهاتەکان ئاوەدان کرانەوە . ـ دێکە ئاوەدان کرایـەوە .(ئەبوبـەکر عومەر ٢٠٠٣: ٣٧) .

ڕستەی (٧ ـ ج) بەهەمان شێوە بەڵام دیارخراوەکەو دیارخەرەکە ناسراوی و کۆیان وەرگرتووە.

ڕستەی (٨، ٩) هەمان ڕێگەی ڕستەی (٧) دەگرنە بەر، بەڵام لەجیاتی شێوەی (ـ ات) دوو شێوەی تری (ـ ات) یان وەرگرتووە کە (وات، جات) ە، هەروەها گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر شێوەی (مۆرف) ی مۆرفیمەکاندا هاتووە لە ئەرکی سینتاکسیان ئەمەش حاڵەتێکی تری (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس) ە. هەروەها هەردوو وشەی (سەوزەوات، میوەجات) لەدوو ڕستەکەدا وەك دوو ڕەگەز، هەریەکەیان چەند پۆلێك لەخۆ دەگرێت لەکاتێکدا کۆکردنەوە بە (ـ ان) یەك پۆل لەخۆ دەگرێت .

ڕستەی (١٠) شێوەی (گەل) ی کۆی وەرگرتووە، کە ئەمەش مۆرفێکی تری کۆیە، لە بارەی ئەم مۆرفیمە و مۆرفیمی (هات، جات، وات) ەوە (د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم) دەڵێ: (ئامرازەکانی: هات، جات، گەل. لە زمانی کوردیدا لە پاڵ ئامرازی (ان) کۆمەڵێك ئامرازن دەتوانن ناوی کۆ دروست بکەن، بەڵام کەم بەکاردێت (بڕوانە: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ١٣٤٧: ٢٠، ٢١، ٢٣).

بەم شێوەیە سیماکانی ئەم گیرەکە دەردەکەوێت و شوێنێکی چەسپاوی خۆی هەیە کە کۆتایی ناوە یان شێوەی ناوە لە فرێزی ناویدا، کە ناسراو بێت یان نا، هەروەها لەگەڵ گیرەکی نەناسراوی (ـ ێك) یش دێت[١٠٦] .

## ب. مۆرفۆسینتاکسیەکانی ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو وەسفی ناو دەکات بەمەش وەکو بەشە پۆلێکی ناو ناسراوەو چەند سیفاتاێکی تایبەتی خۆی هەیە[١٠٧]. بەگوێرەی سیفاتەکانی ئاوەڵناو، ئەوەی ئێمە لێرەدا

---

١٠٦- سەبارەت بەم سیمایە بڕوانە پێشتر لەکۆتایی گیرەکی ڕێزمانی نەناسیاری (ل: ١٠٨ شیکردنەوەی ڕستەی (٧).

١٠٧- سیفاتەکانی ئاوەڵناو:

١. لەڕووی واتاوە ئاوەڵناوبێت، وەك: ڕەنگ، ڕواڵەت دەربڕین .

٢. لەڕووی شێوە (فۆرم) ەوە ئاوەڵناوبێت، واتە پاشگری سینتاکسی (ـ تر / ترین) وەربگرێت .

مەبەستمانە زیاتر ئەو ئاوەڵناوانەن کە لەڕووی فۆرمەوە هەڵگری سیمای ئاوەڵناون، واتە ئەوانەی کە گیرەکی ڕێزمانی (ـ تر / ـ ترین) یان پێوەلکاوە.

ئەم دوو پاشگرە لەڕووی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە گیرەکی ڕێزمانی ناودەبرێ،، بەشێوەیەك کە هەر یەکەیان بۆجۆرە پلەیەکی ئاوەڵناوە، (ـ تر) بۆ پلەی بەراووردو (ـ ترین) یش بۆ پلەی باڵا، هەروەها سیفاتی گیرەکی ڕێزمانی وەردەگرن کە لەپێشتردا باسکراوە[١٠٨]. ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە وەکو ئاستی سینتاکس ئەم دوو گیرەکە وەربگرین، بزانین چ ئەرکێك بەدی دەکات ؟ و چۆن لە ئاستی سینتاکس چالاکی دەنوێنێت ؟

(ـ تر / ـ ترین) لە ئاستی سینتاکسدا دەچێتە سەر ئاوەڵناو بەمەبەستی دەرخستنی دیارخراوەکە لە فرێزی ناوی بکەری و بەرکاری، بەمەش وەکو دوو کەرەسەی مۆرفۆسینتاکسی پەیوەندی لەنێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا دروست دەکەن. ئەم دوو گیرەکە لەچەند ڕستەیەکدا نیشان دەدەین لەپاشاندا لە تێڕوانینی ڕستەکاندا چالاکی مۆرفۆسینتاکسییەکانی (تر ـ ترین) لە تایبەتمەندی و سیماکانی ئاوەڵناوو ئەو پەیوەندییە سینتاکسییەی کە لەنێوان کەرەسەو وشەکاندا هەیە دەخەینەڕوو: ـ

١. جوانترین دیاریم بۆ هاوڕێکەم کڕی.
٢. دیاریەکی جوانتر بۆ هاوڕێکەت بکڕە.
٣. وێنەیەکی جوانتر بکێشە.
٤. دیاری جوانترینم بۆ هاوڕێکەم کڕی. *
٥. سارا لە سانا زیرەکترە.
٦. کام چات خواردەوە ؟ چایە کاڵەکەم خواردەوە.
٧. ئەم کراسە ژنانەترە. ژنانەترین کراسەکە.
٨. خدر لە سوارە شەلترە.
٩. ئەمڕۆ زووتر گەیشتمەماڵەوە.

---

٣. لەڕووی ئەرکەوە ئاوەڵناوبێت . (محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٠: ٨٢) . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئاوەڵناوو سیفاتەکانی بڕوانە هەمان سەرچاوە .

١٠٨- سەبارەت بە سیماکانی گیرەکی ڕێزمانی (ـ تر / ترین) لە ڕووی ئاستی مۆرفۆلۆجی بڕوانە (بەشی یەکەم ل: ١٧ — ٢٦) .

١٠. گوڵدانەکە لەشوێنێکی بەرزتر دابنێ.
١١. کاستەرەکە شلتر بگرەوە.
١٢. کەمترین کەلوپەلم هێنا.   پاقلاوەی زۆرتر بۆ ئاهەنگەکە بکڕە.
١٣. ناسکترین ڕێواسم بۆهێنای. ڕێواسی هەرەناسکم بۆ هێنای. ڕێواسی هەرەناسکترم بۆ هێناوی.*
١٤. کەرترین مرۆڤ یاریەکەی بردەوە.

## شیکردنەوەی ڕستەکان (کاریگەری هەردوو ئاستەکە لەڕوانگەی ڕستەکانەوە)

ڕستەی (١) ئاوەڵناوەکە پلەی باڵای وەرگرتووەو وەکو دیارخەرێك پێش دیارخراوەکە هاتووە، بێ ئەوەی هیچ گیرەکێکی ڕێزمانی خستنەپاڵی لەگەڵدابێت.

ڕستەی (٢) ئاوەڵناو لە پلەی بەراوردەو بەیاریدەی گیرەکی ڕێزمانی خستنەپاڵ دوای ناوی دیارخراو کەوتوەو بۆتە دیارخەری دیارخراوەکە، جگە لەمەش ناوی دیارخراو دیارخەرێکی تری پێوە لکاوە کە لەجۆری گیرەکی ڕێزمانی نەناسیارییە.


ڕستەی (٣) دوو ڕستەیە، لە هەردووکیاندا ئاوەڵناو لە پلەی بەراوردەو ئەرکیان دیارخەری ناوی دیارخراوە، بەڵام ڕستەی یەکەم بەیاریدەی گیرەکی (ـ ی) خستنەپاڵ و ڕستەی دووەم بەهۆی گیرەکی (ـ ە) ی خستنەپاڵ دیارخراوو دیارخەر لێکدراون، سەرەڕای ئەمەش ڕستەی یەکەم دیارخەرێکی تری هەیە لەجۆری گیرەکی ڕێزمانی نەناسراوی ڕستەی دووەمیش دیارخەری لەجۆری نووسەکی ناسراوی هەیە، ئەم دوو دیارخەرەش بە جیاوازی جۆری خستنەپاڵەکان جیاوازیان نواندووە، نەناسراوی لەدوای دیارخراو بە ناوەکە نووساوە و ناسراوییەکەش لەدوای ئاوەڵناوی دیارخەر هاتووە.


ڕستەی (٤) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە و پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکە پێکهاتەیەکی نەگونجاوە کە بەهۆی ئاوەڵناوی پلەی باڵا (ـ ترین) دروست بووە چونکە ئاوەڵناو لەم پلەیەدا وەکو دیارخەر بەدوای دیارخراودا نایەت.

ڕستەی (٥) ئاوەڵناو پلەی بەراوردی وەرگرتووەو لەچوارچێوەی فرێزی كاریدا هاتووە، ئەركی سینتاكسی تەواوكەری كاری ناتەواوە، وەكو دیارخەریش گیرەكە ڕێزمانییەكە واتە (ـ تر) دەبێتە دیارخەری ئاوەڵناوەكە.

ڕستەی (٦) ڕستەیەكی پرسیاری كراوە لەڕێگەی ئاوەڵناوی پرس چونكە (وشەكانی (چ، كام، چۆن) كە پەیڕەوێكی بچووكی سنووردارەو بە ئاوەڵناوی پرس ئاماژەیان بۆ كراوە (ئەبو بەكر ١٩٩٣: ٥٤) دواتر وەڵامی ڕستەكە دراوەتەوە كە ئاوەڵناوێكی بنجی شوێنی ئاوەڵناوەپرسەكەی گرتۆتەوە بێ ئەوەی ئاوەڵناوەكە هیچ پلەیەكی وەرگرتبێت. بەم جۆرە مۆرفۆسینتاكسی (ـ تر، ـ ترین) بەشداری ئەو ڕستانە ناكەن كە وەڵامی ڕستەیەكی پرسیارین لەڕێگەی ئاوەڵناوی پرس چونكە نارێزمانی لە پێكهاتەی ڕستەكاندا ڕوودەدات و هیچ جۆرە پەیوەندییەكی مۆرفۆلۆجی و سینتاكس دەستەبەر ناكات.

ڕستەی (٧) هەمان ئاوەڵناو پلەی بەراوردو پلەی باڵای لە دوو ڕستەی پێكهاتە جیاواز وەرگرتووە، بەشێوەیەك ئاوەڵناوەكە بەپێی ڕۆنان دروست بووە (ژن + انە)، پلەی بەراوردەكە بۆتە تەواوكەری كاری ناتەواو، بەڵام پلەی باڵاكە بۆتە دیارخەری تەواوكەری كاری ناتەواو، بەپێی ئەم دوو هێڵكاریە:




ڕستەی (٨) ئاوەڵناوێكی بنجی لەڕۆنانی دا گیرەكی ڕێزمانی (ـ تر) ی وەرگرتووەو بەیەكەوە ئەركی تەواوكەری كاری ناتەواویان بینیوە، پێوەلكانی ئەم گیرەكە بە ئاوەڵناوەكە بە مەبەستی خوازە پلەی بەراوردی وەرگرتووە كە واتای ڕاستەقینەی ئاوەڵناوەكە مەبەست نییە

کە (شەل) بێت بەڵکو واتای تەمبەڵی و دواکەوتوویی و هێواشی لە ڕۆیشتندا دەگەیەنێت چونکە (هەندێك لە ڕێزمان نووسەکان پێیان وایە کە ئاوەڵناوی بنجی: کوێر، شەل گیرەکەکانی (ـ تر، ـ ترین) وەرناگرن، چونکە لۆژیك ڕێی پێ نادات (ئەورەحمان ١٩٩٤: ٦٥). بەڵام (لەڕاستیدا کورد زمان گەرە بەسەربەستی خوازەش بێت پلەی بەراوردیان دەداتێ، بۆ نموونە دەگوترێت:


کوڕە: کابرا لەو کوێرترە.              ئەو لەکابرا شەلترە. (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٤٠).

ڕستەی (٩) گیرەکی (ـ تر) چۆتە سەر ئاوەڵکاری کاتی (زوو) بەمەبەستی دیارخستنی ئاوەڵکارەکەو ئەرکی دووبارەبوونەوەی کاتی ڕوودانی کارەکەی خستۆتەڕوو کە ڕۆژانی تر زوو چۆتەماڵەوە بەڵام ئەمڕۆ لەچاو ڕۆژانی تر زووتر بۆ ماڵەوە چووە.

ڕستەی (١٠) بەهەمان شێوەی ڕستەی (٩) (ـ تر) چۆتە سەر ئاوەڵنار بەڵام ئەمجارە ئەرکێکی تری بینییوە ئەویش دیارخەری شوێنێکی دیاریکراوە کە پەیوەندی بە کارەکەوە هەیە واتە (شوێنێکی بەرز).

ڕستەی (١١) گیرەکی ڕێزمانی (ـ تر) بۆ پلەی بەراوردی ئاوەڵناو چۆتە سەر ئاوەڵناوێك کە ئەرکی ئاوەڵکاری نیشان دەدات لەبەشی فرێزی کاری ڕستەکەدا بەمەبەستی دیارخەری ئاوەڵکارەکە کەچۆنییەتی ڕودانی کارەکە دەخاتەڕوو کە بەشێوەی (شل گرتنەوە) بێت بەڵام (شل) یەکە (شلتر) بێت.

ڕستەی (١٢) لەدوو ڕستەدا خۆی دەبینێتەوە، هەردوو ڕستەکەش ڕادە (ژمارە) یان وەرگرتووە وەکو دیارخەرێك بۆ ناوی دیارخراو لەپاشاندا گیرەکی (ـ تر، ـ ترین) یان چۆتەسەر بەشێوەو پێکهاتێکی جیاواز، چونکە لە ڕستەی یەکەمدا کە (ڕادە) کە لەپێش دیارخراوەکە هاتووە ئەوا بێ گیرەکی ڕێزمانی خستنەپاڵ گیرەکی (ـ ترین) ی وەرگرتووەو هەردووکیان (ڕادە + ترین) بووینە دیارخەری (کەلوپەل) لەپێشەوە، بەڵام لەڕستەی دووەمدا (ڕادە) کە لەپاش دیارخراوەکە هاتووە بەهۆی گیرەکی (ـ ی) خستنەپاڵ بەیەك بەستراون و گیرەکی (ـ تر) یش وەکو دیارخەری دووەم بە (ڕادە) کە لکاوە (ڕادە + تر) بەپێی ئەم دوو هێڵکارییە درەختیەی خوارەوە:




ڕستەی (١٣) لە سێ ڕستە پێکهاتووە، ڕستەی یەکەم ئاوەڵناوەکە لە پلەی باڵادایەو بەبێ گیرەکی (ئیزافە) لەپێش دیارخراو هاتووەو ئەرکی دیارخەری وەرگرتووە، ڕستەی دووەم ئاوەڵناوەکە لەدوای ناوی دیارخراو هاتووە و بەهۆی (ـ ی) ئیزافە بەیەکترەو بەستراون و فرێزی ناوی بکەریان دروست کردووە، هەروەها لەجیاتی (ـ ترین) لە پێکهاتەی ئاوەڵناوەکە مۆرفیمی (هەرە) لەپێش ئاوەڵناوەکە هاتووەو ئەرکی دیارخەری بە ئاوەڵناوەکە بەخشیوەو هەمان چەمکی (ـ ترین) ی گەیاندووە، واتە لەبەرامبەر ئەودا دەوەستێت (ئەگەرچی (ـ ترین) وەك مۆرفیمێکی بەند، بێ واتایە، بەڵام (هەرە)

واتای ڕادەی بێ سنوور لەخۆ دەگرێ (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٤٢). چونکە (ئامرازی "هەرە" لە وەزیفەدا بە هێزترە لەهەر دوو ئامرازەکانی تر وەك: تر، ترین (ئیبراهیم عەزیز ١٣٦٧:٣٦). ڕستەی سێیەم ڕستەیەکی نارێزمانییە و لەڕووی پێکهاتەی سینتاکسی نەگونجاوە چونکە مۆرفیمی (هەرە) و گیرەکی (ـ تر، ترین) لەیەك کاتدا لەپێکهاتەی ڕستەیەکدا بەیەکەوە نایەن و ناگونجێن[١٠٩].

ڕستەی (١٤) ئاوەڵناو لەپلەی باڵا چۆتە سەر ناوێك کە سیفەتی ئاوەڵناوی هەیە، بەیەکەوە بووینە دیارخەری ناوی دیارخراو (مرۆڤ)، واتە مەبەست لەناوی مرۆڤەکە نییە کە وەکو ناوێك (کەر) بێت بەڵکو وەکو سیفەت کە واتای کەم زیرەکی و گێلی و تەمبەڵی دەگەیەنێت.

شایانی باسە ئەم دوو گیرەکە وەکو دیارخەر بە ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار یان ناو دەلکێن، هەرگیز هیچ گیرەکێك نێوانیان ناکات، بەمەش ئەم دوو گیرەکە ئەرکی سینتاکسی بەجێ دەگەیەنن و لەزۆر کاتدا لابردنیان واتای ڕستەکە تێکدەدات و نارێزمانی دروست دەبێت واتە هاوسەنگییەکی سینتاکسی لە ڕستەدا دروست دەکەن و لادانیان ئەم هاوسەنگییە تێك دەدات، هەروەکو لە ڕستەکاندا بینرا. کەواتە پەیوەندییەکی ڕێزمانی لەنێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکسی دروست دەکەن بەوەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی یاسا سینتاکسییەکان.

## ج. مۆرفۆسینتاکسی بانگهێشتن (Vocativ):

بانگهێشتن حاڵەتێکی سینتاکسییە[١١٠] لەڕێگەی چەند گیرەکێکی ڕێزمانی دێتە ئاراوە، بەمەبەستی بانگکردنی ناوێك لە پۆلەکەی یاخود ڕەگەزەکەی، یان بەمەبەستی جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشەیەکی تر (ناوێك لە ناوێکی تر) کە وەکو ئاستێکی مۆرفۆلۆژی حاڵەتێکی سینتاکسی دەنوێنێت چونکە بە شەپۆلی ناو لەکردەی ئاخاوتندا کردەیەکی جیاکەرەوەیە لە

---

١٠٩ - (د. ئیبراهیم عەزیز) دەڵێ: (جاری وا هەیە ئامرازی (هەرە) دەکەوێتە پێش ئەو ئاوەڵناوەی کە کۆتایی بە ئامرازەکانی (تر، ترین) هاتووە، لێرەدا هاتنی هەرە تەنها بۆ دووپاتکردنەوەیە — جەختکردنەوە . نموونە: هەرە جوانتر ، هەرە جوانترین . (ئیبراهیم عەزیز ١٣٦٧: ٣٦) .

١١٠- چونکە دەربڕینێك نیشان دەدات .

ناوێکی ترو گوزارشت له بانگکردنی دەکات لەشێوەی دەربڕینێکی سینتاکسی، واته (ناوێکی پێ دەردەبڕدرێت له دۆخ و شوێنێکی تایبەتی داو، وەك حاڵەتێکی مۆرفۆلۆژی لەڕێگەی مۆرفیمەوه بەدی دەکرێت و شێوازی گوتنێك ئاماژه پێ دەکات (Trask 1993: 299).

(کردەی بانگهێشتن هەموو ناوێکی تایبەتی مرۆڤ و هەندێ ناوی گشتی تایبەت به مرۆڤ دەگرێتەوه، بەشێوەیەك بانگکردنی مرۆڤ بەناوی تایبەتی خۆی، ئاوازی دەربڕین دەینوێنێ و دیاری دەکات، بەڵام هەندێ لەو ناوه گشتیانەی ڕەگەزی مرۆڤ ـ نێرو مێ ـ له زمانی کوردی دا ـ چەند مۆرفیمێکی بانگهێشتن دەچنه کۆتاییانەوه لەگەڵ ئاوازی دەربڕیندا چەمکی ئەم کردەیه دەنوێنن (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٥٦). گیرەکه ڕێزمانییەکانی بانگهێشتن ئەمانەن:

(ـ ۆ، ـ ە) بۆ ناوی نێری تاك.

(ـ ە، ـ ێ) بۆ ناوی مێ ی تاك وەك: کچێ، خوشکه... .

(ـ ینه)[١١١] بۆ ناوی کۆی نێرو مێی دوولایەن. وەك: کوڕینه، خزمینه... .

کردەی بانگهێشتن پەیوەندییەکی تری نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دروست دەکات بەهۆی ئەو گیرەکه ڕێزمانیانەی که لەسەرەوه ئاماژەی پێ کراوه، که دەکەونه ژێر کاریگەری ئاستی سینتاکس لەڕێگەی یاسا سینتاکسییەکان بەرەو نەمان دەچن و کەرەسەی تری مۆرفۆسینتاکس شوێنیان دەگرنەوه، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا بەدیار دەکەوێت:

---

١ ١١١ - مۆرفیمی (ـ ینه) وەکو پاشگرێك دەبێته گیرەکی ڕێزمانی له بانگهێشتن، بەڵام وەکو داڕشتنی وشەی تازه دەبێته گیرەکی وشەداڕێژ، وەك: پێش (ئاوەڵکار) + (ـ ینه) = پێشینه (پێشینه مارەکردنی کچ و کوڕ) . یان (مەسینه، نەخشینه، گەنجینه ... هتد) . سەبارەت بەم مۆرفیمه وەکو ڕۆنانی وشەی نوێ (بڕوانه چەمێکی دی له ڕێزمانی کوردی ٢٠٠٠: ٨٩، ١٤٨).

٢ - (د. ئیبراهیم) ئەم ئامرازەی به (ان — کۆ) و (ە — بانگکردن) ی داناوەو دەڵێ: وشەکانی (براینه، خزمینه، کچینه) ناوی گشتی (کۆ) ن . لەوانه ئامرازی (ان) بۆته (ین): کچان بۆته کچینه و خزمان بۆته خزمینه، ئامرازی (ە) ش ئامرازێکی بانکردنەو بەکارهێنانی لەم زمانەدا ئاشکرایەو بۆ ناوی گشتی (کۆ) (نێرومێ) بەکاردێت . دیسانەوه دەڵێ: دەشتوانێ لەگەڵ هەندێ وشەی ناوی گشتیدا پیتی (ا) له ئامرازی (ان) بمێنێتەوه بەڵام ئەم خاسیەته کەم بەکاردێت، بێ ئەوەی هیچ نموونەیەك دیاری بکات، بۆ زانیاری بڕوانه: (ئیبراهیم عەزیز ١٣٦٧: ٦، ٨) .

**(سیماکانی بانگهێشتن له ڕوانگەی چەند ڕستەیەکەوە)**

١. بــــووکـــێ.... ◄───── بووکە نازدارەکەیان بۆ ئاهەنگەکە برد.
٢. پــــــــورێ.... ◄───── پورە پەرژین لە ئاوەکەدا خنکا.
٣. کوردینە.... ◄───── کوردەکە لەخۆپیشاندانەکەی شاری کەرکووك شەهید کرا.
٤. کـــچـــــێ.... ◄───── کچەکەم بەیەکەم دەرچوو.
٥. خالۆـ خالە.... ◄───── خالە ڕەجەب پیاوێکی بەناوبانگە. خالی ئازاد هات.

ڕستەی (١، ٢) ناوی بانگکراو بۆ تاکی مێیینەیەو بە گیرەکی ڕێزمانی (ـ ێ) کۆتایی هاتووە، لەشێوەی وشەیەکدا دەرکەوتووەو گوزارشت لە ڕستەیەکی تەواو دەکات بەهۆی گیرەکی بانگکردنەوە، بەڵام کاتێك ناوی (پەرژین) , ئاوەڵناوی (نازدار) بەدوای ناوی بانکراودا هاتووە گیرەکی (ـ ێ) دەگۆڕێت بۆ گیرەکی ڕێزمانی (ـ ە) کە مۆرفیمێکی خستنەپاڵەو ڕۆڵی پێك بەستن دەبینێ.

ڕستەی (٣ ـ ٤) ناوی بانکراوی (کورد) ناوێکی دوولایەنەو بەهۆی گیرەکی (ـ ینە) بۆتە ناوی بانکراوی کۆی دوولایەن بەڵام (ـ کچ) ناوێکی تاکی مێیە و گیرەکی ڕێزمانی (ـ ێ) ی وەرگرتووەو بۆتە ناوێکی بانکراو بۆ تاکی مێیینە، بەڵام کاتێك بەهۆی نووسەکی (ـ ەکە) ناسراو دەکرێن و دواتر نووسەکی خاوەنێتیان وەکو جێناوی لکاو بەدوای (ـ ەکە) بێت یاخود نا ئەوا گیرەکی بانگهێشتن نامێنن و ئەو نووسەکانەی باسکران شوێنیان دەگرنەوە بەمەش:

کوردینە.... ◄───── کوردەکە
کـــچـــێ.... ◄───── کچەکەم

ڕستەی (٥) ناوە بانکراوەکان بەگیرەکی (ۆ ـ ە) کۆتاییان هاتووە، گەر دیارخەر بەدوای ناوی بانکراوی دیارخراو بێت ئەوا ئەرکی دەگۆڕێت لە بانگهێشتنەوە بۆ خستنەپاڵ جگە لە گۆڕینی مۆرفیمی / ۆ / بۆ / ی /.

شایانی باسە لە تێڕوانینی ڕستەکان ئەوە بەدیار دەکەوێت کە حاڵەتی بانگهێشتن لە ئێستای زمانی کوردیدا ڕووبەڕووی نەمان و تیاچوون بوونەتەوەو کردەکە زیاتر پشت بە ئاواز دەبەستێت و شێوەی گیرەکەکانیش بۆ ڕەگەزە جیاجیاکان لەچەند وشەیەکی ڕستەییدا دەبینرێن، ئەگینا گیرەکە ڕێزمانییەکان (ـ ە، ـ ی) و نووسەکی (ـ ەکە، جێناوە لکاوەکان) وەکو بەدیلێك جێگرەوەی مۆرفیمەکانی بانگهێشتنن، هەرچەند (بەوەدەچێت کە کاریگەری گیرەکەکانی (ـ یێ، ـ ە) گواسترابێتەوە بۆ سەر هەندێ ناوی عەرەبی، کە لە زمانی کوردیدا وەرگیراون بۆ ناونانی کەس دوای ئەوەی کە گۆڕانی فۆنەتیکیان بەپێ ی یاساکانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە، وەك:

ئەحمەد ————◄ ئەحە عزیز ——◄ عەزە

خدیجە ————◄ خەجێ عائشە ——◄ عەیشێ (بڕوانە ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٥٧).

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەوەش بگوترێت کە گیرەکە ڕێزمانییەکانی بانگهێشتن وەکو ئاستی مۆرفۆلۆجی زمان ئەرکێکی مۆرفۆلۆجیانە بەجێ دەگەیەنن بەڵام وەکو حاڵەتێکی سینتاکسی ئەرکی دیارخەری دیارخراو (ناوی بانگکراو) دەبینن بەمەش وەکو پەیوەندییەکی دوولانە یاخود دوو ڕووی دراوێك کاریگەری ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی دروست دەکەن.

## د. ئەو کاریگەرییە لەژێر دەسەڵاتی چالاکی کارەکاندا ـ (مۆرفیمەکانی کار):

کار وەك بەشێکی گرنگ لە پێکهێنانی ڕستەدا بەرامبەر ناو دەوەستێت و بە (ف. ك) ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەروەها چاڵێکی سەرەکی دادەپۆشێت لە ئاستی سینتاکسداو وەکو دیارخراوێك ئامادەی وەرگرتنی دیارخەری جۆراوجۆر دەبێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە بخرێتەڕوو ئەو گیرەکە ڕێزمانیانەیە کە وەکو ئاستی مۆرفۆلۆجی لەژێر دەسەڵاتی چالاکی کارەکاندا (وەکو ئاستی سینتاکس) پەیوەندی و کاریگەری ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دروست دەکەن. شایانی باسە گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار کەرەسەی مۆرفۆسینتاکسی گرنگن

لەبەشی فرێزی کاری ڕستەداو ڕوودانی کاتی کارەکە بۆ دەمێکی دیاریکراو دیاری دەکەن، ئەوانیش کات و ئەسپێکت و ڕووکارەکان دەگرێتەوە واتە (کار کە چەمکی ڕوودان لەخۆ دەگرێت، چەند لایەنێکی دیارخەری لێکدانەبڕاوی هەیە و بە کاتە گۆڕییەکانی مۆرفۆلۆجی ئاماژەیی گشتی ناودەبرێت و گیرەکە ڕێزمانییەکانی: کات (Tense)، ئەسپێکت (Aspekt، ڕووکار (Mood) دەیان نوێنن (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٦٠).

### ١. کات:

کات وەکو دیارخەرێکی ڕەگی کار بەشداری لە داڕشتنی پەیوەندییەکی مۆرفۆسینتاکسی دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی دابەشی سەر دوو جۆر دەکرێت:

**١. کاتی ڕێزمانی.(Tens) [١١٢]      ٢. کاتی سروشتیTime) [١١٣]).**

ئەم دوو جۆرەی کات پەیوەندییەکی تێکچڕژاوی دوولایەنەیە چونکە کاتی ڕێزمانی لەڕێگەی کەرەسەی سینتاکسی تایبەتی نیشان دەدرێن و گوزارشت لە کاتی سروشتی (فیزیاوی) دەکات بەهۆی ئەو چەمکەی کە لەواتای کاتدا نیشانی دەدات بەپێی ئەو زنجیرە زەمەنەی (کات ـ (Time لەکاتی قسەکردن دەینوێنێت و کاتی (وقت) بارودۆخێکی دیاریکراو بۆ مەبەست و هەڵوێستێکی تایبەت دەڕەخسێنێت (پەیوەندی فۆرمی کار بەکاتەوە، پەیوەندییەکی چەسپاوو جێگیر نییە، چونکە چوارچێوەو سیاقی (Context) زمان و بارودۆخ و فۆرمە بەشدارەکانی دروست کردنی ڕستە دەیانگۆڕن (نایف خرما ١٩٧٨: ١٣١) لەلایەکی ترەوە کاتی ڕێزمانی بۆ دوو جۆری سەرەکی لەزۆربەی زمانەکاندا دابەشکراوە، لەوانەش:

---

١١٢ . کاتی ڕێزمانی: زەمەنی ڕوودانی کارێکە لەڕێگەی نیشانە مۆرفۆلۆژیبەکانی وەکو گیرەکی ڕێزمانی ئاماژەی پێ دەکرێت و لەژێر کاریگەری یاسای سینتاکسی ئاڵۆزی و تەم و مژی دەڕوێنێتەوە واتە (کاتی ڕێزمانی کاتیگۆڕی سینتاکسیەو جۆری کاتەکان (ڕابردوو ڕانەبردوو) وەك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی کات جیادەکاتەوە (بڕوانە Trask 1993:274) .

١١٣ . کاتی سروشتی: زەمەنی ڕوودان و ڕوونەدانی کارێکە کە لەکات و شوێنێکی دیاریکراو قسەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لەڕێگەی واتاو مەبەست ئاماژەی پێ دەکرێت (زاراوەی (Time) بۆکاتی ڕوودانی کار بەکاردێت بە بوون و نەبوونی واتە ئەرێ و نەرێ (محمد رچا باگنی ٢٠٠٣: ٣٩) .

**١. کاتی ڕابردوو.           ٢. کاتی ڕانەبردوو.**

دابەشکردنی ئەم دوو جۆرە کاتە ڕێزمانییە لەڕێگەی ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجیانەوە دەبێت کە ئەرکی سینتاکسی بەشێوەیەکی تێکچڕژاو (کاریگەرانە) نیشان دەدەن بەمەش (ئەم جیاکردنەوەیە سوود بەخشە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ پەیوەندی ئاڵۆزی کاتی ئاسایی ـ **time** ـ و کاتی ڕوودان ـ Tense ـ، لەهەمان کاتدا شێوە، یان فۆرمەکانی کات، کە ڕۆنانی مۆرفۆلۆژیای جیاوازیان هەیە، دەشێ بۆ نیشاندانی هەندێ واتای جیاواز بەکاربێن، بۆنموونە هەندێ جار فۆرمی ڕابردوو بۆ نیشاندانی هەندێ واتای دانانی ـ افتراچی ـ لە ڕانەبردوودا بەکاردێت، یان بەپێچەوانەوە (ئەبوبەکر عومەر ٢٠٠٣: ٦٠). واتە (گەلێ جار فەرمان لە ڕستەدا ڕەگەکەی بەپێی شیکردنەوەی ڕێزمانی لەکاتی ڕابردوودایە کەچی ڕووداوەکە لەکاتێکی داهاتوودا ڕووئەدا، بەپێچەوانەوە حاڵەتی واش هەیە فەرمانەکە بە ڕەگی داهاتوو دائەڕێژرێ کەچی ڕووداوەکە لە کاتێکی ڕابردوو ڕووی داوە. وەك لە فرمانی ڕستەی بکەر نادیاردا (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٤: ٧٨). نموونە:

ـ مانگی داهاتوو کە ڕۆشتم بۆ دۆکان ماسی دەهێنم. (فۆرمی ڕابردووە کەچی ڕووداوەکە ئاماژەیە بۆ داهاتوو)

ـ دزەکە پێرێ کوژرا. (بەڕەگی ڕانەبردووی کاری (کوشتن) کە (کوژ) ە دارژاوە بەڵام ڕووداوەکە لەکاتێکی ڕابردوودا ڕوویداوە کە(پێرێ) یە)

ـ ئەگەر مردم لە گردی سەیوان بمنێژن. (فۆرمی ڕابردووە ئاماژەیە بۆ داهاتوو)

ـ وتم کە کۆچ دەکەین.           (فۆرمی ڕانەبردووە، ئاماژەیە بۆ ڕابردوو)

کات لە زمانی کوردیدا بەپێی فۆرمی جیاواز بۆ ڕابردوو، ڕانەبردوو دابەشکراوە کە لە پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆجی زماندا لەژێر کاریگەری یاسا سینتاکسییەکان گۆڕانی ڕێزمانی لەشێوەیاندا (فۆرم) ڕوودەدات.

## ١. كاتی ڕابردوو:

ئەم جۆرە کارە ڕووداوی پێشکاتی گفتوگۆو قسەکردن دەگرێتەوە لەڕێگەی ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو واتە (ت، د، و، ا، ی)[١١٤] کە هەریەك لەم مۆرفانە وەکو ئاستی مۆرفۆلۆجی پێشتر باسکراوە، بەڵام لێرەدا وەکو ئاستی سینتاکس باس دەکرێ کە کاتی ڕابردووی کار دەنوێنن و لەژێر کاریگەری ئاستی سینتاکس چالاکی نیشان دەدەن لەڕێگەی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر فۆرمی کاردا دێت و شێوەی جیاواز وەردەگرن بەواتایەکی تر (ساتە وەختەکانی ڕوودان، لەڕێی ئەسپێکتەکانەوە بۆ ڕابردووی ڕووت، بەردەوام، تەواو، دوور، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ورد دەکرێتەوە کە لە بەرامبەر کردنی فۆرمەکانیاندا، بەپێی ڕووکار (Mood) چەشنی جیاواز دەردەکەون (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٦١).

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کاتی ڕابردوو چەند نموونەیەك دێنینەوە لەپاشاندا تیشکی سەرنجیان دەخەینەسەر:

١. نەسرین کێکەکەی خوارد.
٢. ئۆتۆمبێلەکەیانم لەشاری کۆیە فرۆشت.
٣. کوڕەکەی شاسواریان کوشت.
٤. سوارە زەویەکەی دەکێڵا ـ کێڵاوە ـ کێڵابوو ـ کێڵا.
٥. کێکەکە خورا.
٦. ئۆتۆمبێلەکەی ئەوان لەشاری کۆیە فرۆشرا.
٧. کوڕەکەی شاسوار کوژرا.
٨. زەویەکە دەکێڵرا ـ کێڵراوە ـ کێڵرابوو ـ کێڵرا.

ڕستەی (١) ڕووداوەکەی پێش کاتی قسەکردنەکە لەڕێگەی ئەلۆمۆرفی (د) نیشان دراوە لە کاری (خواردم) کە پێکهاتووە لە: (ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو + نووسەك)، هەروەها

---

١١٤ ئەم مۆرفیمانە مۆرفۆفۆنیمیش دەنوێنن کاتێك وەکو فۆنیم خۆیان نیشان دەدەن (بڕوانە بەشی دووەم ل: ٥٥ - ٥٧) .

پێکهاتەیەکی سینتاکسی لەڕێگەی مۆرفیمەکانەوە دروست بووەو گوزارشت لە بکەرو بەرکارو کارو دیارخەری کار دەکات.

ڕستەی (٢، ٣) بەهەمان شێوەی ڕستەی (١) بەڵام ئەمجارە لەڕێگەی ئەلۆمۆرفی (ت) ەوەیە.

ڕستەی (٤) گوزارشتە لەکاتی ڕابردوو لەڕێگەی ئەلۆمۆرفی (ا) وە بۆ ساتەوەختی جیاجیا بەهۆی ئەسپێکتەکان و ڕێژەی کار (ڕووکار — حررت) لە فۆرمی کاری (کێڵا).

ڕستەی (٥، ٦، ٧، ٨) هەرچوار ڕستەکەی پێشوون بەڵام ڕستەکان شێوەی بکەرنادیاریان وەرگرتووە لە ڕابردووی کاردا بۆ ڕێژە جیاوازەکانی کارە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لادان و لەناوچوونی ئەلۆمۆرفەکانی (د، ت، ا، و) و مانەوەو سەپاندنی ئەلۆمۆرفی (ا) لەشوێنی خۆی و لەبریتی ئەوان بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێت کە (ر) ی نیشانەی نادیاری لەدوای ڕەگ تەنیا ئەلۆمۆرفی (ا) ی بەدوادا دێت لەکاتی ڕابردوودا. لەلایەکی ترەوە گۆڕان لە فۆرمی کارەکان لەڕێگەی توانەوەو لابرانی فۆنیمی جیاواز وەك لە ڕستەی (٥) دا بەمەبەستی نەهاتنی دوو ئەلۆمۆرفی (ا) و دوو نیشانەی (ر) یە لەلایەك و ئابووری کردن و ئاسانی دەربڕین لە زماندا لەلایەکی ترەوە.

دیسانەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی تر لێکدانەوەی بۆ بکرێت بەوەی کە لەکاری ڕابردووی بکەر نادیاردا پێویستە ڕەگی داهاتووی کارەکە وەربگیرێت و لەپاشاندا نیشانەی (را) ی بۆ زیادبکرێت بەمەش (خۆ[١١٥]، فرۆش، کوژ، کێڵا) وەکو ڕەگی داهاتوو لە بکەرنادیاری کاری ڕابردوو دەبنە (خورا، فرۆشرا، کوژرا، کێڵرا)

---

١١٥- خۆ + را = خورا ئەمەش گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی یە بەپێی یاسای سیماگۆڕی دەنگەکان بەمەبەستی ئاسانی لە دەربڕیندا .

## ٢. كاتی ڕانەبردوو:

پێچەوانەی کاتی ڕابردووەو ڕوودانی کاتی قسەکردن و دوای قسەکردن دەگرێتەوە بۆ هەردوو حاڵەتی بکەر دیارو بکەر نادیار لەڕێگەی مۆرفی (یٚ) بۆ کاری بکەر نادیارو مۆرفیمی سفری تواوە لە پێکهاتەی ڕەگدا بۆ کاری بکەر دیار، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا بەدیاردەکەویٚ:

١. خۆخەکە ناخۆم

٢. تیشکی خۆر بەفری سەرچیاکان دەتوێنێتەوە.

٣. من و ئەو بەنیازین بەیەکەوە بڕۆین بۆ پرسەکە.

٤. کەوەکە دەکوژریٚ، ناکوژریٚ.

ڕستەی (١) ڕووداوەکەکارێکی ڕانەبردووی بکەر دیارەو لەکاتی قسەکردن دایەو کارەکە پێکهاتووە لە (ڕێژەی کار (نا) + ڕەگ (خۆ) + نووسەك (م)) مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو لەناو ڕەگەکە (خۆ) تەواوەتەوەو هەستی قسەکەر نیشانی دەدات کە کاتەکە ڕانەبردووە.

ڕستەی (٢) بەهەمان شێوەی ڕستەی (١) ە بەڵام لەجیاتی ڕێژەی کار ئەمجارە ئەسپێکتی (دە) بەژدرای پێکهاتەی کاتەکەی کردووە سەرەڕای توانەوەی مۆرفیمی کاتەکە لە ڕەگی کارەکە (ئەسپێکت (دە) + ڕەگ (توێن) + نووسەك (ێت) + پاشگر (ەوە))

ڕستەی (٣) شێوەیەکی تری کاری ڕانەبردووی بەهۆی ڕێژەی کاری (ب) بۆ سەر ڕەگی کاری (ڕۆیشت) کە (ڕۆ) یەو نووسەکی (ین) ی پێوەلکاوە.

ڕستەی (٤) ڕستەیەکی کار بکەر نادیارە بۆکاتی ڕانەبردوو لەڕێگەی (ر) ی نیشانەی نادیاری و (یٚ) مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو کە جارێك ئەسپێکتی (دە) و جارێکی تر ڕێژەی کاری نەفی (نا) ی لەخۆ گرتووە.

بەگۆیرەی سەرنجی ڕستەکانی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕستەی کاری بکەردیار و نادیار بۆ دەمی ڕانەبردوو (ئەسپێکت، ڕێژەی کار ـ Mood ) بەشێوەو فۆرمی جۆراوجۆر بەژدار دەبن وەك (دە، نا، ب.... هتد) سەرەڕای ئەو حاڵەتانەی کە پێشتر باسکران. هەروەها (دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکانی: - ا و — یٚ لە نواندنی تافەکاندا (ڕابردوو یان ڕانەبردوو) پابەندە بە ڕێزمانەوە: /- ا/ لە کاری دیارو نادیاردا دەبینریٚ، بەڵام /- یٚ / تەنیا لە ڕستەی

بکەرنادیاردا تافی ڕانەبردوو نیشان دەدات، ئەمەش جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی ئەلۆمۆرف کە بە (**ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی**)[١١٦] ناودەبرێت، چونکە هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفی مۆرفیمەکان لە ژێرکاری ڕێزماندایە (بڕوانە: **محەمەد** مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید ٢٠٠٦: ٢٠ – ٢١).

## چەند تێبینییەکی گرنگ:

١. ئەلۆمۆرفی ڕێزمانییەکێکە لەو ئەلۆمۆرفانەی بەهاوسەنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس، چونکە وەك ئاستی مۆرفۆلۆجی: سەیری مۆرف و ئەلۆمۆرفی مۆرفیمەکان دەکرێ و لە ڕوانگەی ئەم ئاستەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام وەك ئاستی سینتاکسی لە ڕوانگەی چالاکییە سینتاکسیەکان سەیردەکرێ بەهۆی هەموو ئەو کەرەسانەی کە لەژێر دەستەڵاتی سینتاکسدا کاردەکەن هەر لە (دیارخەری و ڕێکەوتن و کات و جۆرەکانی و بکەردیارو نادیار و وشەی ئەرکی (پرێپۆزیشن – پێشبەند) و..... هتد) تا دەگاتە گۆڕان و یاساکانی ئەسپێکت و ڕووکارەکان.

٢. ئەلۆمۆرف وەك شێوەجیاوازەکانی مۆرفیم کە شێوەی جیاجیا بەهۆی ژینگەی جیاوە وەردەگرن، بەڵام ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی لەم تایبەتمەندییەی تیۆری مۆرفیم دوور دەکەوێتەوە لە ژێرکاری سینتاکسدا ئەلۆمۆرفەکانی بڕیاری هەڵبژاردنیان دەدرێت، وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

**١. أ. تۆ جگەرەیەکت لەمن وەرگرت.**
**ب. تۆ جگەرەیەکت لێ وەرگرتم.**

**٢. أ. بەمنداڵەکەت گوت.**
**ب. پێت گوت.**

---

١١٦ ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی: ئەلۆمۆرفی سینتاکسیشی پێدەگوترێت چونکە هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفەکان لە ژێر چالاکی سینتاکس ڕوودەدات لە (کار و کەرەسەکانی کاردا - وەك: کات، ئەسپێکت، ڕووکار) بە هەموو ئەو یەکەو توانایانەی کە لە ئەلۆمۆرفەکاندا بەدەست دێت .

هەروەك لە جووتە ڕستەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کە پرپیپۆزشنەکانی (لە، بە[117]) کە بە مۆرفیمی ئەرکی (وشەی ئەرکی) لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێ کراوە، دوو ئەلۆمۆرفیان هەیە مۆرفێکیان فۆرمی سەربەخۆی وەرگرتووە (لە، بە)، ئەویتریشیان مۆرفێکی بەند (لێ، پێ). (گۆڕینی شێوەی ئەم مۆرفیمانە لەم نموونانەی سەرەوە بە هیچ جۆرێك ناشێ بخرێتە پاڵ هۆی (بیئی)، چونکە:

أ. بەگوێرەی ڕستەی (١) ەوە هەمان شت دەشێ / لە / لەنێوان (ت — گرتن) دا دەرکەوێ:

- تۆ جگەرەت لە وەرگرتنی پارە پێ باشترە.

دەبینین مۆرفیمی / لە / شێوەی نەگۆڕاوە، هەرچەندە (بیئە) کان وەك خۆیان ماونەتەوە. بەمەش دەردەکەوێ کە هۆی هەبوونی شێوەی جیاوازی هەمان مۆرفیم مەرج نییە (بیئی) بێ. بەڵگەش ئەوە بوو هەمان (بیئە) یان بۆ ڕەخسێنراو کاری تێ نەکردن و شێوەی نەگۆڕین. واتە جگە لە هۆی فۆنۆلۆجی هۆی تر هەیە کار لە هەندێ لە مۆرفیمەکانی زماندا دەکات و شێوەیان دەگۆڕێ. بەهۆی ڕێزمانی ناودەبرێن[118] (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٩: ١٦٧ — ١٦٨).

ب. هەروەها بە گوێرەی ڕستەی (٢) ەوە (هەندێ جار دابەش بوونی ئەلۆمۆرفەکان وا بە ئاسانی نایەتە بەچاو و لەوانەیە زیاتر لە هۆکارێك کار لە هەڵبژاردنیان بکات، چونکە ئەم دابەش بوونە دەشێ بە دوو ڕێگا لێك بدرێتەوە: لە لایەکەوە هەڵبژاردنەکە لەژێر دەسەڵاتی ڕێزماندایە: / بە / - لە پێش بەرکارێکی ئاشکراو دەربڕاو یان جێگیر بوو بە جێناو. بێگومان بەرکارو ناوو جێناو پێش کەوتن هۆکاری ڕێزمانین، واتە ڕێزمان لەم هەڵبژاردنەدا باڵا دەستە. لە سەرێکی ترەوە، دەشێ هۆکاری مۆرفۆلۆجی، نەك ڕێزمانی، بکەین بەسەر پشك و هەڵبژاردنەکە بەکاری ئەو بزانین، بەتایبەتی کاتێك یەکێك لەم دوو فۆرمە بە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و ئەویتریان بە بەند دابنێین: سەربەخۆیی و بەندێتی

---

١١٧ (دلشاد محەمەد غەریب) ٣ — سێ شێوەی بۆ مۆرفیمی / بە / دەست نیشان کردووە، ئەوانیش (پـێ -، - ە، - ێ)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (دلشاد محەمەد غەریب ٢٠٠٤: ٧٢ — ٨٩) .

١١٨ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی، بڕوانە: (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٩: ١٦٦ — ١٦٩) .

مۆرفیم دەکەونە بواری مۆرفۆلۆجیەوە نەك سینتاکس (محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦: ٢٢- ٢٣).

٣. پرێپۆزشنەکانی[١١٩] / لە، بە / کە دەگۆڕدرێن بۆ شێوەی تری مۆرفیم (ئەلۆمۆرف) وەك / لە — لێ یان تێ، بە — پێ / بە مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا ناودەبرێن چونکە گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییە بەسەر مۆرفیمەکاندا دێت لە ئاستی ڕستەسازیدا واتە گەر لە ئاستی ڕستەسازیدا نەبێت ئەم گۆڕانە ڕوونادات.

شایانی باسە مۆرفۆسینتاکسی کات وەك بەشێکی پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس لەژێر دەسەڵاتی چالاکی کاردا جۆرە کاریگەرییەك نیشان دەدەن کە لەڕێگەی گیرەکە ڕێزمانییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی دەچنە ژێر سایەی پێکهاتەیەکی سینتاکسییەوە چونکە جۆری ڕستە بە چاڵە سەرەکی یەکانی کاتیگۆڕی سینتاکسی (ف. ن + ف. ك) گۆڕانێکی سینتاکسی لەپێکهاتەیدا ڕوودەدات کە فۆرمی وشەکان گیرەك دەیان گۆڕن و دەبنە دیارخەری کارەکەو حاڵەتی ڕابردوو، ڕانەبردوو، بکەردیار، بکەرنادیار بەڕستەکە دەبەخشن.

## ٢. ئەسپێکتەکان وەکو هەڵگری چەمکی کات: Aspect


ئەسپێکت هەڵگری چەمکی کاتەو ماوەی ڕوودانی لە ئێستاو ڕابردوو ڕانەبردوو کار دیاری دەکات (فۆرمەکە گرنگی بە ماوەی ڕوودانی کار لە ئێستاو ڕابردوو ڕانەبردوو دەدات و کاتێکی چەسپاوو جێگیر نیشان نادات (کورش صفوی ٢٠٠٤: ٣٥٠) چونکە (بەردەوامبوونی ڕوودانی کار پیشان دەدات (غلام رضا ارذنط ٢٠٠٢: ١٤٢).

ئەسپێکتەکان چەند مۆرفێکیان هەیە کە گشتیان (هەموویان) لەژێر زاراوەی گیرەکی ڕێزمانی کۆدەبنەوەو وەکو کەرەسەی مۆرفۆسینتاکسی لەژێر دەسەڵاتی کارەکاندا چالاکی دەنوێنن بەمەش (ئەو کاتیگۆڕیانەن کە وەکو دیارخەری کار بەکاردێن و لەبەرامبەر (کات و ڕووکار) ئاماژە بە کار دەکەن، بەجۆرێك کە ڕێگەی بەرامبەر کردن لە فۆرمی تەواوو ناتەواو دروست دەکەن (Crystal 1992: 27). بەواتایەکی تر (ئەسپێکت کاتیگۆڕیەکە لە وەسفی

---

١١٩ هەندێك لە زمانەوانەکان بە (پێشبەند) ناوی دەبەن کە بەرامبەر (پاشبەند — پۆست پۆزیشن) دەوەستێت، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پێشبەندەکان و گۆڕانی شێوەیان و دەرکەوتنیان وەك پاشبەند، بڕوانە: (وریا عومەر ئەمین ١٩٨٦ — پاشبەندەکان: ١٨٢ — ١٩٣) .

ماوەی خایاندنی ڕوودانی کاردا بەکاردێت و دەبێت لە کاتی ڕوودان (tense) جیابکرێتەوەو دووجۆر ـ aspectual ـ ی دژیەك هەیە، بەردەوام و تەواوە (ئەبوبەکر عومەر قادر ٢٠٠٣: ٦٣). فۆرمەکانی ئەسپێکت لە زمانی کوردی بەپێی ئەم هێڵکاری یەی خوارەوە دەستنیشان کراون:




بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەسپێکتەکانی ناوبران چەند نموونەیەك لە ڕستەی جۆراوجۆر نیشان دەدرێت لەپاشاندا تیشکی سەرنج و شیکردنەوەیان دەخرێتەسەر:

**١.** ڕۆزا پەتاتەکەی دەخوارد.

**٢.** ڕۆزا پەتاتە دەخوات.

**٣.** ئەسرین بەپێ ڕۆیشتبوو.   نەوزاد ئەسپەکەی فرۆشتبوو.

**٤.** هەڤاڵ چایەکە بخۆ.   سۆران ئێستا بڕۆ.   سۆران بۆ هەولێر بچۆ.

---

١٢٠- ١. (بەکر عومەر قادر چەند فۆرمێکی لە ئەسپێکتەکان دیاری کردووە، لەوانە: (دە، ووە، وو، ە، ەوە) (بڕوانە ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٦٣) .

٢. (محەمەد عومەر عەول (دە، ب، نا) بە مۆرفیمی کات ناودەبات کە لەشێوەی لاگری گەردانکردندا بە ڕەگی کردار پابەندن (بڕوانە محەمەد عومەر عەول ٢٠٠١: ٢٦)

٣. بەبۆچوونی ئێمەش جگە لەم فۆرمانە فۆرمی (ب .... ایە، ب، بوو) ئەسپێکتن چونکە وەکو فۆرمەکانی تر هەڵگری چەمکی کاتن و بەردەوامی و تەواوی نیشان دەدەن.

٥. ئاری سێوەی خوارد.
٦. ئاسمان یەکەم بووە. ئاسمان بۆ ماڵی خوشکی چووە.
٧. ئازاد پارەی بردووە. بردوویەتی.
٨. بەچکە کۆترەکان لە هێلانەکەدا مردوون.
٩. شەربەتەکەت بە ساردی بخواردایە.
١٠. مەرەکە دوێنێ هاتەوە.
١١. خانووەکە دەرووخێتەوە.

## سەرنج و شیکردنەوەی ڕستەکان:

ڕستەی (١) ئەسپێکتەکە فۆرمی (دە) ی بەردەوامی وەرگرتووە، بەواتایەکی تر گیرەکی ڕێزمانی (دە) وەکو ئەسپێکت پێش مۆرفیمی قەد هاتووەو سەرەتای ڕوودانی کاری (خوارد) ن دیاری دەکات و فۆرمی ڕابردووی بەردەوام دروست دەکات.

ڕستەی (٢) هەمان فۆرمی ڕستەی (١) ی وەرگرتووە بەڵام ئەمجارە کارەکە بەشداری فۆڕمی ڕانەبردووی بەردەوام دەکات بەهۆی مۆرفیمی ڕەگی (خۆ) کە دیسان لەپێشیدا دێت و سەرەتای دەسپێکردنی کارەکە دیاری دەکات و ماوەی ڕوودانی کارەکە لەڕێگەی ئەسپێکتەکەوە دیاری دەکرێت کە ئێستایە یاخود داهاتووە.

ڕستەی (٣) لە دوو ڕستەی فۆرم جیاواز پێکهاتووە بەڵام هەردووکیان لەڕێگەی فۆرمی (بوو) وەکو ئەسپێکت کارەکان بەشداری فۆرمی ڕابردووی دوور دەکەن و لەدوای کاری (ڕۆیشت ، فرۆشت) ندا ئەسپێکتی (بوو) وەك هەڵگری چەمکی کات سەرەتاو تەواوبوونی ڕوودانی کارەکان دیاری دەکەن، بەمەش (بوو: وەك کارێکی یاریدەدەر دەوور دەبینێ لە دارشتنی کاری لێکدراو، هەروەها ماوەی ڕوودانی کار نیشان دەدات (بڕوانە سەلاح حوێز ٢٠٠٦: ٢٧).

ڕستەی (٤) لە سێ ڕستەی کار جیاواز پێکهاتووەو هەرسێ کارەکە بەشداری کاری داخوازی کراون (بخۆ ـ بڕۆ ـ بچۆ) لەڕێگەی مۆرفیمی داخوازی (ب) کە لێرەدا وەکو ئەسپێکت نیشان دراوە بەواتایەکی تر ئەسپێکت لەڕێگەی فۆرمی (ب) نوێندراوە کە وەکو گیرەکی ڕێزمانی داخوازی کارەکە بەژداری ڕێژەی کاری داخوازی دەکات بەڵام بوون و دانانی بە

ئەسپێکت بەهۆی ئەو ماوەیەیە کە سیاقی زمانیcontex[١٢١]) یاخود چوارچێوەی گوتنەکە نیشانی دەدات کە ئایا (خواردنەکە ـ بخۆ، ڕۆیشتنەکە ـ بڕۆ، چوونەکە ـ بچۆ) لە ئێستادایە یاخود لە کاتێکی داهاتووی نزیك یان دوور دایە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە سیاقەکە ماوەی ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکات و خاڵی دەسپێکردنی ڕوودانی کارەکەو بەردەوامی و تەواوبوونی ڕوودانەکەی دەکەوێتە ئەستۆ بەگوێرەی بارودۆخی یاخود ژینگەی زمانی قسەکردنەکە.

ڕستەی (٥) کارەکە هیچ ئەسپێکتێکی وەرنەگرتووەو لەکاتی ڕابردووی سادە ـ ڕووت دایە چونکە (ئەسپێکت لەگەڵ ڕابردووی ڕووتدا دەرناکەوێت (Katamba 1993: 221) بەمەش لەڕێگەی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ئاماژە بە کاتی ڕوودانی کارەکە دەکرێت کە لەپێش خاڵی قسەکردن ڕوویداوەو تەواوبووە.

ڕستەی (٦، ٧، ٨) شێوەیەکی تری ئەسپێکتە کە ڕابردووی تەواو دروست دەکات بەڵام (بەپێی توانای کار ـ تێپەڕ و تێنەپەڕ ـ فۆرمەکەی دەگۆڕێت، جگە لە کاریگەری دوا دەنگی کارەکە ـ مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو (ئەبوبەکر ٢٠٠٣: ٦٤). واتە سێ شێوەی جیاواز دروست دەکات و لە فۆرمێکی وەکو ڕابردووی تەواو ئاماژەی پێ دەکرێت بەمەش هەرسێکیان نیشانەی یاخود مۆرفیمی کاتی تەواو دەنوێنن کە (ماوەی ڕوودانی کاتی ڕابردوو بەواتای ڕووداوێکی دەستنیشانکراو دەگەیەنێ، کە لە ڕابردوودا دەستی پێکردووەو تا کاتی پێش ڕووداندا بەردەوام بووە (مستەفا زەنگەنە ١٩٨٩: ٧١).

واتە (ئەم ئەسپێکتە دەچێتە کۆتایی کاری ڕابردووی ڕووتەوە و ڕابردووی تەواو دادەڕێژێت، کە دەستپێکردنی کار پێش قسەبووەو لەگەڵ کۆتایی دەربڕیندا تەواو بووە، یان کاریگەری ماوە (ئەبوبەکر عومەر ٢٠٠٣: ٦٤).

---

١٢١- ١. (د. تالیب حوسێن عەلی دەڵێت: مەبەست لە سیاقیش ئەو بیئە زمانییە یە کەلە دەوروبەری وتەیەکدا هەیە و وتەکەی تێدا دەخرێتە ڕوو، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیاق و جۆرەکانی بڕوانە: (د. تالیب حوسێن عەلی ٢٠٠٥ زانکۆ: ٢٠٥ - ٢٢١) .

٢ . ئەم بۆچوونە لە چاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ مامۆستا (پ.د. یوسف شەریف سەعید) ڕۆژی دووشەممە (١١ / ٨ / ٢٠٠٨) گفتوگۆی لەسەر کراوە .

لە ڕستەی (٦) دا فۆرمی (وە) ی وەرگرتووە چونکە کارەکە تێنەپەڕە بۆ کەسی سێیەمی تاك و بە بزوێن کۆتایی هاتووە.

ڕستەی (٧) فۆرمی (ووە) ی وەرگرتووە چونکە کارەکە تێپەڕەو بە نەبزوێن کۆتایی هاتووە، ئەم حاڵەتە بۆ ئەو ڕستانەیە کە بەر کارەکانیان فۆرمی ئازادیان هەیە، بەمەش جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم کە ئەرکی بکەریان هەیە دەچنە کۆتایی بەرکارەکان، بەڵام بە لابردنی یاخود بە نەمانی بەرکارەکان جێناوە بکەریەکان دەچنە نێوان هەردوو ئەسپێکتی (ـ وو .... ە) وە بەگوێرەی کەسەکانییەکەم و دووەم و سێ یەم بۆ تاك و کۆ تەنیا لە کەسی سێ یەمی تاکدا نەبێت مۆرفیمی بەتاڵی (ـ تی) لەکۆتایی کارەکە دێت.

واتە (برد + وو + ی + ە + تی[122]) شێوەی کارەکە وەردەگرێت. ڕستەی (٨) فۆرمی (وو) ی وەرگرتووە چونکە کارەکە تێنەپەڕە کە ئەمە بۆ هەموو کەسەکان دەبێت جگە لە کەسی سێ یەمی تاك نەبێت کە لە ڕستەی (٦) دا دەرکەوتووە.

---

١٢٢ - ١. وریا عومەر ئەمین ئـەم مۆرفیمـە بەتاڵـە لـەپاڵ جێنـاوی لکـاوی (ی) واتـە (ی ... تـی) بـە بەشێوەیەکی (ئەلۆمۆرفێکی) جێناوی لکاوی کەسی سێ یەمی تاك لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا ناوی دەبات کە کارەکە لە ئێستای تەواودا بێت (Present Perfect) (بڕوانە وریا عومەر ٢٠٠٢: ٢٩٥) .

٢. بەڵام لەڕاستیدا (ی) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی تاك و لەدوای کەرتی یەکـەمی ئەسـپێکتی (وو) دێت و لەپاشاندا پارچەی دووەمی ئەسپێکت دێت کە (ە) ە لەدوای ئەویش (تی) وەکـو مـۆرفیمێکی بـەتاڵ دەردەکەوێ .

٣. پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت کە کـەرتی دووەمـی ئەسـپێکتەکە واتـە (ە) کـاتی ئێسـتای قسـەکردن دەنوێنێت کە زۆر لە زمانەوانان بە جێناوی لکاوی کەسی سێ یەم بۆ کۆمەڵەی دووەم ناوی دەبەن، بەڵام وەکو گوتمان ئەمە مۆرفیمی کاتی ئێستایەو لەگەڵ ڕابردووی تێنەپەڕدا بۆ کەسی سێ یەمی تاك سفرەو دەرناکەوێت وەکو: (ڕۆیشت Ø)

١. دەرکەوتنی لەپاڵ ئەسپێکتی (وو) دا ئەم ئەرکەی هەیە ئەگینا بەتەنها وەکو ئەسپێکت ڕۆڵی (ئـەرکی) خستنەڕووی بارێك دەبینێت کە (دەشێ ئەو بارە یان ئەوکاتـە هەمیشـەیی بێـت یـان بـەهۆی ئەدڤێربڵـەوە سنووری ماوەکەی دیاری بکرێت، وەك:

- هاوین گەرمە . (بارێکی هەمیشەیی)
- هەولێر ئەمڕۆ فێنکە . (ماوە سنووردارە) (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٦٥)

ڕستەی (٩) لە دوو ڕستە پێکهاتووە، هەردووکیان لەڕێگەی ئەسپێکتێك ماوەی ڕوودانی کارەکەیان نیشان داوە ئەویش فۆرمی (ب... ایە) ی ئیلزامی یە یاخود مۆرفیمی دانانییە. ئەم ئەسپێکتە خاڵی دەسپێکردنی ڕوودانی کاری (خواردن ـ بخواردایە، شووشتن ـ بشووشتایە) دەست نیشان دەکات و بەردەوامی تەواوبوونی کارەکە لەکاتی قسەکردن دەنوێنێت چونکە کاری (بخواردایە) بۆ (شەربەت) ەکە کاتی یاخود ئەو ماوەیە نیشان دەدات کە (سارد) بووە واتە لەو کاتەی کە (شەربەتەکە ساردبووە تۆ بتخواردایە) نەك لەوکاتەی کە گۆڕان بەسەر بارودۆخی (ساردی شەربەتەکە) دا هاتووە بەمەش (کەسەکە ئیلزام دەبێت بە کاتێکی دیاریکراو بۆ بارودۆخێکی تایبەتکراو). بەهەمان شێوە کاری (بشووشتایە) کارێکی ڕابردووی ئیلزامییە لەڕێگەی ئەسپێکتی (ب... ایە) چونکە ماوەی ڕوودانەکە بەشێوەیەك نیشان دەدات کە کەسێك (ئۆتۆمبێلەکە) ی شووشتووە واتە خاڵی دەستپێکردنی هەیە کە (سەرەتای شووشتنەکە) یە هەروەها خاڵی کۆتایشی هەیە کە (تەواوبوونە) کەیە بەڵام کەسەکە (ئیلزام) کراوە بەشێوەیەکی (باش) بەمەش لەوکاتەی کە (شووشتن) ەکە ڕووی داوە، سیفەتێك دراوەتە پاڵی دوای تەواوبوونی، وەك ئەوەی کەسەکە بڵێ: (ئۆتۆمبێلەکەم شووشت) لە وەڵامی گوێگردا بڵێ: (باش بشووشتایە).

ڕستەی (١٠، ١١) کارەکانیان لەڕێگەی ئەسپێکتی دووپاتکردنەوە دیارخراون کە فۆرمی (ەوە) یە. ئەم فۆرمە وەکو مۆرفیمێك بۆ هەردوو گیرەکی ڕێزمانی و گیرەکی وشەداڕێژ دابەش دەبێت:

١. گیرەکی وشەداڕێژ: نموونە: سووتان + ەوە ←——— سووتانەوە

خواردن + ەوە ←——— خواردنەوە

٢. گیرەکی ڕێزمانی (ئەسپێکت): ئەرکی دووپاتکردنەوەی کار نیشان دەدات واتە (ڕۆڵی ئاماژەکردنی دەمکات لە دووبارە بوونەوەی، ڕوودان، لە ڕابردوو، ڕانەبردوو لەخۆ دەگرێت:

أ- دەمکاتی ئێستای کار، یان مانەوەی کاریگەری ئەو کارەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە قسەکەر ئاماژە بە ئێستایی تەواوبوونی کارەکە دەکات، بۆنموونە:

ـ شوشتوومەتەوە.

ب–هاتنی ئەسپێکتی (ـ ەوە) لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا، جۆرێك لە دڵنیایی دەگەیەنێت لە هەواڵ و زانیاریانەی قسەکەر ئاراستەی گوێگری دەکات جگە لە ئاماژەکردن بۆ سەرەتای ڕوودان لە دەمکاتی ئایندەدا ـ دوای قسە، بۆ نموونە:      ـ دێمەوە.          ـ دەتگرمەوە. (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٦٦)

شایانی باسە ڕستەکانی (١٠، ١١) گیرەکەکانی (ەوە) لەجۆری (٢) واتە ئەسپێکت نیشان دەدەن کە ئاماژە بە کاتی دووبارەبوونەوەی ڕوودان لە ڕابردوو (ڕستەی ـ ١٠ ـ)، ڕانەبردوو (ڕستەی ـ ١١ ـ) دەکەن. لەلایەکی ترەوە ئەم ئەسپێکتە شێوەیەکی (مۆرف) تری هەیە ئەویش مۆرفی (ەوانێ) یە کە لە زاری قسەکردنی سلێمانیدا بەکاردێت و تایبەتە بەم شێوەزارە، بەمەش مۆرفیمی دووبارەکردنەوە (دیسان — جارێکی دی) ئەلۆمۆرفی جیاجیا نیشان دەدات بە پێی زارەکان، (ئەم جۆرەی ئەلۆمۆرف بە (**ئەلۆمۆرفی شێوازی**) ناودەبرێت، چونکە هۆکاری شێوازی[١٢٣] بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی جۆری ئەلۆمۆرفەکە دەدات. کە مۆرفەکانی مۆرفیمێك بە گوێرەی شێوازەکان بەکاردێن و هەندێکیان لە شێوازێکدا دەبینرێن و هەندێکی تریشیان لە شێوازێکی تردا، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا:

**١. أ. دەرگاکەم کردەوە. (زاری نووسین)**

**ب. دەرگاکەم کردەوانێ. (زاری قسەکردن / سولەیمانی)**

**٢. أ. هاتەوە. (کوردی ناوەڕاست)**

ب. هاتەوانێ. (زاری سلێمانی) (بڕوانە: محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید٢٠٠٦: ٢١- ٢٢).

بەم شێوەیەی ئاماژەی پێکرا ئەسپێکتەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوودانی ماوەی کاردا دەبینن و (دیارخەرو گەیەنەری واتای کارن و ماوەیەك لە کاتی ڕێزمانی دەنوێنن و پەیڕەوێکی داخراون، هەریەکەیان مۆرفێکن و دانەیەکی وشەگۆڕن (ڕێزمانی) و لەچوارچێوەوی فۆرمی کاردا دێن، هەروەها ماوەی ڕوودان بە ڕێکوپێکی دیاری دەکەن، بەتایبەت لە وردکردنەوەی

---

١٢٣- (زاراوەی شێواز تەنیا شێوە ناوچەییەکان (زارو بەچکە زار) ناگرێتەوە بەڵکو شێوە کۆمەڵایەتیەکانیش دادەپۆشێ (زاری یەکگرتوو، ئەدەبی، پیرو لاوو منداڵ، یان زاری چینێکی کۆمەڵایەتی وەك: ژن، پیاو، دەوڵەمەند، کرێکار، .....هتد (محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید ٢٠٠٦: ٢١) .


ماوە لە کاتی ڕابردوودا (ڕابردووی ڕووت، بەردەوام، نزیك، دوور) (ئەبو بەکر ۲۰۰۳: ٦٦). بەمەش لابردنی ئەسپێکتەکان پێکهاتەو شێوەی کار دەشێوێنێت و (ناکرێت هیچ کام لە مۆرفیمەکانی کات پشتگوێ بخرێت و کارێك بێ ئەم مۆرفیمانە تەواوبێت (بڕوانە: محەمەد مەعرووف فەتاح ۱۹۸۲: ٤٢). چونکە
(مۆرفیمەکانی گەردانکردن — م. کار (لاگری کات و کەس...) بەشێکن لە کردارەکەو لێی جیانابنەوە (بڕوانە: محەمەد عەبدولفەتاح ۲۰۰۱: ۸۱ ـ ۹۲).

کەواتە ئەسپێکتەکان وەکو گیرەکی ڕێزمانی سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجین بەڵام ئەرکی سینتاکسی لە ئاستی سینتاکسدا دەنوێنن لە ڕێگەی کار (ف. ك) ی ڕستەدا، بەواتایەکی تر ئەسپێکت لەژێر دەسەڵاتی چالاکی کارەکاندا پەیوەندی و کاریگەری نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دروست دەکات چونکەئەسپێکت وەکوگیرەك لەئاستی مۆرفۆلۆجی چالاکی و ئەرکی لە ئاستی سینتاکسدا نیشان دەدات.

## ۳. ڕووکارەکان Mood

ڕووکار یەکێکە لە سیفەتەکانی تری کار کە (حاڵەتێکی سینتاکسی نیشان دەدات و هەستی قسەکەر بەرامبەر ڕاستی ڕوودانی کارێك دەخاتەڕوو، کە لەڕێگەی چەند مۆرفیمێکی (گیرەك) ڕێزمانی جێبەجێ بوون و ئەنجامدان یان جێبەجێ نەبوون یان داخوازی و مەرج و خۆزگەی کارەکە دیاری دەکات (بڕوانە رچا زمردیان ۲۰۰۰: ۹۱). کەواتە ڕووکار یان موود (حاڵەتێکی تایبەتە لە دەربڕینی کاردا وەك ناونیشانێك بۆ ڕێکخستن — داڕشتن — ی فۆرمی مەبەست و پێوەندەدار، دەربڕاوەکان وەسفێکی فراوان لەخۆ دەگرن لەڕێی تیۆرەکانی ئەرکی قسەوە (ئەبو بەکر ۲۰۰۳: ٦٧).

**ڕووکـارەکـان**[١٢٤]




---

١٢٤- ١. ڕووکارەکان لە زمانی کوردیدا ئەم چەند جۆرە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی گیرەکی ڕێزمانی جیاوە دەنوێندرێن .
۲. (دانانی و داخوازی) وەکو ڕووکاریش سەیر دەکرێن هەرچەندە پێشتر وەکو ئەسپێکت ئاماژەی پـێ کـراوە، ئەمەش جۆرە تێکەڵبوونێکە (بڕوانە دواتر) .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی ڕووکار، لەڕێگەی چەند ڕستەیەکی جیاواز تیشکی سەرنج و شیکردنەوەیان دەخرێتەسەر:

١. کوڕەکەی مشکۆ بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد. کوڕەکە بۆ بازاڕ دەچوو.

٢. ئازا گوڵەکەی چاند، چاندووە، دەچاند، چاندبوو.

٣. نەمامەکە چانرا، چانراوە، دەچانرا، چانرابوو.

٤. خۆزگە تۆ هاوڕێم بایت. (با + ج. ل. ك (٢) ).

٥. ئەگەر قسە بکەین سەرکەوتن بەدەست دێنین.

٦. بریا ئازاد سەربکەوتایە.

٧. ڕەنگە بارانێکی زۆر ببارێت.

٨. گوڵاڵە بڕۆیشتایە بۆ ئاهەنگەکە هەڤاڵ دەیدیت.

٩. خانووەکەم فرۆشتبا پارەم بۆ دەهێنایت.

١٠. خانووەکە فرۆشرابوایە پارەم بۆ دەهێنان.

## شیکردنەوەو سەرنج لەبارەی ڕستەکانەوە:

ڕستەی (١) ڕستەیەکی هەواڵدانە لەڕێگەی ڕووکارە هەواڵدا، کە ئاماژە بە ڕاستی ڕووداوێك دەکات لەلایەن هەستی قسەکەر کە فۆرمی کارەکە بکەر دیارەو زانیارییەکی گەیاندووە (هەواڵ لە ڕستەیەك دەدات)، چونکە (لە هەواڵە ڕووکاردا – **lndlcatie mood** – کار ئاماژەیە بۆ ڕاستیەك، واتایەکی چەسپاوو واقعی لە مێشك و هەستی قسەکەردا (ڕاست بێت یان درۆ)، دوور لە خۆزگەو ئاوات شیاوی ڕوودان یان ڕوونەدانە (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٦٧). هەر لە ڕستەی (١) دا فۆرمی (دە) وەکو ئەسپێکت هاوبەشی لەگەڵ هەواڵە ڕووکار پەیدا دەکات وەك (دەچوو).

ڕستەی (٢) فۆرمی کارەکان لەحاڵەتی هەواڵە ڕووکاردان، بەڵام بەپێی جۆری ئەسپێکتەکانی (ووە، دە، بوو) کاتی کارەکە بۆ دەمی ڕابردوو شێوەی جیاوازی وەرگرتووە، جگە لە ڕابردووی ڕووت نەبێ کە ئەسپێکتەکە لەکاتی کاردا – ڕەگی ڕابردوو – تواوەتەوە.

ڕستەی (٣) هەمان حاڵەتی ڕستەی (٢) ی وەرگتووە، بەڵام فۆرمی کارەکان کاری بکەر نادیارن[١٢٥] لەڕێگەی نیشانەی (را) ی بکەرنادیار بۆ کاتی ڕابردووی کارەکە کە مۆرفیمی کاتی ڕابردووی کارەکان فڕێ دراون بەهۆی مۆرفیمی کاتی ڕابردووی (ا) لە پێکهاتەی کاری بکەر نادیاردا، هەروەها ئەم حاڵەتە بۆ دەمی ڕانەبردووش دەگونجێت بەڵام لەڕێگەی نیشانەی (رێ) ی بکەر نادیاردا کە ئەسپێکتی (دە) ی بەردەوامی هاوبەشی لەگەڵدا دەکات و ڕانەبردووی بەردەوام دروست دەکات، وەکو: (دەچێنرێ).

ڕستەی (٤) فۆرمی کارەکە خۆزگە ڕووکار لەخۆ دەگرێت، لەڕێگەی وشەی (خۆزگە) لە ڕستەکەدا کە دەربڕینی هیواو ئاوات بە ڕستەکە دەبەخشێت، [با] ش وەك ئەلۆمۆرفی کاری (بوون) لە ڕووکاری خۆزگەییدا بەکارهاتووە کە شێوەی گۆڕاوی کاری (بوون) ە چونکە (یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کاری (بوون) کە جیای دەکاتەوە لەگەڵ کارە ئاساییەکان ئەوەیە ڕووخساری خۆی دەگۆڕێت لە ڕۆنانی ڕێژەی ڕانەبردووی خۆزگەیی و مەرج و گوماندا (سەلاح حویز ٢٠٠٦: ٢٥). بەمەش نیشانەی [با] لەم ڕستەیەدا وەکو خۆزگە ڕووکار سەیر دەکرێت و جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (٢) بەپێی کەس و ژمارە وەردەگرێت.

ڕستەی (٥) ڕووکارەکە لەجۆری مەرجی دایە کە نیشانەی (ب) بەژدارە لە فۆرمی کارەکەو وەکو مەرجە ڕووکار سەیر دەکرێت لەڕێگەی ئامرازی مەرجی (ئەگەر) لە ڕستەکەدا. بەشێوەیەك ڕستەکە مەرجی سەرکەوتن بە قسەکردن دەبەستێتەوە.

ڕستەی (٦، ٧) خۆزگەو ویست و ئارەزوو و گومانە ڕووکار نیشان دەدات لەڕێگەی گیرەکی ڕێزمانی جیاوازدا، کە لەژێر کاریگەری وشەی (بریا، ڕەنگە) دا ئەم گیرەکانە هەڵگری ئەم چەمکە جیاوازانە دەبن، بەشێوەیەك گشتیان (مەبست ئەم چەمکانە) واتای خۆزگەو

---

١٢٥- فۆرمی کاری بکەر نادیار نیشانەی (را، رێ) بۆ دوو دەمی جیاواز دەنوێنـدرێت هەرچـەندە وەکـو دوو گیرەکی ڕێزمانی سەیر دەکرێن، بەڵام وەکو ڕووکاریش لە هەواڵ و مەرج و خۆزگەو دانانی نیشانەی پێکهاتەی کاری بکەر نادیارن چونکە:

١. هاوبەشی لە فۆرمی کاردا دەکەن .

٢. بەژداری فۆرمەکانی ڕووکار دەکەن لەلایەك و هەڵگری چەمك و پێناسەی ڕووکارن لەلایەکی ترەوە .

گومان دەگەیەنن و نیشانەی (ب... ایە) لێرەدا خۆزگە ڕووکار دەنوێنێت و (ب) یش گومانە ڕووکار لە فۆرمی کاری بکەر نادیار دەنوێنێت[١٢٦].

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە (لە شیکاری فۆرمی کارەکان دا مۆرفیمە نیشانەییەکانی ئەم ڕووکارە (مەرج و خۆزگەو دانانی) جیادەکرێنەوە، کە بریتین لە: ١. (ب -) بۆ کاری ڕانەبردوو. ٢. (ب... ایە) بۆ کاری ڕابردوو (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٦٩).

ڕستەی (٨) نیشانەی (ب... ایە) لە فۆرمی کاری ڕستەکەدا دانان و مەرج و خۆزگە ڕووکار نیشان دەدات چونکە دانانی ڕوودانی کارێك بەندە بە ڕوودانی کارێکی تر بەواتایەکی تر لەجیاتی دانانی (توقع) کارێك بە ئەگەری ڕوودانی کارێکی تر بەندە کە (ڕۆیشتنە) دیسانەوە خۆزگەو گومان و دوودڵی لە کارەکە بەدی دەکرێت کە ڕوودانەکەی لە بیری قسەکەر مسۆگەر نەبووە، هەروەها کاتی کارەکە ڕابردووی بەردەوامە.

ڕستەی (٩) بەهەمان شێوەی ڕستەی (٨)ە بەڵام لێرەدا ڕووکارەکە نیشانەی (با) ی وەرگرتووە و کاتی کارەکەش لە ڕابردووی ڕووت دایە.

ڕستەی (١٠) بەهەمان شێوەی دوو ڕستەکەی پێشووە بەڵام لێرەدا فۆرمی کارەکە بکەر نادیارەو نیشانەی (بوایە) فۆرمی کارەکەی بەڕێوە بردووەو خۆزگەو مەرج نیشان دەدات و کاتی کارەکەش لە ڕابردوودایە.

وەك لە ڕستەکاندا دەردەکەوێ ڕووکارەکانی خۆزگەو مەرج و دانانی و گومان بەپێی جۆری ڕستەکان و هەڵوێستی قسەکەر لەڕێگای نیشانەی (گیرەکی ڕێزمانی) جیاواز لە فۆرمی کارەکاندا دەردەکەوێ، کە بۆکاتی (ڕابردوو – ڕانەبردوو) ی بکەر دیارو نادیار وەك مۆرفۆسینتاکس نیشان دەدرێن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نیشانەکانی ئەم ڕووکارانە بۆ کاتی ڕابردوو وەك هەواڵە ڕووکار دابەش دەبێت بۆ ڕابردووی بەردەوام و ڕووت و دوور و تەواو بۆ هەردوو جۆری کار لەڕووی هێزەوە (تێپەڕو تێنەپەڕ) ئەمە لەلایەك و جیاوازی دیاریکردنی نیشانەکان

---

١٢٦- هەردوو فۆرمی (ب، ب ... ایە) ئیلزامی و دانانی دەنوێنن بەڵام لێرەدا بەهۆی فۆرمی (بریا، ڕەنگە) لە ڕستەکەدا ڕووکاری تر نیشان دەدەن لەپاڵ ئیلزامی و دانانییەکە ئەمەش جۆرە تێکەڵ بوونێکی ترە . (ئامرازی (ب .... ایە) ئەگەر کەوتە پێش ڕەگی کاتی ڕابردووی فرمان لێرەدا، دەلالەتی ئارەزوو مەرج (تمنا وشرگ) دروست دەکات، وەك: – ئەگەر دەستی بشووشتایە نەخۆش نەدەبوو . (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ١٣٦٧: ٢٥) .

(بەبۆچوونی هەندێ لە زمانەوانەکان)[127] و تێکەڵ بوونی ئەسپێکت و جۆری ڕووکار[128] لەلایەکی ترەوە.

## ڕووکاری داخوازی Imperative Mood

ئەم جۆرە ڕووکارە لەڕێگای گیرەکی ڕێزمانی (ب) دەنوێندرێت کە واتای فەرمانی و داخوازی لەلایەن هەستی قسەکەرەوە دەگەیەنێت بۆ هەردوو کەسی دووەمی تاك و كۆ بەیارمەتی نووسەکی (جێناوی لکاو) (ە، ن) بەڕیز بۆ هەریەکێکیان. هەروەکو پێشتر

---

١٢٧ - لەوانەش :

١. ئەورەحمانی حاجی مارف: نیشانەی (ب ... ایە) بۆ ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕو نیشانەی (ب ... ایە / ب .. با .. ایە) بۆ ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕ دادەنێت، وەك: بخواردایـە، بنوسـتایە - بچـووبایە . هەروەها نیشانەی (بووبا ... ایە / بوو ... ایـە) بـۆ ڕابـردووی دووری تێپـەڕو تێنەپـەڕ دادەنێـت، بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەرەحمانی حاجی مارف ٢٠٠٠ کردار: ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٩، ٢٣٠) .

٢. فەرەیدوون عەبدول: نیشانەی (ب ... با) بۆ ڕابردووی بەردەوام و نیشانەی (- بووبا) بـۆ ڕابـردووی دوور دادەنێت، بڕوانە: (فەرەیدوون عەبدول محەمەد ١٩٩٨: ٦٥ — ٦٦ — ٦٨) .

٣. ئەبوبوکر عومەر قادر: نیشانەی (با) بـۆ ڕابـردووی ڕووت و (ب ... بـا / ب ... ایـە) بـۆ ڕابـردووی بەردەوام و (ب) ڕابردووی تەواوو ڕانەبردوو نیشانەی (- بوایـە) بـۆ ڕابـردووی دوور دادەنێـت، کـە وەك مۆرف هاریکاری دارشتنی مەرج و خۆزگەو دانان و گومانە ڕووکار دەکەن لە خستنەڕووی شێوازی بکەر دیارو نادیاردا (کە ئەمانەش دوو فۆرمی ڕووکارن) بۆ کاری تێپەڕو تێنەپەڕ، بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە (ئەبوبەکر عومەر ٢٠٠٣: ٦٩ — ٧٠) .

١٢٨- وەك نیشانەی دانانی کە ئەسپێکتەو ڕووکاریشە بـەپێی دەرکـەوتنی نموونـەکان چـونکە گـەلێ جـار ئەسپێکت و موود بەیەکەوە و لەیەك کاتدا ئاماژەی هاوکات لەڕێی هەندێ فۆرمەوە دەنوێنن بۆنموونە کارێك / ڕوودانێك کە لە ساتێکی قسەکردندا تەواودەبێت لە تێنسی ڕابردوودایە و هەستی قسـەکەری بەشـێوەیەکی تایبەتی تێدا دەردەبڕدرێت کە لەجیاتی دانانی بۆ ڕوودان یاخود کارەکە داناوە، وەك:

مندالەکە بنووستایەوە، کارەکەم ئەنجام دەدا .

ئەم کارەی هێڵی بەژێردا هاتووە لەیەك کاتدا ئەسپێکت و ڕووکار لەڕێگەی فۆرمی (ب ... ایـە) دەنوێنێـت، وێڕای ئەسپێکتی (ەوە) کە بەمەبەستی جەخت کردنەوە لە کارەکەدا هاتووە.

ئاماژەمان پێکرد کە ئەم گیرەکە وەکو ئەسپێکتیشە بەهۆی فۆرمی (ب) ەوە دەنوێندرێت چونکە ماوەی ڕوودانی کات بەپێی سیاقی قسەکردنەکە نیشان دەدات، جگە لەوەی کە کارێك ئامادە دەکات بۆ حاڵەتێکی تایبەتی کە چەمکی فەرماندان و داخوازی لەڕووی کاردا دەنوێنێت یان هەڵوێستێك لە گوێگر دەخوازێت و پێش ڕەگی کار دێت — کە کاتی ڕانەبردووی تێدا تواوەتەوە و نووسەکی (ە، ن) ی لکاوی بەدوادادێت. (نیشانەی / ب/ لە ئاخاوتنی کوردیدا، دوو ڕێژەی لێ پێك دەهێندرێت: ١. ڕانەبردووی ئینشائی (ئەسپێکت). ٢. فرمانی داخوازی. (بڕوانە: نوری عەلی ئەمین ١٩٨٥: ٢١٠). وەك:

**دەربکەوێت** (بۆ ڕانەبردووی دانانی بکەردیار) **هەڵبمژێت** (بۆ ڕانەبردووی دانانی بکەرنادیار)

**ڕابکێشێت** (بۆ ڕانەبردووی دانانی تێپەڕ)

بنوو لە باوەش دایکی دڵسۆزا

بۆی **(هەڵ برێژە)** دەردوهیجرانت (دیلان ١٩٦٩).

**هەڵ برێژە** (بۆ داخوازی تاك) **هەڵ برێژن** (بۆ داخوازی کۆ)

واتە (چەمکی فەرمان و داخوازی لە ڕووکارێکی جودادا دەردەبڕدرێت، لەڕوانگەی کاتەوە جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردن دوای ئاخاوتن یان دوای ئاراستەکردنی فەرمان و داخوازی کردن دەبێت، واتە ڕانەبردووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوێگر — کەسی دووەم تاك و کۆ — وەردەگرێت (ئەبو بەکر٢٠٠٣: ٧٠). بۆنموونە:

- ئازاد تۆ بڕۆ بۆ سەر کارەکەت.
- نازە وانەکە باش بخوێنە.
- ماڵەکە باش بشۆن.
- قوتابخانەکان ئاوەدان بکەنەوە.

وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت ڕۆنانی (پێکهاتە) ی ئەم جۆرە ڕووکارە پێکهاتووە لە:

**ب (گیرەکی ڕێزمانی) + ڕەگ + نووسەك (ە، ن).**

بەمەش جیاوازی لەگەڵ ڕووکاری هەواڵدان بۆ کاتی ڕابردوو نیشان دەدات، چونکە هەواڵە ڕووکار لەکاتی ڕانەبردوو لەڕێگەی ئەسپێکتی (دە) لەسەرەتای ڕەگەکە دەنوێندرێت بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێ یەمی جێناوە لکاوەکانی ڕێکەوتن واتە (م — ین، یت — ن، ات / ێت —

ن) ی وەك نووسەك بەدوای ڕەگەكەیدا دێن، بەڵام لە داخوازییە ڕووكاردا لەجیاتی ئەسپێكتی (دە)، گیرەكی ڕێزمانی (ب) وەكو ئەسپێكت و ڕووكار دێت و كەسەكانیش تەنیا كەسی دووەمی تاك و كۆن كە بەدوای ڕەگەوە دەنوسێن.

## ڕووكاری نەفی كردن Negative / Negation Mood

نەفی كردن لە زمانی كوردیدا لەڕێگەی چەند مۆرفیمێكی جیاواز دێتە ئاراوە كە بە نووسەك ناودەبرێن چونكە چالاكن لە پێوەنووسانی كارەكاندا (كەرەستەكان).

شایانی باسە ئەم مۆرفیمانەی نەفی كردن یاخود كە هەڵگری چەمكی نەفی كردن دەگەیەنن، دوو بۆچوونی جیاواز لەبارەیانەوە هەیە:

**بۆچوونییەكەم:** لەوباوەڕەدایە كە نووسەكی نەفی تەنیا لە (ن، م)[129] پێك دێت و ئەو دەنگانەی كە لەگەڵیدا دێت (نە، نا، نی، مە) زیاتر ئەركی كاتەكان دەگرنە ئەستۆ یان هەندێ لایەنی فۆنۆلۆجی دەگرێتەوە.

**بۆچوونی دووەم:** ڕای وایە كە مۆرفیمەكانی نەفی پێكدێت لە (نە، نا، نی، مە)[130] لێرەدا ئێمە بۆچوونی دووەم پەسەند دەكەین و **چەند سەرنج و تێبینییە**ك لەبارەیانەوە دەخەینەڕوو:

١. ئەم نووسەكانە بەند نییە بەهیچ ڕووكار (ڕێژە) و كاتێكی تایبەتی یەوە، مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە كە ناتوانین بڵێین: نووسەكی (نە) تەنیا بۆ كاتی ڕابردووە یان تەنیا بۆ هەواڵە ڕووكارە (ڕێژەی ئیخباری) یان بۆ ڕووكاری دانانییە (ڕێژەی ئینشائی) یان نووسەكی (نا) تەنیا بۆ ڕووكارێكی تایبەتی و دیاركراوە. بەڵكو ئەم نووسەكانی چالاكن و لەژینگەی جیاوازی مۆرفۆلۆجی دا ئەركی خۆیان دەبینن. بۆنموونە: نەم خوارد. نەچم باشترە.

نەم دەخوارد. ناچم باشترە.

٢. نووسەكی (نی) لەگەڵ كاری (هەبوون) دا بەكاردێ بۆ نەفی كردنی بۆنموونە: نیمە، نیتە، نیمانە.... (كاتی ڕانەبردوو)

---

١٢٩. بۆ زانیاری سەبارەت بەم بۆچوونە، بڕوانە: (عەبدولا حوسێن ١٩٩١: ٢٢) .

١٣٠. (د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم) بۆ نەفی كردن سێ ئامراز نیشان دەدات، ئەوانیش (نە، نا، مە) یە، دواتر دەڵێت: زۆرجار لە كاتی داخوازیدا فۆرمی (مە) بۆ نەفی بەكاردێت (ئیبراهیم عەزیز ١٣٦٧: ٣٣ – ٣٤) .

بەڵام کاتێك کاری (هەبوون) بچێتە ڕابردوو ئەم نووسەکە دەنگی / ی / لەدەست دەدات، بۆنموونە: نەم بوو. نەتان بوو. کەواتە بەهۆی کاری هەبوون دەزانی کە ئەوە مۆرفیمی (نی) یەو (نە) نییە.

**٣.** ئەم نووسەکانە جگە لەوەی ئەرکی ڕێزمانیان هەیە لە نەفی کردنی کارەکاندا لە هەموو کات و ڕووکارەکاندا، زۆر جاری واهەیە وەکو گیرەکێکی وشەداڕێژ بەشداری لە داڕشتنی وشەی نوێدا دەکەن، بۆنموونە:

**ناخۆش، نەخۆش، ناڕێك، ناشیرین.....**

ئەمانە گشتیان گیرەکی وشەداڕێژن جا ناویان ئاوەڵناوبێت.

**٤.** لە ڕووکاری داخوازیدا هەردوو نووسەکی (نە، مە) بەکاردێت، بەڵام لە ڕووی واتاوە نووسەکی (نە) توندو بەهێزترە لە نووسەکی (مە) چونکە نووسەکی (مە) سەرپشکی یەکی تێدایە (مخیر)، بۆنموونە:

نەچی (لە داهاتوو)　　　　مەچۆ (لە ئێستا)

مەڕۆ

هەروەها لە نموونەکاندا ئەوە دەردەکەوێ کە بوونی مۆرفیمی (ی) لەگەڵ نووسەکی نەفی (نە) لەڕووکاری داخوازیدا دوو شیکردنەوە (تفسیر) ی بۆدەکردێ:

أ- داخوازی یەکەی (مە) لەنەفی کردندا ڕاستەوخۆیەو دەبێ کەسی دووەمی تاك یەکسەر جێ بەجێ ی بکات، بەڵام لە (نەڕۆی) دا مۆرفیمی (ی) چەمکێکی کاتی داهاتوویان دواخستنی کارەکە دەگرێتە ئەستۆ.

ب- زۆرجاریش بەدیاردەیەکی فۆنۆلۆجی شاز سەیر دەکرێ.

**٥.** ئەگەر بتەوێ ڕێژەی کارە نەفی کراوەکە بزانین دەبێ کارەکە بگێڕینەوە بۆ ئەرێ (مپبت). بۆنموونە:

**نەچم باشە** ⟵ **بچم باشە (نە، ب) = ڕووکاری ئینشائی**

**ناچم باشترە** ⟵ **دەچم باشترە (نا ، دە)[١٣١] = ڕووکاری هەواڵ**

---

١٣١- (نا، دە) هەردووکیان وەکو ئەسپێکت هاتوون بۆ دووحاڵەتی ئەرێ (دە) و نەرێ (نا)، بەڵام جۆری ڕووکارەکە لەخودی کارەکاندا دەزانرێ و تێکەڵ بە ئەسپێکتەکان دەبێت.

هەروەکو لە خاڵەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە نووسەکی نەفی کردن تایبەت نییە بە چەشنە ڕووکارێك لەلایەك و ئەسپێکت لەلایەکی ترەوە، چونکە هەستی قسەکەر بەپێی ڕووکاری جیاواز دەردەبڕێت و ماوەی ڕوودانی کارێکیش پێچەوانە دەکاتەوە بەمەش (نیشانە ڕووکاریەکان (Mood) لەهەردوو چەمکی کردن و نەکردندا ڕۆڵی خۆیان هەیە، لەکردندا ((Positive، دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە بەچەشنێك ڕیزدەکرێن کە بوون و جێبەجێبوون بخەنەڕوو، وێڕای نەبوونی هیچ نیشانەیەکی نەکردن، تەنانەت لەڕووی ئاوازیشەوە. (ئەبو بەکر ١٩٩٣: ١٣). بەڵام لە نەفی کردندا لەڕێگەی فرێزێکی ڕستەدا واتە (ف. ك) جێبەجێ نەبوون و ڕەتکردنەوە بەهۆی چەند نووسەکێکەوە نیشان دەدرێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم چەشنە ڕووکارەو تێکەڵ بوونی لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی ڕووکارو کەرەسەی ئەسپێکتەکان، چەند ڕستەیەکی جۆراوجۆر دێنینەوە لەڕوانگەی ڕستەکانەوە تیشکی سەرنجیان بۆ ڕادەکێشین و ڕوونیان دەکەینەوە:

دەوڕۆی بۆ ئاهەنگەکە — نەڕۆی بۆ ئاهەنگەکە.

١. نامەکەم نەنووسیوە — نەنووسیبا — نەنووسیبایە — نەنوسرابووایە.

٢. نامەکە نەنووسراوە — نەنووسرابا — نەنووسرابایە — نەنووسرابوایە.

٣. نامەکە نەدرا — نەدرابا — نەدرایە — نەدرابوایە.

٤. ئەگەر نەڕۆم، دێم بۆلات — ڕەنگە نامەکە بۆمن نەنووسرێ — ئەگەر نامەکە نەنووسم، دەچم بۆلای.

٥. نامەکە نانووسم — نامەکە بۆمن نانووسرێ — من بۆلای ئەو ناڕۆم.

## شیکردنەوەو سەرنج بۆ ڕستەکان:

ڕستەی (١) نووسەکی (نە) وەك ئەسپێکت هاتووەو ئەنجامدانی ماوەی کارەکەی پێچەوانە کردۆتەوەو لەبریتی (دە) هاتووە.

ڕستەی (٢) نووسەکی (نە) وەك مۆرفیمێکی چالاك لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی بکەر دیار هاتووە بۆ هەریەك لە هەواڵ و مەرج و خوزگەو دانانە ڕووکار.

ڕستەی (٣) هەمان شێوەی ڕستەی (٢) ی هەیە بەڵام کارەکە بۆ بکەرنادیار گۆڕاوە.

ڕستەی (٤) نووسەی (نە) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕی بکەر دیار هاتووە بۆهەریەك لە جۆرەکانی ڕووکــار.

ڕستەی (٥) (نە) لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ — بکەر دیارو نادیار، تێنەپەڕی بکەر دیار بۆ هەریەکە لە ڕووکارەکان هاتووە.

ڕستەی (٦) مۆرفیمی نەفی کردن مۆرفیمی (نا) ی وەرگرتووەو ڕۆڵی ئەنجام نەدانی ڕانەبردووی تێپەڕی بکەر دیارو نادیار، تێنەپەڕی بکەر دیار دەبینێت.

بەم شێوەیە (مۆرفیمەکانی: نە، نا، نی، سەرەتای پێکهاتەی کار دەگرن بەتایبەت لە ڕابردوو، ڕانەبردووی تێنەپەڕدا. (نەچووم، ناچم) بەڵام لەگەڵ کاری تێپەڕدا جێناوی لکاوی کەسی — نووسەك — دچێتە نێوان مۆرفیمی نەکردن و ڕەگی کارەوە، بۆنموونە: نەمبینین. نامبینیت. (ئەبو بەکر ٢٠٠٣: ٧٣).

شایانی باسە ڕووکارەکانی کردن و نەکردن گشتیان بە مۆرفۆسینتاکس ناودەبرێن، چونکە وەکو ئاستی مۆرفۆلۆجی فۆرمێکن بە گیرەکی ڕێزمانی و نووسەك ناسراون، بەڵام لەئاستی سینتاکسدا ئەرکی دیارخەری کار دەبینن لە سنووری (ف. ك) دا، هەروەها ڕووکارەکان تێکەڵ بوونێك نیشان دەدەن لەنێوان خۆیاندا لەلایەك و لەگەڵ ئەسپێکتەکان لەلایەکی ترەوە، نموونەی (دە، نە، نا) بۆ تێکەڵ بوونی ئەسپێکت و ڕووکارە، هەروەها جۆرەکانی ڕووکار بەپێی جۆری ڕستەو واتای گشتی و مەبەستی ڕستە تێکەڵبوونی ڕووکارەکانە. بەڵام گرنگی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە وەکو چەند کەرەسەیەك لەژێر دەسەڵاتی چالاکی کارەکاندا پەیوەندی دروست دەکەن، بۆیە پێویست بوو کە گشت ئەسپێکت و موودەکان لەژێر ناوی ڕووکاردا کۆبکرێنەوە چونکە هەموویان لەڕووی کاردا نیشان دەدرێن و تایبەتن بە کاری ڕستە.

# ئەنجامەکان

## ئەنجامەکان:

١. بەپێی ئەوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی ئاستێکی ناوەندە لەلایەکەوە بەڕێگای دەنگەکانەوە دەنوێندرێت لەلایەکی ترەوە وەکو کەرەسەی چالاك لێکدانەوەکانی ڕستەسازی بەڕێوەدەبا لەگەڵ ئەوە ئاستی مۆرفۆلۆجی هەندێ سیماو تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لەنێوان ئاستەکەی خۆیداو فەرهەنگسازی زمانەکە جووڵە دەکات، بۆ نموونە: ئەگەر ڕەگ بە چەمکی تازەی زمانەوانی وەربگرین لەلایەك هەموو فەرهەنگی زمانەکە دادەگرێ لەلایەکی ترەوە هەموو جۆری ڕەگی کارەکان دادەگرێ لەپاڵ ئەوەی هەندێ جار وشەی ئەرکیش ئەو ڕۆڵە وەردەگرێ.

٢. دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان دوو ئاستدا دەبێتەمایەی ئەوەی ئاستێکی نوێ دروست بکات، ناونیشانی هەردوو ئاستەکە هەڵدەگرێ بەمەش ئەو کەرەستانەی کە دەکەونە نێوان ئەو دوو ئاستەوە بواری ئەوەیان پێ دەدرێ کە بەیاسای هەردوو ئاستە بنجییەکە لێك بدرێن. بۆنموونە: پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی ئاستێکی مۆرفۆفۆنیمی دروست دەکەن کەرەسەکانی وەکو: ئەلۆمۆرفەکان دەکرێت بە یاسای دەنگی زمانەکەو یاسای مۆرفۆلۆجی زمانەکە لێك بدرێنەوە.

٣. لەهەمان پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیدا دەکرێ لەژێر ڕۆشنایی دایکە فۆنیم پەیوەندییەکی تر لەوجۆرە پەیدا دەکات کە دەکرێ ئاستێکی تر دروست بکات لەنێوان هەردوو ئاستەکە.

٤. پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ئاستێکی مۆرفۆسینتاکسی دروست دەکەن، گیرەکەکان و نوسەکەکان وەك یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی لە ڕووی فۆرمەوە سەیردەکرێن بەڵام لە ئاستی سینتاکسدا لە ڕووی ئەرکەوە لەژێر دەسەڵاتی چالاکی یاسای سینتاکسیدا کاردەکەن. لە لایەکی ترەوە ئەلۆمۆرفەکانی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆجی و شێوازی بە یاسای مۆرفۆسینتاکسی زمانەکە لێك دەدرێنەوە.

٥. بەپێی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازی ڕووبەڕووی جیاکردنەوەی نێوان ئەسپێکتەکان و موودەکان دەبین لەبەرئەوەی هەردووکیان لەئاستی ڕستەسازیدا سنوور تێکەڵییەك پەیدا دەکەن دەکرێ ئێمە هەردووکیان بە ڕووکار ناوبنێین، دەشکرێ

ئەسپێکتەکان لەڕووی فۆرمەوە سەیر بکرێت کە ڕێژەی کار دەگرێتە خۆ بریتییە لە: دوور، بەردەوامی، تەواو، ڕانەبردوو، ئەوەی ئێمە لەبارەی تێکەڵبوونەکە ڕووبەڕووی دەبینەوە دوو شتە:

أ- زۆرجار نەفی کردن دەچێتە بواری ئەسپێکت و موودەکانەوە.

ب- ڕێژەی داخوازیش بەهەمان شێوە.

بەڵگەشمان بۆ ئەوە ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەسپێکتەکان وەکو فۆرمی کار سەیر بکەین ئەمجارەیان دەبێ موودەکان بەپێی ناوەرۆکی کار ناوبنێین وەکو: هەواڵدان، مەرجی، داخوازی، دانانی و.....

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردی:


١. **ئازاد ئەمین فەرەج** (١٩٩٨) مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارو، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٢. **ئەورەحمانی حاجی مارف** (١٩٧٦) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد — بەغدا.

٣. ..................... (١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم — ناو — **چاپخانەی** کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٤. ..................... (١٩٩٤) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی سێیەم — ئاوەڵناو — **چاپخانەی** کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٥. ..................... (١٩٧٧) وشە ڕۆنان کوردیدا، **چاپخانەی** کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٦. ..................... (١٩٩٨) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم — ژمارەو ئاوەڵکردار، بەغدا.

٧. ..................... (٢٠٠٠) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم— کردار، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٨. ..................... (٢٠٠٠) دیاردەکانی دەنگی (د) لەشێوەی سلێمانی دا.

٩. **ئەبوبەکر عومەر قادر** (١٩٩٣) پرسیار لە زمانی کوردیدا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەر.

١٠. ..................... (٢٠٠٣) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی دکتۆرا.

١١. **ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم** (١٣٦٧) ئامراز لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارمیه.

١٢. ...................... (١٩٨٠) ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندی یەکانی زمانی کوردی دا ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

١٣. ..................... (١٩٨٦) هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا ، چاپخانەی (علاو)، بەغدا.

١٤. **تۆفیق وەهبی** (١٩٣٣) خوێندەواری باو، بەغدا.

١٥. **دلشاد محەمەد غەریب** (٢٠٠٤) مۆرفیمەکانی (بە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشد – زانکۆی بەغدا، بەغدا.

١٦. **دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی** (٢٠٠٠) یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

١٧. **دیار عەلی کەمال کەریم** (٢٠٠٢) ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، نامەی ماستەر.

١٨. **دیوانی دیلان** (١٩٦٩)، چاپخانەی (ئەسعەد)، بەغدا.

١٩. **رەحمان ئیسماعیل حەسەن** (١٩٩٨) پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، کۆلێژی پەروەردە – ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا، نامەی دکتۆرا.

٢٠. **ڕووناك مەحموود عەلی بومبا** (٢٠٠٠) کرداری ئیلزامی (ویست و ئارەزوو) دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٢١. **سەلام ناوخۆش** (٢٠٠٥) پوختەیەك دەربارەی زمانناسی – مێژوویی – بونیادگەری – چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢٢. **سەلام ناوخۆش – نەریمان خۆشناو** (٢٠٠٨) زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٢٣. **سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب** (٢٠٠٦) مۆرفیمێن ڕێزمانییێن کوردییا سەری (گوڤەرا بادینان)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر.

٢٤. **شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی** (٢٠٠٤) یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٢٥. **شوان باراوی** (١٩٩٨) بنەمای کردار لە زمانی کوردیدا، **گ.** (پەیڤین)، ژ. (٦)، سلێمانی.

٢٦. **شێرکۆ حەمەئەمین قادر** (٢٠٠٢) مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٧. **سەباح رەشید قادر** (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٨. .......................... (٢٠٠٢) مۆرفۆلۆجی، لێدوانی کۆرسی خوێندن، قۆناغی یەکەم، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر.

٢٩. **سەلاّح حەویز رەسوولّ** (٢٠٠٦) ڕستەسازی و واتاسازی (بوون)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە — کۆیە.

٣٠. تالّیب حوسێن عەلی (١٩٨٩) فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لەزاری سلێمانی دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر.

٣١. .......................... (٢٠٠٥) تیۆری سیاقی و شیکردنەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گ. زانستی مرۆڤایەتی ژ. (٢٥)، زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر.

٣٢. .......................... (٢٠٠٥) فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، گ. ئاسۆیی پەروەردەیی، ژ. (٢٨)، چاپە یەکەم، هەولێر.

٣٣. **عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز** (١٩٩٠) مۆرفیم، گ. کاروان، ژ ٩١، ئەمینداری ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

٣٤. **عەبدوللاّ حوسێن ڕەسوولّ** (١٩٩١) ناکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە ـ ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

٣٥. .......................... (١٩٩٥) مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٣٦. .......................... (٢٠٠٤) چەند پیتێکی کێشەدار لە نووسینی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژ. ١، بەرگی ٧، دهۆك.

٣٧. **عەبدولواحید موشیر دزەیی** (٢٠٠٥) ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٣٨. **غازی فاتیح وەیس** (١٩٨٤) فۆنەتیك، **مطبعة الادیب البغدادیە**، بغداد.

٣٩. **فەتاح مامە عەلی** (١٩٨٩) هاوەدەنگ لەزمانی کوردیدا، کۆلێژی ئاداب — زانکۆی سەڵاحەددین، نامەی ماستەر. هەولێر.

٤٠. **فاروق عومەر سدیق** (١٩٧٥) وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، بەغدا.

٤١. **فەرەیدوون عەبدول محەمەد** (١٩٩٨) چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤٢. **کەمال میراودەلی** (د.) (٢٠٠٧) فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٤٣. **کەوسەر عەزیز ئەحمەد** (١٩٩٠) بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدیین ـ هەولێر.

٤٤. **کوردستان موکریانی** (١٩٨٦) سینتاکسی ڕستەی سادە لەزمانی کوردیدا، دارالحریە، بەغدا.

٤٥. **لیژنەی زمان** (٢٠٠٠) چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی، کۆری زانیاری عێراق، دەستەی کورد، چاپخانەی کۆری زانیاری، بەغدا.

٤٦. **مەسعوود محەمەد** (١٩٧٦) چەند حەشارگەییێکی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٤٧. **محەمەد ئەمین هەورامانی** (١٩٧٣) سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٤٨. **.....................** (١٩٧٤) فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٤٩. **مستەفا محەمەد زەنگەنە** (١٩٨٩) کارو ئەرکی لە سینتاکسدا، کۆلێجی ئاداب — زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەر. هەولێر.

٥٠. **محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید** (د.) (٢٠٠١) وشەسازی زاری سلێمانی، ئەکادیمیای کوردستان، بەرگی (١)، ژمارە (١).

٥١. **محەمەد عومەر عەول** (٢٠٠١) دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە — لە کرمانجی خوارووددا — بەشی کوردی — کۆلێژی زمان — زانکۆی سلێمانی — نامەی ماستەر، سلێمانی.

٥٢. **محەمەدی مەحوی** (٢٠٠١) ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
٥٣. **محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر** (٢٠٠٤) مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی ژیر.
٥٤. **محەمەد مەعرووف فەتاح** (١٩٨٧) زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٥٥. **................** (١٩٨٩) کار پۆلین کردن بەپێ ی ڕۆنان، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٢١، بەغدا.
٥٦. **................** (١٩٩٠ - أ) زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدیین کۆلێجی ئاداب، چاپخانەی دار الحکمە، هەولێر.
٥٧. **................** (١٩٩٠) هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٢٩)، بەغدا.
٥٨. **................** (١٩٩٩) مۆرفۆلۆجی، کۆرسی خوێندنی باڵا ـ ماستەر، کۆرسی یەکەم، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٥٩. **................** (ئەیلولی ١٩٩٩) پرتك و گیرەك، زانکۆی سەلاحەددین، ژ ٧.
٦٠. **محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر** (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، دەزگای بلاوکردنەوەی بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٦١. **نەریمان خۆشناو — کامەران محەمەد** (و.) (٢٠٠٨) قوتابخانە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٦٢. **نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی** (١٩٨٢) ڕێزمانی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٦٣. **نەسرین فەخری** (١٩٨٥) لێکۆڵینەوەیێك دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگێڕانەوەو گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٦٤. **نووری عەلی ئەمین** (١٩٨٥) نیشانەکانی ڕێژە لەگەڵ فرمانی نادادەدا، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٠٧)، بەغدا.
٦٥. **وریا عومەر ئەمین** (١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەند تێبینییەك، گ. کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد — بەغدا. ژ. (٩).
٦٦. **................** (١٩٨٢) وشە، گ. نوسەری کورد، ژ. ٩، یەکێتی نووسەرانی کورد، بەغدا.

٦٧. ................ (١٩٨٣) زمان و ماتماتیك، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (٩٧)، بەغدا.
٦٨. ................ (١٩٨٤) فۆنۆلۆجی، گ. کاروان، ژ. (٢٠)، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان - هەولێر
٦٩. ................ (١٩٨٤) کات و ڕەگی فرمان، گ. ڕۆژی کورد، ژ. (٦٥)، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، بەغدا.
٧٠. ................ (١٩٨٦) چەند یاساییێکی مۆڕفۆلۆجی داڕشتنی فەرمان، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٠٩، بەغدا.
٧١. ................ (١٩٨٦) پاشبەندەکان، گ. کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد، ژ. ١٥، بەغدا.
٧٢. ................ (١٩٨٨) لێکدانی وشەکان، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١١٨).
٧٣. ................ (١٩٨٩) ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٢٢)، بەغدا.
٧٤. ................ (١٩٩٢) نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا، گ. کاروان، ژ. ٩٢، ئەمینداریێتی گشتی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
٧٥. ................ (١٩٩٤) هێزو ئاواز، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٣٤)، بەغدا.
٧٦. ................ (١٩٩٥) لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٣٦)، بەغدا.
٧٧. ................ (١٩٩٧) ڕەخنەی نا ڕەخنە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٤٠، بەغدا.
٧٨. ................ (٢٠٠٢) لێکۆڵینەوەییێکی مۆرفۆفۆنیمی، ژ. (٢٩، ٣٠)، گ. کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد، بەغدا.
٧٩. ................ (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس - هەولێر.
٨٠. ................ (٢٠٠٧) تایپۆلۆجیای زمانی کوردی، گ. ئەکادیمی، ژ. ٦، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
٨١. ................ (٢٠٠٧) فۆنۆلۆجی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی / ماستەر، کۆرسی دووەم، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

## بەزمانی فارسی:


٨٢. **ایران کلباسی** (١٣٨٠ / ٢٠٠١) ساخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز، چاپ دوم، شرکت چاپ فرشیوه، تهران.

٨٣. **بابا شێخ حسینی** (١٣٨٣ / ٢٠٠٤) هامشی بردانش زبانشناسی، چاپ اول، چاپخانه محمەد، سنندج.

٨٤. **بلومفیلد**(١٣٧٩ / ٢٠٠٠) زبان، ت. **علی محمد حق شناس**، چاپ اول، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

٨٥. **جورج یول** (١٣٨٤ / ٢٠٠٥) برسی زبان، ت. **محمود نور محمدی**، چاپ پنجم، انشادات رهنما، تهران.

٨٦. **گرور هادسن** (١٣٨٣ / ٢٠٠٤) مباحپ چروری و بنیادین زبان شناسی مقدماتی، ت. **علی بهرامی**، چاپ اول، چاپخانه گوهراندیشه، انتشارات رهنما، تهران.

٨٧. **ولیام اگرادی** (١٣٨٠ / ٢٠٠١) در امدی بر زبانشناسی معاصر، ت. **علی درزی**، جلد اول، چاپ اولی، انتشارات مهر، تهران.

٨٨. **کورش صفوی** (١٣٨٣ — ٢٠٠٤) در امدی برمعنی شناسی، چاپ دوم، انشارات سوره مهر، چاپخانه سوره، تهران.

٨٩. **محمد رچا باگنی** (١٣٨٢ — ٢٠٠٣)، نگاهی تازه به دستور زبان، چاپ دهم، مؤسسه انتشارات اگاه، چاپ نقش جهان، تهران.

٩٠. **رضا زمردیان** (١٣٧٩ — ٢٠٠٠) راهنمای طرد اوری و توصیف طویشها، ضاث اول، انشارات دانشطاه فردوسی، مشهد.

٩١. **غلام رچا ارژنگ** (١٣٨١ — ٢٠٠٢) دستور زبان فارسی امروز، چاپ سوم، نشر قگره، تهران.

٩٢. **مهدی مشکوة الدینی** (١٣٧٧ — ١٩٩٨) ساخت اوایی زبان، ضاث ضهارم، انشارات دانشطاه فردوسی، مشهد.

**به زمانى عەرەبى:**


٩٣. **احمد مختار عمر** (د.) (١٩٧٦) دراسة الصوت اللغوي، جامعة الكويت.

٩٤. **اف. ار. بالمر** (١٩٨١) علم الدلالة، ترجمة، **مجيد عبدالحليم الماشطة**، مطبعة العمال المركزية، بغداد.

٩٥. **عبدالقادر عبدالجليل** (د.) (٢٠٠٦) المعجم الوظيفي لمباحث علم الدلالة العام، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

٩٦. **فردينال دي سوسور** (١٩٨٥) علم اللغة العام، ترجمة **يوئيل يوسف عزيز** (د.)، دار افاق عربية، بغداد.

٩٧. **ماريوباي** (١٩٩٨) اسس علم اللغة، ترجمة وتعليق، **احمد مختار عمر** (د.)، الطبعة الثامنة، عالم الكتب، مصر.

٩٨. **محمد حسن عبدالعزيز** (د.) (١٩٨٣) مدخل الى علم اللغة، دارالنمر للطباعة.

٩٩. **محمد علي الخولي** (د.) (١٩٨٢) معجم علم اللغة النظري، انطليزى ـ عربي، مكتبة لبنان، بيروت.

١٠٠. **محمود السعران** (١٩٦٢) علم اللغة، مقدمة للقارىء العربي، اسكندرية، مصر.

١٠١. **محمود عكاشة** (د.) (٢٠٠٥) التحليل اللغوى في ضوء علم الدلالة، دراسة في الدلالة الصوتية، والصرفية، والنحوية، والمعجمية، دار النشر للجامعات، مصر.

١٠٢. **نايف خرما** (١٩٧٨) اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، (عالم المعرفة) سلسلة كتاب ثقافية شهريا يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب، الكويت.

## بەزمانی ئینگلیزی:


103. **Abdulla , J. J. and Maccarus , E.**(1967) Kurdish Basic Course , Dialect of Sulaimaniya , Iraq. Ann Arbour: University of Michigan Press.

104. **Amin , W. O.** (1979) Aspect of The Verbal Construction In Kurdish. London University .

105. **Aronoff , M.** (1981) Word Formation in Generative Grammer , MIT: Massachusettes Institute of Technology.

106. **Bloom Field** (1933) Language , Henry Holt , New York.

107. **Brosnahan , L. F & Malberg , B.** (1970) Introduction To Phonetics , W. Heffer & Sons Ltd , Cambridge.

108. **Bussman , H.** (1996) Routledge Dictionary of Language and linguistics. London and New york.

109. **Crystal , D.** (1971) Linguistics , London: Pelican.

110. (١٩٨٥)**.................**A Dictionary of Linguistics and Phonetics , 2nd edition , New York.

111. (١٩٩١)**...............**A dictionary of linguistics And Phonetics. 3rd edition Black well: Oxford .

112. (١٩٩٢)**...............**A Encyclopedic Dictionary of Language and Languages , Blak Well: Oxford.

113. **De Groot , A.W.** (1939) Neutralization dٌoppositions. Neophilologus 25 .

114. **Fattah , M. M.** (1980) " On The stress systeme Of Kurdish " , Zanko , Vol. 6. No 2. PP.

115. (١٩٩٧)**……………………**A Generative Grammar of Kurdish , Unpublished Doctoral Disserations , University of Amsterdam.

116. **Finch , Geoffrey** (2000) Linguistic terms and Concepts. Macmillan: London.

117. **Fromkin & Rodman** (1978) An Introduction To hanguage. New York: Holt Komehart & Winston .

118. **Fromkin , v.** (1988) An Introduction to Language , Holt , Rinehart and Winston Ins.: U. S. A.

119. **Fudgy , E.C.**(1973) Phonology. First Published , Great Britanin.

120. **Harris , Z. S.** (1960) Structural linguiatics. Chicago: University of chicago press .

121. **Jacobson , R & Halle , M.** (1956). Fundamenfals of language. The Hague: Mouton.

122. **Katamba. F.** (1993) Morphology , Macmillan Prss.London.

123. **McCarus , E. N.** (1958) AKurdish Grammer Description of Sulaimaniyah , Iraq. Washington .

124. **Mackenzie, D. N.** (1961) Kurdish Dialect studies , Vol. l. London: Oxford University Press.

125. **Martin Haspelmath** (2002) Morphology , Arnold Publishers Com , London.

126. **Norman , C. Stagberg ,** (1971) An Introductory English Grammer , Holtrinehart and Winston Inc.

127. **Radford , Andrwe** (1997) Syntaks: Aminimalist Introduction. Cambridge University Press.

128. **Richards , Jack C. John Platt – Heidi Platt** (1992) Longman dictionary of language teaching & applied linguistic. 2nd editionUK.

129. **Roger Lass** (1998) Phonology. United Kingdom at the University Press , Cambridge.

130. **Scalise , S.** (1986) Generative Morphology , Foris Publication , Dordrecht: Holand.

131. **Stageberg , N. C.** (1981) An Introductory English Grammer , 4th ed, Holt Rinehart and Winston Inc.

132. **Trask , R. L** (1993) Adictionary of grammatical terms in linguistics. Routledg: London.

133. **Trubetzkoy , N. S.** (1929) Sural Morphonologie , Travanx du Cercle Linguistiquede Prague , Indiana University Press.

134. (١٩٣٩) **........................**Grundzüge der Phonologic , TchP 7.English Version , trans. c. Baltaxe (1969) Principles of Phonology. Berkely: University of California press .

135. **Yule , George** (1996) The Study of Language , 2nd edition. United Kingdom , Cambridge University Press. London.

## چاوپێکەوتن

١. **پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح**، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٧/١٢/٦ – ٢٠٠٨/٢/١٣ – ٢٠٠٨/٤/٢٧.

٢. **پ.د. وریا عومەر ئەمین**، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٨/١/٢٠.

٣. **پ.د. یووسف شەریف سەعید**، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٨/٥/٦ – ٢٠٠٨/٨/١١.

# ملخص الرسالة


هذه الرسالة الموسومة ب (**علاقة المستوى المورفولوجي بالمستوى الفونولوجي والسنتاكس**) في اللغة الكردية، تتعمق في تحليل العلاقات القائمة بين المستوى المورفولوجي وبعض المستويات الاخرى، وعلى رغم من أن طبيعة البحث تطلبت منا ابعاد علاقة المورفولوجيا بعلم الدلالة ليتضح موضوع الدراسة بشكل أفضل الا انه ينبغي ألا نتجاهل حقيقة أن المستويات كلها متداخلة ولها حضورها في التحليل أى مادة لغوية وأن اساس فصلها يكمن في تعريف الدراسة وتيسير التحليل، فالباحث يختار مستوى معين يقصد اليه ويتجاهل المستويات الاخرى بغية احتواء جوانب دراسته، بيد أن أهمية البحث تكمن في أن هده العلاقات فعّالة الى درجة أنها تولّد مستويات أخرى كالمورفيم و المورفوسنتاكس.

**وفيما يخص هيكل البحث فانه يتألف من ثلاثة أقسام:**

**في القسم الاول حاول الباحث أن يعّرف المستوى المورفولوجي بجميع دقائقه، وقد أتخذت سمات هذا المستوىبمثابة قناة للمرور واقامة العلاقات بين المظاهر المورفولوجية والفونولوجية والسنتاكسية يتضمن هذا القسم مدخلاً وتغريفاًللمستوى المورفولوجي وتحليل اسسها، كما يتناول الكلمة والمورفيم من حيث التعريف والتأريخ والمصطلح. ثم يأتى الكلام عن المورفيمات الذى تشترك في هذا المستوى لغرض انشاء العلاقة. وهى تتكون من اللواصق وللواحق فضلاُ عن الجذور والساق والركن من حيث التعريف والسمات واختلاف اللواصق واللواحق، وتحليل الساق في القديم والحديث وعدم تجريد الساق وخلط الركن مع الجذور والساق، ويختم القسم بتوضيح عدد من النقاط الضرورية.**

**وقد سعى الباحث في القسم الثاني الى عرض العلاقة القائمة بين المستويين المورفولوجي والفونولوجي وصعوبة فصل المستويات بعضها عن بعض، ثم يتكلّم عن بعض الجوانب النظرية للمستويين المورفولوجية والفونولوجية، منها: مورف و مورفيم – ألومورف، فون و فونيم و ألوفون، كما تحدث عن علاقة ألومورف و مورفرلرجي في منظور المستوى الافقي والعمودي**

للجذور.ثم عرض علاقة الفونيم بالمعنى في حدود الكلمة والمورفيم.ثم تحدث عن الابدال المورفوفونيمي مثل مستويين متداخلين في منظور الفونيم الأم، كما تحدث عن الاصوات قبل نون المصدر وسمات الفصل بسلسلة الاصوات والقوانين الفونولوجية وعلاقاتها بالمستوى المورفولوجي والتوجه المورفوفونيمي عند بعض العلماء.وتحدث عن قانون الاشتعال والخمود والعلة وصنع الالومورفيم وأنواعه، وينتهي هذا القسم بالحديث عن القوة والفاصلة.

ويضم القسم الثالث توضيحاً بين المستويين المورفولوجي والسنتاكسي وفق العلاقات وانشطة القوانين.يبدأ هذا القسم بمدخل ثم توضيح المصطلح والمورفوسنتاكس، ثم تشابك كلا المستويين في الشكل وانواع المصدر في الانشطة السنتاكسية، وقد تمّ عرض المصدر بمثابة جزء المحادثة والركن في اللغة.ثم عرض فعالية المستويين عن طريق المواد الفعالية (العلاقة) المنقسمة على العبارة الاسمية، الوصفية النداء والعبارة الفعلية وفي كل حقل في هذه الحقول ثم الحديث عن اللواصق واللواحق كمضهر ومادة علاقية ونشاط سنتاكسي.

وبعد عرض مجموعة من النتائج الواضحة عن هذه العلاقات أختم البحث بثبت لاهم المصادر والمراجع المستخدمة فيه.

# Abstract

This research ,entitled the (Relation of Morphological level with Phonological and syntactic levels) , Focuses its attention on the relation of the level of Morphology eith the other levels like Phonology and Syntax. The study dose not include semantic level relation to better indicate the limit pf the study. These relations can include the levels of morphophoneme and morphosyntax. The :research is of three chapters

The first chapter defines and introduces the level of morphology and takes the aspects of relation between morphology , phonology and syntax. It also includes affixes , clitics , root and .stem definitions and discussions

In chapter two the researcher indicates the relation between the level of morphology with phonology. It also studies morph and morpheme , allomorph , phone and phoneme and allophone. It includes the relation of allophone and morphology in both of the syntagmatic and the paradigmatic levels of the root. The chapter sheds lights on many other minute cases of the relation till it ends .with the indication of allomorphs , its kinds and stress

As concerned the last chapter ,the research includes the relation between the levels of morphology with syntax. It also talks about morphosyntax and the effect of the levels which is divided into the phrases like noun phrase , adjective phrase and .verb phrase

Finally the research shows some findings of the relation and a .list of sources taken benefit for the completion of the research